وەرزنامەی

# توركیاناسی

سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەكات

ژمارە ( ٥ ) ساڵی دووەم. ئەیلولی ٢٠٢٤

- چەمی گابار؛ دابینكردنی ئاسایشی وزەی توركیا
- لێكتێگەیشتنی ئاسایشی توركیا_عێراق و ئایندەی هەرێم
- هەڵكشانی تەوژمی نەتەوەپەرستی لەتوركیا
- ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەكانی نێوان توركیاو سوریا
- ئامەدسپۆرو جیاكاریی نەتەوایەتی

دیداری توركیاناسی لەگەڵ بێشكچی دا :
پێویستە هەموو كورد هەوڵ بۆ پاراستنی هەرێمی كوردستان بدات

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.


ژمارە (٥)، ساڵی دووەم، ئەیلولی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صاڵح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد سیروانی



بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.فاروق عبدول
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
د. جەلیل عومەر



نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان
هەڵەگر: گرووپی زەنوێر (هەژیر عەبدولڕەحمان)



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

وەرزنامەی
# تورکیاناسی

تورکیاناسی؛ گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات.
دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین.
هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە.
تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەڕۆك

## سەروتار


◇ هەولێر لە لێکتێگەیشتنی بەغدادو ئەنقەرە.......................................................ئەحمەد سیروانی | ٥


## توێژینەوە


◇ چەمی گابار؛ دابینکردنی ئاسایشی وزەی تورکیا.............................................فەرزان چاڵشکان | ٩
◇ بەنداوی جزیرە؛ کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی........................................ هاوبەش عەبدوڵڵا ئەحمەد | ٢١
◇ تورکیا لە نێوان ئاستانەو جنێفدا........................................................................ د. فاروق عەبدول | ٣١
◇ لێکتێگەیشتنی ئاسایش و سەربازیی تورکیا-عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستان.................................. ئەحمەد سیروانی | ٤١
◇ هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە تورکیا............................................................. حەمزە محەمەد ساڵح | ٥٥
◇ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سوریا.................................................... بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٧٩


## وەرگێڕان


◇ کێشەی کورد، سیاسەتی کوردو دەمیرتاش..........................................وەرگێڕان و پوختکردنەوەی: تورکیاناسی | ٩٥
◇ ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیاو چین.................................................وەرگێڕانی: سەرکۆ عەلی عەبدولقادر | ١١٣
◇ سیاسەتی ئەردۆغان لە سوریا؛ ئاساییکردنەوە یان مانۆڕی ستراتیژی؟...................................وەرگێڕانی: یاد نورسی | ١٢٣
◇ ئامەدسپۆرو جیاکاریی نەتەوایەتی............................................................................ کارزان دەلۆ | ١٣٣
◇ دادگای دەستووری تورکیا زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی ئەردۆغان هەڵدەوەشێنێتەوە.............. وەرگێڕانی: د. جەلیل عومەر عەلی | ١٤١


## چاوپێکەوتن


◇ بێشکچی: پێویستە هەموو کورد هەوڵ بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بدات..............................................دیداری تورکیاناسی | ١٤٧


## کتێبناسی


◇ پرسی کورد لە تورکیا................................................................................... ئامادەکردنی:تورکیاناسی | ١٥٥


## چەمکناسی


◇ ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان (Bozkurt)................................................................ ئامادەکردنی:تورکیاناسی | ١٦٧

سەروتار



# هەولێر لە لێکتێگەیشتنی بەغدادو ئەنقەرە

ئەحمەد سیروانی

پاش نزیکەی دوو دەیە لە ساردوسڕیی پەیوەندییەکانیان، دواجار ڕێککەوتنێکی ئەمنیو سەربازی لە نێوان تورکیاو عێراقدا واژۆکرا. ڕۆژی چوارشەممە؛ (١٤)ی ئابی (٢٠٢٤)، وەفدێکی باڵای حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی فوئاد حسێن؛ جێگری سەرۆکوەزیرانو وەزیری دەرەوەو بە ئەندامیەتیی سابیت محەمەد سەعید ڕەزا؛ وەزیری بەرگری، فالح فەیاز؛ سەرۆکی دەستەی گشتیی حەشدی شەعبیو ڕێبەر ئەحمەد؛ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی ئەنقەرەی کردو لەگەڵ هەریەک لە هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، یەشار گیولەر؛ وەزیری بەرگریو ئیبراهیم کاڵن؛ سەرۆکی دەزگای هەواڵگریدا (میت) کۆبوونەوە.

گرنگترین بابەتی ڕێککەوتنەکە بریتییە لە ئاسانکاریو پشتیوانیی بەغداد بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازیو ئەمنییەکانی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستانو عێراق دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)و هاوپەیمانو دۆستەکانی. لە بەرانبەردا تورکیا بەخشینی بۆ هاوڵاتیانی خوار تەمەنی (١٥) ساڵو سەرووی تەمەنی (٥٠) ساڵی عێراق لە وەرگرتنی ڤیزە بۆ چوونەناو تورکیاوە دەرکردووە. ئەمە جگە لەوەی لە بەردانەوەی ئاوی ڕووبارەکانو ڕێگەی گەشەپێداندا ئەنقەرە پشتیوانیی بەغداد دەکات. هەرچەندە ئەم خاڵەیان زیاتر لە عێراق، بۆ تورکیا جگە لە ڕوانگەی ئابووری، لە ڕووی ئەمنییشەوە

بەسوودە. لە هەمان کاتدا خاڵە جەوهەرییەکانی ڕێککەوتنەکەی (١٥)ی ئابی (٢٠٢٤)ی ئەنقەرە لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی تورکیاو عێراقدا کاریگەریی نزیک و دوورمەودای لە سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و بەرەی نەیاری بەغداد دەبێت.
سەردانەکەی وەفدی باڵای عێراق لە میانی پێکهێنانی چوارچێوەی باڵای ئەمنیی نێوان عێراق و تورکیا (Irak ve Türkiye Yüksek Düzeyli Güvenlik Mekanizması) بووە.
ئەم چوارچێوەیە لە سەر داوای تورکیا لە ساڵی (٢٠١٩) پێکهێنراوەو بەشێکە لە ستراتیژو هەوڵە دیبلۆماسی، هەواڵگری، ئەمنی و سەربازییەکانی تورکیا لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا.
گرنگترین و هەستیارترین کۆبوونەوەی چوارچێوەکە لە ئەنقەرە لە (١٥)ی ئابی ئەمساڵدا کرا. بایەخی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەشی (١٠) ماددەیی لە نێوان وەفدی هەردوو وڵاتدا، کە تێیدا چەندین دەستکەوت بۆ ئەنقەرەو بەغداد بەدەستهێنرا. ئەمە جگە لەوەی پێش چەند ڕۆژێک لە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنەکە، دادگای فیدراڵیی عێراق لە سەر داوای دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکەی، سێ پارتی سیاسیی نزیک لە پەکەکەی قەدەغەکردو بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی سەرجەم موڵکەکانی ئەو سێ پارتەی دەرکرد.
مێژووی سەدساڵەی دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاو دەوڵەتی عێراق پڕە لە هەورازو نشێو لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا. ئەگەر تورکیا گلدانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلەو فورات وەک چەکێک دژی عێراق بەکاربهێنێت، ئەوا بوونی چەکدارانی پەکەکەو هێزە کوردییەکانی دیکە لە ناوچە سنوورییەکانی هەردوو وڵاتدا کارتێکی فشاری بەهێزی دەستی بەغدایە لە بەرانبەر ئەنقەرەدا.
سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پیشەسازیی بەرگریی تورکیاو تەنگپێهەڵچنینی پەکەکە تەنانەت لە سنوورەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتەو دوورخستنەوەیان بە قووڵایی نزیکەی (٢٠) کیلۆمەتر بۆ ناو خاکی عێراق و سوریا، بەڵام ئەنقەرە دەیەوێت بە یەکجاری کۆتایی بە دۆسیەی پەکەکەو هاوپەیمانەکانی بهێنێت، هەر بۆیە لەگەڵ بەردەوامیی هێرشی ئاسمانی و درۆن و ئۆپەراسیۆنی زەمینیدا، ئەنقەرە لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ پارێزگاری لە سەرکەوتنە سەربازی و ئەمنییەکانی لە مەیدانی جەنگ و بەهێزکردنیان لە سەر مێزی گفتوگۆ. بۆ ئەم مەبەستەیش هەوڵی ڕێککەوتنی ئەمنی و سەربازیی فراوان لەگەڵ دراوسێکانیدا بە تایبەتی عێراق و سوریا دەدات، ئەمەش جگە لە لەناوبردنی پەکەکە، بە ئامانجی ڕێگرتنە لە گواستنەوەی ئەزموونی کوردی عێراق و سوریا بۆ تورکیا.

هەرچەندە هەتا ئێستا ئومێدێک بەدیناکرێت بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکانی ئەنقەرەو دیمەشق، بەڵام هێڵی ئەنقەرە-هەولێر-بەغداد قەرەباڵغەو بەرپرسانی باڵای تورکیا ڕۆژو شەویان خستووەتەسەریەک بۆ ڕێککەوتنێکی ئەمنیو سەربازیی ستراتیژی لەگەڵ عێراقدا، بەغدادیش بە هۆی پێویستییەوە بە تورکیا بۆ دروستکردنی ڕێگەی گەشەپێدانو خستنەسەرڕێی پڕۆژەکە، هەتا ڕادەیەکی باش خواستو نزیکبوونەوەی پێوەدیارە. هەریەک لە ئێرانو ڕوسیاو چینیش لە پێناوی دژایەتیی بەرەی ئەمریکاو ڕۆژئاوادا ئەگەر پشتیوانیی ڕێککەوتنی ئەنقەرەو بەغدادیش نەکەن، بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

لەگەڵ ئەوەی پێگەی هەولێر لە قۆناغی نوێی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو بەغدادا بە ڕوونی دیارینەکراوە، بەڵام زۆرێک لە ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە تەنها ڕۆڵی گوێگرو جێبەجێکاری فەرمانەکان بدرێت بە بەرپرسانی پەیوەندیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەست بە لێکتیگەیشتنو ڕێککەوتنەکانی تورکیاو عێراقەوە، ئەمەش بە هۆی لێکنزیکبوونەوەی بەردەوامی ئەنقەرەو بەغدادو یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیانو بچووکبوونەوەو لاوازبوونی بەردەوامی هێزی هەرێمی کوردستانو کەمبوونەوەی پاڵپشتیی دەرەکییەوە. لە هەمان کاتدا بەشێک لە ماددەو خاڵەکانی لێکتێگەیشتنەکەی نێوان ئەنقەرەو بەغداد وەک بۆمبی چێنراو وایە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان.

ئەوەی گرنگە، تواناو باڵادەستیی حکومەتی عێراقە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی لێکتێگەیشتنەکەی (١٥)ی ئابی ئەمساڵ لە تەواوی خاکی عێراقدا، ئەمەش لە قۆناغی ئێستادا بە مەحاڵو خەیاڵپڵاوی دادەنرێت.

# توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# چەمی گابار؛ دابینکردنی ئاسایشی وزە وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لە هەرێمی کوردستان

فەرزان چاڵشکان

**بەرایی**

"دۆڵی گابار لە نێوان زنجیرە چیاکانی گاباردا، دوای پاککردنەوەی لە تیرۆریستان لە دۆڵی جەهەنمەوە دەبێت بە دۆڵی بەهەشت"، ئەمە ناونیشانی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی فەرمیی تورکیا (TRT) بووە دەربارەی دەستپێکردنی پرۆسەی گەڕانو دەرهێانی نەوت لە زنجیرەچیای گابارو ناوچە سنووریيەکانی نێوان باکوورو باشووری کوردستان.

لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیادا، پرۆسەی گەڕانو پشکنین بە دوای نەوتدا دەستپێکردووە، بەڵام لە لایەکەوە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانو لە لایەکی دیکەوە نەبوونی تەکنەلۆژیای پێویست ڕێگر بووە لە بەردەم دۆزینەوەی ئەو نەوتەی بە ئاڵتونی ڕەش ناسراوە. لە هەمان کاتدا خاکی تورکیاش بە جۆرێکە کە هەتا ئێستا نەتوانراوە کێڵگەی نەوتی وەهای تێدا بدۆزرێتەوە کە شایەنی باسکردن بێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، تورکیا لە سایەی گەشەکردنو بەرهەمهێنانی فڕۆکەیبێفڕۆکەوانەوە بە ئاستی بەرز، توانیویەتی هەتا ڕادەیەکی زۆر ناوچە سنووريیەکانی وڵاتەکەی لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پاکبکاتەوە. لێرەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەقامگیری بۆ ناوچەکە گەڕاوەتەوە، هەر ئەمەش دەرفەتی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو وڵاتە بەخشیوە بۆ ئەوەی بتوانن پرۆسەی گەڕانو پشکنین بۆ نەوت لە خاکی باکووری کوردستان، کە هاوسنووری خاکی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستانو عێراقو سوریایە، بکەن.

دواجار تورکیا چاوبڕیوەتە سامانی ژێرزەویی ئەو ناوچەیەو تەنانەت بوونی پەکەکەو یەپەگە لە باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ لەشکرکێشی بۆ

ئەو ناوچانەو دەکرێت بە هێواشی لەگەڵ دەستبەسەداگرتنی خاکەکەیدا، نەوتی ئەو ناوچەیەش وەک بەشێک لە سامانی ژێرزەویی خۆی مامەڵەیپێوەبکات.

**نەوت لە تورکیا**

هەرچەندە لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە تورکیا دەستیپێکردووە، بەڵام لە ماوەی (٢١) ساڵدا تەنها (٩٥) بیرەنەوت دۆزراوەتەوە. (١) بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٤٨) ئالقی سرۆدۆ سوینسێن (Alvin Theodore Schwennesen)ی ئەمریکی وەک یەکەم جیۆلۆجیستی بیانیی کۆمپانیای نەوتی سکۆنی ڤاکوم (Socony-Vacuum Oil Company) لە دوای کنەوپشکنینێکی ورد لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلەوە ئاماژەی بە "کاریگەریی گەورەی نەوت لە هەستانەوەو گەشەپێدانی ئابووریی تورکیادا" کردووە.(٢)

لە ساڵی (١٩٥٤) دەزگایەکی تایبەت لە ژێر ناوی "کۆمپانیا نەوتییە هاوبەشەکانی تورکیادا (Türkiye Petrolleri Anonim Ortaklığı) دامەزرا، لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا؛ کۆمپانیای نیشتیمانیی نەوتی تورکیاش دەستیکرد بە کارکردن لە بەواری هایدرۆکاربۆندا. لە ساڵانی (١٩٥٤-٢٠٠٤) سێهەزارو (١٤٠) بیرەنەوت دۆزرایەوە، لە هەزارو (٣٤٤) بیرەنەوتیاندا دەست بە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت کراوە. هەتا ساڵی (٢٠٠٤) تورکیا ڕۆژانە (٤٥) هەزارو (٧٠٠) بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، دوای دە ساڵ ئەم ڕێژەیە بۆ (٤٩) هەزارو (٣٠٠) بەرمیلی ڕۆژانە بەرزکراوەتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی توێژینەوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان (سێتا)) SETA Araştırmaları Merkezi (SETA))، کە ناوەندەکەی لە ئەنقەرەیە، ڕێژەی (٧٣٪)ی نەوتی تورکیا دەکەوێتە پارێزگای باتمان، (٢٦٪) لە ئادیامان و تەنها (١٪)ی نەوتی تورکیا دەکەوێتە ناوچەی تراکیای ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەوە(٣) بە گشتی دەتوانرێت پرۆسەی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەو بەرهەمێنانی نەوت لە تورکیا بە سەر چەند قۆناغێکدا دابەشبکرێت؛ قۆناغی یەکەم: (١٩٢٣-١٩٥٦)، قۆناغی دووەم: (١٩٥٦-١٩٧٢)، قۆناغی سێیەم: (١٩٧٢-٢٠٠٣)، قۆناغی چوارەم: (٢٠٠٣-٢٠١٧)، قۆناغی پێنجەم و کۆتایی لە (٢٠١٧)ەوە هەتا ئێستا بەردەوامە. هەرچەندە لە قۆناغی یەکەمدا تەنها ڕێگە بە دامەزراوە دەوڵەتییەکان دراوە کار لەم بوارەدا بکەن، بەڵام دواتر ڕێگە بۆ کۆمپانیا تایبەتییەکانیش کراوەتەوە پرۆسەی گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت جێبەجێبکەن.

ڕاگەیاندنی "سیاسەتی وزەو کانزای نیشتیمانی (مێمپ) (Milli Enerji ve Maden Politikası) (MEMP)لە ساڵی (٢٠١٧) وەک مژدەیەک وا بوو بۆ هاوڵاتیانی تورکیا. بەم جۆرە پرۆسەی

گەڕان‌و دۆزینەوەی هایدرۆکاربۆن‌و سوتەمەنی لەو وڵاتە پێینایە قۆناغێکی تازەوە، بە جۆرێک ئومێدێکی زۆر لە لای بەرپرسانی تورکیا لە سایەی ئەم سیاسەتە تازەیەدا دروستبووە، کە پەیوەستە بە جیهانی دەرەوەوە لە دابینکردنی وزەو سوتەمەنی بۆ وڵاتەکەیان هەتا رادەیەکی باش کەمبکەنەوە. بە گوێرەی ئەم سیاسەتە تازەیە، "بستێک خاکی تورکیا نامێنێت کە گەڕان‌و پشکنینی نەوت‌و گازی سروشتیی تێدا نەکرێت، ئەو ناوچانەیش کە پێشتر کنەوپشکنینی تێدا کراوەو بێهیوابوون لە بوونی ئاڵتوونی ڕەش تێیدا، گەڕان‌و پشکنینی تێدا دووبارەدەکرێتەوە."(٤)

لەگەڵ گەڕان‌و پشکنینی زەویدا، تورکیا دەستیکردووە بە گەڕان‌و پشکنین لە سنوورە ئاوییەکانی دەریای ڕەش، دەریای، ناوەڕاست، دەریای ئیجەو گەرووی بۆسفۆڕ لە ئەستەنبوڵ. ساڵی (٢٠١٧) یەکەم کەشتی گەڕان‌و دۆزینەوەی گازی سروشتی‌و سوتەمەنیی بە ناوی فاتیح (Fatih Gemisi) ڕەوانەی ناو ئاو کرد. ساڵی (٢٠١٩) کەشتیی یاڤوز (Yavuz Gemisi)و ساڵی (٢٠٢٠) کەشتیی قانونی (Kanuni Gemisi)و ساڵی (٢٠٢٢) کەشتیی عەبدولحەمید خان (Abdülhamid Han Gemisi)ی ڕەوانەی سنوورە ئاوییەکانی کرد. ساڵی (٢٠٢٠) لە دەریای ڕەشدا کێڵگەیەکی گەورەی غازی سروشتی دۆزرایەوەو ناونرا کێڵگەی غازی سەکاریا (Sakarya Gaz Sahası)، ئەمەش لە جیهاندا گەورەترین کێڵگەی غاز بووە لەو ساڵەدا دۆزرابێتەوە.

لە کاتی دۆزینەوەی ئەو کێڵگە غازەدا توانای بەرهەمهێنانی تورکیا لە غازی سروشتیدا تەنها (٤٤١) ملیۆن مەتر سێجای ڕۆژانە بووە، بەڵام دوای دەستکردن بە دەرهێنانی غاز لەو ناوچەیەداو لە نیسانی (٢٠٢٤)دا توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی غازی سروشتی تەنها لە کێڵگەی غازی سەکاریا (٤) ملیۆن‌و نیو مەتر سێجا بووە.(٥)

لە هەمان کاتدا لە قەزای جەیهانی سەر بە پارێزگای ئەدەنە لە ساڵی (٢٠٢٢) دوو بیرەنەوت دۆزرایەوە، کە لە هەردووکیاندا (٨) ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە.(٦)

**پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە گابار**

لە ساڵی (٢٠٢٢)ەوە پرۆسەی گەڕان‌و دۆزینەوەی نەوت لە زنجیرەچیاکانی گابار دەستیپێکردووە، لە هەندێک ناوچەدا بە درێژایی سەدان کیلۆمەتر ڕێگە بە ناوچەی شاخاویی سەخت‌و تاشەبەرددا دروستکراوە.

لە زنجیرەچیاکانی گابار لە پارێزگای شرناخی باکووری کوردستان، لە گەرمەی پەتای کۆرۆنادا بیرەنەوت دۆزرایەوە. لە ساڵی (٢٠٢١) بیرەنەوتێک لە گابار دۆزرایەوە کە نزیکەی (١٥٠) ملیۆن بەرمیل نەوتی تێدایە، بە لەبەرچاوگرتنی نرخی ئێستای نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا،

ئەم بڕە بە نزیکەی (١٢) ملیار دۆلار دەخەملێنرێت. ئەم بیرەنەوتە لە (١٠) یەکەمین بیرەنەوتی جیهانە کە لە ناوچە وشکانییەکاندا لەو ساڵەدا دۆزرابێتەوەو زۆرترین بڕی نەوتی خەملێنراوی تێدابێت. (٧)

دوای ئەمەش لە کێڵگەی نەوتی شەهید ئەسما چەلیک (Şehit Esma Çelik Sahası) (٢٦) بیرو لە کێڵگەی نەوتی شەهید ئایبیکە یالچن (Şehit Aybike Yalçın Sahası) (٥) بیرو لە کێڵگەی نەوتی شەهید تەغمن ئاکدەنیز (Şehit Teğmen Akdeniz Sahası)دا (٢) بیر کەوتووەتە بەرهەمهێنانی نەوت. لە کاتێکدا ئەو بیرەنەوتە تازانە دۆزراونەتەوە، بەرهەمی ڕۆژانەی نەوت (٦٩) هەزارو (٣٠٠) بەرمیل بووە، لەم ڕێژەیەش (٥٥) هەزارو (٦٠٠) بەرمیل نەوتی خاو لەلایەن دەزگای کۆمپانیا هاوبەشە نەوتییەکانی تورکیاوە بەرهەمهێنراوە،(٨) بەڵام لە (١١)ی نیسانی (٢٠٢٤) ئاڵپارسلان بایراکتار (Alparslan Bayraktar)؛ وەزیری وزەو سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا، ڕایگەیاند کە هەمان دەزگا "تەنها لە گابار ڕۆژانە (٤٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاو بەرهەمدەهێنێت."(٩)

بە گوێرەی ڕاگەیەنراوێکی دەزگای کۆمپانیا نەوتییە هاوبەشەکانی تورکیا لە (٣)ی مایسی ٢٠٢٣، "لە چیاکانی جودیو گابار بڕی یەکملیار بەرمیل نەوتی خاو هەیە."(١٠)

بیرەنەوتەکانی گابار بە گەورەترین بیری نەوت ئەژماردەکرێن کە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی کۆمپانیای نیشتیمانیی نەوتی تورکیادا دۆزرابێتنەوە، لە (٢)ی مایسی (٢٠٢٣) ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، ڕایگەیاند کە "لە ناوچەی گابار بیرەنەوتێک دۆزراوەتەوە لە قوڵایی (٢) هەزارو (٦٠٠) مەتردا توانای بەخشینی (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەیە".(١١) لە کاتێکدا لە ساڵی (٢٠٢٤) هەوڵی زیادکردنی ژمارەی بیرەنەوتە دۆزراوەکان لە گابار لە (٣٣) بیرەوە بۆ (٩٥) بیر دەدرێت، هەتا حوزەیرانی ئەمساڵ ڕۆژانە (٥٠) هەزار بەرمیل نەوت لە گابار دەرهێنراوە.(١٢) لە هەمان کاتدا عەلی یەرلیکایا؛ وەزیری ناوخۆی تورکیا، لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ڕایگەیاند کە "هەتا کۆتایی (٢٠٢٤) لە بیرەنەوتەکانی پارێزگای شرناخەوە ڕۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنین".(١٣) بە گوتەی ئاڵپارسلان بایراکتار، "ئەم بڕەش ڕۆژانە (٣) ملیار دۆلار بۆ گەنجینەی دارایی تورکیا دەگێڕێتەوە."(١٤) هەروەها چاوەڕواندەکرێت "هەتا کۆتایی (٢٠٢٤) تورکیا ژمارەی بیرەنەوتەکانی تەنها لە شرناخ، هەکاریو وان بۆ (١٤٠) بیر زیادبکاتو لە سەرانسەری وڵاتدا ڕۆژانە بڕی (٢٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاو بەرهەمبهێنێت"،(١٥) واتە تەنها لە گابار نیوەی نەوتی تورکیا بەرهەمدەهێنرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەشێک لە شارەزایانو ئەندازیارانی بواری نەوتو غاز، ئەو لێدوانانەی بەرپرسانی تورکیایان "وەک بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری (٢٠٢٣)و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠٢٤)" راڤەکردووەو پێیانوایە "پێش تەواوکردنی پرۆسەی گەڕانو هەڵکەندنی بیرو دەرکردنو لیکۆڵینەوەی لە تاقیگەدا، قسەکردن لە سەر بڕی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکان دژی بنەما زانستییەکانو ئەندازیاریی نەوتە."(١٦)

**بەرهەمهێنانی نەوت لەودیو سنوور**

جگە لە ناوخۆی وڵات، کۆمپانیا هاوبەشە نەوتییەکانی تورکیا لە وڵاتانی دراوسێو نزیکی ئەو وڵاتە سەرقاڵی گەڕانو دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوتن. ئەم کۆمپانیایە لە ڕوسیا، عێراق، ئەفغانستان، ئازەربایجانو قوبروسی باکوور لە (١٠) پرۆژەی نەوتیدا بەشداریکردووە. جگە لەمانەش، تورکیا تەنها لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەگەڵ وڵاتانی لیبیا، ئێران، ڤەنزوێللا، تورکمانستان، سۆماڵو مەغۆلستاندا چەندین ڕێککەوتنامەی تایبەت بە گەڕانو دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوتو غازی سروشتیی واژۆکردووە.

**دۆزینەوەی نەوت لە تورکیا هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی بەردەوامی وزەی نوێبووەوەدا**

بانگەشەکانی تورکیا بۆ دۆزینەوەی نەوتو گازی سروشتی لە کاتێکدایە کە جیهان هەوڵی ڕزگاربوون لە دوکەڵی سوتەمەنی دەدات، بەجۆرێک زۆرێک لە وڵاتان پێشبڕکێیانە بۆ دۆزینەوەی وزەی جۆراوجۆری جێگرەوەی سوتەمەنی، بە تایبەتی بەرهەمهێنانی وزە لە خۆر، هەواو ئاو لە گەشەی بەردەوامدانو هێدی هێدی پێویستی بە نەوتو بەرهەمەکانی سوتەمەنی کەمدەبێتەوە.

**تورکیا چاویبڕیوەتە سامانی ژێرزەویی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستانو لە دەرفەتێک دەگەڕێت لەگەڵ خاکی ئەو ناوچەیەدا نەوتەکەشی وەک بەشێک لە سامانی ژێرزەویی خۆی مامەڵەپێوەبکات.**

بە گوتەی شارەزایان، لە تورکیا ساڵانە بڕی (٣٣٠) ملیار کیلۆوات وزەی خۆر لە کاتژمێرێکدا بەکاردەبرێت، ئەمە لە کاتێکدایە بەرهەمی ساڵانەی ئەو وڵاتە لە وزەی خۆر (٤٠٠) ملیار کیلۆوات بووە لە کاتژمێرێکدا. لە لایەکی دیکەوە، باس لەوە دەکرێت کە پرۆسەی گەڕانو پشکنین بۆ سوتەمەنیی وەک

نەوتو غازی سروشتی لەگەڵ ئامانجە پلانبۆدانراوەکانی تورکیادا بۆ ساڵی (٢٠٥٣) بۆ سفرکردنەوەی بەکاربردنی بەرهەمی سوتەمەنی لە تورکیاو جیهان یەکناگرێتەوە، هەر بۆیە ڕاگەیاندنی دۆزینەوەی نەوتو غازی سروشتی لەلایەن سەرۆککۆماری تورکیاوە وەک مژدەیەکی گەورە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە "بە واتای دواکەوتنی تورکیا لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی وزە لێکدەدرێتەوە."(١٧)

لێرەوە شارەزایان پێشنیاری کارکردن لە بواری بەرهەمهێنانی وزە لە خۆرو هەواوە بە گونجاوتر دەزانن لە گەڕان بە دوای سوتەمەنیدا، بە تایبەتی سوتەمەنییەک لە ناوچەیەکی شاخاویی سەختی وەک گابار، کە هاوسنوورە لەگەڵ عێراقداو ناوچەیەکی مەترسیدارو ناسەقامگیرە، جگە لە بانگەشەیەکی سیاسیو هەڵبژاردن، واتایەکی دیکەی وەک گەشەکردنی ئابووریی لێناخوێنرێتەوە.

## دۆزینەوەی نەوت لە زەلکاوی قەیرانی ئابووریدا

هەوڵەکانی تورکیا بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت لە کاتێکدایە کە ئەو وڵاتە بە دەست قەیرانێکی قوڵی ئابوورییەوە دەناڵێنێت، لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەردەوامی هەڵئاوسانو گرانبوونی نرخی پێداویستییەکانی ڕۆژانەدا، بە گوێرەی دوایین ئاماری ناوەندە جیاوازەکانی ڕاپرسی، (٦٠٪) بۆ (٨٦٪)ی هاوڵاتیان کێشەی ئابووری بە یەکەم پرسی وڵاتەکەیان دەزانن، کە شایستەی چارەسەرکردن بێت.(١٨) لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی زیاتر لە (٣٠٪)ی هاوڵاتیان پێیانوایە هیچ پارتێکی سیاسی ناتوانێت چارەسەری قەیرانی دارایی بکات،(١٩) لەبەرئەوە هاوڵاتیان ڕەخنەی توند لە دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە دەگرن، لە بریی چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری، خەڵکی سەرقاڵدەکەن بە دۆزینەوەی چەند بیرەنەوتێکەوە، کە نازانرێت هەتا کۆتایی هەتا چەند خەرجیی دەرهێنانی نەوتەکە لە داهاتەکەی کەمتر دەبێت، هەر بۆیە گوتەو لێدوانی بەرپرسانی ئەنقەرە بە بەشێک لە جەنگی دەروونیو پەردەپۆشکردنی کێشەی ئەمنیو سەربازی لە سنووری عێراقو سوریا ڕاڤەدەکرێتو ڕەوایەتیدانە بە بەکوشتدانو بریندار بوونی سەدان سەربازو خەرجکردنی بودجەیەکی زۆر بۆ جەنگ.

## "لە دۆڵی جەهەنەمەوە بۆ دۆڵی بەهەشت"؛ دۆزینەوەی نەوت وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندەی دەوڵەت

تورکیا هەر زوو لەگەڵ دۆزینەوەی نەوتدا لە زنجیرەچیاکانی گابار، پڕوپاگەندەی سیاسیی دەستپێکرد، بە جۆرێک کێشەی نەبوونی ئاسایشی وزەو نەوتی بەستووەتەوە بە بوونی چەکدارانی پارتی

کرێکارانی کوردستانەوە (پەکەکە).

میدیای تورکیا، بەبێ جیاوازیی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، بە جۆرێک باس لە دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت دەکەن کە دەبێت بە ڕەحمەتو مایەی سەقامگیریی ئاسایشی وزەو سوتەمەنی بۆ تورکیا.

شارەزایان باس لەوە دەکەن کە لەگەڵ کێشەی تەکنیکیو نەبوونی یاخود کەمیی ئامرازی تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو و بەرزیی نرخی بەرهەمهێناندا بەراورد بە فرۆشتنی نەوتی گابار، هۆکارێکی گرنگی دواکەوتنی گەڕانو پشکنینو دۆزینەوەی نەوت لەو ناوچەیە "دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامیگریی ئەمنی."(٢٠)

یەکەم کێڵگەی نەوت لەلایەن حکومەتەوە بە ناوی ئەسما چەلیکەوە (Esma Çelik) ناونراوە، ئەسما کارمەندێکی هێزی پاککەرەوەی زەویە مینڕێژکراوەکان بووە، لە کاتی پاککردنەوەی ئەو ناوچەیەی کە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، بە هۆی تەقینەوەی مینێکەوە گیانیلەدەستداوە،(٢١) هەر بۆیە لە سەرجەم بابەتە میدیاییەکانی پەیوەست بە دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوتەوە لە گابار، باس لە چیرۆکی "شەهیدبوونی" ئەسما چەلیک دەکرێت.

کێڵگە نەوتییەکانی دیکەش کە ژمارەیان (١٠) کێڵگەیە، هەر بە ناوی سەربازو پلەدارەکانی سوپاو هێزە ئەمنییەکانەوە ناونراوە، کە بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی تورکیا لەو ناوچەیەدا "شەهیدبوون".

لێرەوە میدیای تورکیا بابەتی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتە بە ڕەهەندی ئەمنیو سەربازییەوە دەبەستێتەوەو ڕایگشتیی تورکیا بەو ئاڕاستەیەدا دەبات کە دابینکردنی ئاسایشی وزەو سوتەمەنی لە تورکیادا پەیوەستە بە بەهێزیو تۆکمەیی هێزی ئەمنیو سەربازیی وڵاتەکەوە.

**ساڵی (١٩٤٨) ئالڤی سرۆدۆ سوینسێنی ئەمریکی دوای کنەوپشکنینێکی ورد لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلەوە ئاماژەی بە "کاریگەریی گەورەی نەوت لە هەستانەوەو گەشەپێدانی ئابووریی تورکیادا" کردووە.**

لە هەر بابەتێکی میدیاییدا درەنگکەوتنی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت لە گابار دەبەسترێتەوە بە "بوونی تیرۆریستان"ەوە لەو ناوچەیە، لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی تورکیادا لە ڕێگەی وەرگرتنی لێدوانی بەرپرسانی حکومیی ناوچەکەوە، موختاری گوندەکانو هاوڵاتیانی نزیک لە دەسەڵات "گەریلا وەک بەڵایەک بۆ تورکیا بە گشتیو بە تایبەتی بۆ ناوچە کوردییەکان وێنادەکرێت"، سەرجەمیان دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە گابار لە دوای "پاککردنەوەی ناوچەکە لە تیرۆریستان"

دەکەن بە بەڵگە بۆ "تۆمەتبارکردنی گەریلا بە سەرچاوەی کێشەکان."

تەنانەت خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش لە گوتارێکیدا لە وان لە (٥)ی مایسی (٢٠٢٣) ئاماژەی بەوە داوە کە "لەمەودوا گابار لەگەڵ تیرۆردا ناوناهێنرێت، بەڵکو وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت ناویدەهێنرێت."(٢٢) لێرەشدا ئەردۆغان ناوی گاباری بەستووەتەوە بە "تیرۆر"ەوەو ڕاستەوخۆ بە خەڵکی دەڵێت: "ڕزگاربوونی ناوچەکە لە بەڵای تیرۆر سەرەتای گواستنەوە دەبێت لە قۆناغی شەڕو کوشتار بۆ قۆناغی وەبەرهێنانو گەشەی ئابووری لە ناوچەکەدا."

بە هەمان شێوە سەرۆککۆماری تورکیا لە گوتارێکیدا لە شرناخ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماردا ڕایگەیاند کە "ئەوانەی دەیانەوێت بە درۆو هەواڵی ناڕاست میللەتەکەمان ڕەشبینبکەن، ئامانجیانە تورکیا بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی تیرۆرو تۆقاندن، بەڵام ئێمە دەمانەوێت شرناخ بکەین بە یەکێک لە ناوچە بەرهەمهێنەرەکانی وڵاتەکەمان. کارێک دەکەین کە جارێکی دیکە تیرۆریستان نەتوانن شرناخ بکەن بە لانکەی خۆیان. هەتا دوێنێ لە ترسی تیرۆر کەس نەیدەوێرا بێتە شرناخەوە، بەڵام ئێستا هاوڵاتیان لەوپەڕی کامەرانیدا ژیان بەسەردەبەنو دەستکراوە بە وەبەرهێنان لە بواری نەوتو سوتەمەنیدا". جارێکی دیکە ئەردۆغان جەختی لە سەر بەسەرچوونی "سەردەمی تیرۆر"و سەرەتای خۆشگوزەرانیو ئاوەدانی کردەوە!

لە هەمان کاتدا میدیای تورکیا دەیەوێت بە ڕایگشتیی وڵاتەکەی بڵێت: بەهۆی بوونی نەوتەوە، لە گابارو ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراقو تورکیا لەلایەن زلهێزەکانی جیهانەوە، گرووپی چەکداریی دژ بە تورکیا دروستکراوە، بۆئەوەی لە بریی گەشەی ئابووریو پێشخستنی وڵات، تورکیا سەرقاڵببێت بە "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر"و بەدیهێنانی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکانی.

**تەکنەلۆژیای فڕۆکەیبێفڕۆکەو انیی تورکی ڕۆڵێکی ناوازەی لە دەستپێکردن بە پرۆسەی گەڕانو پشکنین بۆ نەوت لە خاکی باکووری کوردستان هەبووە.**

بەم جۆرە میدیای تورکیا بە ناڕاستەوخۆو لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە سەر ئاسایشی وزەو سوتەمەنی لە پارێزگای شرناخو زنجیرە چیای گاباری هاوسنووری هەرێمی کوردستانەوە ڕەوایەتی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان دەداتو بەدەر لە لایەنی ئەمنیو ئاسایشی، ڕایگشتیی تورکیا ئاڕاستەدەکات بەوەی دابینکردنی

ئاسایشی وزەو سوتەمەنیی تورکیا پەیوەستە بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامەوە لە خاکی هەرێمی کوردستانو عێراقدا.

**ئۆپەراسیۆنەکانی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان لە پێناوی دابینکردنی ئاسایشی وزەو سوتەمەنیدا**

نیازی تورکیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی خاکی هەرێمی کوردستان لە زنجیرەچیاکانی گارە، مەتینا، قەندیل، خواکورک بریتی دەبێت لە دەرهێنانی نەوت لەو ناوچەیەو ئاودیوکردنی بۆ ئەنقەرە. بەڵگەش بۆ ئەمە، جەختکردنەوەیە لە سەر "پەیوەستیی ئەو بیرەنەوتانەی لە زنجیرەچیای گابار دۆزراونەتەوە لەگەڵ بیرە نەوتەکانی باکووری عێراقدا."(٢٣) تەنانەت مەلیکان بیلگی (Melikan Bilgi)؛ بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا نەوتییە هاوبەشەکانی تورکیا (Türkiye Petrolleri Anonim Ortaklığı Müdürü) ڕایگەیاندووە کە "ئەو نەوتەی لە ژێر زنجیرەچیاکانی گابارو خاکی تورکیادایە، ناوەندی سەرەکیی ئەو نەوتەیە کە لە ژێر خاکی عێراقو سوریادایە"، بەڵام بە هۆی بەرزیی خاکی تورکیاوە لە سوریاو عێراق، نەوتەکە بەرەو ژێر خاکی ئەو دوو وڵاتە دەڕوات. (٢٤) لێرەوە دەکرێت لە ئایندەدا تورکیا بیانوو بە عێراقو سوریا بگرێت بەوەی نەوتی ژێرخاکی وڵاتەکەی دزەدەکاتە خاکی عێراقو سوریاوەو بەم جۆرە داوای پشکی نەوت لە دیمەشقو بەغداد بکات، بە تایبەتی لە دۆخێکدا عێراقو سوریا داوای پشکی خۆیان لە ئاوی ڕوبارەکانی دیجلەو فورات لە ئەنقەرە بکەن.

هەر لە بنەڕەتدا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەوڵەکانی گەڕانو پشکنین بۆ نەوت لە تورکیا بریتی بووە لەوەی "ئەو وڵاتە دراوسێی ئێران، عێراقو سوریا بووە، لە سەر ئەم بنەمایە بەرپرسانو شارەزایانی تایبەتمەند بە بواری نەوت لە تورکیا پێیانوابووە سەرچاوەی بەشێک لە نەوتی ئەو وڵاتانە دەکرێت لە چیاکانی باشوورو خۆرهەڵاتی تورکیادا بێت."(٢٥)

**تورکیا هەوڵدەدات هەتا کۆتایی ئەمساڵ ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕۆژانە تەنها لە گابار بگەیەنێت بە (١٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم ڕێژەیەش نیوەی نەوتی بەرهەمهێنراوی تورکیا پێکدەهێنێت.**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش لە گوتارەکەی ساڵی ڕابردوویدا لە شرناخ جەختی لە سەر گرنگیو پێویستیی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی "لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری تورکیا" کردەوەو ئاماژەی بەوە داوە کە "بە درێژایی ناوچە سنوورییەکانی باشووری تورکیا ناوچەی

ئارام" دروستدەکەن، بەم جۆرەش وەک ئەردۆغان باسیکردووە، "بە تەواوی ڕێگری لە پریشکی ئەو ئاگرە دەکەن کە بە ڕووی تورکیادا هەڵکراوە."(٢٦) لێرەوە ڕووندەبێتەوە لەگەڵ ئامانجی ڕێگری لە "تیرۆرو مەترسی لە سەر ئاسایشی نیشتیمانیی تورکیا"، دابینکردنی ئاسایشی وزەو سوتەمەنیو دەستبەسەرداگرتنی نەوتی بەشێک لە باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان ئامانجێکی گرنگی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیایە.

سەرەڕای هۆشدارییەکانی بەشێک لە شارەزایان بۆ دەستبەرداربوونی تورکیا لە خۆسەرقاڵکردنو بەفیڕۆدانی کاتو بودجە لە پرۆسەی گەڕانو پشکنینو بەرهەمهێنانی نەوتو غازی سروشتی، بەردەوامیی بەرپرسانی تورکیا لەو کارەیان ئەو لێکدانەوەیە بەهێزتردەکات کە تورکیا دەیەوێت بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەست بە سەر بەشێک لە خاکی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستاندا بگرێتو دواتریش بە بەهانەی جۆراوجۆر نەکشێتەوەو لێرەشەوە دەستبکات بە دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە باکووری عێراقو باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریادا.

هەر لێرەشەوە ڕووندەبێتەوە کە تورکیا مەبەستی نەبێت هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێبکاتەوە، بەو هیوایەی خۆی دەست بە سەر ئەو نەوتەدا بگرێتو دەرهێنانو هەناردەکردنی بە تەواوی بکەوێتەژێر دەستی خۆیەوە.

## کۆتایی

هەرچەندە لە دوای ڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیو دامەزراندنی کۆماری تورکیا، هەوڵی گەڕانو دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لەو وڵاتە زۆر سستو لاواز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی ئەنقەرە هیچ کات بێهیوانەبوون لە دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت، بە جۆرێک بتوانن بە لایەنی کەمەوە پێداویستیی ناوخۆیی وڵاتەکەیان لە نەوتو غازی سروشتی دابینبکەن. بە تایبەتی لە دە ساڵی ڕابردوودا لە سایەی گەشەی تەکنەلۆژیای فرۆکەیبێفرۆکەوانی تورکیاو پاککردنەوەی خاکی ئەو وڵاتە لە گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان، تورکیا چاویبڕیوەتە نەوتی زنجیرەچیاکانی باکووری کوردستان، بە جۆرێک ئومێدیان هەیە بەوەی وەک ئاوی ڕوباری دیجلەو فورات، سەرچاوەی زۆرێک لە نەوتی عێراقو سوریا دەستبەسەردابگرن.

لە هەمان کاتدا تورکیا بوونی چەکدارانی پەکەکەو یەپەگە لە باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاکی ئەم ناوچەیەو لێرەشەوە دەست بە دەرهێنانی نەوت لەم دوو هەرێمەدا بکات.

سەرەڕای ڕەخنەی پسپۆڕانی ئەو وڵاتە لە سەر جۆری ئەو نەوتەی تورکیا لە زنجیرەچیاکانی گابار دەریدەکات، کە لەوانەیە خەرجیی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی زیاتر بێت لە داهاتەکەی،

بەڵام بەرپرسانی ئەنقەرە دۆزینەوەی هەر بیرەنەوتێک بە دەرفەتێکی زێڕین دەزانن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنو پڕوپاگەندەی سیاسیو ناشرینکردنی زیاتری وێنای پەکەکەو بە ئاشکرا بوونی گەریلا لەو ناوچانە بە هۆکاری دواکەوتنی ئابووریو سوودوەرنەگرتن لە سامانی ژێرزەویو نەوتی ئەو ناوچانە دەزانن.

**بە گوێرەی لێدو انی بەرپرسانی تورکیا، "لە چیاکانی جودیو گابار بڕی یەکملیار بەرمیل نەوتی خاو هەیە". بیرەنەوتەکانی گابار بە گەورەترین بیری نەوت ئەژماردەکرێن لە مێژووی (٧٠) ساڵەی کۆمپانیای نیشتیمانیی نەوتی تورکیادا، کە دۆزرابێتەوە.**

دواجار دەکرێت دەستبەسەرداگرتنی نەوتی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان یەکێک بێت لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای ئەو وڵاتە.

## پەراوێزو سەرچاوەکان

1.MAPEG, Petrol İstatistikleri, https://www.mapeg.gov.tr/Custom/Petrolistatistik, 26.07.2024.

2.Çolak, Mustafa, Daşdemir, Hasan, Türkiye'de Petrol Varlığı Çalışmalarına Bir Örnek: Schwennesen Raporu, Selçık Türkiyet Degiri, Aralık / December 2022; (56):19-38, e-ISSN 2458-9071, doi 10.21563/sutad.1221947\, sayfa 19 https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/2843509.

3.Özdemir, Büşra Zeynep, Türkiye'nin Petrol Üretimi ve Gabar Petrolü, 16.05.2024, https://www.setav.org/odak/odak-turkiyenin-petrol-uretimi-ve-gabar-petrolu, 25.07.2024.

4.NTV, Bakanımız Sn. Alparslan Bayraktar, NTV'de gündeme ilişkin açıklamalarda bulundu, 19.04.2024, https://www.youtube.com/watch?v=oAai1p2jjOg, 25.07.2024.

5.Özdemir, Büşra Zeynep, Türkiye'nin Petrol Üretimi ve Gabar Petrolü, 16.05.2024, https://www.setav.org/odak/odak-turkiyenin-petrol-uretimi-ve-gabar-petrolu, 25.07.2024.

6.Ensonhaber, Adana'da su seviyesinde petrol çıktı, 30.11.2022, https://www.ensonhaber.com/ic-haber/adanada-su-seviyesinde-petrol-cikti, 25.07.2022.

7.Özdemir, Büşra Zeynep, 3 SORUDA - Türkiye'nin petrol rezervi keşifleri, 26.12.2024, https://www.aa.com.tr/tr/analiz/3-soruda-turkiyenin-petrol-rezervi-kesifleri/2772820, 25.07.2024.

8.Özdemir, Büşra Zeynep, Türkiye'nin Petrol Üretimi ve Gabar Petrolü, 16.05.2024, https://www.setav.org/odak/odak-turkiyenin-petrol-uretimi-ve-gabar-petrolu, 25.07.2024.

9.T.C. Enerji ve Tabii Kaynaklar Bakanlığı, Günlük 40 Bin Varil Üretime Geçtik, 11.04.2024, https://enerji.gov.tr/haber-detay?id=21279, 25.07.٢٠٢٤.

10. Çakan, Şeyhmus, Gabar ve Cudi artık petrol bölgesi, 14.03.2024, https://www.yirmidort.tv/yazarlar/seyhmus-cakan-3/gabar-ve-cudi-artik-petrol-bolgesi-162074, 25.07.2024.

11.Asya Robins, Gabar Dağı'ndaki petrol rezervi hakkında neler biliniyor, 100 bin varil hedefi için uzmanlar ne diyor?, 05.05.2023, https://www.bbc.com/turkce/articles/

cn0edzxlp4do, 25.07.2024.
12.TRT Haber, Gabar petrolünün kuyudan depolara uzanan yolculuğu, 25.07.2024, https://www.youtube.com/watch?v=q3QU0zgnZ8s, 25.07.2024.
13.Haber GLOBAL, Gabar Gerçeği Ortaya Çıkardı! Ne Irak Ne Suriye, Petrolde Dengeler Değişiyor, 02.01.2024, https://www.youtube.com/watch?v=OI0-ST1Eor8, 25.07.2024.
14.NTV, Bakanımız Sn. Alparslan Bayraktar, NTV'de gündeme ilişkin açıklamalarda bulundu, 19.04.2024, https://www.youtube.com/watch?v=oAai1p2jjOg, 25.07.2024.
15.Özdemir, Büşra Zeynep, Türkiye’nin Petrol Üretimi ve Gabar Petrolü, 16.05.2024,https://www.setav.org/odak/odak-turkiyenin-petrol-uretimi-ve-gabar-petrolu, 25.07.2024.
16.Asya Robins, Gabar Dağı'ndaki petrol rezervi hakkında neler biliniyor, 100 bin varil hedefi için uzmanlar ne diyor?, 05.05.2023, https://www.bbc.com/turkce/articles/cn0edzxlp4do, 25.07.2024.
17.Asya Robins, Gabar Dağı'ndaki petrol rezervi hakkında neler biliniyor, 100 bin varil hedefi için uzmanlar ne diyor?, 05.05.2023, https://www.bbc.com/turkce/articles/cn0edzxlp4do, 25.07.2024.
18.Yurttas TV, Müsavat Dervişoğlu ve Fatih Erbakan'dan AKP'lileri çılgına çevirecek açıklama! CHP'ye destek mesajı! 01.08.2014, https://www.youtube.com/live/DXu5XkLYM08, 03.08.2024.
19.Yetkin, Murat, Erdoğan’ın CHP’li belediyelere yüklenme hesabı ters tepebilir,26.07.2024,https://www.youtube.com/watch?v=AIOgkSSRylY, 28.07.2024.
20.AsyaRobins, Gabar Dağı'ndaki petrol rezervi hakkında neler biliniyor, 100 bin varil hedefi için uzmanlar ne diyor?, 05.05.2023, https://www.bbc.com/turkce/articles/cn0edzxlp4do, 25.07.2024.
21.GZT News, The story of the oil discovered in Gabar Mountain: GZT filmed special, 22.01.2023, https://www.youtube.com/watch?v=ba9zFHhKkdw, 25.07.2024.
22.Çakan, Şeyhmus, Gabar ve Cudi artık petrol bölgesi, 14.03.2024, https://www.yirmidort.tv/yazarlar/seyhmus-cakan-3/gabar-ve-cudi-artik-petrol-bolgesi-162074, 25.07.2024.
23.TV100, Gabar'daki Petrolün Çıktığı Yer, 04.05.2023, https://www.youtube.com/watch?v=zeawhnChRjE, 25.07.2024.
24.Haber GLOBAL, Gabar Gerçeği Ortaya Çıkardı! Ne Irak Ne Suriye, Petrolde Dengeler Değişiyor, 02.01.2024, https://www.youtube.com/watch?v=OI0-ST1Eor8, 25.07.2024.
25.Çolak, Mustafa, Daşdemir, Hasan, Türkiye’de Petrol Varlığı Çalışmalarına Bir Örnek: Schwennesen Raporu, Selçık Türkiyet Degiri, Aralık / December 2022; (56): 19-38, e-ISSN 2458-9071, doi 10.21563/sutad.1221947\, sayfa 32\, https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/2843509.
26.Çakan, Şeyhmus, Gabar ve Cudi artık petrol bölgesi, 14.03.2024, https://www.yirmidort.tv/yazarlar/seyhmus-cakan-3/gabar-ve-cudi-artik-petrol-bolgesi-162074, 25.07.2024.


# بەنداوی جزیرە؛ کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی

هاوبەش عەبدوڵلا ئەحمەد[1]

**پوختە**

بەنداوی جزیرە یەکێکی ترە لەو بەنداوانەی کە بڕیارە لە سەر ڕوباری دیجلە دروستبکرێت، بێگومان ئەم بەنداوە لە دوای بەنداوی "ئیڵیسو"ەوە دەبێتە دووەم گەورەترین بەنداوی سەر ڕوباری دیجلەو مەبەستی سەرەکییش لە دروستکردنی بەنداوەکە ئاودێریکردنی ڕوبەرێکی فراوانی زەویی کشتوکاڵیو بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاویو دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، لە ڕووی جوگرافییەوە شوێنی دروستکردنی بەنداوەکە دەکەوێتە سنووری کارگێڕیی قەزای "جزیرە"وەو ڕاستەوخۆ کەوتووەتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ناوەندی قەزاکە، کە شاری جزیرەیەو هەر بە ناوی قەزاکەشەوە ناونراوە، بێگومان دروستکردنی ئەم بەنداوە هاوشانی بەنداوەکانی تری سەر ڕوباری دیجلە (نەخشەی ١)، کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ژینگەی خودی ناوچەکەو هەرێمی کوردستانو عێراقیش دەبێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەش تیشکخستنەسەر کاریگەرییە نەرێنییە ناوخۆییو دەرەکییەکانی بەنداوی ناوبراوە.

**نەخشەی (١): بەنداوەکانی سەرڕوباری دیجلەولقەکانی لە ناو خاکی تورکیادا**





**سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە بەکارهێنانی سۆفتوێری (ArcGIS ١٠,٨)**

**پڕۆژەی دروستکردنی بەنداوی جزیرە**

بەنداوی جزیرە، یەکێکی دیکەیە لەو بەنداوانەی کە لە چوارچێوەی پڕۆژەی (گاپ)دا لە سەر ڕوباری دیجلە لە پارێزگای شرناخی باکووری کوردستان لە باکووری ڕۆژئاوای شاری جزیرە لە ناوچەی "کاسریك"و بە دیاریکراوی لە خاڵی بەیەکگەیشتنی هەرسێ شاخی "گەبار، کیلیسێ، جودی"دا دروستدەکرێت.[٢] لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیشەوە بەنداوی ناوبراو دەکەوێتەسەر بازنەی پانیی (٣٧° ٢١' ٤٠") نیوەگۆی باکووری زەویو هێڵی درێژیی (٤٢° ٩' ٣٩") ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینجەوە.

**دروستکردنی بەنداوی جزیرە جگە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە سەر خودی ئەو ناوچەیەی کە پڕۆژەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت، کاریگەریی مەترسیداریشی لە سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانو ناوچەکانی خوارووی عێراق دەبێت.**

**نەخشەی (٢): شوێنی جوگرافیو ئەسترۆنۆمیی بەنداوی جزیرە**




**سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە بەکارهێنانی سۆفتوێری (ArcGIS ١٠,٨)**

ئامانج لە دروستکردنی ئەم بەنداوە لەلایەك ئاودێرێکردنی ڕووبەرێکی گەورەی زەویی کشتوکاڵییە لە ناوچەکانی جزیرەو سلۆپی، کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە (١٢٠) هەزار هێکتار دەبێت.[٣] لە لایەکی تریشەوە پلان وایە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوییش سوودیلێوەربگیرێت، چاوەڕواندەکرێت ساڵانە (١) ملیارو (٢٠٨) ملیۆن کیلۆوات/ کاژێر وزەی کارەبا بەرهەمبهێنێت[٤]، هەر بۆیە دەستبەجێ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا، کە لە (١٤)ی ئایاری (٢٠٢٣)، یەکەم کاری پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) (Adalet ve Kalkınma Partisi) (AK Parti) لە شرناخ ئەوە بوو کە دووبارە پڕۆژەی بەنداوی جزیرەی خستەوە بواری تەندەرەوە، ئەمەش سەرباری هەموو کاریگەرییە نەرێنییە پێشبینیکراوەکانی پڕۆژەی ناوبراو لە سەر ژینگەی ناوچەکە[٥] جێی ئاماژەپێدانە کە دروستکردنی ئەم

بەنداوە جگە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە سەر خودی ئەو ناوچەیەی کە پرۆژەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت، کاریگەریی مەترسیداریشی لە سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانو ناوچەکانی خوارووی عێراق دەبێت. لەبەر هەستیاریی بابەتەکە، هەوڵماندداوە ئاماژە بە بابەتێکی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ئارتی گەرچێك (ArtıGerçek)[٦] بە ناونیشانی "مێژوویەکی شەشهەزار ساڵە دەبێت بە ژێر ئاوی بەنداو"ەوە بدەین، کە بەم شێوەیە باس لە دروستکردنی بەنداوی جزیرە دەکات:

"سەرجەم کاروبارەکانی تایبەت بە پرۆژەی بەنداوی جزیرە، کە دەکەوێتە پارێزگای شرناخەوەو بە دەیەمین پرۆژەی سەر ڕوباری دیجلە ئەژماردەکرێت، گەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی، دەربارەی پرۆژەی ناوبراو، پەرلەمانتاری پارتی دادو گەشەپێدان؛ ئارسلان تەتەر (Arslan Tatar) لە بابەتێکیدا کە لە سۆشیالمیدیا بڵاویکردووەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە کە تەندەری پرۆژەکە دەرچووەو لە نزیکترین کاتدا دەستدەکرێت بە کارکردن لە پرۆژەکەداو پلان وایە کە لە ماوەی سێ ساڵدا پرۆژەکە تەواوبکرێت."

هەرچەندە ئەم پرۆژەیە لە (٢٤)ی ئاداری (٢٠١٣)دا تەندەری بۆ دەرچووبوو، بەڵام دواتر بە هۆی کۆمەڵێك کێشەوە تەندەرەکە هەڵوەشێنرایەوە. جێی ئاماژەپێدانە کە لە دوای بەنداوی ئیلیسو (Ilısu)ەوە ئەم بەنداوە دەبێتە دووەمین گەورەترین پرۆژە کە لە سەر ڕوباری دیجلە جێبەجێدەکرێت. پرۆژەی ناوبراو بریتییە لە پرۆژەیەکی هاوبەشی وەزارەتی دارستانو کاروباری ئاوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئاویی دەوڵەتو لە (٢٩)ی نیسانی (٢٠١٩)دا هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ کراوەو مۆڵەتی دروستکردنی پێدراوە.

**لە دوای بەنداوی ئیلیسو (Ilısu)ەوە ئەم بەنداوە دەبێتە دووەمین گەورەترین پرۆژە، کە لە سەرڕوباری دیجلە جێبەجێدەکرێت. بە هۆی ئەم بەنداوەوە پردی "مەحمود خان"، کە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گۆتییەکان، دەبێت بە ژێر ئاوەوە. هەروەها ڕاڕەو یاخود تەنگەبەری "کراڵلار گێچیدی"، کە تابلۆیەکی شوێنەواری گرنگی لە سەر نەخشێنراوەو ساڵانە هەزارەها کەس سەردانیدەکەن، دەبێت بە ژێر ئاوی بەنداوەکەوە. لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەکەدا ژینگەی ناوچەکەو ژمارەیەکی زۆر جۆری زیندەوەری کێوی دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون.**

**کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەنداوی جزیرە**

لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەکەدا لە لایەکەوە ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەی نیشتەجێبوون، زەویی کشتوکاڵی، ناوچەی مێژوویی و شوێنەواری دەبن بە ژێر ئاوەوەو ژمارەیەکی زۆر گیانەوەریش لەناودەچن. لە لایەکی تریشەوە، لەگەڵ تەواوبوونی بەنداوەکەدا ئەو ناوچانەی کە پێداویستییە ئاوییەکانیان لە ڕێگەی ڕوباری دیجلەوە دەستەبەردەکەن، بۆ نموونە: هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئاویی گەورە دەبنەوە. شایەنی باسە، هەر بە هۆی ئەم بەنداوەوە پردی "مەحمود خان"، کە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گوتییەکان، دەبێت بە ژێر ئاوەوە، بڕوانە: وێنەی ژمارە (١)، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە پێشتر و لە ساڵی (٢٠١١)دا پردەکە بە هۆی لافاوەوە زیانی پێگەیشت و دووبارە بونیادنرایەوە.

هەروەها ڕاڕەو یاخود تەنگەبەری "کراڵلار گێچیدی"، کە هەردوو شاخی گەبار و جودی لەیەکجیادەکاتەوەو لە قەدپاڵەکەیدا تابلۆیەکی لە سەر نەخشێنراوە، کە وێنەی سوارچاکێکە بە سەر ئەسپێکەوە، بڕوانە: وێنەی ژمارە (٢)، دەبێت بە ژێر ئاوی بەنداوەکەوە، ئەم تابلۆیە بەهایەکی شوێنەواری گرنگی هەیە، کە ساڵانە هەزاران کەس سەردانیدەکەن. سەبارەت بە مێژووی ئەم شوێنەوارە هەندێك پێیانوایە مێژووەکەی

**وێنەی (١) : پردی محمود خان**



دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گوتییەکانو هەندێکی تریش لەوانە "گێرترود بێڵ"، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٠٩)دا وێنەی ئەم شوێنەوارەی گرتووە، ڕای وایە کە تابلۆکە سوارەی پارتەکانەو لە لای خەڵکی ناوچەکەش بە تابلۆی شوێنەواریی بووكو زاوا ناوزەندکراوە.

**وێنەی (٢) : تابلۆی هەڵکۆڵدراوی قەدپاڵی کراڵلار گێچیدی**




**لەناوچوونی مێژووی ناوچەکە**

عەبدوڵا کولتوور، کە یەکێکە لە دانیشتوانی ناوچەکە، ئاماژەی بەوە داوە کە ساڵانێکی زۆرە بابەتی دروستکردنی بەنداوی جزیرە بووەتە ڕۆژەڤ. ئەگەر بەنداوەکە دروستبکرێت، دانیشتوانی ناوچەکە ناچاری کۆچکردنو بەجێهێشتنی زێدی خۆیان دەبن، ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە خوازیارن بەنداوەکە دروستنەکرێت، چونکە دەبێتە هۆی لەناوچوونی زەویوزاری کشتوکاڵیو مێژوو و ژینگەی ناوچەکەمان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکە بۆ خۆی ناوچەیەکی مێژوویە، داوامان لە ڕێکخراوە ژینگەییەکانو دەستەو دامەزراوە دیموکراتییەکان ئەوەیە دژی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە بوەستنەوە، چونکە ئەگەر پڕۆژەکە سەربگرێت، (٣) گوند دەبێت بە ژێر ئاوەوەو دانیشتوانەکەی دەبێت بە ناچاری کۆچ بۆ شارە گەورەکان بکەن.

یەکێکی دیکە لە دانیشتوانی ناوچەکە بە ناوی محەمەد کولتوورەوە، جارێکی تر ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە لەگەڵ تەواوبوونی بەنداوەکەدا شوناسی مێژوویی ناوچەکە لەناودەچێتو دەبێت

بە ژێر ئاوەوە، هەر بۆیە جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە دانیشتوانی ناوچەکە لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا نین و دژیدەوەستنەوە، لە درێژەی قسەکانیشیدا ئاماژەی بەوە کرد کە دانیشتوانی ناوچەکە سەرقاڵی پیشەی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین و لەو ڕێگەیەوە بژێویی خۆیان دەستەبەردەکەن، ئەگەر پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی جزیرە سەربگرێت، ئەوا شتێکیان نامێنێت بە ناوی زەویی کشتوکاڵییەوە، بەوەش هەم ژینگەی ناوچەکە زیانی بەردەکەوێت، هەم سەرچاوەی بژێوییان لەدەستدەدەن. محەمەد کولتوور ئاماژەی بەوە داوە کە دوو مانگ لەوەوپێش بۆ لە نزیکەوە بەئاگابوون لە بارودۆخەکە چەند پارێزەرێك سەردانی ناوچەکەیان کردووە. ناوبراو گوتیشی: ئێمە وەك دانیشتوانی ناوچەکە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەو ڕەتکردنەوەی تەواوەتیی پرۆژەکەداین، چونکە هەم دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ژینگەی ناوچەکە، هەمیش دەبێتە هۆی ژێرئاوکەوتن و لەناوچوونی شوێنەوارە مێژووییەکانی وەکو "پردی مەحمود خان، کێلا مەرجانەڕەش، شوێنەواری بووك و زاوا ... هتد"، کە شوناسی مێژوویی ناوچەکەن، بۆیە داوا لە تاك بە تاکی دانیشتوانی ناوچەکە دەکەین کە دژی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بوەستنەوە .(٧)

**نەخشەی (٣) : شوێنی دروستکردنی بەنداوی جزیرە**



بە کورتی پرۆژەی دورستکردنی بەنداوی جزیرە یەکێکە لەو پرۆژە گرنگانەی کە لە چوارچێوەی پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (گاپ)دا جێبەجێدەکریتو لە رێکەوتی (١٦)ی ئابی (٢٠٢٣)دا مۆڵەتی جێبەجێکردنی پێدراوە، ئەگەرچی بە روونی ئاماژە بە کاتی دەستپێکردنی پرۆژەکە نەدراوە، بەڵام بە گوتەی ئارسلان تەتەر؛ پەرلەمانتاری ئاکپارتی، لە زووترین کاتدا دەست بە کارکردن دەکرێت لە پرۆژەکەداو پلان وایە لە ماوەی سێ ساڵدا تەواوبکرێت، ناوبراو ئاماژەی بەوەش داوە کە بەرزیی بەنداوەکە (٤٠م) دەبێتو توانای کۆگاکردنی (٣٨١ملیۆن/م٣) ئاوی دەبێت، بەمەش بەنداوی ناوبراو دەبێتە دووەمین گەورەترین بەنداوی سەر رووباری دیجلە لە دوای بەنداوی ئیلیسووەوە لە باتمان.[٨]

**هاوشانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، بەردەوامیی حکومەتی تورکیاش لە سەر دروستکردنی بەنداو لە داهاتوویەکی نزیکدا عێراق دووچاری گرفتێکی ژینگەیی زۆر گەورەدەکاتەوە، تەنانەت لەو انەیە بەشێکی زۆری دانیشتو انی ناوەڕاستو باشووری عێراق رووبکەنە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.**

ئەمە لە کاتێکدایە کە لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەکەدا ژینگەی ناوچەکەو ژمارەیەکی زۆر جۆری زیندەوەری کێوی دەکەوێتەبەر هەڕەشەی لەناوچوون، ئەمە جگە لە ژێرئاوکەوتنی ژمارەیەکی زۆر رێگەوبانو یەکەی نیشتەجێبوونو باخو باخاتی دانیشتوانی ناوچەکە، هەروەها هۆشداریی ئەوەش دەدرێت کە لەگەڵ تەوابوونی پرۆژەکەدا کێشەی جددی بۆ هەرێمی کوردستانو ناوچەکانی تری عێراق دروستدەبێت،[٩] بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە خۆیان سەرچاوی ئاویان کەمەو گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواش، بە تایبەتی وشکەساڵیو کەمیی بڕی دابارین تەنگییپێهەڵچنیونو بە رادەیەکی زۆر پشت بە ئاوی رووباری دیجلە دەبەستن بۆ چالاکییەکانی رۆژانەیان.

بەرپرسانی پەیوەندیدار بە پرسی ئاوو ژینگەی عێراقەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بڕی ئاوی هاتوو لە رێگەی هەردوو رووباری دیجلەو فوراتەوە بۆ ناو خاکی عێراق بە بەراورد بە (١٠) ساڵی پێشتر نزیکەی (٧٠٪) کەمیکردووەو هاوشانی ئەمەش لە ماوەی (٢٠) ساڵی رابردوودا عێراق پێنجیەکی زەوییە کشتوکاڵییەکانی لەدەستداوە، بە پێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش؛ نزیکەی (١٤٠) هەزار کەس لە دوازدە ناوچەی عێراق بە هۆکاری ژینگەیی "نەبوونی ئاوی پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکیی کشتوکاڵی" ناوچەکانی خۆیانیان بەجێهێشتووە، هەروەها لە راپۆرتەکەدا

ئاماژە بەوەش دراوە کە گۆڕانی باردۆخی ژینگەیی ناوچەکە بووەتە ڕێگر لە بەردەم گەڕانەوەی ئەو خێزانانەی کە پێشتر بە هۆی ناجێگیری دۆخی ئەمنییەوە زێدی خۆیانیان بەجێهێشتووە.(١٠)

**هاتنی بەلێشاوی هاوڵاتیانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، گرفتێکی دیموگرافیی ئاڵۆزلە هەرێمی کوردستاندا دەهێنێتەئاراوەو هێندەی تر دۆخی ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیری دەبات.**

## کۆتایی

دەتوانرێت بگوترێت: هاوشانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواو دووبارەبوونەوەی دیاردەی وشکەساڵیو کەمبوونەوەی بڕی دابارین، بەردەوامیی حکومەتی تورکیاش لە سەر دروستکردنی بەنداو بۆ کۆنترۆڵکردنو گلدانەوەی ئاوی هەردوو ڕوباری دیجلەو فورات، لە داهاتوویەکی نزیکدا عێراق دووچاری گرفتێکی ژینگەیی زۆر گەورە دەکاتەوەو ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی سیاسیو دیبلۆماسیی چڕ نەخەنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی پرسی پشکی ئاو لەگەڵ تورکیادا، ئەوا بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق بە ناچاری زێدی خۆیان بەجێدەهێڵنو بە پلەی یەکەم ڕوودەکەنە ناوچەکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵات (هەرێمی کوردستان)، کە ئەمەش دیسان گرفتێکی دیموگرافیی ئاڵۆز لەو ناوچانە دەهێنێتەئاراوەو هێندەی تر دۆخی ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیریو نائارامی دەبات.

---

١-ماستەر لە جوگرافیای ئابووری لە زانکۆی مەرمەرە لە ئەستەنبوڵو مامۆستای بەشی جوگرافیا لە زانکۆی سلێمانی.

2- Hür Seda Haber (24 Mayıs 2014), 60 Yıl Önce Planlanan Cizre Barajı için Hala Adım Atılmadı, Erişim Tarihi (10 Temmuz 2024), https://bit.ly/3SnDCBH.

3-Anadolu Ajansı (10 Kasım 2018), GAP'ın İki Dev Barajı Tamamlanıyor, Erişim Tarihi (20 Temmuz 2024), bit.ly/3zWvHoy.

4-Enerji Atlası, Cizre Barajı ve HES, Erişim Tarihi (22 Temmuz 2024), bit.ly/4feP8sW.

5-ANF NEWS (20 August 2023), 10th Dam to be Built on the Tigris River, Access Date (20 July 2024), bit.ly/3LH2z7r.

6-Artı Gerçek (16 Temmuz 2024), 6 Bin Yıllık Tarih Baraj Suları Altında Kalacak, Erişim Tarihi (18 Temmuz 2024), bit.ly/3LEQb7O.

7-Artı Gerçek (16 Temmuz 2024), 6 Bin Yıllık Tarih Baraj Suları Altında Kalacak, Erişim Tarihi (18 Temmuz 2024), bit.ly/3LEQb7O.

8-İklim Haber (23 Ağustos 2023), Dicle Nehri'ne Bir Baraj Daha; Doğa Tahrip Olacak, Irak'ın Su Sorunu Artacak, Erişim Tarihi (18 Temmuz 2024), https://bit.ly/4ccKbOv.

9-İklim Haber (23 Ağustos 2023), Dicle Nehri'ne Bir Baraj Daha; Doğa Tahrip Olacak, Irak'ın Su Sorunu Artacak, Erişim Tarihi (18 Temmuz 2024), https://bit.ly/4ccKbOv.

10- 10 Jalelah Abu Baker (1 August 2024), Iraq's Farmers and Fishermen Struggle Amid Drought, Access Date (4 August 2024), https://bit.ly/3Ac4puw.

# تورکیا لە نێوان ئاستانەو جنێفدا

د. فاروق عەبدول

**بەرایی**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، لە گوتارێکیدا لە کۆبوونەوەی کابینەی نوێی حکومەتەکەیدا لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزدا گوتی: تورکیا وڵاتێکە بە هۆی لایەنی مرۆیی، جوگرافیو ئابوورییەوە ناتوانرێت لە یەك بلۆکی دیاریکراودا قەتیسبکرێتو باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خۆرئاوا هیچی کەمتر نییە لە بەهێزکردنی کاری هاوبەشمان لەگەڵ ناوچەکانی دیکە لە ئاسیاو ئەفریقاوە هەتا ئەمریکای لاتین.

ئەردۆغان زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەی بەوە دا کە ئێمە پشت لە ڕۆژهەڵات ناکەین لە پێناوی ڕۆژئاوادا، هەروەها ڕۆژئاواش پشتگوێناخەین لە پێناوی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەموواندا باشتردەکەین. لە دراوسێکانمانەوە دەستپێدەکەین، هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندیی وڵاتەکەماندا(١). هەندێك لە شرۆڤەکاران پێیانوایە تورکیا لە نێوان دوو بەرەی دژبەیەکی "ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا"دا یارییەکی دیبلۆماسیی زیرەکانە دەکات، واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسیەیانەدا دەکات کە دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیانوایە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانیی وڵاتەکەیان، بە تایبەتییش دۆسیەی سوریا، کە بە لای تورکیاوە لە ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەیدایە، ئەمەش بە هۆی کاریگەرییە زۆرەکانی ئەم کەیسەوە لە سەر ناوخۆی تورکیاو بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا، لەم چوارچێوەیەشدا هەتا ئەندازەیەکی زۆر توانیویەتی بەشێك بێت لە خستنەڕووی پێشنیارو چارەسەری تورکیانە بۆ ئەم دۆسیەیە.

## قەیرانی سوریاو گۆڕانی هەڵوێستی تورکیا

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی سوریادا لە (٢٠١١)، تورکیا خواستی ڕوخانو لادانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی هەبوو، ئەم خواستە تەواوکەری ویستە ڕۆژئاواییەکە بوو بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی دوایین دیکتاتۆر لە ناوچەکە، کە بەهاری عەرەبی زۆربەیانی ڕاماڵی، تورکیا هەوڵی زۆری دا لە سەر ئەرزی واقیعو لە ئاستە دیبلۆماسییەکاندا، بەڵام هەتا دەهات، خواستو هەوڵەکان لە بەرانبەر دوورخستنەوەی ئەسەد بەرەو لاوازی دەچوو، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە، لە دیارترینیان هۆکارە نێودەوڵەتییەکان بوو، کە بەرەی ڕوسیاو ئێران بە کردەوەو لە مەیدانەکەدا خاڵی یەکلاییکەرەوە بوون بۆ پاراستنو هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئەسەد، لەم چوارچێوەیەدا تورکیا درکی بەوە کردبوو کە بەبێ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو دوو هێزە باڵادەستەدا، ئەستەمە بتوانێت خواستەکانی لە دۆسیەی سوریادا بهێنێتەدی، تەنانەت ترسی ئەوەی هەبوو کە تورکیا بە تەواوی بخرێتەدەرەوەی هاوکێشەکە، ئەمەش دوای ئەوەی هەتا دەهات، دۆخی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی سوننەی سوریا لە سەر ئەرزی واقیع ڕووبەڕووی شکستی گەورە دەبووەوە، کە تورکیا لە هەموو وڵاتانی دیکەی ناو هاوکێشەی سوریا زیاتر ئومێدی لە سەر هەڵچنیبوو.

جیا لەوەی لە گۆڕەپانی جەنگدا لایەنە ناکۆکەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە، هاوکێشەی سیاسیی سوریا پەیوەست بوو بە دوو ڕێڕەوی دانوستانەوە، لە سەرەتاوە دانوستانەکانی جنێف لە ژێر سەرپەرشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەستیپێکرد، ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی کە وەڵامدەرەوەی خواستی سورییەکان بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو گەڕێکی دانوستانەکان پێشهاتو ئاستەنگی نوێ دەهاتنەپێشەوە، بەبێ ئەوەی لایەنەکانی بەشدار لە دانوستانەکانی جنێف بگەن بە چارەسەرێکی سیاسی، لەگەڵ شکستی دانوستانەکانی جنێفدا، قەیرانی سوریا ئاڕاستەیەکی دیکەی دانوستانی بەخۆیەوەبینی، کە بە ڕێڕەوی ئاستانە ناسرا، ئەمەیان زیاتر فۆکسی لە سەر لایەنی مەیدانی بوو(١).

### ئایا جنێف شکستیهێنا؟

لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢) بۆ (٢٠١٨)، نۆ گەڕی دانوستان لە سەر قەیرانی سوریا لە جنێفی پایتەختی سویسرا لە نێوان وەفدەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریاو ڕژێمی ئەسەددا بە ناڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوەچوو. لە (جنێف١)، کە لە حوزەیرانی (٢٠١٢) بەڕێوەچوو، گرووپی کار پێکهاتبوون لە ئەمریکا، چین، ڕوسیا، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، تورکیاو کۆمکاری

دەوڵەتانی عەرەبی، ڕێککەوتن لە سەر بنەماکانی قۆناغی ڕاگوزەر، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ڕوونی ئاماژەیان بە چارەنوسی بەشار ئەسەد نەکردبوو، کە ئۆپۆزسیۆن داوای ڕۆیشتنی دەکرد. واشنتۆن پێیوابوو ڕێککەوتنەکە ڕێگەخۆشدەکات بۆ قۆناغی دوای ئەسەد، لە کاتێکدا مۆسکۆو پەکین جەختیان لەوە کردەوە کە بڕیاردان لە سەر چارەنوسی ئەسەد لە ئەستۆی سورییەکاندایە، بەمەش (جنێف١) هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە.

لە دانوستانی (جنێف٢)دا، کە لە شوباتی (٢٠١٤) بەڕێوەچوو، دیسانەوە هەریەك لە مۆسکۆو واشنتۆن نەگەیشتن بە ئەنجام، دیارترین خاڵی ناکۆکییش ئەوە بوو کە شاندی ڕژێمی سوریا پێداگریی لە سەر دانانی پرسی "تیرۆر" لە لوتکەی کارنامەی دانوستانەکاندا دەکرد، هاوکات شاندی ئۆپۆزسیۆنیش پێداگر بوو لە سەر ئەولەویەتدان بە پێکهێنانی دەستەیەکی حوکمڕانیی ڕاگوزەر، کە لە یەکەمین دانوستانی جنێف بڕیارلێدرابوو. (جنێف٣) لە شوباتی (٢٠١٦) بەڕێوەچوو، دیارترین ناکۆکیی لە سەر جێبەجێکردنی بڕیاری (٢٢٥٤)ی نەتەوە یەکگرتووەکانو پێکهێنانی شاندی دانوستانکاری ئۆپۆزسیۆن بوو. هەروەها ئۆپۆزسیۆنی سوریاش ڕەتیکردەوە ئەسەد هیچ داهاتوویەکی هەبێت لە سوریای نوێدا(٣).

دوابەدوای ئەوە، لە ساڵی (٢٠١٧)داو لە نێوان مانگەکانی (٢) هەتا (١١)، پێنج گەڕی دیکەی دانوستانی جنێف (٤، ٥، ٦، ٧، ٨) بەڕێوەچوو، کە تەواوی ناکۆکییەکان لە سەر قۆناغی ڕاگوزەرو چارەنوسی ئەسەدو مەلەفی تیرۆرو دەستووری نوێی سوریاو حکومەتی کاتیو هەڵبژاردن چڕبوونەوەو لەگەڵ بەرەوپێشچوونە مەیدانییەکانی ئەسەددا، لایەنەکان ڕژێمیان تۆمەتباردەکرد بە شکستی دانوستانەکان، گەڕی نۆیەمیش لە (٢٠١٨)دا بەڕێوەچوو، بەبێ هیچ بەرەوپێشچوونێك.

بەم شێوەیە کۆبوونەوەکانی جنێف بەردەوامبوو هەتا دەستپێکردنی گفتوگۆکانی ئاستانە بە سەرکردایەتیی مۆسکۆ لە (٢٠١٧) وەك جێگرەوەی جنێف، هەرچەندە ڕوسیا ڕایگەیاند کە دانیشتەکانی ئاستانە تەواوکەری دانوستانەکانی جنێف دەبن، بەڵام چاودێرانی دۆخی سوریا پێیانوابوو کە "ئاستانە" بزماری لە تابوتی جنێف دا، بە تایبەتی کە ڕوسیا سەرکەوتوو بوو لە ڕازیکردنی تورکیا بۆ بەشداریکردن لە دانوستانەکاندا وەکو بکەرێکی سەرەکی، کە لە ململانێکانی سوریادا ڕۆڵیبینیوە(٤).

**تورکیاو جنێف؛ گومانو پشتیو انی**

تورکیا هەر لە سەرەتاوە پشتیوانیی تەواوی بۆ دانوستانەکانی جنێف دەربڕی، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەیگرتبوو

کە هەموو بەشداربوانی دانوستانەکانی جنێف جگە لە ڕوسیا لەگەڵ کۆتایهێنان بوون بە دەسەڵاتی ئەسەد، ئەنقەرەش هەموو توانا مادیو مەعنەوییەکانی خستبووەگەڕ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لێرەوە تورکیا بە توندی کەوتە بەرەی دژە ڕوسیاوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا لە ساڵی (٢٠١٦) دا ڕایگەیاند: هەتا بۆردۆمانی ڕوسیا بۆ سەر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەردەوامبێت، دانوستانەکانی جنێف هیچ ئاکامێکی نابێت(٥).

لە دوای دانوستانەکانی (جنێف٣) وە تورکیا درکی بەوە کردبوو کە ڕەوتی دانوستانەکانی جنێف خزمەت بە بەرژەوەندیو ڕۆڵی وڵاتەکەی ناکات لە قەیرانی سوریادا، لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە(٦):

١. بالادەستیی نیمچەتەواوەتیی ئەمریکاو ڕوسیا لە دانوستانەکانی جنێفدا، بواری لە بەردەم ئەو وڵاتانەی پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنی سوریای بەرتەسککردبووەوە، لە ناویاندا تورکیا، کە خواستی ئەوەی هەبوو ڕۆڵی زیاتری هەبێت.

٢. گفتوگۆکانو نەخشەڕێگەی دانوستانەکان بەو ئاقارە بوون کە مەرجەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕاگرتنی بۆردومانو ئازادکردنی ژنو منداڵو هەڵگرتنی گەمارۆی سەر ناوچەکانیان پشتگوێدەخرا، بە درێژایی کۆبوونەوەکانی جنێف بۆردومانو هێرشی ئاسمانیی مۆسکۆو دیمەشق بەردەوامبوو، بڕستی لە ئۆپۆزسیۆنی چەکدار بڕیبوو، کە ئەمانەش لەگەڵ ویستو داخوازیی تورکیادا نەدەهاتەوە.

٣. پێداگریی ڕوسیا لە سەر بانگهێشتکردنی هێزە کوردییەکان بۆ دانوستانەکانو هەڕەشەی ئەوەی ئەگەر بانگهێشتنەکرێن، گفتوگۆکان شکستدەهێنن. ئەمە جۆرێك بوو لە وەڵامی مۆسکۆ بۆ ئەنقەرە، کە هەڕەشەی بایکۆتی دەکرد، ئەگەر هێزە کوردییەکان بانگهێشتبکرێن.

٤. تورکمانەکانی سوریا نوێنەرایەتییان لە دانوستانەکاندا نەبوو، ئەمەش بۆ ئەنقەرە ئاسان نەبوو، بەو پێیەی خۆی وەکو پارێزەری سیاسیو مێژووییو کولتووریی تورکمانەکان دادەنێت.

**سەرەڕای هەوڵە بەردەوامە سەربازیو دیبلۆماسییەکانی تورکیا بۆ ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد، بەڵام ڕوسیاو ئێران نەیانهێشت ئەو ویستەی ڕۆژئاوا بێتەدی.**

لەم ڕوانگەیەوە تورکیا لە بەردەم دوو بژاردەدا بوو؛ یان بەردەوامبوون لە سەر ڕێڕەوی جنێف، یان ڕۆیشتن

لەگەڵ ڕوسیادا بەرەو ئاستانە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەرهاویشە ناوخۆییو هەرێمایەتیو نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە سوریا گۆڕانکاریی زۆریان بە سەردا هاتبوو؛ ئۆپۆزسیۆنی چەکدار لە شکستی بەردەوامدا بوون، جۆرێك لە پاشەکشەو چەقبەستوویی لە سیاسەتی ئەمریکاو خۆرئاوا بەرانبەر بە پەرەسەندنە ناوخۆییەکان لە سوریا بەدیدەکرا، هەروەها پرسی ئاوارە سورییەکان لە تورکیا فشاری زۆریان لە سەر دەسەڵاتدارانی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) لە ناوخۆی تورکیا دروستکردبوو، هەموو ئەمانە ئەنقەرەو ئەردۆغانی خستبووە دۆخێکی نەخوازراوەوەو ناچاریکردبوون پێداچوونەوە بە مامەڵەو پلەبەندیی بەرژەوەندییەکانیاندا بکەن. ئەو پێداچوونەوەیە بە ڕوونی لە سەر زاری مەولود چاوشئۆغڵو؛ وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیاوە ڕاگەیەنراو گوتی: ئەگەر پێشکەوتن لە "ڕێڕەوی جنێف"، کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتییدەکات، بەدینەهێنرێت، ئەگەری هەیە ڕوو لە ڕێگەیەکی دیکە بکەین، پێناچێت وڵاتانی ڕۆژئاوا بیانەوێت دانوستانەکانی جنێف بۆ پرسی سوریا زیندووبکەنەوە، کە هیچ ئەنجامێکی بەرجەستەی نەبووە(٧). ئەم لێدوانانەی ئەو کاتەی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاماژە بوون کە تورکیا ئامادەکاریی پێشوەختەی کردبوو بۆ پشتکردن لە جنێفو وەرچەرخان بەرەو ئاستانە، هەرچەندە چەندین جارو لە چەندین بۆنەدا دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە کە ئاستانە جێگرەوەی جنێف نییە، بەڵام بە لای تورکیاوە ئاستانە دەرفەت بوو بۆ دوو مەبەست؛ یەکەمیان: کەمکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە مەیداندا بەر هاوپەیمانەکانی تورکیا کەوتبوو، دووەمیان: بەدەستهێنانی جۆرێك لە شەرعیەت بۆ کردەوەو جوڵە مەیدانییەکانی، کە پێشتر لە ژێر چاودێریو ڕووبەڕووبوونەوەی مۆسکۆو تاران‌و دیمەشقدا بوو.

**سەرەڕای نۆ جار کۆبوونەوەی وەفدی دیمەشق‌و ئۆپۆزسیۆنی سوریا بە سەرپەرشتیی زلهێزەکانی جیهان، بەڵام نەتوانرا هیچ جەنگێک ڕابگیرێت.**

لەم ڕوانگەیەوە دیدی تورکیا بۆ دانوستانەکانی جنێف لە سەر بنەمای دوو پێدراو بوو، هەندێك جار دەربڕینی پشتیوانی بوو، بەو پێیەی خاڵی جەوهەری ئاراستە جیاوازەکانی ناو دانوستانەکان کۆك بوون لە سەر کارکردن بۆ قۆناغی دوای ئەسەد، هەندێك جاریش دەربڕینی گومان بوو، کە هەرچی لە دانوستانەکاندا بەدەستبهێنرێت، لە مەیداندا سفردەکرێنەوە.

**پشت لە جنێف، ڕوو لە ئاستانە**

لەگەڵ شکستی هەوڵەکانی ڕوسیا- ئەمریکا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (٢٢٥٤)ی ئەنجومەنی ئاسایش، تایبەت بە پرسی سوریا، ڕوسیا دەستبەرداری بیرۆکەی کاری هاوبەش بوو لەگەڵ ئەمریکاداو دەستیکرد بە هەنگاونان بەرەو بیرۆکەیەکی هەرێمایەتی بە سەرکردایەتیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ململانێکانی سوریا.

لە کانوونی دووەمی (٢٠١٧)دا ڕوسیا دەستیکرد بە کۆبوونەوەکانی ئاستانە (مسار آستانا أو صیغة آستانا) بۆ بەفەرمیکردنی گفتوگۆکانی ڕوسیا لەگەڵ تورکیاو ئێراندا، کە هەردوو دەوڵەت پشتگیریو پشتیوانیی چەندین گرووپو هێزی چەکداریان دەکرد لە سەر گۆڕەپانی ململانێی سوریا. ئامانجی سیاسیی هەمەلایەنەی مۆسکۆ لە "ڕێڕەوی ئاستانە" بریتی بوو لە هێشتنەوەی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا لە دەسەڵاتو پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئەمریکاو کۆبوونەوەکانی جنێفو پێدانی شەرعیەت بە پەیوەندییەکانی ڕوسیاو تورکیا، کە ڕکابەری سەرەکیی ئەسەد بوو(٨). لە بەرانبەریشدا تورکیا خواستی ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی هەبوو، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك:

١. لە دوای کەیسی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی ڕوسیا لە نزیک سنووری تورکیاو سوریا لەلایەن سوپای تورکیاوە لە ساڵی (٢٠١٥)، پەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیا بەرەو ئاڵۆزیو نزیك لە بەریەککەوتن بووەوەو ڕوسیا سزایەکی زۆری بە سەر تورکیادا سەپاند، لەم کەیسەدا، دەسەڵاتدارانی تورکیا نیگەرانیی خۆیان بەرانبەر بە ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەربڕی، کە پشتوانی تورکیا نەبوون لە بەرانبەر هەڕەشەو سزاکانی ڕوسیادا(٩).

٢. هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) لە تورکیا بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئاکپارتی، ئەمەش بوو بە هۆی گۆڕینی هەڵویستی تورکیاو پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیادا، بە تایبەتی کە دەسەڵاتدارانی ئاکپارتی ئەمریکایان بە پشتیوانی کودەتاچییەکان تۆمەتباردەکرد. سولەیمان سۆیلو؛ وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی تورکیا، بە ڕۆژنامەی حوریەتی تورکیی ڕایگەیاندبوو کە ئەمریکا لە پشت هەوڵی کودەتاوە بووە، لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی پیاوێکی ئایینییەوە، کە لە ویلایەتی پەنسلڤانیا نیشتەجێیە(١٠).

٣. تورکیا هەتا دەهات، گومانەکانی بەرانبەر بە ئەمریکا لە کەیسی سوریا زیاتردەبوو، ئەمەش بە هۆی پاڵپشتیی ئەمریکاوە بۆ هێزە کوردییەکان لە باکووری سوریا، بە تایبەتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)و هێزەکانی سوریای

دیموکرات (هەسەدە)، کە ئەنقەرە بە هەڕەشەی دەزانیێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، ترسی تورکیا لە دامەزراندنی کیانێکی کوردی لە سەر سنوورەکانی لەگەڵ سوریا پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ گۆڕانکاری لە هەڵوێستی بەرانبەر بە ڕوسیاو ڕژێمی ئەسەد، هەروەك تورکیا پێیوایە کە ئەمریکا پشتیوانی لە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردییش دەکات(١١).

**لە دوای دانوستانەکانی جنێف (٣) وە تورکیا درکی بەوە کردبوو کە ڕەوتی دانوستانەکانی جنێف خزمەت بە بەرژەوەندیو ڕۆڵی وڵاتەکەی لە قەیرانی سوریادا ناکات.**

تورکیا لە ڕێگەی بەشداریکردنیەوە لە ڕێڕەوی ئاستانەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیادا، توانیی بە خێرایی هەندێك دەستکەوتی مەیدانی لە گۆڕەپانی سوریادا بەدەستبهێنێت، لەوانە: گرنتیی بەشداریی ئۆپۆزسیۆنی نزیك لە ئەنقەرە لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ ڕوسیادا، ئەمە جگە لە ڕێککەوتنی ئاگربەستو دانپێدانانی ڕوسیا بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، کە تارانو مۆسکۆ بە تێکدەرو تیرۆریست ناویاندەبردن.

پرۆسەی ئاستانە ئاسانکاریو دەستی تورکیای واڵاکرد بۆ کۆمەڵێك ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە خاکی سوریادا، کە ئەگەر ئەم پرۆسەیە نەبوایە، هەرگیز تورکیا نەیدەتوانی ئەو ئۆپەراسیۆنانە بکات، دیارترینیان ئۆپەراسیۆنی "قەڵغانی فورات" لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی حەلەب لە (٢٤)ی ئابی (٢٠١٦)و ئۆپەراسیۆنی "چڵەزەیتوون" لە کانوونی دووەمی (٢٠١٨)و ئۆپەراسیۆنی "کانی ئاشتی" بوو لە تشرینی یەکەمی (٢٠١٩)، تورکیا لە ڕێگەی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە دەستی بە سەر ڕووبەرێکی فراوانی ناوچە کوردییەکانی سوریادا گرت، کە پێشتر لەلایەن ئیدارەی خۆسەرییەوە بەڕێوەدەبران(١٢).

ئەوەی بە لای تورکیاوە گرنگ بوو لە "ڕێڕەوی ئاستانە"دا، دانانی پێوەری بوونی سەربازی بوو لە خاکی سوریادا وەك مەرجو مافی بەشداربوون لە پرۆسەکەدا، واتە ڕێڕەوی ئاستانە زیاتر دارشتنەوەیەکی سەربازیی هەبوو، بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی جنێفەوە، کە فۆرمێکی سیاسیی هەبوو(١٣). تورکیا ئاستانەی لە لا پەسەند بوو، چونکە دەیتوانی بەشێك لە خواستەکانی لەگەڵ لایەنە کاریگەرەکانی ناو ململانێکانی سوریادا جێبکاتەوەو لەو ڕێگەیەشەوە فشار لە ئەمریکا بکات بۆ جێکردنەوەی خواستو داواکارییەکانی. لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپدا فشارەکانی تورکیا کاریگەرییان لە سەر ئیدارەی واشنتۆن هەبوو، بە تایبەتی

پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچە کوردییەکان، کە ترەمپ لە (٢٠١٩) بڕیاری لە سەر دابوو، بەڵام لە ژێر فشاری کۆنگرێس و ڕایگشتی و وڵاتانی ئەوروپادا بڕیارەکە ڕاگیرا. هەروەها تورکیا ئاگاداری ئەوە بوو کە بە هۆی ڤیتۆی ڕوسیاوە لە ئەنجومەنی ئاسایش، دانوستانەکانی جنێف ئەنجامێکی ئەتۆیان لێناکەوێتەوە، لە کاتێکدا ئاستانە هەر لە سەرەتاوە توانیی بگات بە هەندێك ئامانجی وەک کەمکردنەوەی ناوچەی گرژییەکان و ئاگربەست و جیاکردنەوەی سنووری لایەنە بەشەڕهاتووەکان(١٤).

**پێداگریی ڕوسیا لە سەر بانگهێشتکردنی هێزە کوردییەکان بۆ دانوستانەکانی جنێف و هەڕەشەی ئەوەی ئەگەر بانگهێشتنەکرێن، گفتوگۆکان شکستدەهێنن، جۆرێك بوو لە وەڵامی مۆسکۆ بۆ ئەنقەرە، کە هەڕەشەی بایکۆتی کۆبوونەوەکانی دەکرد، ئەگەر هێزە کوردییەکان بانگهێشتبکرێن.**

هەرچەندە ڕێڕەوی ئاستانە بە پلەی یەکەم بۆ تورکیا دروستکرا، بۆئەوەی ئەنقەرە زیاتر لە هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی دووربخاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم پرۆسەیە هەندێک دەستکەوتی بە ئەردۆگان بەخشی، ڕۆڵی ئەنقەرەی لە ململانێ هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا زیاترکرد، لەوانە: هەوڵەکانی نێوەندگیری تورکیا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕو ململانێی نێوان مۆسکۆو کییڤ، چەندین ڕێککەوتننامە لە نێوان مۆسکۆو ئەنقەرەدا لە بوارەکانی بەرگری و وزە هەتا ئەو لێکتێگەیشتنانەی کە لە نێوانیاندا بۆ بەڕێوەبردنی چەندین ناوچەی جێنفوزیان لە باکووری سوریاو قەفقازی باشوور واژۆکرا(١٥).

### ئەنجام

تورکیا بە پشتبەستن بە پێشهات و گۆڕاوە خێراکان، مامەڵەیەکی واقیعی لەگەڵ ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا دەکات، لە لایەکەوە دەچێتە ناو پرۆسەیەکەوە کە لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواوە گرنگییەکی وەهای نییە، لە لایەکی ترەوە بەشدارە لە گەورەترین هاوپەیمانیی سەربازیدا، کە لەلایەن ڕوسیاوە بە گەورەترین هەڕەشەو دوژمن لەقەڵەمدەدرێت.

تورکیا لە جنێف و ئاستانەدایە، بە بڕوای دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە هەر کام لەو دوو ڕێڕەوە بڕیار لە سەر چارەنوسی سوریا بدەن، بەرژەوەندییەکانیان پارێزراوە. هەندێك لە شرۆڤەکاران ڕەخنە لەم سیاسەتەی تورکیا دەگرن و پێیانوایە کە تەنها سیاسەتێکی بەرگرییەو

لە توانای سەرکێشی دابڕاندووەو لە کاتی یەکلاییبوونەوەی گەمەکاندا بەبێ دەستکەوت لێیدەردەچێت. هەندێکی تر بە پێچەوانەوە، ستایشی ئەم جۆرە سیاسەتە دەکەن، بەوەی تورکیای بە پارێزراوی و بەهێزی هێشتووەتەوەو وەك یاریزانێکی پیشەگەر ناتوانرێت فەرامۆشبکرێت و هەر هێزێکی نێودەوڵەتی جڵەوی دۆخەکە بکات، ناتوانێت پەراوێزیبخات.

**شکستی بەردەوامی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار لە سوریا، چەقبەستوویی لە سیاسەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەرانبەر بە پەرەسەندنە ناوخۆییەکان لە سوریاو پرسی ئاوارە سورییەکان لە تورکیا؛ ئەردۆغانی ناچارکردبوو بە مامەڵەو پلەبەندیی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیدا بچێتەوە.**

سەرچاوەکان

١.موقع رئاسة الجمهورية التركية، https://www.turkiye--/١٥٣٠٤٠/١٦٦٦/-/tccb.gov.tr/ar cografi-beseri-ekonomik-ve-tarih-baglari-itibariyla-tek-bir-bloga-sikistirilamayacak--bir-ulkedir

٢.سامة كريكرة، صورية تريمة، مسار الحل السياسي للازمة السورية: من مفاوضات جنيف إلى أستانا، مجمة أبحاث قانونية وسياسية، المجمد ٠٩، العدد ٠١، ٢٠٢٤، لا ٧٢٢.

٣.(من جنيف ١ إلى ٨.. ماذا تحقق؟) موقع الجزيره نيت، الرابط /www.aljazeera.net ٢٠١٧/encyclopedia.

٤.هەمان سەرچاوە.

٥.أردوغان: لا مفاوضات في جنيف بدون هدنة في سوريا، موقع العربية نت، https:// www.alarabiya.net/arab-and-world/ /٢٩/٠١/٢٠١٦/syria

٦.د. سعيد الحاج، جنيف وتراجع الدور التركى فى سوريا، موقع الجزيره نيت.https://www ٣١/١/٢٠١٦/aljazeera.net/opinions

٧.تلويح تركي باعتماد بديل عن مسار "جنيف" لحل الأزمه السوريه، موقع ترك بريس، .https://www ٤٩٣٠٨/turkpress.co/node

٨.بين آستانا وجنيف: أفق الأجندات المتضاربة في الأزمة السورية، مركز الجزيرة للدراسات، //:https ٥٨٦/studies.aljazeera.net/ar/article

٩. بسام العيسمي، مسار آستانا الإنقلابي على جنيف،https://globaljusticesyrianewsc
%D٩%om/%D٨%٨٥%D٨%B٣%D٨%A٧%D٨%B١-
%D٨%A٢%D٨%B٣%D٨%D٨%AA%A٧%D٩
%٨٦%D٨%A٧-%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%A٥
%D٩%٨٦%D٩%٨٢%D٩%٨٤%D٨%A٧%D٨
%A٨%D٩%D٨%-٨A%B٩%D٩%٨٤%D٩%٨٩-
%D٨%D٩%AC%٨٦%D٩%D٩%٨A%٨١/

١٠.بين آستانا وجنيف: أفق الأجندات المتضاربة في الأزمة السورية، سەرچاوەی پێشوو.

١١.هەمان سەرچاوە.

١٢.بسام العيسمي، سەرچاوەی پێشوو.

١٣.سامة كريكرة، صورية تريمة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣١.

١٤.هەمان سەرچاوە، لا ٧٣٠.

١٥.تشارلز ثيبوت، عملية أستانا: عرض مرن ولكن هش بالنسبة لروسيا، معهد واشنطن للدراسات الشرق الادني، .https://www washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/ mlyt-astana-rd-mrn-wlkn-hshw-balnsbt-lrwsya

# لێکتێگەیشتنی ئاسایش و سەربازیی تورکیا عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستان

ئەحمەد سیروانی

**بەرایی**

پاش نزیکەی دوو دەیە لە ساردوسڕیی پەیوەندییەکانیان، دواجار ڕێککەوتنێکی ئەمنیو سەربازی لە نێوان تورکیاو عێراقدا واژۆکرا. گرنگترین بابەتی ڕێککەوتنەکە بریتییە لە ئاسانکاریو پشتیوانیی بەغداد بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازیو ئەمنییەکانی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستانو عێراقدا دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و هاوپەیمانو دۆستەکانی. لە بەرانبەردا تورکیا بەخشینی بۆ هاوڵاتیانی خوار تەمەنی (١٥) ساڵو سەرووی تەمەنی (٥٠) ساڵی عێراق لە وەرگرتنی ڤیزە بۆ چوونەناو تورکیا دەرکردووە. ئەمە جگە لەوەی لە بەردانەوەی ئاوی ڕووبارەکانو ڕێگەی گەشەپێداندا؛ تورکیا پشتیوانیی عێراق دەکات. هەرچەندە ئەم خاڵەیان زیاتر لە عێراق، بۆ تورکیا جگە لە ڕوانگەی ئابووری، لە ڕووی ئەمنییشەوە بەسوودە. لە هەمان کاتدا خاڵە جەوهەرییەکانی ڕێککەوتنەکەی (١٥)ی ئابی (٢٠٢٤)ی ئەنقەرە لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی تورکیاو عێراقدا کاریگەریی نزیکو دوورمەودای لە سەر ئایندەی هەرێمی کوردستانو بەرەی نەیاری بەغداد دەبێت. لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ شیکاریی ئەو خاڵانەی پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەنجامی جێبەجێکردنی لێکتێگەیشتنەکە بە شێوەیەکی گشتیو بە تایبەتیش پێشبینییەکان بۆ ئایندەی هەرێم خراوەتەڕوو.

**لێکتێگەیشتنێکی هاوبەشی مێژوویی**

ڕۆژی چوارشەممە؛ (١٤)ی ئابی (٢٠٢٤)، وەفدێکی باڵای حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی فوئاد حسێن؛ وەزیری دەرەوەو جێگری سەرۆکوەزیرانو بە ئەندامیەتیی سابیت محەمەد سەعید ڕەزا؛ وەزیری بەرگری، فالح فەیاز؛ سەرۆکی دەستەی گشتیی حەشدی شەعبیو ڕێبەر ئەحمەد؛ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی ئەنقەرەی کردو لەگەڵ هەریەک لە هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، یەشار گیولەر؛ وەزیری بەرگریو ئیبراهیم کالن؛ سەرۆکی دەزگای هەواڵگریدا (میت) کۆبوونەوە.

سەردانەکەی وەفدی باڵای عێراق لە میانی پێکهێنانی چوارچێوەی باڵای ئەمنیی نێوان عێراقو تورکیا (Irak ve Türkiye Yüksek Düzeyli Güvenlik Mekanizması) بووە. ئەم چوارچێوەیە لە سەر داوای تورکیا لە ساڵی (٢٠١٩) پێکهێنراوەو بەشێکە لە ستراتیژو هەوڵە دیبلۆماسی، هەواڵگری، ئەمنیو سەربازییەکانی تورکیا لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا. چوارچێوەی باڵای ئەمنیی تورکیا تەنها لەگەڵ عێراقدا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەمریکا، یۆنان، میسرو چەندین وڵاتی دیکەدا ئەم چوارچێوەیەی پێکهێناوە(١).

یەکەم کۆبوونەوەی چوارچێوەی باڵای ئەمنیی نێوان عێراقو تورکیا (Irak ve Türkiye Yüksek Düzeyli Güvenlik Mekanizması) لە ساڵی (٢٠١٩) لە ئەنقەرە کرا. هەرچەندە چوار ساڵ بە سەر کۆبوونەوەی یەکەمدا تێپەڕی، بەڵام لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا چوارچێوەکە سێ کۆبوونەوەی هەستیاری کرد. کۆبوونەوەی دووەم لە (١٩)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٣) لە بەغداد کراو بۆ یەکەم جار پەکەکە وەک "مەترسیی هاوبەش" بۆ هەردوو وڵات لە ڕاگەیەنراوی هاوبەشی چوارچێوەکەدا ناسێنرا. لە کۆبوونەوەی سێیەمدا لە (١٤)ی ئاداری (٢٠٢٤) لە بەغدا پەکەکە وەک "ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو" لەلایەن ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیی عێراقەوە ناسێنرا. ئەم بڕیارە مانگێک پێش سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا بوو بۆ بەغدادو هەولێر. گرنگترینو هەستیارترین کۆبوونەوەی چوارچێوەکە لە ئەنقەرە لە (١٥)ی ئابی ئەمساڵدا کرا. گرنگیو بایەخی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەشی (١٠) ماددەیی لە نێوان وەفدی هەردوو وڵاتدا، کە تێیدا چەندین دەستکەوت بۆ ئەنقەرەو بەغداد بەدەستهێنرا. ئەمە جگە لەوەی پێش چەند ڕۆژێک لە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنەکە، دادگای فیدراڵیی عێراق لە سەر داواکاریی دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکەی، سێ پارتی سیاسیی نزیک لە پەکەکەی قەدەغەکردو بڕیاری

دەستبەسەرداگرتنی سەرجەم موڵکەکانی ئەو سێ پارتەی دەرکرد.

بە گوێرەی هەواڵێکی سایتی رووداو، "لێکتێگەیشتنی هاوبەشی ئەمنی و سەربازیی تورکیاو عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر"، کە لە (١٠) ماددە پێکهاتووە، لە (١٥)ی ئابی (٢٠٢٤) واژۆی وەزیرانی بەرگریی هەردوو وڵاتی لە سەر کراوە(٢).

بە گوێرەی لێکتێگەیشتنەکە، "ناوەندێکی هاوبەشی ئەمنی" لەلایەن تورکیاو عێراقەوە دەکرێتەوەو بنکەی سەرەکیی لە بەغداد دەبێت، ناوەندەکەش سەر بە فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکان دەبێت. ئەرکی ئەم ناوەندە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری لە ناوچە سنوورییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵاتدا، زانیارییە ستراتیژیو ئۆپەراسیۆنییەکانی هەردوولا دەنێرێت بۆ ناوەندی باڵای فەرماندەیی هەردوو وڵات. هەر بە گوێرەی لێکتێگەیشتنەکە، "لە سەربازگەی بەعشیقە ناوەندی کاری هاوبەش و پەروەردە لە نێوان هەردوو وڵاتدا دەکرێتەوە."

**دەقی "لێکتێگەیشتنی هاوبەشی ئەمنی و سەربازیی تورکیاو عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر"**

لێکتێگەیشتنی هاوبەشی ئەمنی و سەربازیی نێوان حکومەتی کۆماری عێراق و حکومەتی کۆماری تورکیا بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

**پێشەکی**

لەم لێکتێگەیشتنەدا هەریەک لە حکومەتی کۆماری عێراق و حکومەتی کۆماری تورکیا، کە وەک "لایەنەکانی" لێکتێگەیشتنەکە ناویاندەهێنرێت، جەختدەکەنەوە لە سەر هاوبەشیی مێژوویی بەهێزی هەردوولا، ئەمەش لە سەر بنەمای رێزگرتن لە سەروەریی ئەمنی، سیاسی و یەکێتیی خاکی هەردوولا. ئەم دوو لایەنە لە ژێر رۆشنایی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا بەرکارەکانی ئێستادا، ڕەزامەندن لە سەر هاوبەشیپێکردنی زانیاری دەربارەی گرووپە تیرۆریستییەکان و لەم رێگەیەوە ئاسایش و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان بپارێزن، هەروەها هاریکاریی هەواڵگری و ئەمنی و سەربازی فراوانبکەن.

**ماددەی یەکەم: ئامانج**

١. لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ مەترسییە ئەمنییەکان لە هەردوو وڵاتدا. ئامانجی سەرەکی بریتی دەبێت لە نەهێشتنی هەر جۆرە مەترسییەک کە لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکان یاخود گرووپە قەدەغەکراوەکانەوە دروستدەکرێت بۆ سەر سەروەریی ئەمنی و سەقامگیریی هەردوولا.

٢. رێزگرتن لە سەروەریی هەردوولاو کۆتاییهێنان بە بوونی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە خاکی عێراق.

**ماددەی دووەم: چوارچێوە**

١. هەردوولا ڕێککەوتن لە سەر کاری هاوبەش لە بواری ئەمنی، سەربازیو هەواڵگری. کاری هاوبەش لەم بوارانەدا دەکرێت:

A.پەروەردەی سەربازیو هێزە چەکدارەکان،

B.فراوانکردنی توانای سەربازی لە سەرجەم بوارەکاندا،

C.ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو هەر جۆرە مەترسییەکی تیرۆریستی،

D.فەراهەمکرنی ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا،

E.ڕووبەڕووبوونەوەی کۆچی نایاسایی،

F.بابەتەکانی پەیوەست بە چەکدارە تیرۆریستە بیانییەکانەوە،

G.ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە تاوانکارییەکانو قاچاخچیەتی،

H.هاوبەشیپێکردنی زانیاریی هەواڵگری،

I.دامەزراندنی ناوەندی کاری هاوبەشی ئەمنی،

J.بەهێزکردنی کاری هاوبەش لە بواری پیشەسازیی سەربازی،

K.تووندوتۆڵکردنی هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان.

٢. پەیوەست بە ئەرکو مافەکانی هەریەک لە بەغدادو ئەنقەرەوە، بڕیارەکانی ئەم لێکتێگەیشتنە دژی ئەو پەیماننامانە نابێت کە هەردوولا واژۆیان لە سەر کردووە.

**ماددەی سێیەم: بنەماو ڕێکارەکانی گونجاندنی لێکتێگەیشتنەکە**

هەردوولا بەڵێندەدەن کە پێکەوە ڕووبەڕووی تیرۆرو گرووپە قەدەغەکراوەکان ببنەوە، ئەمەش لە پێناوی ڕێگری لەو گرووپانە هەتا لە خاکی وڵاتێکیانەوە نەبنە مەترسی بۆ سەر خاکی وڵاتێکی دیکەیان. ئەمەش بەم جۆرە جێبەجێدەکرێت:

١. هاوبەشیپێکردنی زانیاریی هەواڵگری لە پێناوی زامنکردنی ئاسایشی سنوورەکاندا،

٢. ڕێگری لە چالاکیی گرووپە تیرۆریستییەکان لە خاکی هەردوو وڵاتدا،

٣. ڕێگریکردن لە دابینکردنی چەک، پشتیوانیی لۆجیستیو دارایی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان،

٤. دیاریکردنی شوێنی تیرۆریستان، دەستگیرکردنیان، دادگاییکردنو گێڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان لە ڕێگەی کاری هاوبەشەوە،

٥. ڕێگری لە مانەوەی ئەندامانی گرووپە تیرۆریستیو قەدەغەکراوەکان لە خاکی هەردوو وڵاتدا.

**ماددەی چوارەم: ناوەندی هاوبەشی ئەمنی**

هەردوولا ناوەندێکی هاوبەشی ئەمنی لە بەغداد دادەمەزرێنن. ئەم ناوەندە سەر بە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دەبێتو لەلایەن کۆماری عێراقو کۆماری تورکیاوە بە هاوبەشی بەڕێوەدەبرێت.

ئـەرکو چالاکییـەکانی نـاوەنـدەکـە بـەم جۆرەیە:

١. ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری مەیدانی لە سنوورە هاوبەشەکاندا،

٢. گواستـنـەوەی زانـیـاریـیـە سـتـراتـیـژیو ئۆپەراسیـۆنـییـەکان بـۆ نـاوەنـدی بـاڵای فەرماندەییەکانی هەردوولا،

٣. چـاودێـریـی دۆخـی ئـەمنی لـە سـنـوورە هـاوبـەشـەکانو ئـامادەکردنی ڕاپـۆرت لە سـەری.

**ماددەی پێنجەم: لیژنەی هاوبەش**

١. لـە سـەرۆکـایـەتـیی گـشـتـیی ئـەرکـانـی سوپای هەردوو وڵاتدا لیژنەیەکی هاوبەش پێکدەهێنرێت. لـە لایـەنی عێراقـەوە لە وەزارەتـی دەرەوە، ڕاوێـژکـاری ئـاسـایـشی نیشتیمانی، دەزگای هەواڵگری، حکومەتی هەرێمی کوردسـتـان، دەسـتـەی حـەشـدی شـەعبیو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تورکیا ئەندامیان دەبێت.

٢. ئەم لیژنە هاوبەشە سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەیەک دەکات، لە کاتی پێویستدا دەکرێت کۆبوونەوەی نائاساییش بکات.

**ماددەی شەشەم: پاراستنی نهێنی**

١. لـە سـەر بـنـەمـای پـابـەنـدبـوون بـە نـاوەڕۆکـی ئـەم لێکتێگەشتنەوە، تـەواوی ئـەو زانـیـاریو بـەڵـگـانـەی هـاوبـەشـیـان پێدەکرێت بە نهێنی دەپارێزرێن.

٢. پێدانو ڕوونکردنەوەی زانیاریو بەڵگە نهێنییەکان بۆ لایەنی سێیەم قەدەغەیە.

**مـــاددەی حـــەوتـــەم: چـــارەســـەری لێکتێنەگەیشتنەکان**

لە دۆخی کێشەو لێکتێنەگەیشتندا، پێش پەنـابـردن بـۆ دادگـا نێودەوڵـەتییـەکان، لایـەنـە پـەیـوەنـدیـدارەکـان لـە ڕێـگـەی گفتوگۆو کۆبوونەوەوە چارەسەریدەکەن.

**ماددەی هەشتەم: چاوپێداخشاندنەوەو گۆڕانکاری**

لە کاتی پێویستیدا هەر لایەنێک دەکرێت پێشنیاری گۆڕانکاری لە بڕیارەکانی ئەم لێکتێگەیشتنەدا بکات. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی لایەنی بەرانبەر، دەکرێت لە کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنە هاوبەشەکاندا گـفـتـوگـۆی لـە سـەر بـکـرێـت، لـە کـاتی ڕەزامـەنـدیو لێکتێگەیشتنی هـەردوولاو دوای واژۆکــردنــی هـــەردوولا لــە ســەر پێـشـنـیـارەکـە، بـە گـوێـرەی پـابـەنـدبـوون بە ماددەی نۆیەمەوە گۆڕانکارییەکە بۆ لێکتێگەیشتنەکە زیاددەکرێت.

**خاڵی یەکەمی ماددەی یەکەمی لێکتێگەیشتنەکە لە ئایندەیەکی دووردا ڕەنگە دەرفەتێکی زێڕین بدات بە دەست ئەنقەرەو بەغدادەوە بۆ هێرشی بەرفراوان بۆ سەرهەرێمی کوردستانو دواجارلەناوبردنی ئەم ئەزموونە بە هاوبەشیی هەردوولا.**

**ماددەی نۆیەم: جێبەجێکردنو کۆتایهاتن**

ئەم لێکتێگەیشتنە دوای واژۆکردنی دەڕواتە بواری جێبەجێکردنەوەو بۆ ماوەی ساڵێک کارپێدەکرێت. ئەگەر لایەنێک نەیەوێت لێکتێگەیشتنەکە تازەبکاتەوە، لە ڕێگەی ناوەندە دیبلۆماسیەکانەوە لایەنی بەرانبەر ئاگاداردەکاتەوە.

١. پێویستە هەردوولا لە ڕێگەی پێکدادانی ئاگادارینامەیەکەوە بە لایەنی بەرانبەر، کە تێیدا بە واژۆکراوی لایەنی بەرانبەر ئاگاداربکاتەوە، کە بڕیارەکانی ئەم لێکتێگەیشتنە لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی وڵاتەکەیدا گونجاوە، پاشان دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٢. ئەم لێکتێگەیشتنە وەک پرۆتۆکۆڵ بۆ ماوەی ساڵێک دەڕواتە بواری جێبەجێکردنەوەو دەکرێت تازە بکرێتەوە. لە دۆخێکدا لایەنێک نەیەوێت لێکتێگەیشتنەکە نوێبکاتەوە، لەڕێگەی ناوەندە دیبلۆماسییەکانەوە داواکاری پێشکەشدەکاتو دوای شەش مانگ لە پێشکەشکردنی داواکاریەکە، لێکتێگەیشتنەکە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی دەیەم: واژۆو ڕێکەوتی لێکتێگەیشتنەکە**

١. ئەم لێکتێگەیشتنە بە زمانی عەرەبی، تورکیو ئینگلیزی نوسراوەو سەرجەم دەقەکان وەک یەک وان. لە دۆخی جیاوازی لە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ماددەو دەستەواژەکاندا، دەقە ئینگلیزییەکە وەک زمانی سەرەکیی لێکتێگەیشتنەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٢. ئەم لێکتێگەیشتنە لەلایەن وەزیرانی بەرگریی هەردوو وڵات یاخود بەرپرسانی پەیوەندیداری فەرمییەوە واژۆکراوە.

**خاڵی یەکەمی ماددەی یەکەمی لێکتێگەیشتنەکە لە ئایندەیەکی دووردا ڕەنگە دەرفەتێکی زێڕین بدات بە دەست ئەنقەرەو بەغدادەوە بۆ هێرشی بەرفراوان بۆ سەر هەرێمی کوردستانو دواجار لەناوبردنی ئەم ئەزموونە بە هاوبەشیی هەردوولا.**

**بەدەر لە "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر"**

جگە لە "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر"، وەک لە خاڵی یەکەمی ماددەی دووەمی لێکتێگەیشتنەکەدا ئاماژەیپێدراوە، هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆچی نایاسایی‌و قاچاخچیەتی لە سنوورەکانی هەردوولا توندتربکرێتەوە. بە جۆرێک ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری ئەم بوارانەش دەگرێتەوەو هەردوولا سوورن لە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی قاچاخچیەتی‌و کۆچی نایاسایی.

ئەم هەوڵە لە لایەکەوە ڕێگری لە

هاتوچۆی ئەندامانی پەکەکەو گرووپی فەتحوڵڵا گولەن دەکات، هەتا لە ڕێگەی قاچاخەوە هاتوچۆی تورکیا نەکەن. ئەمە جگە لەوەی ڕێگە لە کۆچی نایاسایی هاوڵاتیانی عێراق‌و وڵاتانی دیکە دەگرێت، کە لە خاکی عێراقەوە دەچنە تورکیاوە. لە هەمان کاتدا تورکیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت ڕێگریبکات لە چوونەناوەوەی ئەو کەرەستانەی کە قاچاخن‌و لە عێراقەوە بە لێشاو دەنێردرێتەناو خاکی تورکیاوە، بە تایبەتی ئامێرە ئەلیکترۆنی‌و کارەباییەکان، جگەرو چایی.

**دەستکەوتەکانی ئەنقەرە**

زۆربەی ماددەکانی لێکتێگەیشتنەکە لە بەرژەوەندیی ئەنقەرەیە. هەڵبەت پێش ڕێککەوتنەکە عێراق بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکییەکانی سێ پارتی سیاسیی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستانی دەکرد، ئەمەش بۆ تورکیا دەستکەوتێکی گەورە بوو.(٣)

لە لایەکی دیکەوە، جگە لە بەرتەسککردنەوەی توانای چالاکییەکانی پەکەکەو دۆستەکانیان لە سنوورەکانی نێوان هەردوو وڵات‌و خاکی عێراق‌و لابردنی کەمپی مەخموورو ڕێگری لە مانەوەی کوردانی باکوورو پێدانی مۆڵەتی مانەوە پێیان، ئەنقەرە دەرفەتێکی زێڕینی کەوتووەتەبەردەست بۆ ناچارکردنی حکومەتی بەغداد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو دەرکردنی ئەندامانی گرووپی فەتحوڵڵا گولەن، کە لە عێراق مۆڵەتی مانەوەیان پێدراوەو تەنانەت ڕادەستکردنەوەی بەرپرس‌و ئەندامانی ئەو گرووپە، کە تەنها هەڵگری ڕەگەزنامەی تورکیان، لە بەرژەوەندیی ئەنقەرەیە.

**دەستکەوتەکانی بەغداد**

هەرچەندە زۆرێک لە ماددەکانی لێکتێگەیشتنەکە لە بەرژەوەندیی تورکیایە، لەگەڵ ئەوەشدا بە وردبوونەوە لە ماددەو پاشکۆکانی لێکتێگەیشتنەکە، تێدەگەین عێراقیش پشکی خۆی لەو لێکتێگەیشتنەدا بەدەستهێناوە.

جێگیرکردنی دەقی "ڕێزگرتن لە سەروەریی هەردوولاو کۆتاییهێنان بە بوونی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە خاکی عێراق" وەک دووەم ئامانجی ڕێککەوتنەکە، دەستکەوتێکە بۆ عێراق‌و ئەگەر جێبەجێبکرێت، زۆر گرنگ دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، بە گوێرەی خاڵی یەکەمی ماددەی یەکەمی لێکتێگەیشتنەکە، بەغداد هەر کات بیەوێت، دەتوانێت هێزو ڕێکخراوەکانی وڵاتی خۆی بخاتە لیستی گرووپە قەدەغەکراوو تیرۆریستییەکان‌و بە هاوکاریی تورکیا لێیانبدات. ئەمەش لە کاتی تێکچوونی زیاتری پەیوەندییەکانی هەولێرو هێزە سوننییەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدادا، حکومەتی عێراق ئەو ماددەیە دژیان بەکاردەهێنێت.

بە گوێرەی بەندی (B)و (J) لە خاڵی یەکەمی ماددەی دووەم، عێراق سوود لە

توانا سەربازییەکانی تورکیا وەردەگرێت بۆ گەشەپێدانی توانای پیشەسازیی سەربازی.
بە گوێرەی خاڵی پێنجەم لە ماددەی سێیەم، پێویستە تورکیا ڕێگری لە مانەوەی هەر بەرپرس و کەسێکی عێراقی بکات کە بەغداد وەک ئەندامی گرووپی تیرۆریستی یان قەدەغەکراو بیناسێنێت. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا ئیدی لە دوورمەودادا تورکیا نابێتە پەناگەی هەموو ئەوانەی کە لەلایەن بەغداوە دەخرێنە ئەو خانەیەوە.

## مەترسییەکانی لێکتێگەیشتنەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان

هەرچەندە ڕێبەر ئەحمەد؛ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک نوێنەری هەولێر بەشداربووە لە کۆبوونەوەکان و مەراسیمی واژۆکردنی لێکتێگەیشتنە هاوبەشەکەی نێوان ئەنقەرەو بەغداد، بەڵام پێناچێت لە کاتی نووسینەوەی دەقەکانی لێکتێگەیشتنەکەدا نوێنەری هەرێم هەبووبێت، یان ڕەنگە تەنها وەک گوێگرێک ئامادەی کۆبوونەوەکان بووبێت. ئەمە جگە لەوەی لە پێشەکیی لێکتێگەیشتنەکەدا هەرێمی کوردستان وەک لایەنێکی جێبەجێکارو مافپێدراو ناوینەهاتووە.
ئەوەی مایەی سەرنجە، ژمارەیەک خاڵ لەو لێکتێگەیشتنەی نێوان عێراق و تورکیادا جێگیرکراوە کە نەک تەنها مەترسییە بۆ سەر پەکەکە، کە ئامانجی سەرەکیی لێکتێگەیشتنەکەیە، بەڵکو دۆخی عەرەبی سوننەی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەخاتە مەترسییەوەو لەوانەیە کۆتوبەندیانبکات.

**بە گوێرەی خاڵی پێنجەم لە ماددەی سێیەمی لێکتێگەیشتنەکە، پێویستە تورکیا ڕێگری لە مانەوەی هەر بەرپرس و کەسێکی عێراقی بکات کە بەغداد وەک ئەندامی گرووپی تیرۆریستی یان قەدەغەکراو بیناسێنێت. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا ئیدی تورکیا نابێتە پەناگەی بۆ ئەو انەی کە لەلایەن بەغداوە دەخرێنە ئەو خانەیەوە.**

بە گوێرەی خاڵی یەکەمی ماددەی یەکەم، تورکیا دەتوانێت داوا لە عێراق بکات ڕێگری لە چالاکییەکانی هەر پارت و ڕێکخراوێک بکات کە لەلایەن ئەنقەرەوە وەک گرووپی تیرۆریستی و قەدەغەکراو یاخود مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەبینرێت. ئەمە جگە لەوەی لە دۆخی تێکچوونی پەیوەندییەکانی بەغداد لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی هەرێمدا لە ڕێگەی ناساندنی ئەو حیزب و

ڕێکخراوانەوە بە گرووپی تیرۆریستیو قەدەغەکراو، دەکرێت ڕێگری لە تورکیا بکات بۆ هاوکاریکردنیان. تەنانەت ڕەنگە لە دوورمەودادا ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بدات بە دەست ئەنقەرەوە بۆ هێرشی بەرفراوان بۆ سەر هەرێمی کوردستانو دواجار لەناوبردنی ئەم ئەزموونە بە هاوبەشیی بەغدادو ئەنقەرە. لە لایەکی دیکەوە، زۆربەی کۆڵبەرو ئەو کەسانەی کاری قاچاخی دەکەن لە سنوورەکانی نێوان عێراقو تورکیا، کوردن، هەر بۆیە جەختکردنەوەی لێکتێگەیشتنەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆچی نایاساییو قاچاخچیەتی، پێش هەر کەسێک زیانێکی گەورەیە لە کۆڵبەرو گەنجی باشوورو باکووری کوردستان.

## گرووپی فەتحوڵڵا گولەنو لێکتێگەیشتنی ئەنقەرەو بەغداد

هەرچەندە تەواوی میدیاو ناوەندەکانی توێژینەوەو شیکاری لە تورکیاو عێراقو ناوچەکە لێکتێگەیشتنەکەی نێوان ئەنقەرەو بەغدادیان وەک ڕێککەوتنێک دژی پەکەکە ڕاڤەکردووە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە چەندین ڕێکخراوی دیکە هەیە لەلایەن ئەنقەرەو بەغدادەوە وەک گرووپی تیرۆریستیو قەدەغەکراو ناسێنراون.

دیارترینی ئەو ڕێکخراوانەش گرووپی فەتحوڵڵا گولەنە، کە لە تورکیادا بە گرووپی تیرۆریستیی فەتحوڵاجی (فەتۆ) ((Fethullahçı Terör Örgütü (FETÖ) و لە هەرێمی کوردستانو عێراقیش بە "گرووپی خزمەت" ناسراوە. ئەم گرووپە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە بە پلاندارێژەرو ئەنجامدەری کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) تۆمەتباردەکرێت.(٤)

لێرەوە تێدەگەین سەرجەمی ئەو خاڵانەی باس لە پابەندبوونی هەردوو وڵات دەکات بە ڕێگریکردن لە چالاکیی گرووپە تیرۆریستیو قەدەغەکراوەکانو ڕێگەنەدان بە مانەوەی لە وڵاتو بەکارهێنانی خاکی وڵاتێکیان بۆ لێدان لە سەرەوەریو ئاسایشی وڵاتی بەرانبەر، پابەندی بە سەر حکومەتی عێراقەوە دروستدەکات بۆ لێدان لە گرووپی فەتحوڵڵا گولەن لە ناوخۆی عێراقو ڕادەستکردنەوەی بەرپرسو ئەندامانی ئەو گرووپە، کە خاوەنی ڕەگەزنامەی تورکیان، بە دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە.

## ئێرانو پشتیوانی لە نزیکبوونەوەی عێراقو تورکیا

ئەوەی ڕوونە، کاریگەریی ئێرانە بە سەر بڕیارەکانی بەغدادەوە، بە جۆرێک بەرپرسانی باڵای عێراق بەبێ گەڕانەوە بۆ تارانو بەتایبەتی لە دۆسیەی پەیوەندیدار بە پەکەکەو تورکیا ناتوانن بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵام ئەوەی ناڕوونە، هەڵوێستی ئێرانە بەرانبەر بە لێکتێگەیشتنەکەی تورکیاو عێراق.

هەرچەندە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنەکە لەلایەن وەزیری بەرگریی عێراقو بەشداریی فالح فەیاز؛ سەرۆکی گشتیی دەستەی حەشدی شەعبی لە کۆبوونەوەکانی چوارچێوەی باڵای ئەمنیی نێوان عێراقو تورکیاو مەراسیمی واژۆکردنی لێکتێگەیشتنەکەدا ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندیی ئێران لە سەر ناوەڕۆکی لێکتێگەیشتنەکە، بەڵام پێناچێت بە ئاسانی تاران دەستبەرداری پەکەکە بێتو هەوڵی تەواوی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ مانەوەی ئەو کارتی فشارە بە دەستیەوە دژی ئەنقەرە.

**سەرەڕای بەشداریکردنی وەزیری ناوخۆی هەرێم لە کۆبوونەوەکانو مەراسیمی واژۆکردنی لێکتێگەیشتنەکەی ئەنقەرەو بەغداد، بەڵام لە پێشەکیی لێکتێگەیشتنەکەدا هەرێمی کوردستان وەک لایەنێکی جێبەجێکارو مافپێدراو ناوینەهاتووە.**

پێدەچێت هۆکاری ڕەزامەندیی ئێران لە لێکتێگەیشتنەکە بگەڕێتەوە بۆ پێویستیی عێراق بە تورکیا لە بابەتی دروستکردنی ڕێگەی گەشەپێدان، ئەمەش لەبەرئەوەی ئێران ئەم ڕێگەیە وەک جێگرەوە یاخود ڕکابەری ئەو ڕێگەیە دەبینێت کە لە هیندستانەوە بۆ ئیماراتو سعودیەو پاشان هەتا ئیسرائیلو دواجار بۆ ئەوروپا درێژدەبێتەوە.(٥) واتە ئەنجامی ململانێ هەرێمیو نێودەوڵەتییەکانی بەرەی ئەمریکا، ئەوروپا، ئیسرائیل، بەشێک لە وڵاتانی کەنداوو هیندستان لە بەرانبەر بەرەی چین، ڕوسیاو ئێران بریتییە لە بونیادنانی ڕێگەی گەشەپێدان لە لایەکو لە هەمان کاتدا واژۆکردنی لێکتێگەیشتنو تەنانەت لە ئایندەشدا دەکرێت بگاتە ئاستی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان بەغدادو ئەنقەرە دژی "گرووپە تیرۆریستیو قەدەغەکراوەکان".

## کام عێراق؟

"ڕێککەوتنی چی؟ لەگەڵ کام عێراقدا؟" ناونیشانی گوتارێکی ئایدن سەلجان (Aydın Selcen)؛ نوسەرو لێکۆڵەری باکووری کوردستان بوو لە (١٧)ی ئاداری (٢٠٢٤) دوای سەردانە چڕوپڕەکانی وەزیرانی دەرەوەو بەرگریو سەرۆکی میتی تورکیا لە سایتی (medyascope.tv) بڵاوکراوەتەوە.(٦)

سەلجان لە گوتارەکەیدا ئاماژە بە پەرشوبڵاویی دەسەڵات لە عێراقو کۆنترۆڵکردنی هەرێمو ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لەلایەن حیزبو گرووپە جیاوازە نەتەوەیی، مەزهەبیو ئایدۆلۆژییەکانەوە دەکات.

لێرەوە دەتوانین بپرسین: کێن ئەوانەی واژۆیان لە سەر لێکتێگەشتنەکەی

نێوان ئەنقەرەو بەغداد کردووە؟ یاخود پشتیوانییدەکەن؟ بە دڵنیاییەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە هەڵوێستی ئەو هێزانە بزانین کە کۆنترۆڵی بەغداد، هەولێر، موسڵ، ئەنبار، کەرکووک، نەجەفو بەسرەیان کردووە، لەبەرئەوەی هەریەکێک لەم هێزانە بە هۆی جیاوازیی نەتەوەیی، مەزهەبیو ئایدۆلۆژییەوە تێڕوانینیان جیاوازەو هەریەکەیان پشتیوانی لە هێڵێکی سیاسیو سەربازیی ناوچەییو نێودەوڵەتی دەکەن، هەر بۆیە پێناچێت بە ئاسانی ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان تورکیاو عێراق بڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، لە تەواوی خاکی عێراقدا بە هەمان جۆر ماددەو خاڵەکانی لێکتێگەیشتنەکە مەحاڵە جێبەجێبکرێت. باشترین بەڵگەش جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراقە دەربارەی قەدەغەکردنی سێ پارتی سیاسیی نزیک لە پەکەکە لە عێراقو بە تایبەتی هەرێمی کوردستان وەک یەک.

**کۆتایی**

مێژووی سەدساڵەی دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاو دەوڵەتی عێراق پڕە لە هەورازو نشێو لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا. ئەگەر تورکیا گلدانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلەو فورات وەک چەکێک دژی عێراق بەکاربهێنێت، ئەوا بوونی چەکدارانی پەکەکەو هێزە کوردییەکانی دیکە لە ناوچە سنوورییەکانی هەردوو وڵاتدا کارتێکی فشاری بەهێزی دەستی بەغدایە لە بەرانبەر ئەنقەرە.

**ئەم لێکتێگەیشتنە دەرفەتی داوە بە تورکیا کە فشاربخاتەسەر بەرپرسانی بەغداد بۆ داخستنی کەمپی مەخموورو تەنانەت ڕادەستکردنەوەی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان بە تورکیا.**
**هەروەها بە گوێرەی بەندی (B)و (J) لە خاڵی یەکەمی ماددەی دووەم، عێراق سوود لە توانا سەربازییەکانی تورکیا وەردەگرێت بۆ گەشەپێدانی تواناي پیشەسازیی سەربازی.**

سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پیشەسازیی بەرگریی تورکیاو تەنگپێهەڵچنینی پەکەکە، تەنانەت لە سنوورەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتەو دوورخستنەوەیان بە قوڵایی نزیکەی (٢٠) کیلۆمەتر بۆ ناو خاکی عێراقو سوریا، بەڵام ئەنقەرە دەیەوێت بە یەکجاری کۆتایی بە دۆسیەی پەکەکەو هاوپەیمانەکانی وەک "گرووپێکی تیرۆریستی" بهێنێت، هەر بۆیە لەگەڵ بەردەوامیی هێرشی ئاسمانیو درۆنو ئۆپەراسیۆنی زەمینی، لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ پارێزگاری لە سەرکەوتنە سەربازیو ئەمنییەکانی

لە مەیدانی جەنگو بەهێزکردنیان لە سەر مێزی گفتوگۆ. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی ڕێککەوتنی ئەمنیو سەربازیی فراوان لەگەڵ دراوسێکانی بە تایبەتی عێراقو سوریادا دەدات، ئەمەش جگە لە لەناوبردنی پەکەکە، بە ئامانجی ڕێگرتنە لە گواستنەوەی ئەزموونی کوردی عێراقو سوریا بۆ تورکیا.
هەرچەندە هەتا ئێستا ئومێدێک بەدیناکرێت بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکانی ئەنقەرەو دیمەشق، بەڵام هێڵی ئەنقەرە-هەولێر-بەغداد قەرەباڵغەو بەرپرسانی باڵای تورکیا ڕۆژو شەویان خستووەتەسەریەک بۆ ڕێککەوتنێکی ئەمنیو سەربازیی ستراتیژی لەگەڵ عێراقدا. بەغدادیش بە هۆی پێویستیی بە تورکیا بۆ دروستکردنی ڕێگەی گەشەپێدانو خستنەسەرپێی پرۆژەکەوە، هەتا ڕادەیەکی باش خواستو نزیکبوونەوەی پێوەدیارە. هەریەک لە ئێرانو ڕوسیاو چینیش لە پێناوی دژایەتیی بەرەی ئەمریکاو ڕۆژئاوادا ئەگەر پشتیوانیی ڕێککەوتنی ئەنقەرەو بەغدادیش نەکەن، بێدەنگییان هەڵبژاردووە.
لەگەڵ ئەوەی پێگەی هەولێر لە قۆناغی نوێی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو بەغدادا بە ڕوونی دیارینەکراوە، بەڵام زۆرێک لە ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە تەنها ڕۆڵی گوێگرو جێبەجێکاری فەرمانەکان بدرێت بە بەرپرسانی پەیوەندیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەست بە لێکتێگەیشتنو ڕێککەوتنەکانی تورکیاو عێراقەوە، ئەمەش بە هۆی لێکنزیکبوونەوەی بەردەوامی ئەنقەرەو بەغدادو یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیانو بچووکبوونەوەو لاوازبوونی بەردەوامی هێزی هەرێمی کوردستانو کەمبوونەوەی پاڵپشتیی دەرەکییەوە. لە هەمان کاتدا بەشێک لە ماددەو خاڵەکانی لێکتێگەیشتنەکەی نێوان ئەنقەرەو بەغداد وەک بۆمبی چێنراوی نەبینراو لە ئایندەی دوورمەودادا دەتەقێتەوە بە خودی بەرپرسو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا.

**ماددەکانی لێکتێگەیشتنەکە پابەندی بە سەر حکومەتی عێر اقەوە دروستدەکات بۆ لێدان لە گرووپی فەتحوڵلا گولەن لە ناوخۆی عێراقو ڕادەستکردنەوەی بەرپرسو ئەندامانی ئەو گرووپە، کە خاوەن ڕەگەزنامەی تورکیان بە دەسەڵاتدار انی ئەنقەرە.**

ئەوەی گرنگە، تواناو باڵادەستیی حکومەتی عێراقە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی لێکتێگەیشتنەکەی (١٥)ی ئابی ئەمساڵ لە تەواوی خاکی عێراقدا، ئەمەش لە قۆناغی ئێستادا بە مەحاڵو خەیاڵپڵاوی دادەنرێت.

## سەرچاوەکان

1-MSB.gov, Türkiye ve ABD Yüksek Düzeyli Savunma Grubu Toplantısı ile İlgili Açıklama, 22.12.2023, https://www.msb.gov.tr/SlaytHaber/79843fc3d67e4ed88ea1b82f0ec53159, 24.08.2024.

2-Rudaw.net, Rûdaw, Türkiye-Irak arasında imzalanan 'güvenlik zaptı'nın içeriğine ulaştı: İşte maddeler…, 20.08.2024, https://www.rudaw.net/turkish/middleeast/turkey/2008202411, 24.08.2024

3-HABERTÜR TV, Irak'tan PKK'ya karşı yeni hamle. Detayları Çetiner Çetin anlattı, 06.08.2024, https://www.youtube.com/watch?v=CyuaKXhBvxo, 24.08.2024.

٤-ئایهان جەسور، ئەحمەد سیروانی، (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) شەوی یەکلاییبوونەوەی ململانێی ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە تورکیا، وەرزنامەی تورکیاناسی، ساڵی یەکەم، ژمارە (٤)، حوزەیرانی ٢٠٢٤، سلێمانی، ل.ل ٢٦-٤٧.
https://www.centerfs.org/files/2024/06/%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9%83%DB%8C%D8%A7%D9%86%D8%A7%D8%B3%DB%8C-%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%DB%95-4.pdf, 25.08.2024

٥-ئەحمەد سیروانی، چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ ئاڵتان تان (Altan Tan)؛ سیاسەتمەداری کوردو ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە (٢٠١١-٢٠٢٨)، ئەنقەرە، (٢٠٢٤/٨/٢٣).

6- Aydın Selcen, Hangi Irak'la neyin anlaşması, 17.03.2024, https://medyascope.tv/2024/03/17/aydin-selcen-yazdi-hangi-irakla-neyin-anlasmasi/, 25.08.2024.

# هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە تورکیا

حەمزە محەممەد ساڵح

**پوختە**

نەتەوەپەرستی یەکێک لە کاریگەرترین بزوتنەوە ئایدیۆلۆژییەکانی مێژووی مۆدێرنی تورکیا بووە. لە دوای کۆتاییهاتنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، نەتەوەپەرستی ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە بونیادنانەوەی دەوڵەتو کۆمەڵگەی تورکیادا هەبووە. دارمانی ئیمپڕاتۆریەتو دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا، ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی وەک ئامرازێکی گرنگ لە دارشتنی شوناسی تورکیدا بەکارهێنراوە. لەم پرۆسەیەدا نەتەوەپەرستی نەک هەر بووە بە پرۆژەیەک بۆ بونیادنانی شوناسێکی نەتەوەیی، بەڵکو بووە بە بەشێک لە خەبات بۆ پاراستنی بوونو یەکپارچەیی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەپەرستی بە سیاسەتی زمان، مێژوو و کولتوور بوو بە ئایدۆلۆژیای بنەڕەتیی دەوڵەت.

نەتەوەپەرستی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە تایبەتی لە سەردەمی پارتی دیموکراتدا (Demokrat Partisi) بوو بە جێی بایەخو لە ساڵانی شەستو حەفتاکاندا لە ژێر کاریگەریی بزوتنەوە سیاسییە ڕادیکاڵەکاندا نەتەوەپەرستی سیمایەکی توندتری وەرگرت. کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٠) لە چوارچێوەی "هێڵی تورکی-ئیسلامی" نەتەوەپەرستیی کرد بە گوتاری فەرمیی دەوڵەت. پرسی کوردو شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ساڵانی نەوەدەکاندا بوو بە هۆی بوژانەوەی نەتەوەپەرستیو حیزبە ناسیۆنالیستەکان. دووبارە لە ساڵانی دووهەزارەکاندا لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)(AK) (Adalet ve Kalkınma Partisi Parti) ، هەوڵدرا نەتەوەپەرستی بخرێتە چوارچێوەیەکی لیبڕاڵەوە، هەر بۆیە سەرەتا بە پرۆسەی ئەندامبوون لە یەکێتیی ئەوروپا دەستیپێکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی

کات گوتاری نەتەوەپەرستی بوو بە ناوەندی سیاسەتەکانی ئاکپارتی. هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئاکپارتی گوتاری نەتەوەپەرستی بەهێزتربکات. دوای ئەوەی لەگەڵ پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستدا (مەهەپە) (Milliyetçi Hareketi Partisi) (MHP) هاوپەیمانیەتیی کۆمار (Cumhur İttifakı) یان دامەزراند، نەتەوەپەرستی لە ناوەندی گۆڕەپانی سیاسیدا زیاتر هەڵکشا.

ئەمڕۆ نەتەوەپەرستی لە تورکیادا لە بوارێکی فراواندا، بە تایبەتی لە بواری پەروەردەوە هەتا بواری کولتووری، جەماوەریو لە میدیاوە هەتا سیاسەتی دەرەوە کاریگەریی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سەقامگیریی سیاسیی تورکیا، پێشهاتە ناوچەییەکان، ئاسایشی ناوخۆ، پرسی کورد، بارودۆخی ئابووریو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تورکیا هۆکاری سەرەکین بۆ دیاریکردنی پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەپەرستی لە تورکیا، هەر بۆیە نەتەوەپەرستی وەک گوتارێک بەردەوامەو ئامانجی پاراستنی یەکێتیی نەتەوەییو بەهێزکردنی پێگەی تورکیایە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

## ناساندنی زاراوەکان

پێش ئەوەی باس لە ڕەگوڕیشەی نەتەوەپەرستیو هۆکارەکانی هەڵکشانی بکرێت، پێویستە ناساندنێکی خێرا بۆ هەندێک زاراوەی پەیوەست بەم بابەتە بکرێت، چونکە ئەم زاراوانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەوە هەیە. گرنگترین ئەو زاراوانەش بریتین لە "نەتەوە، نەتەوەپەرستی، ڕەگەزپەرستیو فاشیزم".

### نەتەوە

چەمکی "نەتەوە" زاراوەیەکە کە بە درێژایی مێژوو واتای جیاوازی بەدەستهێناوەو لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا بەکارهاتووە. ئەو واتایەی کە ئێستا چەمکی نەتەوە هەیەتی، لە سەدەکانی پێشوودا نەیبووەو بە واتای جیاواز بەکارهاتووە. وشەی نەتەوە لە دامەزراوەی زمانی تورکی (Türk Dil Kurumu)دا، بە "کۆمەڵە کەسێک کە لە سەر هەمان شوێنی جوگرافی نیشتەجێنو لە نێوانیاندا زمان، مێژوو، هەست، کولتوور، دۆزو نەریتی هاوبەش هەیە"، پێناسەکراوە(١).

لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا، "نەتەوە" زیاتر بۆ وەسفکردنی پێکهاتە ئایینییەکان بەکاردەهێنرا. بۆ نموونە: لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا گرووپە ئایینییە جیاوازەکانی وەک مسوڵمانو مەسیحیو جولەکەکان پێیاندەگوترا "نەتەوە". ئەم گەلانە، پێکهاتە بوون، کە لەلایەن سەرکردە ئایینییەکانی خۆیانەوە بەڕێوەدەبرانو پلەیەکی دیاریکراو لە ئۆتۆنۆمییان پێدرابوو(٢).

لە سەردەمی هاوچەرخدا چەمکی "نەتەوە" گەیشتووەتە دەربڕینی زیاتر هەستکردن بە ناسنامەو سەربەخۆیی نەتەوەیی. لەم چوارچێوەیەدا نەتەوە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەک دەکات

کە مێژوو، زمان، کولتوورو بەهایەکی هاوبەش کۆیکردوونەتەوە. ئەم شوناسە نەتەوەییە زۆر جار پەیوەستە بە دەوڵەتێک یان دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە. کاتێک باس لە نەتەوەی تورک دەکرێت، مەبەست لێ پێکهاتەی ئەو کەسانەیە کە کۆماری تورکیا پێکدەهێنن‌و ناسنامەیەکی هاوبەشی تورکییان هەیە(٣).

**نەتەوەپەرستی**

نەتەوەپەرستی؛ چەمکێکە کە پێناسەکردنی ئاسان نییە، چونکە هەر نەتەوەیەک بە پێی دۆخی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووریی خۆی پێناسەیدەکات. نەتەوەپەرستی؛ چەمکەکانی میللەت، میللی، ڕەگەزو کولتووری لەخۆگرتووە(٤). نەتەوەپەرستی؛ ئایدۆلۆژیاو بزوتنەوەیەکی سیاسییە، کە داکۆکی لە مافی نەتەوەیەک بۆ سەربەخۆیی‌و سەروەری‌و چارەی خۆنوسین دەکات. ئامانج لە نەتەوەپەرستی پاراستن‌و پەرەپێدانی بەها کولتووری‌و زمانی‌و مێژووییە ناوازەکانی کۆمەڵگەیە. نەتەوەپەرستی جەخت لە سەر بوون‌و یەکگرتوویی نەتەوەیەک دەکاتەوەو زۆر جار جەخت لە سەر تەوەری سەربەخۆیی نەتەوەیی‌و سەروەری‌و شوناسی نەتەوەیی دەکاتەوە. نەتەوەپەرستەکان بانگەشە بۆ پاراستنی سنوورە نەتەوەییەکان‌و یەکگرتوویی دەوڵەت‌و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی‌و میراتی کولتووری دەکەن(٥).

**ڕەگەزپەرستی**

ڕەگەزپەرستی ئایدۆلۆژیایەکە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕەگەزێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو لەوانی دیکە باڵاترەو لە سەر بنەمای ئەم باوەڕە جیاکاریدەکات. ڕەگەزپەرستان لە سەر بنەمای تایبەتمەندییە بایلۆژی یان کولتوورییەکان ڕەگەزەکان پۆلێندەکەن‌و دەڵێن: گرووپێکی دیاریکراو لە ئەوانی دیکە باڵاترن. ڕەگەزپەرستی وەک هەڵاواردن‌و دوورخستنەوەو پەراوێزخستن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و سیستەمی یاسایی‌و ژیانی ڕۆژانەدا خۆی دەردەخات. ئایدۆلۆژیا ڕەگەزپەرستەکان لە مێژوودا ڕێگەیان بۆ سیستەمی ستەمکاری، وەک کۆڵۆنیالیزم‌و کۆیلایەتی‌و ئاپارتاید خۆشکردووە(٦).

**فاشیزم**

فاشیزم سیستەمێکی سیاسییە، کە تێگەیشتنێکی پاوانخوازانەو تۆتالیتاریانەی حکومەت دەگرێتەبەرو لە سەر ئایدۆلۆژیاکانی وەک ڕەگەزپەرستی‌و دژەلیبراڵیزم دامەزراوە. فاشیزم بە زۆری لە دەوری سەرکردەیەکی بەهێز ڕێکدەخرێت‌و ماف‌و ئازادییەکانی تاک پێشێلدەکات. ڕژێمە فاشیستەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی گوتار، سیمبول‌و دروشمە نەتەوەپەرستییەکانەوە بانگەشە بۆ کۆنترۆڵی ڕەهای دەوڵەت دەکەن لە هەموو بوارەکاندا، ناکۆکی‌و بۆچوونە

جیاوازەکان سەرکوتدەکەنو پێداگری لە سەر یەکگرتوویی نەتەوەیی‌و یەکسانی دەکەن. فاشیزم لە مێژوودا کاریگەریی هەبووە لە ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو ئیسپانیاو بووە بە هۆی سەرهەڵدانی وێرانکەرترین شەڕەکانی سەدەی بیستەم(٧).

**ڕەگوریشەی نەتەوەپەرستی لە تورکیا**

لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەک سەبارەت بە سەرهەڵدانو دەرکەوتنی نەتەوەپەرستیی لە بەردەستدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرچاوەکاندا شۆڕشی فەڕەنسی بە سەرەتای دەرکەوتنی نەتەوەپەرستی دادەنرێت(٨)، بەڵام ڕەگوریشەی نەتەوەپەرستی لە تورکیا بۆ دوا قۆناغەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە(٩)، چونکە لە سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا، بزوتنەوە نەتەوەپەرستییەکان لە ڕۆژئاواوە بۆ خاکەکانی عوسمانی تەشەنەیانکردو داوای سەربەخۆیی‌و مافیان لە ناو ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی ئیمپڕاتۆریەتەکەدا دەژیان، بڵاوکردەوە(١٠). سەرەتا نەتەوەپەرستی لە ناو کەمایەتییە ئایینییەکاندا دەستیپێکرد(١١). لەو ماوەیەدا ڕۆشنبیرانی عوسمانی، لە هەوڵیاندا بۆ ڕزگارکردنی ئیمپڕاتۆریەت لەو دۆخە ناهەموارەی تێیکەوتبوو، بەرگرییان لە ئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانی وەک پان_عوسمانیزم، پان_ئیسلامیزم دەکرد(١٢). نەتەوەپەرستییش، لە پاڵ پان_عوسمانیزمو پان_ئیسلامیزمدا، وەک یەکێک لەو ڕێگایانە بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی گیرایەبەر(١٣)، هەر بۆیە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا، نەتەوەپەرستیی تورکیا لە گۆڕەپانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا دەرکەوت، بە تایبەتی لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی‌و تورکە گەنجەکانەوە (Jön Türkler)(١٣).

**لە دوای کۆتاییهاتنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، نەتەوەپەرستی ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە بونیادنانەوەی دەوڵەتو کۆمەڵگەی تورکیادا هەبووە. لەم پرۆسەیەدا نەتەوەپەرستی بووە بە پرۆژەیەک بۆ بونیادنانی شوناسێکی نەتەوەیی‌و تەنانەت بووە بە بەشێک لە خەبات بۆ پاراستنی بوون‌و یەکپارچەیی دەوڵەت.**

لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیادا بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال ئەتاتورک، نەتەوەپەرستی وەک ئایدۆلۆژیای بنەڕەتیی دەوڵەت دیاریکراو نەتەوەپەرستیی ئینقلابچی هاتەئاراوە(١٥)، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی

یەکسان بە ڕەتکردنەوەی پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی. لەم ئاڕاستەیەشدا نەتەوەپەرستیی تورک لە ڕێگەی زمانو مێژوو و سیاسەتی کولتوورییەوە بەدامەزراوەییکرا(١٦). لەگەڵ ئەمانەشدا لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک دامەزراوەو کۆمەڵەوە ئیش لە سەر مێژوو و زمانی تورکی کرا، کە ئەمانە لە سەرەتاوە بۆنی ڕەگەزپەرستیی لێدەهات. بۆ نموونە: کارکردن لە سەر ئەوەی کە زمانی تورکی سەرچاوەو دایکی زمانەکانی جیهانو مێژووی تورک سەرچاوەی مێژووی جیهانە، ئەمیش لە ڕێگەی تیۆری زمانی خۆر (Güneş-Dil Teorisi)[١] و تیۆری مێژووی تورکەوە (Türk Tarih Tezi)[٢] (١٧) لە گرنگترین ئەو بوارانەی کە دەوڵەت بۆ چەسپاندنی نەتەوەپەرستی هەوڵی بۆ داوە، بریتین لە:

**١. چاکسازیی زمانو پەروەردە:** یەکێک لە دیارترین ڕەنگدانەوەکانی نەتەوەپەرستیی تورک، ئەو چاکسازییانە بووە کە لە بواری پەروەردەو زمانو مێژوودا کران. کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە بۆ ماوی چەندین ساڵ چەندین بابەتی نەتەوەپەرستی لە کتێبی خوێندندا جێگیرکرا. لە بواری زمانو مێژووشدا دامەزراندنی کۆمەڵەی زمانی تورکی (Türk Dil Kurumu)[٣] و کۆمەڵەی مێژوویی تورکیا (Türkiye Tarih Kurumu)[٤] بوو بە هۆی ئەوەی کە زمانو مێژووی تورکی لە چوارچێوەیەکی نەتەوەپەرستیدا پێناسەبکرێتەوە. لەم پرۆسەیەدا لە شوێنی وشەی عەرەبیو فارسی، گرنگی بە بەکارهێنانی وشەی تورکی درا، ئەمەش بە ئامانجی پاککردنەوەی زمانی تورکیو بوون بە خاوەنی زمانێکی پاکی تورکیو بەهێزکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی. ئەم سەردەمە لە مێژووی تورکیادا بە سەردەمی (Harf inkılabı)[٥] هەڵگەڕانەوەی وشە ناسراوە(١٨).

**٢. سیاسەتی کولتووری:** نێوان ساڵی (١٨٩٠-١٩١٨) بە قۆناغی سەرەتایی سەرهەڵدانی نەتەوەپەرستی لە تورکیا دادەنرێت. لەم ڕوانگەیەوە لە سەرەتاکانی سەردەمی کۆماری نوێی تورکیادا، نەتەوەپەرستی زیاتر لە ڕێگەی سیاسەتی کولتوورییەکانەوە لەقاڵبدراوە(١٩). دامەزراوەکانی وەک ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان (Halkevleri) و ژووری گشتی (Halkodaları) بە ئامانجی پەروەردەکردنی گەلی تورکیا بە هۆشیارییەکی نەتەوەپەرستی دامەزران. ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان وەکو ناوەندێکی کولتووری لە چوارچێوەی بنەماکانی کۆماریخوازی، نەتەوەپەرستی، پۆپۆلیزم، عەلمانیەت، دەوڵەتخوازیو شۆڕشگێڕیدا کاریاندەکرد. ئەم دامەزراوانە بە سازدانی جەژنی نەتەوەییو یادکردنەوەو بۆنە کولتوورییەکان بەشدارییان لە بونیادنانی ناسنامەی نەتەوەییدا کردووە(٢٠). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیاو

دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا بۆ تورکەکانو کارکردن لە سەر بنەماکانی نەتەوەپەرستی، چەندین نوسەری وەک زیا گوێکاڵپZiya Göklp[٦] و یوسف ئاکچوراYusuf Akçura[٧]بە نوسینەکانیان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو. تەنانەت زیا گوێکاڵپ بە باوکی نەتەوەپەرستیی تورکی دادەنرێت. زیا گوێکاڵپ نەتەوەپەرستیی تورکیی بە ئیسلامو کولتووری نەتەوەییەوەو یوسف ئاکچوراش بە بنەچەو خوێنەوە گرێداوە(٢١).

لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا نەتەوەپەرستی لە گۆڕەپانی سیاسیدا زیاتر پەرش‌و بڵاوبووەوە، ئەمەش بە هۆی کاریگەریی جەنگی جیهانیی دووەمەوە، گوتارو سیاسەتی نەتەوەپەرستی لە کۆمەڵگەکاندا بەربڵاوتر بووە. بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی بەشداریی شەڕیان کردبوو(٢٢). نەک هەر ئەمە، بەڵکو یەکێک لە هۆکارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمو دووەم نەتەوەپەرستی بووە. لەم قۆناغەدا لە تورکیاش ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستیی دەوڵەت لە ناو خەڵکدا وەڵامێکی دۆزییەوەو نەتەوەپەرستی دەستی بە چوونەناو سەرجەم چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کرد(٢٣).

گواستنەوەی تورکیا بۆ ژیانی فرەحزبی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، کاریگەریی نەتەوەپەرستیی، بە تایبەتی نەتەوەپەرستیی سیکۆلارانە، لە گۆڕەپانی سیاسیدا زیاترکرد. ئەم جۆرە لە ئایدۆلۆژیا، لە سەر بنەماکانی دامەزراندنی تورکیای نوێ یاخود تورکیای سیکۆلار، بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال ئەتاتورک دروستبووبوو. لەم قۆناغەدا هەرچەندە سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا، بەڵام ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستیی پارێزگارانە بوو بە ڕۆژەڤ. کە ئەم ئایدۆلۆژیا نوێیەی نەتەوەپەرستی لە سەر ئایینی ئیسلام بە تێگەیشتنی مەزهەبی سوننیو مێژووی ئیسلامی تورکیو بە تایبەتی سەردەمی عوسمانی دامەزراوە(٢٤). لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی پارتی دیموکرات، گوتاری نەتەوەپەرستی زیاتر جەماوەری بووەو ئیدی بوو بە ئامرازێکی گرنگی کێبڕکێی سیاسی. پارتی دیموکرات بە کەڵکوەرگرتن لە گوتاری نەتەوەپەرستی، جەماوەرێکی زۆری لە چوارچێوەی پارتەکەی خۆی کۆکردەوەو توانیی لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت(٢٥).

**لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیادا بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک، نەتەوەپەرستی وەک ئایدۆلۆژیای بنەڕەتیی دەوڵەت دیاریکراو نەتەوەپەرستیی ئینقلابچی هاتەئاراوە.**

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوویشدا، تورکیا لە ژێر کاریگەریی جەنگی سارددا وەک دەوڵەتێکی پارێزەر لە دژی یەکێتیی سۆڤیەت جێگیربوو. لەم پرۆسەیەشدا گوتاری نەتەوەپەرستی وەک ئامرازێکی گرنگ لە شەڕی دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت بەکارهێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییە نزیکەکان لەگەڵ ئەمریکاو ئەندامێتیی ناتۆ وایانکردووە کە توێژە نەتەوەپەرستەکان لە تورکیا پشتگیری لە سیاسەتەکانی لایەنگریی ڕۆژئاوا بکەن(٢٦).

**ئاکپارتی لە ڕێگەی هەوڵدانەوە بۆ ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا هەوڵیدا نەتەوەپەرستی بە شێوەی لیبراڵی دەربخات، بەڵام ئاڵنگارییەکانی بەردەمی و بە تێپەڕبوونی کات نەتەوەپەرستی دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو.**

### پرسی کوردو سەرهەڵدانی سیاسەتی نەتەوەپەرستی

ساڵانی نەوەدەکان قۆناغێک بوو کە تێیدا نەتەوەپەرستی لە تورکیا لە دەوری پرسی کورد زیاتر برەوی بەخۆیەوەبینی. کردەوەکانی پەکەکە وایکرد دەوڵەت زیاتر جەخت لە گوتاری نەتەوەپەرستی بکاتەوەو هەستی نەتەوەپەرستی لە کۆمەڵگەدا چڕتربکاتەوە، چونکە پەکەکە بە مەترسییەک بۆ دابەشکردنی خاکی تورکیا دادەنرا. لەم سەروبەندەدا چالاکییەکانی پەکەکە، هێنانەوەی سەربازی کوژراوی تورکیاو هاوکاریکردنی پەکەکە لەلایەن ڕۆژئاواوە، وایکرد هەستی نەتەوەپەرستی دووبارە بوژانەوەیەکی دیکە بەخۆیەوەببینێت(٢٧).

لە ساڵانی نەوەدەکاندا دۆخێک هاتەئاراوە کە ئیتر مەرج نییە لە دەرەوەی تورکیا دوژمن هەبێتو کاریگەریی لە سەر ڕەوتی نەتەوەپەرستی هەبێت، بەڵکو لێرە بە دواوە کێشەی کورد هاتەئاراوەو هۆکارە ناوخۆییەکان بوون بە هۆی بەهێزکردنی گوتارو کرداری نەتەوەپەرستی(٢٨). لەم نێوەندەدا چەندین شێوازی سیاسیو سەربازی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەستپێکرد، بەڵام سیاسەتی دەوڵەت زیاتر بوو بە هۆی بەهێزبوونی گوتاری نەتەوەپەرستی. لەو ماوەیەدا پارتە نەتەوەپەرستەکانو ڕێکخراوە ناحکومییەکان بانگەشەیان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکردو گوتارە نەتەوەپەرستییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زیاتر ڕەنگدانەوەی هەبوو(٢٩). هەر لەم ساڵانەدا مەهەپەو پارتە نەتەوەپەرستەکانی دیکە بوون بە هێزێکی گرنگ لە سیاسەتی تورکیادا. مەهەپە بە پشتیوانیی دەوڵەت لە شەڕی دژی پەکەکە، دەنگدەرانی نەتەوەپەرستی

کۆکردەوەو سەرکەوتنی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستهێنا. لەم پرۆسەیەدا نەتەوەپەرستی نەک هەر وەک ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی، بەڵکو وەک بزوتنەوەیەکی سیاسیش هێزی پەیداکردووە(٣٠).

**سەردەمی ئاکپارتی وڕەوتی نەتەوەپەرستی**

لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا سەرلەنوێ نەتەوەپەرستی لە تورکیا شێوەیەکی نوێی لە گۆڕەپانی سیاسیدا وەرگرت. هاتنەسەرکاری پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) لە ساڵی (٢٠٠٢) دا گۆڕانکاریی بەرچاوی لە هەیکەلی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی تورکیادا بە دوای خۆیدا هێنا. ئەویش بریتی بوو لە هاتنەسەر دەسەڵاتی پارتێک کە ئایدۆلۆژیاو شوناسی خۆی بە پارێزگارێکی دیمۆکراسیخواز پێناسەدەکرد(٣١). لە سەر ئەم بنەمایە ئاکپارتی لە ڕێگەی سیاسەتەکانیەوە هەوڵیدا شێوەیەکی نوێ لە شوێنی نەتەوەپەرستی؛ سیکۆلار دابنێت، ئەویش بریتییە لە نەتەوەپەرستیی پارێزگارانە (Milliyeçi Muhafazakarlık). ئەمەش بە تایبەتی لە دوای هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) زیاتر ڕەنگیداوەتەوە، تێیدا ئەو گوتارە خرایەڕوو کە ئەم هەوڵی کودەتایە بە هۆی هێزو ئیرادەی ئایینییەوە ڕێگریلێکراو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت تورکیا لە ئیسلامەتی دووربخەنەوە. لە ناو قوتابخانەکانیشدا لە یادی کودەتاکەدا باس لە قارەمانیەتیی ئەو کەسانە دەکرێت کە بە هۆی هەستی ئایینییەوە ڕێگرییان لە کودەتاچییەکان کردو شەهیدبوون. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پارێزگارەکان خۆیان وەک خاوەنی ئەم سەرکەوتنە لەقەڵەمدەدەن(٣٢).

**نوسەرانی وەک زیا گۆکاڵپ (Ziya Göklp)ویوسف ئاکچورا (Yusuf Akçura) بە نوسینەکانیان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە گرێدانی نەتەوەپەرستیی تورکی بە ئیسلامو بنەچەو خوێنەوە.**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دروشمی یەک نەتەوە، یەک ئاڵا، یەک نیشتیمانو یەک دەوڵەتەوە لە زۆرینەی کۆبوونەوە سیاسی‌و گوتارەکانیدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەپەرستیی تورکیدا هەبووە، چونکە ئەم دروشمە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە هەموو ئەوانەی لە تورکیادا دەژین، یەک نەتەوەن، خاوەنی یەک ئاڵان، یەک نیشتیمانو یەک دەوڵەتیان هەیە، هەر بۆیە ڕێگە بە کەسانێک نادەن کە بیانەوێت ئاژاوە لە تورکیادا دروستبکەنو خاکیان دابەشبکەن(٣٣).

ئاکپارتی لە ساڵانی یەکەمی دەسەڵاتی خۆیدا گرنگییەکی زۆری بە پرۆسەی ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا داوەو بەو پێیەش چاکسازیی گرنگی لە بواری دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدا. لەم پرۆسەیەدا گرووپە نەتەوەپەرستەکان رەخنەیان لەو دانوستانو چاکسازییانە گرت کە لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا کراونو باسیان لەوە کرد کە سەروەریی نەتەوەیی تورکیا زیانی پێگەیشتووە، بەڵام سەرکەوتنی ئابووریی ئاکپارتیو سیاسەتە ریفۆرمخوازەکان لە چینو توێژە بەرفراوانەکانی کۆمەڵگەدا پشتیوانییان بەدەستهێنا(٣٤). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ساڵی (٢٠٠٩) حکومەتی ئاکپارتی بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد بە دەستپێشخەریی پرۆسەیەک بە ناوی "کرانەوەی کورد"ەوە هەنگاوێکی گرنگی بە رووی دیموکراسیدا ناوە(٣٥). ئەم پرۆسەیە کاردانەوەی توندی گرووپە نەتەوەپەرستەکانی وەرگرتو لەلایەن پارتێکی وەک مەهەپەوە بە "جوداخوازی" پێناسەکرا. کرانەوەی کورد بووە بە هۆی بەهێزبوونەوەی گوتاری نەتەوەپەرستیو زیادبوونی جەمسەرگیری لە کۆمەڵگەدا.
هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) زەبرێکی کوشندەی لە تورکیا داوەو وایکرد دەوڵەت بە سیاسەتە ئەمنییەکانی خۆیدا بچێتەوە. دوای هەوڵی کودەتاکە، نزیکبوونەوە لە نێوان پارتی دەسەڵاتدارو پارتە نەتەوەپەرستەکاندا هاتەکایەوەو دەوڵەت باخچەلی؛ سەرۆکی مەهەپە، پاڵپشتییەکی توندی بۆ حکومەت راگەیاند. ئەم پرۆسەیە بەشداریی لە بەهێزکردنی گوتاری نەتەوەپەرستیدا کردو جەختی لە "یەکێتیی نەتەوەیی" کردەوە(٣٦).
بەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠١٨)، هاوپەیمانییەکی سیاسی بە ناوی هاوپەیمانیی کۆمارەوە (Cumhur İttifakı) لە نێوان ئاکپارتیو مەهەپەدا پێکهێنرا. ئەم هاوپەیمانییە لە سەر هێڵی نەتەوەپەرستی-پارێزگارانە یەکیگرتو لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. هاوپەیمانیی کۆمار بووە بە هۆی ئەوەی کە گوتاری نەتەوەپەرستی زیاتر لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیادا دەربکەوێت(٣٧). جگە لەمەش، رێژەی دەنگەکانی پارتە نەتەوەپەرستەکان لەم هەڵبژاردنانەی دواییدا زۆر زیادیکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە (٢٨)ی ئابی (٢٠٢١) لەگەڵ دروستکردنی پارتی زەفەردا (Zafer Partisisi) لەلایەن ئومید ئۆزداغەوە (Ümit Özdağ) رێژەی دەنگی پارتە نەتەوەپەرستەکان بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو زۆر زیادیکردووە. بۆ نموونە: رێژەی دەنگی پارتی باش (İyi Parti)و مەهەپە لە هەڵبژاردنی (٢٠١٨)دا لە (٢١٪) بوو(٣٨)، بەڵام دوای دروستبوونو بەشداریکردنی پارتی زەفەر لە هەڵبژاردنی (١٤)

ی ئایاری (٢٠٢٣) ڕێژەی دەنگەکانی هەرسێ پارتەکە بۆ (٢٣٪) بەرزبووەوەو چاوەڕواندەکرێت زیاتر بەرزببێتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ سیاسەتی دژایەتیی ئاوارەکان، مەترسیی ئاسایشو ئابووریی تورکیا دەگەڕێتەوە(٣٩). لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵبژاردنی (٣١) ی مارتی (٢٠١٩) هاوپەیمانیی کۆمار توانیی ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەنگەکان بەدەستبهێنێت، کە تێیدا مەهەپە توانیی ڕێژەی (٧.٣٪) بەدەستبهێنێت، بەمەش توانیی (١١) سەرۆکی شارەوانی بۆ خۆی مسۆگەربکات(٤٠).

## پرۆسەی ئاشتیو کاریگەریی لە سەر پرسی نەتەوەپەرستی

پرۆسەی ئاشتی کە لە ساڵانی دووهەزارەکاندا لە تورکیا بۆ چارەسەری پرسی کورد دەستیپێکرد، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر کاردانەوەی ڕەوتی نەتەوەپەرستی هەبوو. حکومەتی ئاکپارتی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بە دیالۆگ داوە، بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩) هەتا (٢٠١٥). لەم پرۆسەیەدا دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ ڕێبەری پەکەکەدا کراو هەنگاوی جۆراوجۆر بۆ کۆتایهێنان بە توندوتیژییەکان نرا(٤١)، بەڵام بە هۆی جەنگی ناوخۆیی سوریاو دروستبوونی پارتە کوردییەکانو دواجار هاتنەکایەی کانتۆنەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، پەکەکە پشتگیریی خۆی بۆ ئەم پارتانە دەربڕیو بەشداریی لە چەندین چالاکی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد، ئەمەش وەکو مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی سنوورەکانی تورکیا سەیردەکرا. لە لایەکی دیکەوە خۆپیشاندانەکانی (٦-٨) ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٤)ی شارەکانی باکووری کوردستانو هەڵکەندنی خەندەقو دروستبوونی شەڕی کۆڵان بە کۆڵان لە ئامەد، جەزیرە، گەڤەرو چەند ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی دیکەی باکووری کوردستان لە نێوان پەکەکەو هێزە ئەمنییەکانی تورکیا، دەسەڵاتو بە تایبەتی ئاکپارتی کەوتنەبەر ڕەخنەی توندی گرووپە نەتەوەپەرستەکان لە تورکیا(٤٢). لە ساڵی (٢٠١٥) لەگەڵ کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئاشتیو دەستپێکردنەوەی ململانێکان، تەوژمی نەتەوەپەرستی دەستی بە هەڵکشان کردەوە. لەم قۆناغەدا گوتاری نەتەوەپەرستی دەنگدانەوەیەکی فراوانی لە کۆمەڵگەدا هەبوو و نەتەوەپەرستی لە ناوەندی سیاسەتەکانی ئاکپارتیدا زۆر زیاتر بەرچاودەرکەوت، بە تایبەتی جەنگی ناوخۆیی سوریاو نیگەرانییەکانی ئاسایشی سنوورەکان بووە بە هۆی بەهێزتربوونەوەی کاردانەوەی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە تورکیادا(٤٣)، هەر بۆیە دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە سوریا، بە تایبەتی ئۆپەراسیۆنەکانی قەڵغانی

فوراتو چڵەزەیتوونو کانی ئاشتی، کاریگەریان هەبووە لە سەر توندبوونەوەی هەستی نەتەوەپەرستی. لە ڕوانگەی تورکیاوە "ئەم ئۆپەراسیۆنانە بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانو بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان" کراون(٤٤)، هەر بۆیە لەلایەن گرووپە نەتەوەپەرستەکانەوە بە توندی پشتیوانیکراوە.

**ساڵانی نەوەدەکان قۆناغێک بوو کە تێیدا نەتەوەپەرستی لە تورکیا لە دەوری پرسی کورد زیاتر برەوی بەخۆیەوەبینی. کردەوەکانی پەکەکە وایکرد دەوڵەت زیاتر جەخت لە سەرگوتاری نەتەوەپەرستی بکاتەوەو هەستی نەتەوەپەرستی لە کۆمەڵگەدا چڕتربکاتەوە.**

لەم سەروبەندەشدا بانگەشەی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستو گرژییەکان لە سەر دەسەڵاتە دەریاییەکان، وایکردووە گوتاری نەتەوەپەرستی زیاتر لە سیاسەتی دەرەوەدا دەربکەوێت. ناکۆکی لەگەڵ یۆنانو ئیدارەی قوبرسی باشووردا کاریگەریی لە سەر کۆکردنەوەی هەستی نەتەوەپەرستی لە سیاسەتی ناوخۆدا لەگەڵ گوتاری بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیادا هەبووە(٤٥).

## بوژانەوەی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە تورکیا

وەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەپێکراوە، بنەماکانی نەتەوەپەرستی لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی تورکیای نوێ، تێیدا دەوڵەت لە ڕێگەی گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی سیاسی، کولتووری، پەروەردەیی و ئابوورییەوە هزری نەتەوەپەرستیی زیاتر پەرەپێدا. ئەو نەتەوەپەرستییە کە برەویپێدرا، نەتەوەپەرستییەکی سیکۆلار بوو، بەڵام ئێستا لە ژێر ناوی نەتەوەپەرستیی پارێزگاردا گرنگیی بە تەوژمی نەتەوەپەرستی دەدرێت، لەم بابەتەشدا پارتی دادو گەشەپێدان بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕۆڵێکی گرنگو سەرەکیی بینیوە(٤٦).
بە شێوەیەکی گشتی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٠) بە دواوە جارێکی دیکە ڕووی لە هەڵکشان کرد. بە تایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠١٥) پرسگەلێکی وەک پرسی کورد، شەڕی ناوخۆی سوریا، ئاسایشی سنوورەکانو کۆچبەری بوون بە هۆی بەهێزبوونی گوتاری نەتەوەپەرستی(٤٧). حکومەتی ئاکپارتی بە گرتنەبەری گوتارو سیاسەتی نەتەوەپەرستی، پشتیوانیی تەوژمی نەتەوەپەرستەکاتی بەدەستهێنا. لەم

قـۆنـاغـەدا نـەتـەوەپـەرسـتی نـەک تـەنها لە سیاسەتەکانی دەوڵـەتـدا، بەڵکو لە چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەشدا برەوی پەیداکرد. سەبارەت بەم بابەتە نوسەری دیـاری سایتی تامگا تـورک؛ بەهادرخان دینـچ ئـاسـڵان، دەڵـێـت: هەڵکشانی نەتەوەپەرستی تازە نییە، بەڵکو دەمێکە دەستیپێکردووە، تەنانەت ئەم هەڵکشانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو(٤٨).

پـارتـی سـیـاسـی، ڕێـکـخـراوو بـزوتـنـەوە نەتەوەپەرستەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە بـوژانـەوەی نـەتـەوەپـەرسـتـیـدا هـەبـووە. مەهەپەو بە تایبەتی دەوڵەت باخچەلی؛ سـەرۆکی پـارتـەکـە، لـە بـڵاوکـردنـەوەی گـوتـاری نـەتـەوەپـەرسـتـیـدا کاریـگـەریی بەرچاویان هەبووە. هاوپەیمانیی مەهەپە لەگەڵ ئاکپارتیدا، کە بە "هاوپەیمانیی کـۆمـار" نـاسـراوە، کاریـگـەریی گـەورەی لـە سـەر نـەتـەوەپـەرسـتی لـە سیاسـەتی تـورکـیـادا هـەبـووە. پـێـکـەوە ستراتیژی ناخۆییو دەرەکییان پەیڕەوکردووە(٤٩).

سـەرەڕای ئـەوەش، لـەم پـرۆسـەیـەدا کاریگەریی کاردانەوەی نەتەوەپەرستەکان لـە سـەر مـیـدیـاو سـۆشـیـالمیـدیـاو کولتووری تورکی زیادیکردووە. هەر لەم بارەیەوە یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆمار بە سەر ڕکابەرەکەی کـەمال کلچدارئۆغلۆدا سـەربکـەوێت، تۆمەتبارکردنی کلچدارئۆغلۆ بوو بە بوونی پەیوەندیو هاوکاری لەگەڵ پارتی دیـمـوکـراتـی گـەلانـدا (هـەدەپـە)(٥٠). لـەگـەڵ هـەمـوو ئـەمـانـەشـدا لـە دوای هاوپەیمانیەتیی نێوان ئاکپارتیو مەهەپە چـەنـدین ئـۆپـەراسـیـۆنی سـەربـازی بۆ سـوریـاو عـێراق، بە تایبەتی باشـوورو ڕۆژئـاوای کـوردسـتـان کـراوە. بێگومان لـە بـەڕێـوەچـوونی ئـەم ئـۆپـەڕاسـیـۆنـە سـەربـازیـیـانـەدا، مەهەپەو بە تایبەتی دەوڵـەت باخچەلی ڕۆڵێکی گرنگیان بینییەوو بـەردەوام لـە ڕێـگـەی گوتارە نەتەوەپەرستییەکانەوە پشتگیریی خۆیان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان دەربڕیوە(٥١).

**لە ساڵانی نەوەدەکاندا، دۆخێک هاتەئاراوە کە ئیتر مەرج نییە لە دەرەوەی تورکیا دوژمن هەبێتو کاریگەریی لە سەرڕەوتی نەتەوەپەرستی هەبێت، بەڵکو لێرە بە دواوە کێشەی کورد هاتەئاراوەو هۆکارە ناوخۆییەکان بوون بە هۆی بەهێزکردنی گوتارو کرداری نەتەوەپەرستی.**

بـوژانـەوەی نـەتـەوەپـەرسـتی لـە تـورکـیـادا نەک تەنها لە گۆڕەپانی سیاسیدا، بەڵکو لە داینامیکی کۆمەڵایەتییشدا ئاماژەکانی دەرکەوتووە، هەر بۆیە زیادبوونی هەستی نـەتـەوەپـەرسـتی لـە کۆمـەڵـگـەدا بـووە بە هـۆی چـەنـدین ئـەنـجامی نـەرێـنیی وەک جیاکاریی نەتەوەییو جەمسەرگیری. هەر

لەم ڕوانگەیەوە سەرەڕای گۆڕینی ناوی یانەی دیاربەکرسپۆر (DiyarbakırSpor) بۆ ئامەدسپۆر (AmedSpor) لە کاتی پرۆسەی ئاشتیو ڕەزامەندی فیدراسیۆنی تۆپی پێی تورکیا (TFF)، بەڵام دوای تێکچوونی پرۆسەکەو هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە تورکیا، یانەکە ڕووبەڕووی چەندین گرفتی وەک هێرشکردنەسەر یاریزانانی، بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕەگەزپەرستی بەرانبەریان، تومەتبارکردنیان بە جیاکاریی نەتەوەییو بێبەشکردنی هاندەرەکانیان لە چوونیان بۆ ناو یاریگاکان لە کاتی یارییەکاندا(٥٢). هەر لەم بارەیەوە لە (٥)ی ئاداری (٢٠٢٣) لە یاریی نێوان ئامەدسپۆرو بورساسپۆر چەندین گوتارو دروشمی ڕەگەزپەرستی بەرانبەر بە یاریزانانی ئامەدسپۆر بەرزکرابووەوە. پێش یارییەکەو کاتێک یاریزانانی ئامادسپۆر گەیشتنە بەردەم ئەو ئوتێلەی بڕیار بوو تێیدا بمێننەوە، لەلایەن لایەنگرانی یانەی بورساسپۆرەوە چەندین دروشمی نەتەوەپەرستی دژیان دەگوترایەوە. لە کاتی یارییەکەشدا چەندین دەبەی ئاو، چەقۆو فیشەکی ئاگرین ئاڕاستەی یاریزانانی ئامەدسپۆر کراوە(٥٣). تەنانەت دوای یارییەکەش دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە، لە گوتارێکیدا گوتی: "بە بڕوای ئێمە شوێنێک نییە ناوی ئامەد بێتو باسی یانەیەک ناکرێت ناوی ئامەدسپۆر بێت. دەستخۆشی لە هاندەرانی بورساسپۆر دەکەم بۆ ئەو هەڵوێستە نەتەوەییەیان."(٥٤). لەگەڵ ئەمەشدا لە شاری نەڤشەهیر بە بەهانەی ئەوەی بەرگی یانەی ئامەدسپۆریان پۆشیبوو، چەند کرێکارێکی دیاربەکر بە چەقۆ هێرشیانکرایەسەرو بە سەختی بریندارکران. هەموو ئەمانە هەڵکشانی تەوژمی نەتەوە هەتا ئاستی باڵا لە تورکیا دەخەنەڕوو(٥٥). جگە لەوانەش، لەم ساڵانەی دواییدا نەتەوەپەرستیی ئابووریش لە تورکیادا هاتووەتەئاراوە. ئەمەش لە ڕێگەی بایەخدان بە بەرهەمی ناوخۆی بە دروشمی "ناوخۆییو نیشتیمانی" (Yerli ve Milli) پاڵپشتیدەکرێتو ئامانج لێی زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆییە، بە تایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیاو پیشەسازیی بەرگریدا. ئەم ڕێبازە جەخت لە سەر سەربەخۆیی ئابووری دەکاتەوە، ئەمەش دەبێت بە هۆی ئەوەی هەستی نەتەوەپەرستی لە بواری ئابووریشدا دەربکەوێت. ئەردۆغان ئەم دروشمەی لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایيە تێکەڵ بە سیاسەت کردو توانیی سەرکەوتنێکی بەرچاوی پێبەدەستبهێنێت(٥٦).

### هۆکارەکانی پشت هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە تورکیا

سەرلەنوێ هەڵکشانەوەی نەتەوەپەرستی لە تورکیا پەیوەندییەکی نزیکی بە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانەوە لە پێکهاتەی

کۆمەڵایەتی-سیاسیو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا هەیە. ئەم پرۆسەیە کە بە تایبەتی بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ئاکپارتی لە ساڵی (٢٠٠٢) دەستیپێکرد. ئەم قۆناغەی تورکیا بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ شوناسی نەتەوەییو گوتاری نەتەوەپەرستی لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، زاڵتربوو. ئەم گۆڕانکارییە لە تێکەڵکردنی چەند هۆکارێکی سەرەکییەوە هاتووەتەئاراوە. لە ناو ئەو هۆکارانەدا، زیادبوونی نیگەرانییە ئەمنییەکانی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا، بە تایبەتی کاریگەرییەکانی شەڕی پەکەکەو جەنگی ناوخۆی سوریا بە تایبەتی لە دوای (٢٠١٥) . هەر لەم ڕوانگەیەوە بە پێی ڕاپرسییەکی ئەکادیمیای جیهانیو توێژینەوەی ئەکادیمێتری (Global (Akademi ve Akademetre Araştırma ئێستا گرنگترین بابەتی تورکیا دوای گرفتە ئابوورییەکان، بریتییە لە "هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر". ئەمەش ڕۆڵی گەورەی لە بەرزکردنەوەو هەڵکشانی نەتەوەپەرستی لەو وڵاتە هەیە(٥٨). لەگەڵ هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)و پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی نێوان ئاکپارتیو مەهەپە، کە ئەم لێکنزیکبوونەوەیە لە بەهێزکردنی سیاسەتە نەتەوەپەرستییەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. جگە لەمانەش، گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی لە ساڵی (٢٠١٧)، ڕێبازێکی ناوەندیو بەهێزی سەرکردایەتی لە تورکیادا هێناوەتەکایەوە، ئەمەش ڕێگەیخۆشکردووە بۆ گوتارو سیاسەتی نەتەوەپەرستی بۆ دۆزینەوەی بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی فراوانتر(٥٩).

**لە هەندێک قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کۆماری تورکیای نوێدا، نەتەوەپەرستی نەک تەنها وەک ئایدۆلۆژیایەک، بەڵکو وەک هێزو ئاڕاستەیەکی سیاسی گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیوەو تەنانەت هەندێک پارتی سیاسی سوودی زۆر باشیان لێبینیوە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردندا.**

بە شێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندنو سۆشیالمیدیا، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستیدا بینیوە. دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی ئەوانەی لە حکومەتەوە نزیکن، زۆر جار گوتاری نەتەوەپەرستی بۆ ئاڕاستەکردنی ڕایگشتیو تیشکخستنەسەر یەکێتیی نەتەوەیی بەکاردەهێنن. دراما تەلەفزیۆنیو فیلمو دۆکیومێنتارییەکانیش بە ڕوماڵکردنی چیرۆکی قارەمانە نەتەوەییەکانو سەرکەوتنە مێژووییەکان هەستی

نەتەوەپەرستی بەهێزتردەکەن. لەم ڕوانگەیەوە ئێستا بە هۆی کاریگەریی ڕاگەیاندنەوە ڕەوتی نەتەوەپەرستی لە ناو گەنجانی پارێزگاردا بڵاوبووەتەوەو بەرزبووەتەوە. بە پێی ڕاپرسییەکی ئەکادیمیای جیهانیو توێژینەوەی ئەکادیمێتری لە ناو گەنجاندا ئەوانەی خۆیان بە نەتەوەپەرست دادەنێن، لە نێوان (١٨-٢٤) ساڵدان، لە کاتێکدا شێوەی ژیانی ئەمانە پارێزگارانەیە(٦٠). لەگەڵ ئەوەشدا پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمیدیا پانتاییەکی فراوان بۆ بڵاوبوونەوەی گوتاری نەتەوەپەرستی بە خێرایی، بە تایبەتی لە ناو گەنجادا. ئەو پۆستانەی سۆشیالمیدیا، کە جەخت لە سەر بەها نەتەوەییەکان دەکەنەوەو هەڵمەتی هاشتاگو نارەزایەتیی ئۆنلاین ئاماژە بە سەرهەڵدانی نەتەوەپەرستیی دیجیتاڵی دەکەن. هەروەها ئەم پلاتفۆرمانە بۆ ڕێکخستنو گەیشتن بە ئامادەبوانی زۆر، ڕێگە بە ڕێکخراوو بزوتنەوە ناحکومییە نەتەوەپەرستەکان دەدەن(٦١).

**ئەنجام**

لە تورکیا نەتەوەپەرستی بزوتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژییە، ڕەگوریشەکەی مێژووییەکی قووڵی هەیەو لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریدا لە کارلێکی بەردەوامدایە. لەگەڵ دانانی بەردی بناغەی کۆماری تورکیاوە هەتا ئێستا، نەتەوەپەرستی لە قۆناغە جیاجیاکاندا بە شێوەی جیاواز خۆی دەرخستووەو هەندێک جار ڕۆڵێکی ناکۆکو دژبەیەکو هەندێک جاریش یەکگرتووی وەرگرتووە.

**ئاکپارتی لە ڕێگەی سیاسەتەکانیەوە هەوڵیداوە لە شوێنی نەتەوەپەرستیی سیکۆلار، نەتەوەپەرستیی پارێزگارانە (Milliyeçi Muhafazakarlık) بچەسپێنێت، بە تایبەتی دوای هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) نیشاندراوە، کە بە هۆی هێزو ئیرادەی ئایینییەوە ڕێگری لە کودەتاکە کراوەو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت تورکیا لە ئیسلامەتی دووربخەنەوە.**

ئەمڕۆ نەتەوەپەرستی کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر دارشتنی هاوپەیمانییە سیاسییەکان، بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە، ڕایگشتیو بەرهەمهێنانی کولتووریدا هەیە. هەڵکشانی نەتەوەپەرستی لە تورکیا، پەیوەندیی بە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووریی ناوخۆییو دەرەکییەوە هەیە.
لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: ئایندەی نەتەوەپەرستی لە تورکیادا، بە پێی هۆکارە ناوخۆییو دەرەکییەکان پێشبینیدەکرێت. هاوپەیمانیو کێبڕکێی نێوان لایەنە

سیاسییەکان لەو وڵاتە پێوانەو ئاڕاستەی گوتاری نەتەوەپەرستی دیاریدەکات. درێژەدان بە هاوپەیمانیی کۆمار لەلایەن ئاکپارتیو مەهەپەوە یان ئەگەری پێکهاتە سیاسییە نوێیەکان ڕەنگە کاریگەریی نەتەوەپەرستی لە بواری سیاسیدا زیاد یان کەمبکاتەوە.

ئەو هەنگاوانەی کە دەبێت بەرەو چارەسەری کێشەی کورد بنرێن، ڕەنگە کاردانەوەی گرووپە نەتەوەپەرستییەکان ڕابکێشن یان پاڵپشتییبکەن، لە کاتێکدا کە دیالۆگو چارەسەری ئاشتیانە دەتوانن لە نەرمکردنی گوتاری نەتەوەپەرستیدا بەشداربن. لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتە ئەمنییەکانی دەوڵەت هەستی نەتەوەپەرستی لە تورکیا بەهێزتردەکەن.

**ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دروشمی "یەک نەتەوە، یەک ئاڵا، یەک نیشتیمان، یەک دەوڵەت" لە زۆرینەی کۆبوونەوە سیاسیو گوتارەکانیدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەپەرستیی تورکیدا هەبووە.**

ئەو ئاڵنگاریو دەرفەتانەی کە تورکیا لە مەیدانی هەرێمیو نێودەوڵەتیدا ڕووبەڕوویدەبێتەوە، کاریگەریی لە سەر چڕیی گوتاری نەتەوەپەرستی دەبێت. بە تایبەتی پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سوریاو عێراق ڕەنگە هەستی نەتەوەپەرستی لەگەڵ گوتاری بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیادا کۆبکاتەوە. سەقامگیریی ئابووری یان قەیرانەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە کاردانەوەی نەتەوەپەرستەکان. سەختیی ئابووری دەتوانێت ببێت بە هۆی زیادبوونی هەستی نەتەوەپەرستی لەگەڵ تۆمەتبارکردنی وڵاتانی زلهێزدا بە هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری لە تورکیا.

---

١-تیۆری زمانی خۆر: ئەم تیۆرە بانگەشەی ئەوە دەکات کە زمانی تورکی یەکەمین زمانی دونیا بووە. ئەم تیۆرە لە ساڵی (١٩٣٠) بە سەرپەرشتیی مستەفا کەمال ئەتاتورک دامەزرا. بە پێی ئەم بیرۆکەیە یەکەم فاکتەری لەدایکبوونی زمان خۆرە. خۆر نەک هەر بوو بە هۆی لەدایکبوونی بیری ئایینیو فەلسەفی، بەڵکو بوو بە هۆکاری سەرەکیی لەدایکبوونی زمان. کاتێک مرۆڤ لە بوونەوەرێکەوە، کە بە غەریزە کاردەکات، دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێک کە دەتوانێت بیربکاتەوە، یەکەم شت کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە لە گەردووندا دەیبینێت، خۆرە. یەکەم دەنگ کە وەسفی ئەم چەمکە دەکات، دەنگی "ئاغ"ە، کە ڕەگی زمانی تورکییە. ئەم تیۆرە کە دێرینیی زمانی تورکی ئاشکرادەکات، مامەڵەی لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا دەکرد کە زمانەکانی جیهان لە زمانی تورکییەوە سەرچاوەیانگرتووە. بەڵام دواتر ئەم تیۆرە ڕوبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر

بووەوە، ڕەخنەگران جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بارەیەوە کراون، هیچ بنەمایەکی زانستیان نییە. سەرچاوە: https://ataturkansiklopedisi.gov.tr/bilgi/)gunes-dil-teorisi/). بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە: ئیسماعیل بێشکچی، تێزی تورک بۆ مێژوو، تیۆری زمانی خۆرو کێشەی کورد، و: ئاسۆس هەردی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، (٢٠٠٠).

٢-تێزی مێژووی تورک: ئەم تێزە ساڵی (١٩٢٨) لەلایەن ئەتاتورکەوە لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی سێ بڵاوکراوەو دوو کۆنگرە لە سەر مێژووی تورک کرا، خرایەڕوو. بە پێی ئەم تێزە تەواوی شارستانیەتەکانی دونیا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە سەرچاوەیانگرتووە. لە ئاسیای ناوەڕاست کۆمەڵە کەسانێکی لێژیاوە، بە زمانی تورکی قسەیانکردووەو دواتر بە هۆی وشکەساڵییەوە بۆ تەواوی دونیا کۆچیانکردووە. ئەم تێزە دواتر ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە. یەکێک لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەم تێزە کرایەوە، بریتییە لەوەی کە لێکۆڵینەوەکان بنەمای زانستییان نەبووەو زیاتر گرنگیدان بووە بە ڕەگەزی تورک، واتە لە سەر بنەمای ڕەگەزپەرستی دامەزراوە. سەرچاوە: Yunus Emre ÖZKUL, Akademik) Literatürde Türk Tarih Tezi Sorunsalı, İzmir Sosyal Bilimler Dergisi, cilt ,١ sayı ,١ Haziran ٢٠١٩).

٣-دامەزراوەی زمانی تورکی (TDK) دامەزراوەیەکە لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لە (١٢)ی تەممووزی (١٩٣٢) بە مەبەستی خوێندنی زمانی تورکی، کارکردن بۆ پەرەپێدانی زمانی تورکیو بڵاوکردنەوەی بە هەموو جیهاندا دامەزراوەو هەر خۆشی بوو بە سەرۆکی دامەزراوەکە. دواتر لە (٢٥)ی ئەیلوولی (١٩٣٢) سامیح ڕفات وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێردرێت. دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٢) بە گوێرەی مادەی (١٣٢) لە دەستووری تورکیا، کە دوای هەڵگەڕانەوەکە نوسرایەوە، دامەزراوەی زمانی تورکی خراوەتەژێر کۆنترۆڵو چاودێریی دامەزراوەی باڵای ڕۆشنبیریو زمانو مێژوویی ئەتاتورکەوە، ئەمیش ناوەندێکە کە توێژینەوە لە زمانی تورکی دەکۆڵێتەوەو بڵاودەکرێتەوە. سەرچاوە: Şükrü Haluk Akalın, Türk Dil) Kurumu, TDV İslam Ansiklopedisi, cilt.٤١, ٢٠١٢, s٥٣٦-İstanbul, ٥٣٨).

٤-دامەزراوەی مێژوویی تورکیا (TTK): دامەزراوەیەکی توێژینەوەیە تایبەت بە مێژووی تورک، لە (١٥)ی نیسانی (١٩٣١) لە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێریی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا دامەزراوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە مێژووی تورک بە هەڵە لە ئەوروپا دەخرایەڕوو. دوای مردنی ئەتاتورک وەک کولتوورێک سەرۆککۆماری تورکیا بووە بە سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیەو هەتا ئێستاش ئەم کولتوورە بەردەوامە. دوای کودەتا سەربازییەکەی (١٩٨٢)، ئەم دامەزراوەیەش وەک دامەزراوەی زمانی تورکی خراوەتەژێر کۆنترۆڵو چاودێریی دامەزراوەی باڵای ڕۆشنبیریو زمانو مێژوویی ئەتاتورکەوە. سەرچاوە: (https://ttk.gov.tr/ttk-tarihce/).

٥-ئەم دوو ناوەندە وەک دامەزراوەی پەروەردەیی نافەرمی بە گوێرەی بنەمای پۆپۆلیزمی ئەتاتورک، لە چوارچێوەی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن، عەلمانیو شۆڕشگێڕ لەگەڵ دامەزراندنی کۆماردا دامەزران. ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان کە لە (١٩)ی شوباتی (١٩٣٢) بە فەرمی دەستیان بە چالاکییەکانیان کردووە، لە هەمان ڕۆژدا لە (١٤) ناوچەی جیاوازدا کرانەوە. لە هەر

یەکێک لەم ناوەندانەدا (٩) بەشی وەکو "زمانو ئەدەبیات، مێژوو و مۆزەخانە، کتێبخانەو چاپو بڵاوکردنەوە، سەنتەرو خولی فێرکاریی گشتی، هونەرە جوانەکان، نوێنەرایەتی، وەرزش، یارمەتیی کۆمەڵایەتیو گوندنشینی" لە کارکردندا بوون. ژوورە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ساڵی (١٩٣٩)دا دەمەزرا. ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان هەتا داخرانی لە ساڵی (١٩٥١) نزیکەی (٤٧٨) لقی هەبوو، ژوورە کۆمەڵایەتییەکانیش نزیکەی (٤٣٢٢) لقی هەبوو. سەرچاوە: (https:// ataturkansiklopedisi.gov.tr/bilgi/ /halkevleri).

٦-زیا گوێکاڵپ: ناوی تەواوی محەمەد زیای کوڕی محەمەد تۆفیقەو لە ساڵی (١٨٧٦) لە خێزانێکی کورد لە ئامەد لەدایکبووە. لەگەڵ ئەوەی لە خێزانێکی کورد لەدایکبووە، بەڵام لە ناوەندی ڕۆشنبیریی تورکیدا بە باوکی ڕۆحیی بیری نەتەوەپەرستیو تورکچیەتی دادەنرێت، چونکە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی گەشەسەندنی فیکری تورکچیەتیدا خەرجکردووە. زیا گوێکاڵپ بە یەکێک لە کەسە نزیکەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورک دادەنرێت. ژیانی دەکرێت بە دوو بەشەوە؛ سەردەمی ئامەدو سەردەمی ئەستەنبوڵ. لە سەردەمی ئامەدیدا زۆرینەی نوسینەکانی لە بواری ئەدەبیاتو بە ناوی خۆیەوە بڵاوکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند هەوڵێکی بۆ خزمەتکردن بە زمانی کوردی لەگەڵ خەلیل خەیاڵیدا بەرچاودەکەوێت، بەڵام سەردەمی ئەستەنبوڵی بە سەردەمی گۆڕانی ژیانی فیکریی ناوبراو لە ئەدەبەوە بۆ سیاسەتو لە کوردبوونەوە بۆ تورکبوونو خزمەتکردن بە فیکری تورکچیەتی دادەنرێت، چونکە لەم سەردەمەدا دەبێت بە ئەندامو نوێنەری کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی. زیا گوێکاڵپ چەندین نوسینی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی وەک پەیمان، بچووک، نوێ، جمهوریەتو هیی تردا بڵاوکردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دانراوی هەیە، لە گرنگترینیان: بنەماکانی تورکچیەتی، مێژووی مەدەنیەتی تورک، تورکچیەتی، ئیسلامچیەتیو نوێگەرچیەتی، وانەکانی عیلمی ئیجتیماع، لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان. زیا گوێکاڵپ لە ساڵی (١٩٢٥) کۆچیدوایی دەکات. سەرچاوە: https://ataturkansiklopedisi.gov.tr/bilgi/) ziya-gokalp-١٨٧٦-١٩٢٤/). بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە: حەمزە محمد صالح، عەشیرەتە کوردییەکانی کوردستانی باکوور لە ڕوانگەی زیاگوێکاڵپەوە، کۆنفرانسی ژ ئێکگرتنێ بۆ ژێکڤبوونێ، ڕۆڵێ عەشیرەتان ل کوردستانێ (١٥١٤-١٩١٤)، ٢٠٢٤، ل.ل٤٤٥-٤٧٦.

٧-یوسف ئاکچورا: بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی فیکری تورکچیەتی دادەنرێت. لە ساڵی (١٨٧٦) لە سەربەکازان (Serbekazan) لەدایکبووە. دوای مردنی باوکی، بە هۆی خراپیی دۆخی ئابورییانەوە بۆ ئەستەنبوڵ کۆچدەکەن. ئاکچورا هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ژمارەیەکی زۆر کتێبی لە بارەی بیری تورکچیەتییەوە خوێندووەتەوەو کاریگەریی لە سەر داناوە، هەر لەبەر ئەم هۆیە چەندین جار دەستگیردەکرێتو لە کۆتاییدا بەرەو فەرەنسا کۆچدەکاتو لەوێ دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵەی تورکە لاوەکان. چەندین بەرهەمی هەیە، بەناوبانگترینیان بریتین لە: سێ شێوەی سیاسەت، کە لە ساڵی (١٩٠٣) نوسیویەتی. لێرەدا بڕوای وا بووە ئیتر ڕەوت یان هزری پان_عوسمانیو پان_ ئیسلامیزم نەیانتوانی دەوڵەتو کۆمەڵگە لەو دۆخە ڕزگاربکەن کە تێیکەوتبوو، بۆیە تەنها ڕێگەی سێیەم ماوەتەوە، ئەویش تورکیزمە. لە ساڵی (١٩٠٨) بۆ ئەستەنبوڵ دێتەوەو چەندین چالاکیو هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی هزری

تورکچیەتی دەدات. لە سەر داوای ئەتاتورک لە ساڵی (١٩٢٣) دەبێت بە ئەندامی پەرلەمان. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مێژووی تورکو ماوەیەکیش سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بووە. لە ساڵی (١٩٣٥) بە جەڵدەی دڵ کۆچیدوایی دەکات. سەرچاوە: (/https://ataturkansiklopedisi.gov.tr /١٩٣٥-١٨٧٦-bilgi/yusuf-akcura).

## سەرچاوەکان:

(1)Türk Dil Kurumu Sözlükleri, https://sozluk.gov.tr/ 21.08.2024.

(2)Recep Şentürk, Millet, TDV İslâm Ansiklopedisi, 30. Cilt, 2020, Ankara, s66, https://islamansiklopedisi.org.tr/millet.

(3)Zeynel Abidin KILINÇ, Çokkültürlülük ve Millet Sistemi, Pesa Uluslararası Sosyal Araştırmalar Dergisi, 28 Mayıs 2017, s52.

(4) Serden Onur Karaca, Türk Milliyetçiliğinin İki Farklı Yüzü: Ziya Gökalp Ve Yusuf Akçura, International Social Sciences Studies Journal, 2021, (e-ISSN:2587-1587) Vol:7, Issue:86; s 3590

(5) Hasan Bozkurt ÇELİK, Millet ve Milliyetçilikten milletler ve Milliyetçiliklere: Postmodern Dönemde Milliyetçilik, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), Hacı Bayram Veli, Üniversitesi, Ankara, 2022, s90.

(6)Tarık Özkaraman, Yeni Irkçılık 2002 sonrası DönemTürkiye Analizi, (Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi), İstanbu Üniversitesi, İstanbul, 2017, s10-11.

(7) Gordon marshall, Sosyoloji Sözlüğü, çevirenler Osman akınhay ve Derya kömürcü, Bilim ve Sanat Yayınları, Ankara, 1999, s234-235. Uğur ÂŞIK, Faşizim İdeolojisi Bağlamında Türk Milliyetçiliği: Milliyetçi Hareket Partisi Üzerine Bir İnceleme (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İstanbul Gelişim Üniversitesi, İstanbul, 2020, .S45

(8)Serden Onur Karaca, Türk Milliyetçiliğinin İki Farklı Yüzü: Ziya Gökalp Ve Yusuf Akçura, International Social Sciences Studies Journal, 2021, (e-ISSN:2587-1587) Vol:7, Issue:86; s 3589.

(9)Yrd. Doç. Dr. Emre Yıldırım, Türkiye'de Milliyetçiliğin Arka Planı: Osmanlı'da Modernlik ve Milliyetçilik, Journal of History Studies, Volume 6 Issue 6, p. 231-252, December 2014, s231.

(10)Dr. Erol TURAN, Milliyetçilik Teorisinin Gelişimi ve Türk Milliyetçiliği, Sosyal ve Teknik Araştırmalar Dergisi, Yıl 1 – Sayı 1 – Mayıs 2011, s1.

(11)Yrd. Doç. Dr. Emre Yıldırım, Türkiye'de Milliyetçiliğin Arka Planı: Osmanlı'da Modernlik ve Milliyetçilik, Journal of History Studies, Volume 6 Issue 6, p. 231-252, December 2014, s240.

(12) Yrd. Doç. Dr. Emre Yıldırım, Türkiye'de Milliyetçiliğin Arka Planı: Osmanlı'da Modernlik ve Milliyetçilik, Journal of History Studies, Volume 6 Issue 6, p. 231-252, December 2014, s238.

(13) Serden Onur Karaca, Türk Milliyetçiliğinin İki Farklı Yüzü: Ziya Gökalp Ve Yusuf Akçura, International Social Sciences Studies Journal, 2021, (e-ISSN:2587-1587) Vol:7, Issue:86; s

3589
(14)Serden Onur Karaca, Türk Milliyetçiliğinin İki Farklı Yüzü: Ziya Gökalp Ve Yusuf Akçura, International Social Sciences Studies Journal, 2021, (e-ISSN:2587-1587) Vol:7, Issue:86; s 3593.
(15)Seta Panel, Türkiye'de Yükselen Milliyetçilikler, 19 Nisan 2006, https://www.setav.org/yorum/turkiyede-yukselen-milliyetcilikler, 16.08.2024.
Canan MAZLUM AKSOY, Milliyetçi İdeolojinin Tarihsel Gelişimi, 21. Yüzyılda Eğitim ve Toplum Cilt / Volume 10, Sayı / Issue 30, Kış 2021 Araştırma Makalesi, s670.
(16) Dr. Erol TURAN, Milliyetçilik Teorisinin Gelişimi ve Türk Milliyetçiliği, Sosyal ve Teknik Araştırmalar Dergisi, Yıl 1 – Sayı 1 – Mayıs 2011, s8.
(17)Oğuzhan Koca, Türkiye'de Muhafazakar, Milliyeçi ve Sol Düşüncelerde Siyasal bir Sembol olarak Atatürk, SBF Dergisi, Cilt 75, No.4, 2020, s1480. İbrahim AYAZ, Cumhur İttifakının İdeolojik Terkibinde Türk Sağının Üç Halı: Muhafazakârlık, Milliyetçilik, İslamcılık, (Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi), Eskişehir Osmangazi Üniversitesi, S16.
(18)Oğuzhan Koca, Türkiye'de Muhafazakar, Milliyeçi ve Sol Düşüncelerde Siyasal bir Sembol olarak Atatürk, SBF Dergisi, Cilt 75, No.4, 2020, s1480.
(19)Dr. Erol TURAN, Milliyetçilik Teorisinin Gelişimi ve Türk Milliyetçiliği, Sosyal ve Teknik Araştırmalar Dergisi, Yıl 1 – Sayı 1 – Mayıs 2011, s8.
(20)Seta Panel, Türkiye'de Yükselen Milliyetçilikler, 19 Nisan 2006, https://www.setav.org/yorum/turkiyede-yukselen-milliyetcilikler, 16.08.2024.
(21)Oğuzhan Koca, Türkiye'de Muhafazakar, Milliyeçi ve Sol Düşüncelerde Siyasal bir Sembol olarak Atatürk, SBF Dergisi, Cilt 75, No.4, 2020, s1481. Serden Onur Karaca, Türk Milliyetçiliğinin İki Farklı Yüzü: Ziya Gökalp Ve Yusuf Akçura, International Social Sciences Studies Journal, 2021, (e-ISSN:2587-1587) Vol:7, Issue:86; s 3600.
(22)Canan MAZLUM AKSOY, Milliyetçi İdeolojinin Tarihsel Gelişimi, 21. Yüzyılda Eğitim ve Toplum Cilt / Volume 10, Sayı / Issue 30, Kış 2021 Araştırma Makalesi, s670.
(23)Dr. Erol TURAN, Milliyetçilik Teorisinin Gelişimi ve Türk Milliyetçiliği, Sosyal ve Teknik Araştırmalar Dergisi, Yıl 1 – Sayı 1 – Mayıs 2011, s1.
(24)Abdulkerim Şen, Müfredata Hakimiyet Mücadelesi: Seküker- Milliyetçiliğe Karşı Muhafazakar Milliyetçilik, Mülkiye Dergisi, 42(3), 321-345, 2018, s323-324.
(25)Osman Tiftikçi, Türkiye'de muhafazakâr milliyetçi blokun tarihsel oluşumu, 11 Ağustos -2023, https://www.gazeteduvar.com.tr/turkiyede-muhafazakar-milliyetci-blokun-tarihsel-olusumu-haber-1631778, 23.08.2024.
(26)Canan MAZLUM AKSOY, Milliyetçi İdeolojinin Tarihsel Gelişimi, 21. Yüzyılda Eğitim ve Toplum Cilt / Volume 10, Sayı / Issue 30, Kış 2021 Araştırma Makalesi, s674.
(27)Dr. Erol TURAN, Milliyetçilik Teorisinin Gelişimi ve Türk Milliyetçiliği, Sosyal ve Teknik Araştırmalar Dergisi, Yıl 1 – Sayı 1 – Mayıs 2011, s11.
(28)Oğuzhan Koca, Türkiye'de Muhafazakar, Milliyeçi ve Sol Düşüncelerde Siyasal bir Sembol olarak Atatürk, SBF Dergisi, Cilt 75, No.4, 2020, s1481.
(29) Dr. Erol TURAN, Milliyetçilik Teorisinin Gelişimi ve Türk Milliyetçiliği, Sosyal ve Teknik

Araştırmalar Dergisi, Yıl 1 – Sayı 1 – Mayıs 2011, s11.
(30)Uğur ÂŞIK, Faşizim İdeolojisi Bağlamında Türk Milliyetçiliği: Milliyetçi Hareket Partisi Üzerine Bir İnceleme (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İstanbul Gelişim Üniversitesi, İstanbul, 2020, s88.
(31) Yaşar Suveren, Türkiye'de Muhafazakarlık Olgusunun Siyasal Algılanışı Üzere: Bir Alan Çalışmasının Bulguları, Yakın Doğu Üniversitesi İslam Tetkikleri Merkezi Dergisi, Yıl: 2, Sayı 1, Bahar 2016, s3.
(32)Abdulkerim Şen, Müfredata Hakimiyet Mücadelesi: Seküker- Milliyetçiliğe Karşı Muhafazakar Milliyetçilik, Mülkiye Dergisi, 42(3), 321-345, 2018, s332.
(33) Ali Rıza SAVAŞ , Türkiye'de Muhafazakârlık Milliyetçilik İlişkisi: MilliyetçiliğinYeniden Üretilmesinde AK Parti'nin Rolü, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İnönü Üniversitesi, Malatya, 2020, s332.
(34)Ersin Öztürk, 15 Temmuz 2016 Sonrası MHP'nin Siyasal Söylemi ve Milliyetçi Muhafazakâr Söylem , (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İstanbul Medeniyet Üniversitesi, İstanbul, 2024, s59.
(35)Ali Rıza SAVAŞ , Türkiye'de Muhafazakârlık Milliyetçilik İlişkisi: MilliyetçiliğinYeniden Üretilmesinde AK Parti'nin Rolü, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İnönü Üniversitesi, Malatya, 2020, s339.
(36)Ali Rıza SAVAŞ , Türkiye'de Muhafazakârlık Milliyetçilik İlişkisi: MilliyetçiliğinYeniden Üretilmesinde AK Parti'nin Rolü, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İnönü Üniversitesi, Malatya, 2020, s364.
(37)Uğur ÂŞIK, Faşizim İdeolojisi Bağlamında Türk Milliyetçiliği: Milliyetçi Hareket Partisi Üzerine Bir İnceleme (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İstanbul Gelişim Üniversitesi, İstanbul, 2020, s92.
(38)Mahmut Hamsici, Türkiy'de Milliyetçilik Yükseliyor mu?, BBC Türkçe, 24 Mayıs 2023, 16.8.2024.
(39)Lela Elmacıoğlu, Türkiye'de milliyetçilik çeşitleniyor, partiler bölündükçe aldıkları toplam oy artıyor, INDEPENDENT Türkçe, 20 Mays 2023 - https://www.indyturk.com/node/633151/siyaset/t%C3%BCrkiyede-milliyet%C3%A7ilik-%C3%A7e%C5%9Fitleniyor-partiler-b%C3%B6l%C3%BCnd%C3%BCk%C3%A7e-ald%C4%B1klar%C4%B1-toplam-oy-16.0.8.2024.
(40)Uğur ÂŞIK, Faşizim İdeolojisi Bağlamında Türk Milliyetçiliği: Milliyetçi Hareket Partisi Üzerine Bir İnceleme (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İstanbul Gelişim Üniversitesi, İstanbul, 2020, s94.
(41)Ali Rıza SAVAŞ , Türkiye'de Muhafazakârlık Milliyetçilik İlişkisi: MilliyetçiliğinYeniden Üretilmesinde AK Parti'nin Rolü, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İnönü Üniversitesi, Malatya, 2020, s341.
(42)Ali Rıza SAVAŞ , Türkiye'de Muhafazakârlık Milliyetçilik İlişkisi: MilliyetçiliğinYeniden Üretilmesinde AK Parti'nin Rolü, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İnönü Üniversitesi, Malatya, 2020, s344-354.
(43)Ali Rıza SAVAŞ , Türkiye'de Muhafazakârlık Milliyetçilik İlişkisi: MilliyetçiliğinYeniden

Üretilmesinde AK Parti'nin Rolü, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İnönü Üniversitesi, Malatya, 2020, s347.
(44)Ali Rıza SAVAŞ , Türkiye'de Muhafazakârlık Milliyetçilik İlişkisi: MilliyetçiliğinYeniden Üretilmesinde AK Parti'nin Rolü, (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İnönü Üniversitesi, Malatya, 2020, s367.
(45)Doğu Akdeniz'de Gerilim: Türkiye ile Yunanistan Arasında Yeni Bir Kriz, Velhasıl, 4.7.2024. https://www.velhasilgazetesi.com/dogu-akdenizde-gerilim-turkiye-ile-yunanistan-arasinda-yeni-bir-kriz-86238. 25.08.2024.
(46)Abdulkerim Şen, Müfredata Hakimiyet Mücadelesi: Seküker- Milliyetçiliğe Karşı Muhafazakar Milliyetçilik, Mülkiye Dergisi, 42(3), 321-345, 2018, s321.
(47)Baki Laleoğlu, Milliyetçiliği Yönetmek: Erdoğan, Cumhur İttifakı ve Yerli-Milli Siyaset, Kriter Sitesi, yıl 8, sayı 80, 01 Haziran 2023, 16.08.2024.
(48)Mahmut Hamsici, Türkiy'de Milliyetçilik Yükseliyor mu?, BBC Türkçe, 24 Mayıs 2023, 16.8.2024.
(49)Baki Laleoğlu, Milliyetçiliği Yönetmek: Erdoğan, Cumhur İttifakı ve Yerli-Milli Siyaset, Kriter Sitesi, yıl 8, sayı 80, 01 Haziran 2023, 16.08.2024.
(50)Mahmut Hamsici, Türkiy'de Milliyetçilik Yükseliyor mu?, BBC Türkçe, 24 Mayıs 2023, 16.8.2024. Baki Laleoğlu, Milliyetçiliği Yönetmek: Erdoğan, Cumhur İttifakı ve Yerli-Milli Siyaset, Kriter Sitesi, yıl 8, sayı 80, 01 Haziran 2023, 16.08.2024.
(51)Uğur ÂŞIK, Faşizim İdeolojisi Bağlamında Türk Milliyetçiliği: Milliyetçi Hareket Partisi Üzerine Bir İnceleme (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İstanbul Gelişim Üniversitesi, İstanbul, 2020, s93.
(52)KESK û SOR û ZER: İnat, Umut, Futbol – Amedspor Raporu, S78. https://kurdish-studies.org/yayinlar/amedspor/. 27.8.2024.
(53)Pelin Akdemir-Vecdi Erbay, Bursaspor-Amedspor maçı: Dünün olayı değil..., 11.03.2023, Gezeteduvar, https://www.gazeteduvar.com.tr/bursaspor-amedspor-maci-dunun-olayi-degil-haber-1607316. 24.08.2024.
(54)Cumhuriyet gezetesi, Amedspor'dan Bahçeli'nin sözlerine yanıt: 'Amedspor hep vardı, hep var olacaktır', 7.3.2023, https://www.cumhuriyet.com.tr/spor/amedspordan-bahcelinin-sozlerine-yanit-amedspor-hep-vardi-hep-var-olacaktir-2058534. 27.8.2024.
(55)Amedspor taraftarına 'ırkçı' saldırı: Sorumlular yakalansın!i 24.08.2024, Amidahaber, https://amidahaber.com/gundem/amedspor-taraftarina-irkci-saldiri-sorumlular-yakalansin-199654h. 25.08.2024.
(56)Baki Laleoğlu, Milliyetçiliği Yönetmek: Erdoğan, Cumhur İttifakı ve Yerli-Milli Siyaset, Kriter Sitesi, yıl 8, sayı 80, 01 Haziran 2023, 16.08.2024.
(57)Baki Laleoğlu, Milliyetçiliği Yönetmek: Erdoğan, Cumhur İttifakı ve Yerli-Milli Siyaset, Kriter Sitesi, yıl 8, sayı 80, 01 Haziran 2023, 16.08.2024.
(58)Independent Türkçe, Türkiye'nin Eğilimleri Araştırması: Toplumun yarısından fazlası muhafazakâr, milliyetçi ya da İslamcı, 17 Ocak 2023, https://www.indyturk.com/node/600206/haber/t%C3%BCrkiyenin-e%C4%9Filimleri-ara%C5%9Ft%C4%B1rmas%C4%B1-toplumun-

yar%C4%B1s%C4%B1ndan-fazlas%C4%B1-muhafazak%C3%A2r, 23.8.2024.

(59)İbrahim AYAZ, Cumhur İttifakının İdeolojik Terkibinde Türk Sağının Üç Halı: Muhafazakârlık, Milliyetçilik, İslamcılık, (Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi), Eskişehir Osmangazi Üniversitesi, s6. Uğur ÂŞIK, Faşizim İdeolojisi Bağlamında Türk Milliyetçiliği: Milliyetçi Hareket Partisi Üzerine Bir İnceleme (Yayınlanmamış Doktora Tezi), İstanbul Gelişim Üniversitesi, İstanbul, 2020, s93.

(60)Independent Türkçe, Türkiye'nin Eğilimleri Araştırması: Toplumun yarısından fazlası muhafazakâr,milliyetçiyadaİslamcı,17Ocak2023,https://www.indyturk.com/node/600206/haber/t%C3%BCrkiyenin-e%C4%9Filimleri-ara%C5%9Ft%C4%B1rmas%C4%B1-toplumun-yar%C4%B1s%C4%B1ndan-fazlas%C4%B1-muhafazak%C3%A2r, 23.8.2024.

(61)Gökhan GÜRBÜZ , Zafer AKAR ve Nedim Serhat BİLECEN, Medyada Milliyetçilik Bağlamında Militarist Söylem ve Erkeklik Temsili: Söz Dizisinin İncelenmesi, Anadolu Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, 21(4), 2021, s1120.

# ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سوریا

## پاڵنەرو دەرهاویشتەکان

بەختیار ئەحمەد ساڵح

**پوختە**

لێدوانە نوێیەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیاو بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا، تایبەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوندییەکانی نێوانیان ئاماژەیە بۆ سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە ڕووی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو دیمەشقەوە، بە مەرجێک تورکیا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستبەرداری بوونی سەربازیو ئیداریی خۆی ببێت لە باکووری سوریاو دیمەشقیش بە سوککردنی مەرجەکانی، بە تایبەتی سەبارەت بە پرسی بوونی سەربازیی تورکیا، واقیعبینانەتر گفتوگۆ لەگەڵ ئەنقەرەدا بکات، بەڵام بە پێی ئەوەی لە سەر زەوی دەگوزەرێت، هیوایەک نییە بۆ چارەسەری هەمەلایەنەی قەیرانی سوریا، لەبەرئەوەی نە سوریا توانای ئیدارەدانی گەڕانەوەی پەنابەرەکانی هەیەو نە تورکیاش ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ دەستبەرداربوون لە هێزە لەبرییەکانی لە باکووری سوریا، لەبەر ئەم هۆکارانەش نابێت هیوایەکی زۆر هەڵبچنرێت لە سەر لێدوانەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات. لە لایەکی دیکەشەوە خواستەکانی ئەمریکا، ڕوسیاو ئێران لە سوریا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر بەرەوپێشچوونی دانوستانەکان هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نزیکبوونەوەی ئەسەدو ئەردۆغان، کاریگەریی نەرێنیی بۆ سەر دۆزی کورد دەبێت لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەو پێیەی ڕەنگە ڕێککەوتنی ئەدەنە بخرێتەوەبەر باسوخواس.

**پێشەکی**

ڕۆژی یەکشەممە: (٧)ی تەممووزی (٢٠٢٤)، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند کە بە نیازە بانگهێشتنامەیەک پێشکەش بە بەشار ئەسەد؛ سەرۆککۆماری سوریا، بکات بۆ سەردانی ئەنقەرەو ڕوونیکردەوە وڵاتەکەی چاوەڕێی ئەوە دەکات بەشار ئەسەد دەستپێشخەریبکات بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا(١). پێش لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆککۆماری تورکیا سەبارەت بە ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیمەشقدا، بەشار ئەسەد؛ سەرۆککۆماری سوریا، ئامادەیی خۆیی بۆ هەموو دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو تورکیاوە دەربڕیبوو، ئەمەش لە سەر بنەمای گەڕانەوەی سەروەریی دەوڵەتی سوریا بە سەر تەواوی خاکی وڵاتەکەیدا.

ئەوەی ڕوونە، لێرەدا تورکیاو سوریا لەم قۆناغەدا پاڵنەری تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیانو قوتاربوون لەم دۆخە قەیراناوییەی ئێستا. ئەردۆغان لە چەند مانگی ڕابردوودا لە دوو شت دڵنیابووەتەوە؛ یەکەم: پارتەکەی چیتر بەهێزترین نییە لە تورکیاو جەماوەرەکەشی دەستیکردووە بە هەڵوەرین، دووەم: پشتبەستن بە میلیشیاو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی تورکیا لە سوریا، وەک پێویست سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، تیچووی ئەم پشتپێبەستنو پشتیوانییەی تورکیا بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی تورکیایە. بەم پێیە پێویست بوو کە گۆڕانکاریبکرێت، بۆئەوەی ئەردۆغان ئەو دەرفەتە نەداتەوە بە نەیارەکانی، بە تایبەتی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) (Cumhuriyet Halk Partisi) (CHP)، کە پرسی پەنابەرانی سوریو بارگرانیی پاڵپشتیکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، کە لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاوە وەک تیرۆریست ناسێنراوە، وەک کارتی فشار لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا لەلایەن جەهەپەوە بەکارنەهێنرێتەوەو دەنگی پێکۆنەکرێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەردۆغان پێیوایە کردنەوەی دەروازەکانی سوریا لەلایەن ڕژێمی دیمەشقەوە، دەرفەتێکی نوێ دەبەخشێت بۆ هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ناو ئابووریی ناوچەی عەرەبی لە ڕێگەی سوریاوە، بەو پێیەی تورکیا دەیەوێت سوریا وەکو دەروازەیەک بەکاربهێنێت، بۆئەوەی لە ڕێگەیەوە بگات بە بازاڕی وڵاتە عەرەبییەکانی وەک ئەردەنو کەنداوو پشکی هەبێت لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی سوریا لە دوای کۆتاییهاتنی قەیرانەکان. لە کۆتاییدا پرسی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان هەیە، کە بڕیارە کەنداوی عەرەبی بە

ئەوروپاوە ببەستێتەوەو بە عێراقو تورکیادا تێدەپەڕێت. ئەردۆغان ئامانجی ئەوەیە سوریا بەشێک بێت لە ڕێگەکەو دەروازەی فیشخاپور بەکارنەهێنرێت، کە لە ژێر دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە. ئەردۆغان نایەوێت هەولێر سوود لە داهاتی تێپەڕینی کاڵاکان ببینێت، بەڵکو هەوڵدەدات ئەو داهاتە بگەڕێتەوە بۆ سوریاو ببێت بە سەرەتایەک بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان(٢).

وەک سوریاش، ئەسەد گەیشتووە بەو باوەڕەی کە بۆ کۆتاییهێنان بە پرسی کوردو دەرچوون لە ژێر کاریگەرییەکانی ئێران، تورکیا دەتوانێت هاوکار بێتو لە لایەکی دیکەشەوە تورکیا دەتوانێت دەرفەتی گەورەی ئابووری بۆ ئاوەدانکردنەوەی سوریا بڕەخسێنێت.

## ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان چی دەگەیەنێت؟

پێش هەموو شتێک واتای ئاساییکردنەوە پەیوەستە بەوەی کە ئێمە چۆن لێیتێدەگەین، ئەگەر مەبەست لە ئاساییکردنەوە پەیوەندییە نزیکەکانی تورکیاو سوریا بێت لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٠)دا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە لە کورتخایەندا ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت. پرۆسەی وەلانانی گرژییەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە، لەوانەش تورکیاو تیشکخستنەسەر کارنامەی ئەرێنی لە پەیوەندییەکان بە دروستکردنی کەناڵی پەیوەندیی نوێ (یان بوژاندنەوەی پەیوەندییە کۆنەکان) بە گشتی پێیدەگوترێت ئاساییکردنەوە. لەم پرۆسەیەدا تورکیا لاپەڕەیەکی نوێی لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ وڵاتانی وەک ئیمارات، ئیسرائیل (بەر لە دەستپێکردنی گەردەلوولی ئەقسا)، سعودیە، میسرو یۆناندا هەڵدایەوە، بەڵام پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیدارەی ئەسەددا تەواو جیاوازە. بۆ تورکیا دەکرێت واتای ئاساییبوونەوە لەگەڵ سوریادا لە سێ ڕەهەنددا کورتبکرێتەوە، کە بریتین لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتو دڵنیابوون لە گەڕانەوەی پەنابەرە سورییەکان، لە کاتێکدا پێشمەرجی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان بۆ سوریا خۆیدەبینێتەوە لە پاشەکشەی هێزەکانی تورکیا لە سوریاو پاڵپشتنەکردن لە هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان.

## پاڵنەرەکانی سوریا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان

بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا لە بەیاننامەیەکی گشتیدا ڕایگەیاند: سوریا ئامادەیە هەموو دەستپێشخەرییەکان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا لەبەرچاوبگرێت، بە مەرجێک ئەو دەستپێشخەرییانە لەگەڵ ڕێزگرتندا بێت لە سەروەریی حکومەتی سوریا بە سەر

تەواوی خاکەکەی و بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی تیرۆردا(٣).

هەرچەندە ئەسەد لە ساڵی ڕابردوودا بانگهێشتی لوتکەی کۆمکاری عەرەبی کرابوو، بەڵام وەک سەرۆکی وڵات لێیناڕوانرێت کە نوێنەرایەتیی گەلەکەی بکات، بەو پێیەی لە سەر ئاستی سیاسی ڕەوایەتیی خۆی لەدەستداوە. ئەسەد دەتوانێت لە ڕێگەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ تورکیادا پێگەی خۆی بەهێزتربکاتەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت پاڵنەرەکانی سوریا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا لەم خاڵانەدا کورتبکرێتەوە:

**١.هەڕەشەی ئیسرائیل:** ئەنجامی ملململانێی ئیسرائیلو حیزبوڵڵا پاڵ بە ئەسەدەوە دەنێت کە پەیوەندی بە هاوپەیمانییەکی نوێوە بکات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا پێشهاتێکە دەتوانێت ببێت بە دەرفەت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئێران لە سەر سوریاو کەمکردنەوەی مەترسیی دەستدرێژیی ئیسرائیل بۆ سەر سوریا بە بیانووی کردنە ئامانجی بوونی سەربازیی ئێران لەو وڵاتە(٤).

**٢.هەڕەشەی کورد:** کۆتاییهێنان بە هەوڵەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیان لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریاو لەباربردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان.

**٣.ئەگەری دروستبوونی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا:** لە ئەگەری سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا ئەگەری هاتنەکایەی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئارادایەو بە ئەگەری زۆرەوە ئەو وڵاتە هێزەکانی لە سوریا دەکشێنێتەوەو لەم هەلومەرجەشدا سوریا دەیەوێت بە هاوکاریی تورکیا دۆخەکە بەڕێوەببات.

**سەرەڕای لێدوانەکانی ئەردۆغانو ئەسەد بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو دیمەشق، بەڵام بە پێی ئەوەی لە سەرزەوی دەگوزەرێت، هیوایەک نییە بۆ چارەسەری هەمەلایەنەی قەیرانی سوریا**

## پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان

ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بە بەراورد بە سوریا، پرسێکی هەنوکەییترە بۆ تورکیا، بەو پێیەی تەنیا پەیوەندیی بە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەوە نییە، بەڵکو خراپیی ئەو پەیوەندییانە کاردانەوەی ناوخۆیی مەترسیداری

هەبووە، کە کاریگەریی لە سەر باری ئابووری، ئاسایش و سیاسی هەبووە.

**١.لە ڕووی ئابوورییەوە:** لە ڕووی ئابوورییەوە لیرەی تورکیا بەهاکەی بۆ نزمترین ئاستی مێژوویی دابەزیوەو لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە بەرانبەر دۆلاردا (١٢٪)ی بەهاکەی لەدەستداوەو (٣٤) لیرە بەرانبەر بووە بە یەك دۆلار(٥). جگە لە بەردەوامیی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسانی ساڵانە، بە پێی داتاکانی دەزگای ئاماری تورکیا (تویک) (Türkiye İstatistik Kurumu) (TÜİK)، کە لە ئایاری (٢٠٢٣) بڵاوکراوەتەوە، لە مانگی ئاداری (٢٠٢٤) ڕێژەی هەڵئاوسان گەیشت بە نزیکەی (٦٨.٥٪)، ئەمەش قەیرانی تێچووی بژێوی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاریی بە ڕێژەی (١٤٪) لێکەوتەوە، بە ئاساییکردنەوە پەیوەندییەکان لەگەڵ سوریادا، تورکیا سوود لەو دەرفەتە بازرگانیی و ئابوورییانە وەردەگرێت کە وڵاتانی ناوچەکە دەیڕەخسێنن.

قەیرانە ئابوورییەکان گرژیی و ئاڵۆزیی زۆری ناوخۆیی دروستکردووە، بە تایبەتی هەڵوێستی هاوڵاتیانی تورکیا بەرانبەر بە پەنابەرە سورییەکان لەو وڵاتە، کە ژمارەیان زیاتر لە سێملیۆن پەنابەرەو بووە بە هۆی دروستبوونی جەمسەرگیرییەکی بێوێنە سەبارەت بە پەنابەران و گەڕانەوەیان بووە بە پرسێکی سەرەکی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا. لە مانگی ئابی (٢٠٢٣)، بەشێک لە ماڵ و بەرژەوەندییەکانی پەنابەرە سورییەکان لە ئەنقەرە ڕووبەڕووی کردەوەی توندوتیژی بووەوەو لە سەرەتای مانگی تەمموزی (٢٠٢٤)، پارێزگای قەیسەری کردەوەی توندوتیژیی دژ بە سورییەکانی بەخۆوەبینی و ماڵ و موڵک و بەرژەوەندییەکانی پەنابەران کەوتەبەر مەترسی.

**ئەردۆغان لە چەند مانگی ڕابردوودا لە دوو شت دڵنیابووەتەوە؛ یەکەم: پارتەکەی چیتر بەهێزترین نییە لە تورکیاو جەماوەرەکەشی دەستیکردووە بە هەڵوەرین، دووەم: پشتبەستن بە میلیشیاو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی تورکیا لە سوریا، وەک پێویست سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە.**

**٢.لە ڕووی ئاسایشەوە:** هۆکارێکی سەرەکیی دیکە ئاسایشە، واتە نەهێشتنی تەواوەتیی هەڕەشەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە سوریا، تورکیا پێیوایە بە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەددا، دەتوانێت پەکەکە گۆشەگیربکات. ئەنقەرە دەیەوێت گوشارەکانی زیاتربکات، بۆئەوەی پەکەکە هیچ بژاردەیەکی بۆ نەمێنێتەوەو ڕێگریبکات لە بەرێوەچوونی

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئیدارەی خۆسەری لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریادا، کە تورکیا بە هەنگاوێکی دەزانێت بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە سەر سنوورەکانی. حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) دەیەوێت ماوەی سەرقاڵبوون بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بقۆزێتەوە بۆ کۆتاییهێنان بە پرسی هەڕەشەی کورد لە سنوورەکانی باسووری وڵاتەکەی، ئەمەش بە ڕێککەوتن لەگەڵ مۆسکۆو دیمەشقدا(٦). تورکیا پێیوایە پشتیوانیی ئەمریکا لە کورد لە ڕۆژئاوا، هەڕەشەیەکی جددییە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی، هەر بۆیە دەیەوێت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا هاوکار بێت لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە، بۆئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەموو ناوچەیەکدا جێگیربکرێت. ئەنقەرە نیگەرانە لەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)و باڵە مەدەنییەکەی هێزەکانی خۆسەری سوریای دیموکرات (هەسەدە) بە دوای دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆوەن لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا لە سەر سنوورەکانی تورکیا، هەر بۆیە جەخت لە سەر پێشگرتن لە دروستکردنی ئەو هەرێمە دەکەنەوە، جا ئەگەر بە بەهای ئاشتبوونەوە بێت لەگەڵ ئەسەددا(٧).

**٣.لە ڕووی سیاسییەوە:** تورکیا دەیەوێت پەنابەرە سورییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ زێدی خۆیان، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی لەو شێوەیە تەنیا ڕێگەی ئاشتەوایی لەگەڵ ئەسەددا هەیە. لێکنزیکبوونەوەی تورکیاو سوریا دەکرێت وەک هەوڵێکی ئاکپارتی لێکبدرێتەوە بۆ بەدیهێنانی هەندێک دەستکەوتی ناوخۆیی یان ڕێککەوتن لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتەکەیدا، چونکە ئەو پارتە هەوڵی هەمواركردنەوەی دەستوور دەداتو پێویستی بە پشتیوانیی هەڵوێستەکانی ئۆپۆزسیۆنە لە بەرژەوەندیی تێپەڕاندنی ئەم هەموارکردنانە لە پەرلەمانی تورکیا. بۆ ئەنقەرە، درێژەدان بە دەستپێشخەری بۆ چارەسەرێکی هەمەلایەنە لە لایەکەوەو گرتنەبەری هەنگاوی نوێی کاریگەر بەرەو چارەسەری کاتی لە لایەکی دیکەوە، پێدەچێت ئاوەزیترین بژاردە بێت لە مەودایەکی کورتخایەندا(٨).

**٤.لە سەرئاستی ناوخۆ:** ئۆپۆزسیۆنی تورکیا، هەر لە کاتی دروستبوونی شەڕی ناوخۆوە لە سوریا، پێیانباشبووە تورکیا پشت لە ئەسەد نەکاتو ڕەخنەی جددییان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەردۆغان گرتووەو ئاماژەیان بەوە داوە کە دەبێت دەستبخەنەناو دەستی ئەسەدەوە. ئێستا ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت ڕایگشتی بجوڵێنێتو بڵێت حکومەت هاتەسەر سیاسەتی ئەوان بۆ نزیکبوونەوە لە ئەسەد، هەر بۆیە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە نزیکبوونەوەی ئەردۆغانو ئەسەد وەرگرتنەوەی ئەو کارتەیە لە

ئۆپۆزسیۆن، بۆئەوەی نەتوانێت دژ بە ئەردۆغان بەکاربهێنێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. زۆرێک لە تورکەکان لە ناویاندا لایەنگرانی ئاکپارتی، ئەردۆغان بە تاوانبار دەزانن کە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرگای کراوەدا ڕێگەی بە ملیۆنان سوری داوە بچنەناو تورکیاوە. ئەردۆغان ئاگادارە کە ئەم سیاسەتە لە هەڵبژاردنەکاندا زیانیلێداوە، ئێستاش بانگەشەی ئەوە دەکات کە کارەکانی ئەم دواییەی بووە بە هۆی گەڕانەوەی نزیکەی نیو ملیۆن لە کۆی سێملیۆنو (٦٠٠) هەزار پەنابەری سوری لە تورکیا. جێی ئاماژەپێدانە کە هەڵمەتێکی گەورە دژی پەنابەرانی سوریا لە پارێزگای غازی عەنتاب بەردەوامە، دەسەڵاتدارانی تورکیا زیاتر لە (٣٠٠) پەنابەری سوریان بۆ وڵاتەکەیان دیپۆرتکردووەتەوە، هەڵمەتی دیپۆرتکردنەوەی سورییەکان لە غازی عەنتاب هاوکات بوو لەگەڵ لێدوانەکانی ئەردۆغاندا سەبارەت بە ئاشتەوایی لەگەڵ ڕژێمی سوریاداو گوتی: مەیلێک هەیە بۆ کەمکردنەوەی بارگرانییەکانی میوانداریکردنی پەنابەرانی سوریا بە دیپۆرتکردنەوەیان بە هەر ڕێگەیەک کە لە بەردەستدایە. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە دوای شکانی لیرەو لەرزۆکیی ئابووریی تورکیا حکومەتی وڵاتەکەی هەستی بە مەترسی کردووە، هەر بۆیە مەیلێک لە هەموو لایەکەوە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەران بە شێوەیەکی ڕیشەیی(٩). لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تورکیا پاڵپشتیی ڕژێمی سوریا بکاتو پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا ئاساییبکاتەوە بە ئامانجی ناردنەوەی پەنابەران، ئەوا پشتیوانیی جەماوەریی خۆی لە باکووری سوریا لەدەستدەدات(١٠).

**ئەردۆغان پێیوایە کردنەوەی دەروازەکانی سوریا لەلایەن ڕژێمی دیمەشقەوە، دەرفەتێکی نوێ دەبەخشێت بۆ هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ناو ئابووریی ناوچەی عەرەبی لە ڕێگەی سوریاوە.**

## مەرجەکانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان

١.**تورکیا:** ڕێککەوتن لە سەر نوسینەوەی دەستوورێکی نوێ، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، پێکهێنانی حکومەتێکی نوێو شەرعی، هاوکاریکردنی سوپای سوریا لە دژی ئیدارەی خۆسەری لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا.

٢.**سوریا:** کشانەوەی هێزەکانی تورکیا لە خاکی سوریا وەک هەنگاوی یەکەمو هەر لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانرێت پەیوەندییەکان ئاساییبکرێتەوە.

**ڕێگرییەکانی بەردەم ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان**

**١.پرسی پێناسەکردنەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان:** تورکیا لە دوای شەڕی ناوخۆیی سوریا لە ساڵی (٢٠١١) پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا پچڕاندو پشتیوانیی نەیارانی ڕژێمی ئەسەد دەکات، لە ئاداری (٢٠١٢) باڵیۆزخانەی خۆی لە دیمەشق داخست، دوای ئەوە ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا کۆنفرانسی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریای لە نیسانی هەمان ساڵ ڕێکخست. لەو کاتەوە ئەنقەرە دەستی بە کارێکی سیستەماتیکی کردووە بۆ لەناوبردنی سوریاو پرچەککردنی زۆرێک لەو گرووپانەی کە دژی دیمەشق چالاکییاندەکرد، هەروەها تورکیا چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لە دژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کرد، کە بە گوتەی خۆی پەیوەندییان بە پەکەکەوە هەیەو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دروستدەکەن، بۆ ئەو مەبەستە ناوچەیەکی ئارامی لە باکووری سوریا دروستکرد، کە ئێستا لەلایەن سوپای وڵاتەکەیەوە کۆنترۆڵکراوە. ئێستا گەورەترین هاوپەیمانیی تورکیا لە شەڕی دژی پەکەکە؛ ئۆپۆزسیۆنی سوریایە، کە پێکهاتەیەکن لە هێزی ئیسلامیی سەلەفیی جیهادی، کە سوریا وەک تیرۆریست ناساندوونی، بەڵام پێناچێت ئەنقەرە هێشتا ئامادەبێت هاوپەیمانەکانی لە واقیعدا بە تیرۆریست پۆلێنبکات. ئێستا ئەو هێزانە لە حاڵەتێکی ترس و چاوەڕوانیدا کاتبەسەردەبەن، چونکە باوەڕێکی بەربڵاو هەیە کە پێیوایە نزیکبوونەوەی تورکیا لەگەڵ سوریادا لە سەر حیسابی ئەو هێزانە دەبێت، بە تایبەتی کە سوریا هەمیشە پێشمەرجی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرەدا کشانەوەی سوپای تورکیاو دەستبەردان بووە لە پاڵپشتیکردنی ئەو هێزانە(١١). لەم ناوەندەدا، کێشەی ئەو هێزە چەکدارە، کە تورکیا لە باکووری سوریا دروستیکردوون، وەک یەکێک لە دیارترین ڕێگرەگان سەرهەڵدەدات، کە لەمپەر دەبێت لە بەردەم نزیکبوونەوەی دیمەشق و ئەنقەرە.

**ئەردۆغان ئامانجی ئەوەیە سوریا بەشێک بێت لە ڕێگەی گەشەپێدان، بە جۆرێک هەولێر سوود لەو ڕێگەیە نەبینێت، بەڵکو ڕێگەکە سەرەتایەک بێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو دیمەشق.**

**٢.پرسی پەنابەران:** حکومەتی ئەسەد توانای لەخۆگرتنی گەڕانەوەی زیاتر لە (٣) ملیۆن پەنابەری نییە لە تورکیاوە، ئەمەش بە هۆی دارمانی ژێرخانی ئابووریی سوریاو بەرگەنەگرتنی دۆخی دارایی وڵاتەکەیەوە.

سەرەتای هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو دیمەشق تەنها هەفتەیەک دوای شەپۆلی توندوتیژی بەرانبەر بە کۆچبەرانی سوریا دێت لە تورکیا، کاتێک دەیان تورک هێرشیانکردەسەر پەنابەرەکانو دوکانو ئۆتۆمبێلیان لە شاری قەیسەری لە ناوەڕاستی تورکیا سوتاند، بە پێی ئەو داتایانەی سەرۆکایەتیی کۆچبەری تورکیا پێشکەشیکردووە، زیاتر لە (٨٢) هەزار پەنابەری سوری لەو شارەدا نیشتەجێن(١٢). لە هەمان کاتدا نەتەوە یەکگرتووەکان سوورە لە سەر ئەوەی کە سوریا ئارام نییە بۆ گەڕانەوەی پەنابەران.

٣.بە پێی ڕێگرییەکان، پێناچێت کشانەوەی هێزەکانی سوپای تورکیا لە سوریا لە ماوەیەکی نزیکدا ڕوبدات، بەو پێیەی بۆشاییەک دروستدەکات کە سوریا لە ڕووی سەربازییەوە ناتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەمەش بە هۆی لاوازیی سوپاکەیەوە. لە لایەکی دیکەوە، تورکیا ترسی ئەوەی هەیە حکومەتی سوریا جددی نەبێت لە گەڕانەوەی پەنابەرەکان، یان نەتوانێت ئیدارە خۆسەرییەکانی ڕۆژئاوا هەڵبوەشێنێتەوە.

**دیدی سوریا سەبارەت بە پەیەدە**

ئەسەد لە نەوەدەکانی سەدەی پێشووەوە پەکەکەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پۆلێنکردووە، بەڵام هەمان هەڵوێستی بەرانبەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) نەبووە. دیمەشق لێدوانەکانی لە دژی ئەو پارتە لە ساڵانی ڕابردوودا جیاواز بووە لە نێوان وەسفکردنی ئەندامەکانی بە بریکار لە لایەکەوەو خیانەتکار لە لایەکی دیکەوە. جگە لەوەش، زۆرێک لە ڕاپۆرتە میدیاییەکانو چەندین توێژینەوەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ناوخۆییو ڕۆژئاوایی، لە ساڵانی ڕابردوودا، پەیوەندییە ئابووریو خزمەتگوزارییەکانی نێوان پەیەدەو ڕژێمەکەی ئەسەدیان ئاشکراکردووە. ئەو پەیوەندییە لە دوای ساڵی (٢٠١٩) ئاشکرابوو، کاتێک هەردوولا چەند لێکتێگەیشتنێکیان سەبارەت بە جێگیرکردنی هێزی سەربازیی سوریا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە بۆ دروستبوو، ئەمەش دەرگایەکی لە هێزەکانی ئەسەد کردەوە بۆ چوونەناو باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بە یاوەریی هێزەکانی ڕوسیا، دواتر ئەو هێزانە لە بنکەکاندا جێگیربوون، کە دیارترینیان فڕۆکەخانەی قامیشلۆ بوو. پێدەچێت دیمەشق توانیبێتی کارتی پەیەدەو پەکەکە لەگەڵ تورکیا بە لێهاتوویی بەڕێوەبباتو خۆی بەدووربگرێت لە بەرکەوتن لەگەڵ پەیەدەدا(١٣). لە هەمان کاتدا سوریا پێویستی بە کورد دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پارتە ئیسلامییەکان، کە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانیدەکرێن، هەر بۆیە بەدووردەزانرێت سوریا بە ئاسانی دەستبەرداری کورد ببێت. ئەردۆغان پێیوایە پەیەدە پەکە پێگەیەکی بەهێزی

هەیەو بە هۆی پشتیوانیی ئەمریکاوە ناتوانێت بە ئاسانی لەناویانببات، هەر بۆیە تاکە ڕێگە بۆ لەناوبردنی ئیدارە خۆسەرییەکانی ڕۆژئاوا؛ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ ئەسەددا. نزیکبوونەوەی ئەسەدو ئەردۆغان، کاریگەریی نەرێنیی بۆ سەر دۆزی کورد دەبێت لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەو پێیەی کە ڕەنگە ڕێککەوتنی ئەدەنە بخاتەوەبەر باسوخواس. لە ڕێککەوتنی ئەدەنە، بە ئاشکرا باس لەوە دەکرێت کە نابێت سوریا ڕێگەبدات هیچ چەکدارێکی پەکەکە لە وڵاتەکەیدا هەبێتو دەبێت پاڵپشتیی تورکیا بکات بۆ لەناوبردنیان.

**ئەسەد گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە بۆ کۆتاییهێنان بە پرسی کوردو دەرچوون لە ژێر کاریگەرییەکانی ئێران، تورکیا دەتوانێت هاوکار بێتو لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەتی گەورە ئابووری بۆ ئاوەدانکردنەوەی سوریا بڕەخسێنێت.**

لە ئەگەری ڕێککەوتنی ئەسەدو ئەردۆغان لە سەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریا، دیمەشق دەبێت ملبدات بۆ پرۆسەی سەربازیی دیکەی هاوبەش لەگەڵ تورکیادا بۆ لەناوبردنی تەواوەتیی یەپەگە، بەڵام دەبێت ڕەزامەندیی لایەنی سێیەمیش وەربگیرێت، واتە سوریا ناتوانێت بەبێ ئێران، هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ تورکیادا بکات، تورکیاش بەبێ ئەمریکا ناتوانێت، چونکە یەپەگە لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتیدەکرێتو سوریاش لەلایەن ئێرانەوە، بۆیە هەر ڕێککەوتنێکی سەربازی، بەبێ ئەمریکاو ئێران جێبەجێناکرێت.

## هەڵوێستی لایەنەکان سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان

**١.هەڵوێستی ئێران:** بە دڵنیاییەوە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی سوریا بە سەرکردایەتیی تورکیاو گەڕانەوەی ملیۆنان پەنابەری سوری، مژدەیەکی خۆش نابێت بۆ ئێران، کە پێشبینیدەکات پشکی شێری بەربکەوێت لە ئاوەدانکردنەوەی سوریا، یاخود بە لایەنی کەمەوە پشکەکەی کەمتر نەبێت لە هاوبەشەکەی تری، کە ڕوسیایە(١٤). بەم پێیە دەکرێت بڵێین ئێران ڕێگری لە ئەسەد دەکات کە بتوانێت بە شێوەیەکی نەرم مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا بکات، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ڕوسیاوە وەک یەکێک لە وڵاتانی گەرەنتیکار لە ڕێڕەوی ئاستانە سەبارەت بە دۆسیەی سوریا پشتگیریدەکرێت. ڕوسیا هەمیشە کار لە سەر دەستەبەرکردنی دەرفەتەکان دەکات بۆ دەربازبوون لەو گۆشەگیرییە

سیاسییەی کە ڕژێمەکەی بە دەستیەوە دەناڵێنێت لە دوای هێرشکردنەسەر ئۆکرانیا، لە کاتێکدا ڕژێمی بەشار ئەسەد زیاتر کاریگەریی فشارەکانی ئێرانی لە سەر بووە(١٥)، مەرجەکانی کشانەوەی هێزەکانی تورکیاش، کە بە ڕوکەش داوای سوریایەو سووره لە سەری، لە بنەڕەتدا مەرجی ئێرانە، ڕوسیاش ئاگاداری ڕادەی دەستوەردانەکانی ئێرانە لە سوریا، بۆیە فشارێکی زیاتر لە سەر ڕژێم دروستناکات(١٦). سەرباری ئەوە، ڕوسیا ئاگادارە ئێران لە ڕووی ئامادەیی سەربازیو هەواڵگرییەوە بوونی لە سوریا بەردەوام لە تەشەنەکرندایە، چ لە شێوەی ڕاوێژکار، هەواڵگرو فەرماندەی سەربازی بێت، یاخود سەرپەرشتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕاهێنانو ئاڕاستەکردنو سەرکردایەتیی ئەو هێزانەی کە هێناونی بۆ سوریا. بە شێوەیەکی گشتی تاران فۆڕمی ئێستای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ڕژێمی سوریا بە کەمبوونەوەی هەژموونی خۆی دەزانێت لە سوریا. لە لایەکی دیکەوە، ئێران ترسی لەوە هەیە تورکیا ببێت بە گرنگترین پەناگە بۆ ڕژێم بۆ دەربازبوون لە سزا نێودەوڵەتییەکان بە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکان، یان کردنەوەی لقی کۆمپانیا تورکییەکان لە سوریا. بە پێی ئەم هاوکێشەیە، ئێران بەشێکی زۆر لە بازرگانییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سوریادا لەدەستدەدات بۆ تورکیا، کە لە ڕووی جوگرافییەوە لێوەی نزیکەو لە هەمان کاتدا خاوەنی بەرهەمێکی کوالێتی_بەرزترە بە بەراورد بە کاڵا ئێرانییەکان(١٧).

**تورکیا لاپەڕەیەکی نوێی لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ وڵاتانی وەک ئیمارات، ئیسرائیل (بەرلە دەستپێکردنی گەردەلوولی ئەقسا)، سعودیە، میسرو یۆناندا هەڵدایەوە، بەڵام پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی ئەسەددا تەواو جیاوازە.**

**٢.هەڵوێستی ڕوسیا:** ڕوسیا بەرژەوەندیی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سوریادا هەیەو دەیەوێت بازنەی بوونی خۆی لە سوریا فراوانتربکات، بۆئەوەی لە ئامادەبوونی سەربازییەوە بگوازێتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامە سیاسییەکان. ڤلادیمیر پوتنی سەرۆکی ڕوسیا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەدات لە ڕێگەی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەشی نێوان ئێران، سوریا، ڕوسیاو تورکیاوە. بێگومان پوتن بڕواپێهێنەرترین ناوبژیوانە، مۆسکۆش باشترین شوێنی کۆبوونەوەکەیە لە هەلومەرجی ئێستادا(١٨). بەرپرسانی کۆشکی کرملن بەم کارەیان دەیانەوێت پەیامێک

بگەیەنن بە ئەمریکاو بڵێن کو سەرەڕای سەرقاڵبوون بە ئۆکرانیاوە، توانای کۆنترۆڵکردنی کاروباری سوریاشیان هەیە. ڕوسیا نزیکترین وێستگە دەبێت کە بتوانێت میوانداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکات بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندییە باش‌و دیارانەی کە لەگەڵ ئەنقەرەو دیمەشقدا هەیەتی، جگە لەوەی کە کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە ڕۆڵ‌و توانای ڕوسیا دەردەخات لە کەمکردنەوەی ئاستی ململانێکان لە ناوچەکەدا.

**٣.هەڵوێستی ئەمریکا:** جگە لە ئامادەنەبوونی ئێران لە دیمەنی ئاسایبوونەوەی چاوەڕوانکراوی پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا، بە هەمان شێوە ئەمریکاش لە دانوستانەکاندا ئامادە نییە، ئەم دۆخەش گومانی گەورە دروستدەکات لە سەر داهاتووی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی فورات. ئەم ئامادەنەبوونەش بە شێوەیەک لە شێوەکان بە واتای لەگەڵنەبوون لێکدەدرێتەوە، وەک ئەمریکا، ئەم وڵاتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەبێ گرتنەبەری ڕێوشوێنی جددی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی بۆ قەیرانی سوریا، پشتیوانیی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی دیمەشقدا ناکەن. دوای ئەوەی ڕوسیا پشتیوانیی لە کۆبوونەوەی نێوان بەشار ئەسەدو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کرد، پەیامەکانی ئەنقەرە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیمەشقدا زیاتر بوو، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە پشتیوانی لە هەوڵەکانی تورکیا ناکات بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەسەدداو وەک واشنتۆن پشتیوانی لەو جۆرە دەستپێشخەرییانە ناکەن‌و هەنگاوی جددی دەنێین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ قەیرانی سوریا(١٩).

**بۆ تورکیا دەکرێت و اتای ئاساییبوونەوە لەگەڵ سوریادا لە سێ ڕەهەنددا کورتبکرێتەوە، کە بریتین لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت‌و دڵنیابوون لە گەڕانەوەی پەنابەرە سورییەکان.**

ئەگەر ئەردۆغان بە پشتیوانیی ڕوسیاو ڕەزامەندیی ئێران‌و چین، سەرقاڵی پڕۆژەی ئاشتەوایی بێت لەگەڵ دیمەشقداو بەردەوامبێت لە سەر جێبەجێکردنی، ئەمە بە واتای پەیوەستبوونی تورکیا دێت بە میحوەری پەکین–مۆسکۆ-تارانەوە، کە لە ساڵی (٢٠٢٢)ەوە بەرەیەکیان پێکهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی واشنتۆن

لە ناتۆو هاوپەیمانەکانی وەک ژاپۆن، کۆریای باشوورو ئوستڕالیا، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ شەڕێکی ساردی نوێ لێکدەدەرێتەوە(٢٠).

لە کۆتاییدا ئەگەرچی تورکیا بە هۆی ڕەچاوکردنی دۆخی ناوخۆیی‌و پێویستیی هاوکارییەوە لەگەڵ دیمەشقدا لە دژی یەپەگەو یارمەتیدانی گەڕاندنەوەی پەنابەرانی سوری ئامادەیە ئاشتەوایی لەگەڵ سوریادا تەواوبکات، بەڵام ئامادە نییە دەستبەجێ یان لە داهاتوویەکی نزیکدا مل بۆ خواستێکی بەرانبەر بدات کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا نەیەتەوە(٢١).

**٤.هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی سوریا:**

گرنگترین دەرهاویشتەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا لە سەر ئۆپۆزسیۆنی سوریایە، کە تورکیا پاڵپشتییدەکات لە باکووری سوریا. دەکرێت بڵێین: ئاساییبوونەوە پەیوەندییەکان لەم ڕووەوە پەیوەستە بە توانای ئیدارەدانی سوریاوە، نەک تورکیا، بەو پێیەی سوریا دەبێت بە شەڕ ئەو ناوچانە بگرێتەوەو جڵەویبکات، بەڵام لەبەرئەوەی لەم ناوچانەدا هێزی وەک بەرەی تەحریری شامی تێدایە، کە لە رووی تواناو ئامادەیی سەربازییەوە لە ئاستێکی بەرزدان، ئەرکەکە بۆ سوریا ئاسان نابێت، تەنانەت ئەگەر بە هاوکاریی ڕوسیاو ئێرانیش ئەو کارە بکات، لەبەرئەوەی بینیمان لە باشووری سوریا چی ڕویدا، کاتێک ڕژێم بە هاوکاریی ئێران‌و ڕوسیا ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵکردەوە کە کەمتر ئاڵۆز بوون(٢٢).

ئۆپۆزسیۆنی چەکداریی سوریا، کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتیدەکرێت، لە سێ ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانی هەژموونی تورکیادا؛ قەڵغانی فورات، کانی ئاشتی‌و چڵەزەیتوون، نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرانبەر بەو هەنگاوەی ئەنقەرە سەبارەت بە نزیکبوونەوە لە ڕژێمی سوریاو بە سەرەتای ڕێبازێکی نوێیان زانی، کە ئامانج لێی هەڵوەشاندنەوەی ئۆپۆزسیۆن‌و کۆتاییهێنانە بە دۆخەکە، ئاماژەکانی ئەم نارەزاییە لە سەرەتای تەمموزی ئەمساڵەوە دەرکەوت کە ئۆپۆزسیۆن خۆپیشاندانی لە ناوچەکانی جێنفوزی تورکیا ڕێکخستووەو هەوڵی تورکیای شەرمەزارکردووە بۆ نزیکبوونەوە لە ڕژێم‌و بابەتەکە گەیشتە ئاستی سوتاندنی ئاڵای تورکیا لەو ناوچانە.

ترسی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە لەدەستدانی پشتیوانیی تورکیا زیاتردەبێت، ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو دیمەشق ئاساییبکرێتەوە، بە تایبەتی سوریا مەرجی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان داناوە، کە هێزەکانی تورکیا دەبێت لە باکووری سوریا بکشێنەوەو هاوکاریی سوریا بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان. ئۆپۆزسیۆنی سوریا پێیانوایە ڕژێمی سوریا بەم مەرجە ڕاستەوخۆ دەیانکات بە ئامانج، بە

لەبەرچاوگرتنی پۆلێنکردنی ئەوان وەک گرووپی تیرۆریستی. لەو بارەیەوە ڕژێمی سوریا پێشنیارێکی ڕوونی خستووەتەڕوو بۆ ئەنقەرە؛ پەسەندکردنی هاتنی سوپای سوریا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی خۆسەری کورد، کە نیگەرانیی ئەمنی بۆ ئەنقەرە پێکدەهێنن و سەپاندنی کۆنترۆڵی ڕژێم بە سەریاندا، لە بەرانبەر دەستبەرداربوونی ئەنقەرەدا لە پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنی چەکداریی سوریا.
لە بەرانبەردا بۆچوونگەلێک هەن کە باس لەوە دەکەن تورکیا بە تەواوی دەستبەرداری ئۆپۆزسیۆن نابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەنگە ئەم پەیوەندییەو ڕۆڵی خۆی تێیدا بە پێی دۆخی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سوریادا دابڕێژێتەوە(٢٣).

**ئەنجام**

ئەردۆغان پێیوایە بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا، دەرفەتێکی ئابووریی نوێی بە ڕوودا دەکرێتەوە لە ڕێگەی دەروازەی سوریاوە، بەو پێیەی تورکیا دەیەوێت سوریا وەک دەروازەیەک بەکاربهێنێت، بۆئەوەی لە ڕێگەیەوە بگات بە بازاڕی وڵاتە عەرەبییەکان و لە هەمان کاتدا پشکی هەبێت لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی سوریا، هەروەها ئەسەدیش دەتوانێت لە ڕێگەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ تورکیادا پێگەی خۆی لە ناو وڵاتە عەرەبییەکاندا بەهێزتربکاتەوەو کاریگەرییەکانی ئێران لە سەر سوریا کەمبکاتەوەو بە هاوکاریی تورکیا کۆتایی بە هەوڵەکانی کورد بهێنێت بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە باکووری سوریا.

**پێشمەرجی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان بۆ سوریا خۆیدەبینێتەوە لە پاشەکشەی هێزەکانی تورکیا لە سوریاو پاڵپشتینەکردنی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان.**

ئێران نیگەرانە لەوەی نزیکبوونەوەی تورکیا لە ڕژێمی سوریا کاریگەرییەکانی تاران لە سەر دیمەشق لاوازبکات، سەرەڕای وەبەرهێنانە بەرچاوەکانی لە مانەوەی ئەسەد. بەڵگەنامە نهێنییە دزەپێکراوەکان، ڕادەی نیگەرانییەکانی ئێران ئاشکرادەکەن لە سەر دانوستانەکانی تورکیاو سوریا، کە بەبێ بوونی ئەو بەڕێوەدەچێت، ئەمەش مەترسی لە سەر کاریگەریی ستراتیژیی ئێران دروستدەکات، تاران ترسی ئەوەی هەیە دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی سوریا بە سەرکردایەتیی تورکیاو گەڕانەوەی پەنابەرەکان بە گەرەنتیی نێودەوڵەتی، کاریگەریی ئابووریی و

سیاسی لە سوریا کەمبکاتەوە، ڕوسیاش پاڵپشتیی سەرەکیی پرۆسەی لێکنزیکبوونەوەی تورکیاو ڕژێمی سوریا دەکات‌و بەرژەوەندیی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو دیمەشق هەیەو دەیەوێت بازنەی بوونی خۆی لە سوریا فراوانتربکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەگەرچی بە پلەی یەکەم سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە هەوڵەکانی تورکیا ناکات بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەسەدو لەگەڵ ئەوەدان چارەسەرێکی سیاسی بۆ قەیرانی سوریا بدۆزرێتەوە، ئەگەرچی سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە هەڵبژاردنەکانەوە دەرفەتی زیاتری بە تورکیاو ڕوسیاو ئێران بەخشیوە، بۆئەوەی بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی ئەمریکا، کار لە سەر هێنانەدیی گۆڕانکاریی دڵخوازی خۆیان بکەن لە سوریا.

دواجار هەر جۆرە لێکنزیکبوونەوەیەکی ئەنقەرەو دیمەشق‌و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانیان لە سەر حسابی کورد دەبێت‌و ئەو دوو وڵاتە نزیکتردەبنەوە لە لەناوبردنی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان.

## سەرچاوەکان:

١.أردوغان يلمح لاحتمال دعوة الأسد مع بوتين إلى تركيا (https://:/٢u.pw/BJMb٦oVi).
٢.د. طارق حمو : عن محاولات تقارب أردوغان من الأسد (https://nlka.net/archives/١٢١١٥).
٣.سوريا تشترط لتحسين العلاقات مع تركيا (https://:/٢u.pw/CeyzKKP٧).
٤.Türkiye Açısından Suriye ile Normalleşme Mümkün mü?( https://www.setav.org/suriye-ile-normallesmeye-yesil-isik-ne-anlama-geliyor
٥.إثر "شائعة" .. الليرة التركية تهوي أمام الدولار (https://zagrosnews.net/ar/news/٥٧٤١٦).
٦.آيا اردوغان ايده «سوريه بدون اسد» را كنار گذاشته است؟ (https://:/٢u.pw/٣٧٨LG٨AS).
٧.Türkiye Açısından Suriye ile Normalleşme Mümkün mü?( https://www.setav.org/turkiye-acisindan-suriye-ile-normallesme-mumkun-mu) ukarı Git
٨.التقارب التركي مع الأسد يثير مخاوف في شمال سوريا (https://www.mawteni٤٨.com/archives/٢٧١٤٣٥).
٩.الدافع الأمني وراء تطبيع تركيا مع سوريا وقمة مرتقبة بين الطرفين في بغداد (https://www.turkpress.co/node/١٠٢٠٢٦).
١٠.أردوغان يبدي استعداده للقاء الأسد واستعادة العلاقات مع سوريا (https://:/٢u.pw/rPiVy٦٧J).
١١. كيف سيتأثر اللاجئون السوريون في تركيا بتطبيع محتمل بين أنقرة ودمشق (https://www.bbc.com/arabic/articles/cn٠٧z٢gxyzpo).
١٢.التطبيع بين أنقرة ودمشق.. مسار محفوف بالألغام والأثمان (https://:/٢u.pw/njET٨dyZ).
١٣.ضياء قدور: إيران خلف الستار.. وثائق مسربة تكشف قلق طهران من التطبيع التركي مع النظام السوري(https://:/٢u.pw/OzYO٣٦J١).
١٤.سوريا وتركيا: العودة إلى "شهر العسل" أم حقبة الندية؟ (https://thecradle.co/arabic/articles/sorya-otrkya-alaaod-al-shhr-alaasl-am-hkb-alndy).
١٥.ترك برس: معوقات كبيرة في طريق تطبيع العلاقات التركية-السورية (https://www.turkpress.co/node/١٠١٩٧٩).
١٦.حسن الشاغل: هل توافق إيران تطبيع العلاقات بين سوريا وتركيا؟ (https://:/٢u.pw/WdgEA٨gg).
١٧. هل يلتقي إردوغان والأسد في أنقرة؟ (https://:/٢u.pw/G٨nISxXQ).
١٨.كرد پرس : آمريكا از عادی‌سازی روابط آنكارا و دمشق حمايت نخواهد كرد (https://:/٢u.pw/WZmtf١cz).
١٩.محمد سيد رصاص: أردوغان والمصالحة مع الأسد.. حسابات طريق التنمية والممر الهندي (https://nlka.net/archives/١٢٠٩٥).
٢٠.تركيا وسوريا... دوافع التطبيع: (https://rawabetcenter.com/archives/١٧٦١٥٠).
٢١.صافيناز محمد أحمد: التقارب التركى-السورى المحتمل.. حسابات أردوغان الجديدة (https://acpss.ahram.org.eg/News/٢١٢٢٣.aspx).
٢٢.محمد همدر: تركيا وسوريا: معضلة المعارضة السورية والنفوذ التركي (https://www.bbc.com/arabic/articles/c٤ng٧١q٢ed٠o).
٢٣.صافيناز محمد أحمد: التقارب التركى-السورى المحتمل.. حسابات أردوغان الجديدة (https://acpss.ahram.org.eg/News/٢١٢٢٣.aspx).

# وەرگێڕان

تورکیاناسی

# کێشەی کورد، سیاسەتی کوردو دەمیرتاش

وەرگێڕانو پوختکردنەوەی: تورکیاناسی

**کاری هاوبەشی ناوەندی توێژینەوەکانی ڕاوێستووەرزنامەی تورکیاناسی**

ناوەندی توێژینەوەکانی ڕاوێست (Rawest Araştırmaları) ساڵی (٢٠١٨) لەلایەن ژمارەیەک ئەکادیمیو توێژەری بەئەزموونەوە لە بوارە جیاوازەکاندا لە ئامەد دامەزراوە. لەگەڵ توێژینەوەو ڕاپرسی دەربارەی بابەتە سیاسییەکانی پەیوەست بە باکووری کوردستانو ناوچەکەوە، چەندین چالاکیی پەیوەست بە هۆشیاریی سیاسیو پێوانەی ڕایگشتیی باکووری کوردستان ئەنجامداوە. لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ناوەندەکانی توێژینەوەدا کاری هاوبەش دەکات.

**بەرایی**

ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بریتییە لە پوختەی توێژینەوەیەکی فراوان لە ڕووی سنووری جوگرافیو سنووری مرۆیی کاتەوە. لەلایەن ناوەندی توێژینەوەکانی ڕاوێست (Rawest Araştırmaları)ەوە لە ئامەد کراوە. وەرزنامەی تورکیاناسی بەپێویستیزانیوە ئەو پرسیارو بابەتانەی کە گرنگو جێی بایەخن بۆ خوێنەر لە باشووری کوردستان، لە ناو توێژینەوەکەدا بڵاوبکاتەوە.

ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ (١٤٠٦) کەسدا لە تەواوی شارە گەورەو ناوەندییەکانی باکووری کوردستانو شارە گەورەکانی ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، بورساو ئەنتالیا لە مانگەکانی شوبات، ئادارو نیسانی (٢٠٢٤)دا کراوە.

ئەم توێژینەوەیە هەڵوێستی کوردەکانی باکووری کوردستانو تورکیا بەرانبەر بە ناسنامەی کوردبوون، ئایینداری، نەتەوایەتی، سیاسەتی دەوڵەتی تورکیاو پارتە سیاسییەکان پەیوەست بە پرسی کوردەوە، کەسایەتیی سەلاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووتری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیاو دۆخی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)/ هەدەپە دەخاتەڕوو.
گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بۆچوونی ڕایگشتیی کوردانی تورکیا دەربارەی پرسە گرنگو هەستیارەکانی ڕۆژ بە شێوەیەکی بابەتیو بێلایەنانە خراوەتەڕوو. بە شێوەی ڕووبەڕوو پرسیارەکان ئاڕاستەی بەشداربوان کراوە، هەر لەبەرئەوە وەک کارێکی هاوبەشی ناوەندی توێژینەوەکانی ڕاوێستو وەرزنامەی تورکیاناسی بڵاویدەکەینەوە.

### زانیاریی کەسی

| ڕەگەزی بەشداربوان | ڕێژە |
|---|---|
| نێر | (٥١.٢٪) |
| مێ | (٤٨.٨٪) |
| **تەمەن** | **ڕێژە** |
| (١٧-٢٩) | (٤٠.١٪) |
| (٣٠-٣٩) | (٤٢.٤٪) |
| (٥٠) زیاتر | (١٧.٥٪) |
| **دۆخی کۆمەڵایەتی** | **ڕێژە** |
| کاردەکات | (٤٦٪) |
| ژنیماڵەوە | (٢٦.٢٪) |
| خوێندکار | (١٣.٨٪) |
| بێکار | (٩.٨٪) |
| خانەنشین | (٤.٢٪) |
| **بڕوانامە** | **ڕێژە** |
| خوێندکار | (١٣.٨٪) |
| بنەڕەتی | (٣٤.٨٪) |
| ئامادەیی | (٣٣.١٪) |
| بەکالۆریۆس بەرەوسەر | (١٨.٣٪) |

**تەوەرەی یەکەم: ناسنامە لە لای کوردەکانی تورکیا**

**١.ناسنامە لە لای کوردەکانی تورکیا بە چ و اتایەک دێت؟ تاکی کورد کام ناسنامەیە بۆ خۆی پەسەنددەکات؟**

| ناسنامە | ڕێژە |
|---|---|
| مسوڵمان | (٪٥٣.٥) |
| ئازادیخواز | (٪٢٨.١) |
| ئاییندار | (٪٢٤.٨) |
| پارێزکار | (٪١١.٩) |
| سۆسیالیست | (٪١١.٥) |
| نەتەوەپەرستی کورد | (٪٩.٩) |
| دیموکرات | (٪٩.٢) |
| پارێزەری مافەکانی کورد | (٪٨.٤) |
| سۆشیال دیموکرات | (٪٨.٠) |
| بێباوەڕ | (٪٧.٧) |
| چەپ | (٪٤.٧) |
| کەمالیست | (٪٤.٧) |
| ئیسلامی | (٪٤.٦) |
| فیمینیست | (٪٤.٥) |
| ڕاستڕەو | (٪٢.٧) |
| لیبراڵ | (٪٢.٦) |
| نەتەوەپەرستی تورک | (٪٠.٨) |

لە کاتێکدا لە لای تورکەکان ناسنامەی نەتەوەپەرستی تورک لە پێشەوەیە، بەڵام لە لای کوردەکان ناسنامەی ئازادیخوازی لە پێشترە. هەروەها کوردەکان بە پێچەوانەی تورکەکانەوە، لە بریی ناسنامەی سیکۆلار، زیاتر خۆیان وەک ئازادیخواز لەقەڵەمدەدەن، یاخود ناسنامەی سیکۆلاری بە ناسنامەی ئازادیخوازی پەسەنددەکەن. دەکرێت هۆکارەکەیشی بگەڕێتەوە بۆ ستەمی چەند ساڵەو پێشێلکردنی ناڕەوای مافەکانی کورد لە تورکیا.

لە لایەکی دیکەوە، کوردەکان لە بریی ناسنامەی پارێزکار یاخود ئیسلامی، ناسنامەی مسوڵمان یاخود ئاییندار بۆ خۆیان پەسەنددەکەن.

لە وەڵامی پرسیاری "کوردبوون واتای چی دەدات؟" بە گشتی بژاردەی "خاوەندارێتی لە ناسنامی کوردی، ستەملێکراوی، خۆڕاگری و بەرخۆدان" لەلایەن بەشداربوانی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە.

### ٢.کوردی تورکیا هەتا چەند خۆیان بە کورد دەزانن؟

| ئاست | ڕێژە |
|---|---|
| کەم | (٪١٤.٢) |
| ناوەند | (٪٣٢.٦) |
| زۆر | (٪٥٣.٢) |

هەرچەندە نیوە زیاتری بەشداربوان زۆر خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام نزیکەی نیوەی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە کەم یاخود بە ئاستی ناوەند خۆیان بە کورد دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا خۆبەتورکزانین لە لای تورکەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشان و زیادبووندایە.

### ٣. کوردی تورکیا شانازی بە کوردبوونەوە دەکەن؟

| وەڵام | ڕێژە |
|---|---|
| لەگەڵیدا نیم | (٪١٢.٩) |
| هەتا ڕادەیەک | (٪١٦.٠) |
| لەگەڵیدام | (٪٧١.٢) |

هەرچەندە نزیکەی سێ لە سەر چواری بەشداربوان شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن، بەڵام (٪١٢.٩)ی بەشداربوانیش شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە ناکەن، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئایندەی پرسی کورد لە تورکیا.

### ٤. کوردی تورکیا هەتا چەند بەرگری لە ناسنامەی کوردبوون دەکەن؟

| ئاست | ڕێژە |
|---|---|
| لاواز | (٪١٣.٤) |
| ناوەند | (٪١٩.٢) |
| بەهێز | (٪٣٤.٦) |
| زۆر بەهێز | (٪٣١.٨) |

هەرچەندە ڕێژەی دوو لە سەر سێی بەشداربوون بەرگری لە ناسنامەی کوردبوونی خۆیان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ڕێژەی (١٣.٤٪)، کە زۆر بە لاوازی بەرگری لە ناسنامەی کوردبوون دەکەن، مایەی سەرنج و تێڕامانە.

**تەوەرەی دووەم: پرسی کورد لە تورکیا**

**١. کێشەی کورد لە تورکیا هەیە؟**

| ڕێژە | بژاردە |
| --- | --- |
| (٪٥٨.٢) | بەڵێ، کێشەی کورد هەیە |
| (٪١٧.٣) | کێشەی کورد نییە، بەڵام کوردەکان کێشەیان هەیە |
| (٪١٤.٧) | نەخێر، پێموانییە کێشەی کورد هەبێت |
| (٪٩.٨) | نازانم |

هەرچەندە زیاتر لە نیوەی بەشداربوان ئاماژەیان بەوە داوە کێشەی کورد لە تورکیا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی (١٥٪)ی بەشداربوان پێیانوایە بابەتێک بە ناوی کێشەی کوردەوە لە تورکیادا نییە، هەروەها ڕێژە (١٧٪)یش پێیانوایە لە بریی کێشەی کورد، کوردەکان کێشەیان هەیە.

**٢. ئایا کێشەی کورد لە تورکیا لە چییەوە سەرچاوەیگرتووە؟ دەتوانیت دوو بژاردە هەڵبژێریت.**

| ڕێژە | وەلام |
| --- | --- |
| (٪٥١.٦) | داننەنان بە ناسنامەی کورد |
| (٪٤٩.٣) | سیاسەتی جیاکاریی دەوڵەت بەرانبەر بە کورد |
| (٪٢٤.٦) | نەخوێندەواری |
| (٪٢٢.٠) | خواستی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ |
| (٪١٨.٠) | دواکەوتوویی شارە کوردییەکان لە رووی ئابوورییەوە |
| (٪١٨.٠) | دەستخستنەناو کاروباری تورکیاو کوردەکان لەلایەن هێزو دەوڵەتە بیانییەکانەوە |
| (٪١٤.٢) | دەرکەوتن و بوونی هێزێکی چەکدار |

بە گشتی بەشداربوانی توێژینەوەکە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی کورد بۆ داننەنان بە ناسنامەی کوردو سیاسەتی جیاکاریی دەوڵەت بەرانبەر بە کورد دەگەڕێننەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی (١٤.٢٪)ی بەشداربوان بوونی هێزێکی چەکدار بە سەرچاوەی دروسبوونی کێشەی کورد دادەنێن.

### ٣. داواکاریی سەرەکیی کوردی تورکیا چییە؟

| ڕێژە | داواکاری |
|---|---|
| (٪٣٥) | یەکسانی |
| (٪٣٣) | دادپەروەری |
| (٪٣٢) | زمانی دایک |
| (٪١٨) | ئازادی |
| (٪١٥) | گەشەپێدانی ئابووری |
| (٪١٤) | جیاکارینەکردن |
| (٪١٠) | دیموکراتی |

بە وردبوونەوە لە داواکارییە سەرەکییەکانی کوردەکان، دەردەکەوێت کۆی داواکارییەکان لە کۆمەڵێک مافی سەرەکی‌و سەرەتاییدا کۆدەبێتەوە، کە پێویستە بۆ هەر گەلێک لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دابینبکرێت کە تێیدا دەژی.

### ٣.بە بۆچوونی ئێوە پێویستە زمانی پەروەردە بۆ ئەوکەسانەی کە زمانی دایکیان تورکی نییە، چۆن بێت؟

| ڕێژە | زمانی پەروردە |
|---|---|
| (٪٤٤.١) | پێویستە هەم بە زمانی تورکی‌و هەم بە زمانی دایک پەروەردە هەبێت |
| (٪٢٧) | پێویستە زمانی پەروەردە تورکی بێت، بەڵام زمانی دایکیش فێری خوێندکار بکرێت |
| (٪١٩) | زمانی پەروەردە تورکی بێت، لە قوتابخانەکاندا پێویست بە فێرکردنی زمانی دایک ناکات |
| (٪٩.٧) | پێویستە زمانی پەروەردە تەنها بە زمانی دایک (کوردی) بێت |

هەرچەندە ڕێژەیەکی زۆری بەشداربوان داوای خوێندن بە هەردوو زمانی تورکی‌و کوردی

دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا خواستی (١٩٪)ی بەشداربوان بۆ پێویستنەبوونی فێرکردنی زمانی دایک (زمانی کوردی) لە قوتابخانەکاندا جێی هەڵوێستەلەسەرکردنە.

**٥. لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە، پێویستە زمانی فەرمی چ زمانێک بێت؟**

| زمانی فەرمی | ڕێژە |
|---|---|
| زمانی فەرمی تورکی بێت، بەڵام زمانی کوردییش بەکاربهێنرێت | (٤٢٪) |
| پێویستە زمانی فەرمی تورکی‌و کوردی بێت | (٣٣٪) |
| زمانی فەرمی تەنها تورکی بێت | (١٣٪) |
| زمانی فەرمی تەنها کوردی بێت | (١١٪) |

هەرچەندە سێ لە سەر چواری بەشداربوان داوادەکەن زمانی فەرمی تورکی‌و کوردی بێت، بەڵام ڕێژەی ئەوانەی داوادەکەن زمانی فەرمی تەنها تورکی بێت، زیاترە لەوانەی کە داوادەکەن زمانی فەرمی تەنها کوردی بێت. لێرەوە مەترسیداریی دۆخی زمانی کوردی‌و هەڵوێستی بەشێک لە کوردەکانی تورکیا بۆ پاراستنی زمانی کوردی ڕووندەبێتەوە.

**تەوەری سێیەم: کوردو سیاسەت لە تورکیا**

**١. پەیوەندیی تاکی کورد لە تورکیا بە سیاسەتەوە**

| پەیوەندیی ئێستا | ڕێژە |
|---|---|
| نازانم | (٣٨٪) |
| پەیوەندیم هەیە | (٣٣٪) |
| پەیوەندیم نییە | (٢٩٪) |
| **بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، پەیوەندیی کورد لە تورکیا بە سیاسەتەوە گۆڕاوە؟** | **ڕێژە** |
| وەک خۆیەتی | (٦٣٪) |
| کەمیکردووە | (١٩٪) |
| زیادیکردووە | (١٨٪) |

تەنها یەک لە سەر سێی کوردەکان پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەیەو چاودێریی ڕەوشی سیاسی دەکەن. ئەم دۆخەش بەراورد بە ساڵی ڕابردوو گۆڕانکاریی بەسەردانەهاتووە. بە گشتی جۆرێک لە نائومێدی بە سەر دۆخی سیاسیدا زاڵە.

**٢. پەیوەندیی کوردەکانی باکووری کوردستان و خۆرئاوای تورکیا بە سیاسەتەوە**

| پەیوەندیی هەیە | ڕێژە |
|---|---|
| کوردی باکوور | (٪٣١) |
| کوردی خۆرئاوای تورکیا | (٪٣٩) |
| **نازانێت** | **ڕێژە** |
| کوردی باکوور | (٪٣٧) |
| کوردی خۆرئاوای تورکیا | (٪٣٨) |
| **پەیوەندیی نییە** | **ڕێژە** |
| کوردی باکوور | (٪٣٢) |
| کوردی خۆرئاوای تورکیا | (٪٢٣) |

تێبینیدەکرێت کوردی خۆرئاوای تورکیا بەراورد بە کوردی باکووری کوردستان پەیوەندیی زیاتری بە سیاسەتەوە هەیەو بە دوای پێشهاتە سیاسییەکانەوەیە.

**٣. پەیوەندیی دەنگدەرانی کورد لە تورکیا بە سیاسەتەوە**

| دەنگدەری ئاکپارتی | ڕێژە |
|---|---|
| پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە | (٪٣٣) |
| نازانێت | (٪٤٠) |
| پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە | (٪٢٦) |
| **دەنگدەری جەهەپە** | **ڕێژە** |
| پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە | (٪٣٧) |
| نازانێت | (٪٣٥) |
| پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە | (٪٢٩) |
| **دەنگدەری دەمپارتی/ هەدەپە** | **ڕێژە** |
| پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە | (٪٤٣) |
| نازانێت | (٪٣٥) |
| پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە | (٪٢٢) |

| ڕێژە | ئەوانەی دەنگیانندەداوە |
|---|---|
| (٪١٢) | پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە |
| (٪٤٣) | نازانێت |
| (٪٤٥) | پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە |

دوای پێشهاتە سیاسییەکانەوەن‌و ئاگاداری دۆخی سیاسین. هەروەها ئەوانەی کە دەنگیانندەداوە، پەیوەندییەکی زۆر لاوازیان بە سیاسەتەوە هەیە.

### ٤. نزیکیی کوردەکان لە پارتە سیاسییەکانەوە

| ڕێژە | پارتی سیاسی |
|---|---|
| (٪٥٠.٩٦) | دەمپارتی/ هەدەپە |
| (٪٣٠.٨٠) | جەهەپە |
| (٪٣٠.١٦) | ئاکپارتی |
| (٪٢٠.٦٧) | پارتی کارکەرانی تورکیا |
| (٪٢٠.٣٧) | پارتی ڕەفاهیی نوێ |
| (٪١٠.٩٢) | مەهەپە |
| (٪١٠.٧٤) | پارتی زافەر |

لەم وەڵامانەوە هەتا ڕادەیەک پاشەکشەی هەستی نەتەوایەتیی چەپڕەوی لەگەڵ نزیکی لە ئاکپارتیدا هەستپێدەکرێت. لە کاتێکدا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٨) ئاکپارتی نزیکەی نیوەی دەنگەکانی کوردی لە تورکیا بەدەستهێناوە، ئێستا ئەو ڕێژەیە بۆ نیوە دابەزیوە.

هەست بە کەمبوونەوەی مەیلی کوردەکانیش بۆ نزیکی لە دەمپارتی/ هەدەپەوە دەکرێت. لەمانەش سەیرتر، هەستکردنە بە نزیکیی کوردەکان لە هەردوو پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە)و پارتی زافەرەوە، کە بە دوو پارتی نەژادپەرستی هەتا ڕادەیەک دژ بە کورد لە تورکیا ناسراون.

هەستکرن بە نزیکیی کوردەکان لە پارتی گەلی کۆمارییەوە (جەهەپە) مایەی تێڕامانە، دەکرێت هۆکارەکەیشی بۆ سیاسەتی خراپی ئاکپارتی‌و بڕیارە سیاسییە هەڵەکانی دەمپارتی/ هەدەپە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بگێڕینەوە. ئەمە جگە لەو سیاسەت‌و بانگەشە میدیاییەی جەهەپە، بە تایبەتی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پەیڕەویکردووە.

**٥. خۆشحاڵی کوردەکانی تورکیا بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان**

| ئاستی خۆشحاڵی | ڕێژە |
|---|---|
| نزم | (٪٣١) |
| ناوەند | (٪٣١) |
| بەرز | (٪٣٧) |
| **باش/ خراپیی ئەنجامەکان بۆ تورکیا** | **ڕێژە** |
| خراپ بوو | (٪٢٩) |
| نازانم | (٪٢٢) |
| باش بوو | (٪٤٩) |

ڕێژەی زۆری کوردەکان خۆشحاڵن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا، بەڵام ئەم ڕێژەیە نەگەیشتووەتە نیوە. هەروەها دوو لە سەر سێی بەشداربوان زۆر خۆشحاڵ نین بەو ئەنجامانە. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی نیوەی بەشداربوانی توێژینەوەکە پێیانوایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان باش دەبێت بۆ تورکیا.

**تەوەری چوارەم: سەلاحەدین دەمیرتاش و کوردی تورکیا**

**١. ڕەزامەندیی و خۆشەویستیی کوردەکان بۆ سەرکردەکانی باکووری کوردستان و تورکیا**

| سەرکردە | نمرە لە (١٠) |
|---|---|
| سەلاحەدین دەمیرتاش | (٧.١) |
| ئەکرەم ئیمام ئۆغلو (سەرۆکی شارەوانیی ئەستەنبوڵ/ جەهەپە) | (٥.٥) |
| لەیلا زانا | (٥.١) |
| پەروین بولدان (هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە) | (٤.٨) |
| مەنسور یاڤاش (سەرۆکی شارەوانیی ئەنقەرە/ جەهەپە) | (٤.٢) |
| ئۆزگیور ئۆزێل (سەرۆکی جەهەپە) | (٤.١) |
| کەمال کلیچدارئۆغلو (سەرۆکی پێشووی جەهەپە) | (٣.٨) |
| ڕەجەب تەیب ئەردۆغان | (٣.٤) |
| هاکان فیدان (وەزیری دەرەوەی تورکیا/ ئاکپارتی) | (٢.٧) |
| فاتیح ئەربەکان (سەرۆکی پارتی ڕەفاهیی نوێ) | (٢.٦) |
| دەوڵەت باخچەلی (سەرۆکی مەهەپە) | (٢) |
| ئومیت ئۆزداغ (سەرۆکی پارتی زافەر) | (١.٩) |

هەتا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی کوردو دەمپارتی/ هەدەپە نەیتوانیوە سەڵاحەدین دەمیرتاش تێبپەڕێنێت‌و ئاستی ڕەزامەندی‌و خۆشەویستیی کوردەکان لە دەمیرتاش زیاتر بەدەستبهێنێت. لە لایەکی دیکەوە، ڕێژەی پشتیوانی‌و ڕەزامەندیی کوردەکان بۆ ئەردۆغان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، ئەمەش لە لایەکەوە بۆ گۆڕانی ئاڕاستەی سیاسەتی ئاکپارتی‌و حکومەت بەرانبەر بە کوردەکان‌و لە لایەکی دیکەوە بۆ دەرکەوتنی چەند سەرکردەیەکی وەک ئۆزگیور ئۆزێل‌و ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو دەگەڕێتەوە. لە هەمان کاتدا زیادبوونی سەرنجی کوردەکان بۆ هاکان فیدان، کە لە هەمان حیزبی ئەردۆغانە، جێی تێڕامانە.

### ٢. سەڵاحەدین دەمیرتاش لە زمانی کوردەکانی تورکیاوە

بە گشتی لە شەقامی باکووری کوردستان‌و لە لای کوردەکانی تورکیا، دەمیرتاش ئەو کەسەیە کە خاوەنداریەتی لە ناسنامەی کوردبوون دەکات، پارێزەری مافەکانی کوردە. توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی دەرەوەی کوردەکاندا دروستبکات. لە هەمان کاتدا لە چاوی کوردەکاندا دەمیرتاش کەسێکی دیموکرات‌و هەمیشە لایەنگری ئاشتی بووە. هەرچەندە بە فەرمییش سەرۆک نەبێت، بەڵام خەڵکی هەر وەک سەرۆکی دەمپارتی/ هەدەپە دەیبینن. هەتا ئێستاش دوو لە سەر سێی ئەندام‌و لایەنگرانی دەمپارتی/ هەدەپە سەڵاحەدین دەمیرتاش وەک سەرۆکی خۆیان دەزانن. لە لای ئەندام‌و لایەنگرە کوردەکانی ئاکپارتییش دەمیرتاش سیاسییەکی پەسەندکراوە.

### ٣. هەڵوێستی کوردەکانی تورکیا بەرانبەر بە سەڵاحەین دەمیرتاش

| هەڵوێست | ڕێژە |
|---|---|
| دۆست | (٪٦١.٩) |
| نازانم | (٪٢٤.٠) |
| دوژمن | (٪١٤.١) |

نیوە زیاتری کوردەکانی تورکیا وەک دۆستێک لە دەمیرتاش دەڕوانن، ئەم ڕێژەیەش هەتا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی کوردو تورک لە تورکیادا نەیتوانیوە بەدەستیبهێنێت.

**٤. لە ڕوانگەی کوردایەتییەوە، بە گوێرەی هەڵوێستی ئەمڕۆی، پێویستە دەمیرتاش چۆن بێت؟**

| ڕێژە | هەڵوێست |
|---|---|
| (٪٦١) | هەڵوێستی ئێستای باشە |
| (٪١١) | پێویستە زیاتر جەخت لە کوردایەتی بکاتەوە |
| (٪١٩) | نازانم |
| (٪٩) | پێویستە کەمتر جەخت لە کوردایەتی بکاتەوە |

زیاتر لە نیوەی کوردەکانی تورکیا لە سیاسەتو هەڵوێستەکانی ئێستای دەمیرتاش ڕازین، هەرچەندە (٪١١)ی بەشداربوان پێیانوایە پێویستە دەمیرتاش زیاتر جەخت لە کوردایەتی بکاتەوە، لە بەرانبەردا ڕێژەی (٪٩)ی بەشداربوان پێیانباشە دەمیرتاش کەمتر جەخت لە کوردایەتی بکاتەوە.

**٥. لە ڕوانگەی ئایینداریيەوە، بە گوێرەی هەڵوێستی ئەمڕۆی، پێویستە دەمیرتاش چۆن بێت؟**

| ڕێژە | هەڵوێست |
|---|---|
| (٪٥٧) | هەڵوێستی ئێستای باشە |
| (٪١٧) | پێویستە زیاتر ئاییندار بێت |
| (٪٢٣) | نازانم |
| (٪٣) | پێویستە کەمتر ئاییندار بێت |

هەرچەندە نیوە زیاتری کوردەکان ڕازین لە هەڵوێستی دەمیرتاش پەیوەست بە ئایینداریيەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرانبەردا (٪١٧) داوایانکردووە دەمیرتاش پێویستە زیاتر ئاییندار بێت، تەنها (٪٣) پێیانوایە پێویستە ئەم سەرکردە کوردە کەمتر ئاییندار بێت. هەڵبەت ئەوانەی کە چاوەڕوانن دەمیرتاش زیاتر ئاییندار بێت، زۆرینەیان ئەندامو لایەنگری ئاکپارتی بوون.

**٦. لە ڕوانگەی هەستکردن بە تورکیایی_بوون، بە گوێرەی هەڵوێستی ئەمڕۆی، پێویستە دەمیرتاش چۆن بێت؟**

| هەڵوێست | ڕێژە |
| --- | --- |
| هەڵوێستی ئێستای باشە | (٪٥٣) |
| پێویستە زیاتر تورکیایی بێت | (٪٢٣) |
| نازانم | (٪٢١) |
| پێویستە کەمتر تورکیایی بێت | (٪٣) |

نیوە زیاتری بەشداربوان ڕەزامەندن لە سەر هەڵوێستی دەمیرتاش دەربارەی تورکیایی_بوونی، بەڵام ڕێژەی (٪٢٣)ی بەشداربوان داوای جەختکردنەوەی زیاتری دەمیرتاش لە تورکیایی_بوونی دەکەن، ئەم ڕێژەیەش نزیکە لە ڕێژەی ئەو کەسانەوە کە داوایانکردووە دەمیرتاش زیاتر جەخت لە ئایینداربوون بکاتەوە، بەڵام تەنها ڕێژەی (٪٣) داوادەکەن دەمیرتاش کەمتر جەخت لە تورکیایی_بوون بکاتەوە. ئەمەش هەمان ڕێژەیە کە داوای کەمتر ئاییندارببوونی دەمیرتاشی دەکرد. کەواتە لە لای کوردەکانی تورکیا، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان ئاییندارىو تورکیایی_بووندا هەیە، بە هەمان جۆر داواکاری کەمتر ئاییندارىبوونو کەمتر تورکیایی_بوون لە هەمان ڕێژەدایە.

**٧. لە ڕوانگەی چەپڕەوییەوە، بە گوێرەی هەڵوێستی ئەمڕۆی، پێویستە دەمیرتاش چۆن بێت؟**

| هەڵوێست | ڕێژە |
| --- | --- |
| هەڵوێستی ئێستای باشە | (٪٥٥) |
| پێویستە زیاتر چەپڕەو بێت | (٪٩) |
| نازانم | (٪٢٦) |
| پێویستە کەمتر چەپڕەو بێت | (٪١١) |

پەیوەست بە چەپڕەوییەوە، نیوە زیاتری بەشداربوان لە هەڵوێستی ئێستای دەمیرتاش ڕازین، بەڵام بەرانبەر بە (٪٩)ی بەشداربوان، کە پێیانوایە پێویستە دەمیرتاش زیاتر چەپڕەو بێت، (٪١١)ی بەشاربوان داوادەکەن دەمیرتاش کەمتر چەپڕەو بێت.

### ٨. سەڵاحەدین دەمیرتاش لە نێوان داواکاریی کەمتر و زیاتری کوردەکانی تورکیادا

| هەڵوێست | ڕێژە | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زیاتر | کەمتر | باشە | نازانم |
| کوردایەتی | (٪١١) | (٪٩) | (٪٦١) | (٪١٩) |
| ئایینداری | (٪١٧) | (٪٣) | (٪٥٧) | (٪٢٣) |
| تورکیایی_بوون | (٪٢٣) | (٪٣) | (٪٥٣) | (٪٢١) |
| چەپڕەوی | (٪٩) | (٪١١) | (٪٥٥) | (٪٢٦) |

ئەوەی تێبینیدەکرێت، لە ناو کوردەکانی تورکیادا داواکاریی زیادکردنی هەڵوێستی کوردایەتی، ئایینداری، تورکیایی_بوونو دوورکەوتنەوە لە بیری چەپڕەوی زیاترە لەوانەی کە بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە. بە زمانی ژمارە دەتوانرێت بگوترێت (٪٦٢)ی بەشداربوانی توێژینەوەکە داوای کوردایەتیو ئایینداریو تورکیایی_بوونی زیاترو دوورکەوتنەوە لە بیری چەپ لە دەمیرتاش دەکەن. لە بەرانبەردا (٪٢٦)ی بەشداربوان پێیانوایە کە پێویستە دەمیرتاش کەمتر کوردایەتیو ئاییندارىو تورکیایی_بوون بکاتو زیاتریش چەپڕەو بێت.

### ٩. خاڵی بەهێزو لاوازی سەڵاحەدین دەمیرتاش

| خاڵی بەهێز | خاڵی لاواز |
|---|---|
| نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە | بە تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکەکەدا نەپچڕاوە |
| دەستبەردارنەبوون لە بەرگری لە مافەکانی کورد | مانەوەی لە زیندان |
| خاوەنی پەیامێکی گشتی بۆ هەموان | چەپڕەو، ئایدۆلۆژیو ناڕازی |
| خاوەنی سیاسەتی یەکگرتوویی کوردەکان | ناکۆکی لەگەڵ هەدەپەو دەمپارتیدا |
| کوردبوونو تورکیایی_بوون | |
| سەرچاوەی شانازی | |
| بەناوبانگ | |

**تەوەری پێنجەم: کوردەکانی تورکیاو دەمپارتی/ هەدەپە**

**١. پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)/ هەدەپەو نوێنەرایەتیکردنی کورد لە تورکیا**

| چاوەڕوانی کوردانی تورکیا لە دەمپارتی/ هەدەپە | ڕێژە |
|---|---|
| زۆر | (٣٤٪) |
| ناوەند | (٣٢٪) |
| کەم | (٢٥٪) |
| نازانم | (٩٪) |
| **چاوەڕوانی دەنگدەرانی دەمپارتی/ هەدەپە لە پارتەکەیان** | **ڕێژە** |
| زۆر | (٥٦٪) |
| ناوەند | (٣٨٪) |
| کەم | (٥٪) |
| نازانم | (٢٪) |

بە گشتی دەمپارتی/ هەدەپە نەیتوانیوە بە ڕێژەیەکی بەرز لە ئاست چاوەڕوانییەکانی کوردی تورکیادا بێت. لە لایەکی دیکەوە هەرچەندە نیوە زیاتری دەنگدەرانی دەمپارتی/ هەدەپە پێیانوایە پارتەکەیان لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەواندا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی (٤٣٪)ی دەنگدەرانی ئەو حیزبە پێیانوایە دەمپارتی/ هەدەپە وەک پێویست لە ئاستی چاوەڕوانییەکانیاندا نەبووە.

**تەوەری شەشەم: سەڵاحەدین دەمیرتاشو دەمپارتی/ هەدەپە**

**١. پشتیوانیی کوردانی تورکیا لە سەڵاحەدین دەمیرتاشو دەمپارتی/ هەدەپە**

| پشتیوانیی کوردانی تورکیا | ڕێژە |
|---|---|
| دەمیرتاش | (٤٨.٨٪) |
| دەمپارتی/ هەدەپە | (١٧.٨٪) |
| نازانم | (٣٣.٤) |
| **پشتیوانیی دەنگدەرانی دەمپارتی/ هەدەپە** | **ڕێژە** |
| دەمیرتاش | (٦٠.٧٪) |
| دەمپارتی/ هەدەپە | (٢٨.٣٪) |
| نازانم | (١١.٠٪) |

هەم بە گشتی کوردانی تورکیا، هەم بە تایبەتییش دەنگدەرانی دەمپارتی/ هەدەپە، لە نێوان خودی سەڵاحەدین دەمیرتاشو دەمپارتی/ هەدەپەدا پشتیوانیی دەمیرتاش زیاترە. تەنانەت نیوە زیاتری دەنگدەرانی حیزبەکە لە نێوان بژاردەی دەمیرتاشو حیزبەکەیاندا پشتیوانی لە یەکەمیان دەکەن.

**٢. دەمیرتاش لە نێوان بژاردەکانی "مانەوە لە ناو دەمپارتی/ هەدەپەدا، دامەزراندنی حیزبێکی نوێو چوونەناو حیزبێکی دیکەوە"دا**

| بژاردە | رێژە |
|---|---|
| مانەوە لە ناو دەمپارتی/ هەدەپەدا | (٪٤٣.٧) |
| دامەزاندنی حیزبێکی نوێ | (٪٢٦.٣) |
| چوونەناو جەهەپەوە | (٪١١.١) |
| چوونەناو ئاکپارتییەوە | (٪١٠.٨) |
| چوونەناو پارتی کارکەرانی تورکیاوە | (٪٢.٧) |
| چوونەناو پارتەکانی دیکەوە | (٪٥.٣) |

سەرەڕای کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان سەڵاحەدین دەمیرتاشو دەمپارتی/ هەدەپە، هێشتا نزیکەی نیوەی کوردی تورکیا داوادەکەن دەمیرتاش لە ناو ئەو پارتەدا کە خۆی دایمەزراندووە، بەردەوامی بە کاری حیزبی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا یەک لە سەر سێی بەشداربوان داوادەکەن پارتێکی نوێ دابمەزرێنێت.

**بە کۆی گشتی دەتوانرێت بگوترێت سەڵاحەدین دەمیرتاش:**

١. یەکەم سەرکردەی مەدەنی کوردەکانە لە تورکیا.
٢. شێوازێکی جیاوازی تێڕوانینی لە دەمپارتی/ هەدەپە بۆ کاری سیاسی هەیە.
٣. هەرچەندە کوردەکانی باکووری کوردستان لەگەڵ کوردەکانی شارە گەورەکانو خۆرئاوای تورکیا زیاتر لێکدابڕێن، دەمیرتاش کۆیاندەکاتەوە.
٤. لە ڕوانگەی کوردەکانەوە "سەرۆکی" هەموانە. بۆ تورکیایش سەرکردەیەکە کە توانیویەتی جیاکاریی چەپڕەوو ڕاستڕەو، پارێزکارو سیکۆلار تێبپەڕێنێت.
٥. کوردەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، تورکەکانیش دوورناخاتەوە.
٦. زۆر نزیکە لە کوردەکانەوە، دووریش نییە لە تورکەکانەوە.
٧. نوێنەری بیری پێکەوەژیانو چارەسەری ئاشتییە.

**ئەنجام**

١. لە کاتێکدا لە لای تورکەکان ناسنامەی نەتەوەپەرستیی تورک لە پێشەوەیە، بەڵام لە لای کوردەکان ناسنامەی مسوڵمانو ئازادیخواز لە پێشترە. ئەم دۆخەش پەیوەندیی بە

ستەمی چەند ساڵەو پێشێلکردنی نارەوای مافەکانی کوردەوە لە تورکیا هەیە. بەڵگەش بۆ ئەمە وەڵامی کوردەکانی تورکیا خۆیانە، کە کوردبوون دەبەستنەوە بە چەمکی "خاوەنداریەتی لە ناسنامەی کوردی، ستەملێکراوی، خۆڕاگری‌و بەرخۆدان."

٢. هەرچەندە هەستی خۆبەکوردزانین‌و شانازیکردن پێوەی لە ئاستێکی بەرزدایە، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسیی کاڵبوونەوەی ئەم هەستە لە لای ڕێژەیەکی دیاریکراوی کورەکانی تورکیا هەستیپێدەکرێت. ئەگەر بەرپێنەگیرێت، ئەو ڕێژەیە ڕوو لە هەڵکشان دەکات.

٣. کێشەی کورد لە تورکیادا تەنها وەک کێشەی نەتەوەیەک هەستیپێناکرێت، بەڵکو هەندێک جار وەک کۆمەڵە کێشەیەکی ناسنامەیی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی ناوچەیەکی دیاریکراو وێنادەکرێت. ئەمەش لە لایەکەوە لە ئاستی گەورەیی کێشەکە کەمدەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە جۆرێک لە تۆمەتبارکردنی کوردەکان خۆیانی تێدایە، بەوەی خۆیان سەرچاوەی بەشێک لەو کێشانەن. کەواتە دەتوانین بڵێین هێشتا کوردەکانی تورکیا یەکدەنگ نین لە سەر بوونی کێشەی کورد لەو وڵاتە.

٤. سەرەڕای توندبوونەوەی مەترسی‌و پێشێلکارییەکان بەرانبەر بە کوردەکان، بەڵام هەتا ڕادەیەک پاشەکشەی هەستی نەتەوایەتی‌و چەپڕەوی لە لای کوردەکانی تورکیا هەستیپێدەکرێت.

٥. هەتا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی کوردو دەمپارتی/ هەدەپە نەیتوانیوە سەڵاحەدین دەمیرتاش تێبپەڕێنێت‌و ئاستی ڕەزامەندی‌و خۆشەویستیی کوردەکان لە دەمیرتاش زیاتر بەدەستبهێنێت. هەتا ئێستاش دوو لە سەر سێی ئەندام‌و لایەنگرانی دەمپارتی/ هەدەپە بە هۆی سەڵاحەدین دەمیرتاشەوە پشتیوانی لەو حیزبە دەکەن‌و دەنگیپێدەدەن، واتە دەمیرتاش بووە بە کاریزمای ئەفسانەیی بۆ کوردەکانی تورکیا.

٦. لە ناو کوردەکانی تورکیادا داواکاریی زیادکردنی هەڵوێستی کوردایەتی، ئایینداری، تورکیایی_بوون‌و دوورکەوتنەوە لە بیری چەپڕەوی زیاترە لەوانەی کە بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە.

٧. بە کۆیگشتی دەتوانرێت بگوترێت سەڵاحەدین دەمیرتاش؛ یەکەم سەرکردەی مەدەنی کوردەکانە لە تورکیا، کۆکەرەوەی کوردی تورکیایەو "سەرۆکی" هەموانە، تورکەکانیش دوورناخاتەوە، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، دەمیرتاش "نوێنەری بیری پێکەوەژیان‌و چارەسەری ئاشتییە."

---

**لینکی توێژینەوەکە لە ئینتەرنێت:**

https://rawest.com.tr/kurt-meselesi-kurt-siyaseti-ve-demirtas-arastirmasi/

https://rawest.com.tr/wp-content/uploads/2024/05/Raporun-tamamini-buraya-tiklayarak-indirebilirsiniz..pdf

# ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیا و چین

دیرەن دۆغان (Diren Doğan)
وەرگێڕانی: سەرکۆ عەلی عەبدولقادر

گۆڤاری کریتەر (Kriter Dergisi)، تەمموز/ ئابی (٢٠٢٤)، ساڵی نۆیەم، ژمارە (٩٢)

**سەرەتا**

سەردانەکەی هاکان فیدان بۆ چین لە (٣-٥)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤) پێویستە وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ بتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات سەیربکرێت. بۆ تورکیا زۆر جێی بایەخە کە لە زمانی خۆیەوە هەڵوێستی وڵاتەکەی بگەیەنێتە لایەنی چینی، بە تایبەتی لە سەر پرسی ئۆیغور، کە بە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی تورکیاو چین دادەنرێت. بە هەمان شێوە لێدوانەکانی تورکیا سەبارەت بە کێبڕکێ لە سیستەمی جیهانیدا لەلایەن پەکینەوە پێشوازیلێکرا، چونکە باسیان لەو خاڵانە کرد کە ماوەیەکی زۆرە چین گلەیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات.

واقیعێک هەیە لەمڕۆدا کە بە نزیکەیی هەموو کەسێک قبوڵیکردووە، ئەویش بریتییە لە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستەمی جیهانیدا. ئەگەر ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییە وەک پێکهاتەیەک سەیربکرێت کە ناوەندی دەسەڵاتی جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا تێیدا هەڵکەوتووە، وڵاتانی زلهێزی وەک چین‌و ئەمریکا لە ئەکتەرە سەرەکییەکانن، کە هێزی بزوێنەری پەرەسەندنی سیستەمەکەن بەرەو پێکهاتەیەکی دووجەمسەری. جگە لەوەش، ئەکتەرە گرنگەکانی تر هەن، کە هەرچەندە ڕەنگە هێزی ڕاکێشانی کەمتر یان مامناوەندیان هەبێت، بەڵام دەتوانن بەشداریبکەن لە ڕاکێشانی جیهانی، یان سیستەمەکە بگۆڕن بۆ پێکهاتەیەکی فرەجەمسەری، ئەمەش بە هۆی پێگەی ئێستایانەوە. ئەو سیاسەتەی ئەم ئەکتەرانە لە نێوان چین‌و ئەمریکادا پەیڕەویدەکەن‌و ئەو کاریگەرییە ناوچەیی‌و جیهانییانەی کە دروستیدەکەن، کاریگەریی جددییان هەیە. تورکیا لە لێواری ئەم گۆڕانکارییە جیهانییەدایە، هەروەها ئەکتەرێکی گرنگە کە توانای

ئەوەی هەیە ببێتە یەکێک لە ئەکتەرە کاریگەرەکانو گۆڕانکاری لە یارییەکەدا دروستبکات، ئەمەش بە هۆی توانای کاریگەریو ئەو بازنە ئەمنییە ناوچەییەی کە تێیدا بەشدارە. لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەو زانیارییانەدا، سەردانەکەی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوە بۆ چین لە نێوان (٣-٥)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤)، گرنگیی ستراتیژیی هەیە لە ڕووی لەخۆگرتنی ئەجێندای تایبەت بە پرسە جیهانییەکانو پەیوەندییە دووقۆڵییەکانو ئابووریو نیشاندانی هەڵوێستی تورکیاوە سەبارەت بە ئایندەی سیستەمی جیهانی ئێستا. لەم ڕووەوە زۆر بەسوودە کە نەخشەڕێیەک لە تایبەتەوە بۆ گشتی پەیڕەوبکرێتو لێدوانەکانی وەزیری دەرەوە؛ هاکان فیدان، لە سەردانەکەیدا شیبکرێتەوە.

## ڕێچکە ئابوورییەکان

پێویستە بگوترێت: بڕگەی یەکەم لە کارنامەی لایەنی تورکی لە سەردانەکەی هاکان فیداندا، پرسە ئابوورییەکانە، کە دەتوانرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا لێکبدرێتەوە:

یەکەم: پێدەچێت تورکیا هەندێک ڕەچەتەی پێشکەش بە لایەنی چینی کردبێت، بە مەبەستی هاوسەنگکردنی ئەم بازرگانییە لە بەرانبەر بە کۆماری گەلی چیندا، کە زۆرینەی قەبارەی بازرگانیی ئەو دوو وڵاتەی بە دەستەوەیەو پێشبینیدەکرێت بگاتە (٥٠) ملیار دۆلار. هەر لەم پەیوەندییەدا بڕگەی یەکەمی ئەم لیستەی ڕەچەتەکە دەتوانرێت لە پێنج بڕگەی سەرەکیدا کورتبکرێتەوە، لابردنی ئەو سنووردارکردنانەیە کە چین بە سەر بەرهەمە کشتوکاڵییە بەرهەمهێنراوەکانی تورکیادا سەپاندوویەتیو دابینکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیی زیاترە.

دووەم: لەگەڵ ئەوەی تورکیا پێگەیەکی گرنگی گەشتیارییەو بەرزبوونەوەی ئارەزووی چینی ناوەند لە کۆمەڵگەی چیندا بەرانبەر بە گەشتیاری، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی خۆشگوزەرانی، پێدەچێت ئامانج ئەوە بێت کە داهاتی گەشتیاری ڕۆڵی هەبێت لە هاوسەنگکردنی بازرگانی لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

سێیەم: وەک دەزانرێت، ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە سێیەم وێستگەی ئەتۆمی تورکیا، کە بە نیازە لە کریکاڵێ (Kırkkale) دروستبکرێت، ساڵی ڕابردوو ئەلپارسلان بایراکتار (Alparslan Bayraktar) لەلایەن وەزیری وزەو سامانە سروشتییەکانەوە، لەگەڵ ڕایگشتیدا بڵاوکرایەوە کە پێشکەوتنی بەرچاو لە دانوستانەکان لەگەڵ چیندا بەدیهاتووە. هەرچەندە لە چوارچێوەی ئەم سەردانەدا ڕووینەدا، بەڵام پێدەچێت پێشهاتەکان لە سەر ئەم بابەتە لە کاتی سەردانی شی جینپینگ؛ سەرۆکی چین بۆ تورکیا، جێبەجێبکرێن.

جگە لەوەش، سەبارەت بە کانزا بەنرخەکان، کە تەوەری دووەمی هاوکاری

لە بواری وزە پێکدەهێنن، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی هێزی یەدەگی چین لە توخمە زەوییە دەگمەنەکانو زیادبوونی رۆڵی لە تەکنەلۆژیاکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانیان، گۆڕانی وزەی جیهانیی تورکیاو ڕەوتەکانی ئاڕاستەی تەکنەلۆژیای وەک وزەی نوێبووەوە، زیادکردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەباییو پیشەسازیی مایکرۆچیپ؛ دەتوانین بڵێین کە ئامادەیە هاوکاریی چین بکات. یەکێک لە دوو پێشنیاری کۆتایی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوە، سەبارەت بە هاوسەنگکردنی بازرگانی لەگەڵ چیندا ئەوەیە کە کۆمپانیا چینییەکان تورکیا پەسەندبکەن بۆ وەبەرهێنانی توێژینەوەو پەرەپێدانو بەم شێوەیە دەستڕاگەیشتنیان بە بازاڕەکانی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا ئاسانتردەبێت. پێشنیاری دووەمیشی پرسی ڕێڕەوەکانی گواستنەوە بوو، بە تایبەتی پرسی ڕێڕەوەکانی گواستنەوە بابەتێکە کە تورکیا لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ دەکات، بە تایبەتی کە لەم ساڵانەی دواییدا هەتا دێت، ڕکابەرییەکانی بەکارهێنانی ڕێڕەوی گواستنەوە گەرمتربوون.

کاتێک یەکەم شەمەندەفەری بارهەڵگر، کە لە ڕێگەی ڕێڕەوی ناوەندییەوە لە چوارچێوەی دەستپێشخەریی ڕێگەی ئاوریشمی لە ساڵی (٢٠١٩)دا گەیشتە تورکیا، بە بیری خۆمان دەهێنینەوە، ئەوە تێدەگەین کە کارلێکی نێوان ڕێگەی ئاوریشمو ڕێڕەوی ناوەندی بەو ئاستە بەرزنەبووەتەوە کە تورکیا بەئامانجیگرتبوو لە پێنج ساڵی ڕابردوودا، چ لە چوارچێوەی هۆکارە خولییەکانو چ لە چوارچێوەی پەیوەندییە دوولایەنەکاندا، بەڵام پێدەچێت شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیاو لەدەستدانی کارایی ڕێڕەوی باکوور، کە چین بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریهێناو ئەو ڕاستییەی کە ڕێڕەوی باشوور بەدیلێکی باش نییە، بەرژەوەندیی چینی لە ڕێڕەوی ناوەڕاستدا زیادکردبێت. لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ بەهێزبوونی متمانە لە نێوان تورکیاو چین لە داهاتوودا، ڕێڕەوی ناوەندی خێراتر دەخرێتەناو دەستپێشخەریی ڕێگەی ئاوریشمەوەو جگە لەم ڕێڕەوەش، ڕێڕەوی وەک ڕێگای گەشەپێدان لە عێراق یان ڕێڕەوی لاپوس – لازولی، کە دەگاتە ئەفغانستان، کە چین گرنگییپێدەدات، پێشبینیدەکرێت تۆڕەکە بە پەیوەندیی زیاتر فراوانبکرێت. ئەم دۆخە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە سەر بنەمای قازانجی دوولایەنە دادەمەزرێنێت، بەو پێیەی توانای بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئاسیادا هەیە، کە لە دەستپێشخەریی ڕێڕەوی ناوەندیدا جێگیرکراون.

**پەیوەندیی دووقۆڵیو پرسی ئۆیغور**

تەوەری دووەمی کارنامەی چینی، هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا،

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتو ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئەنقەرە سەبارەت بە پرسی ئۆیغور بوو. زۆر گرنگە فیدان لە میانی بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەگەڵ وانگ یی؛ وەزیری دەرەوەی چین، بە تایبەتی جەختی لە سەر ڕێزگرتن لە سەروەریی چینو یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتەو پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی تورکیا کردەوە. هەر لەو گوتارەدا لایەنی تورکی پشتیوانیی خۆی لە دژی بزوتنەوە تیرۆریستییە چەکدارەکان لە دژی چین دەربڕیو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی چینی لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ پەکین، پابەندبوونی لایەنی تورکیی بە سیاسەتی "یەکپارچەیی چین" دەربڕی، کە ئەمانەش هەڵوێستێکی بەنرخن بۆ چین. ئەم پرسانە ئەوە دەردەخەن کە تورکیا ڕێز لە تێگەیشتنی "یەکپارچەیی چین" دەگرێت، بە تایبەتی لە پرسی ئۆیغورو لە زۆر بواردا کە چین ناکۆکیی لە سەر سەروەری هەیە، وەک تایوان، تبتو دەریای باشووری چین، بەڵام بەکارهێنانی دەستەواژەی "یەک سیاسەتی چین" لەلایەن تورکیاوە لە بریی "یەک پرەنسیپی چین"، کە هاوکات بوو بە ڕۆشتنی کەشتیی کۆرڤێتی کناڵیدە لە گەرووی تایوانەوە بەرەو ژاپۆن، ناوچەکەی بە ناوی نێودەوڵەتی زانیو نەیکردە ئاگادارکردنەوەیەک بۆ تایوان یان چین، ئەمەش ڕوونیدەکاتەوە کە تورکیا سیاسەتی خۆی لە بابەتەکانی تایبەت بە پرسو یاسا نێودەوڵەتییەکان پەیڕەودەکاتو پێیباشە لایەنگری ئەو پرسانە نەبێت کە دەبێتە هۆی گرژییەکی زۆر لە نێوان ئەمریکاو چیندا.

**هەرچەندە چینو ئەمریکا لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهانی بن، بەڵام ئەکتەری دیکەیش هەن کە دەتوانن سیستەمەکە بگۆڕن بۆ پێکهاتەیەکی فرەجەمسەری، ئەمەش بە هۆی پێگەی ئێستایانەوە.**

لە لێدوانەکانیدا سەبارەت بە پرسی ئویغور، هاکان فیدان لە ڕێگەی باسکردنی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە یەکپارچەیی خاکی چینو پرسی تیرۆرەوە، پەیامێکی بەو وڵاتە داوە کە بە ڕوونی هاوسەنگی بپارێزێت سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لە کاشگارو ئورومجی. فیدان زاراوەی "ئەم دوو شارە"ی بۆ هەردوو شاری "ئورومجیو کاشگار" بەکارهێنا، کە دوو شاری کۆنی تورکی-ئیسلامینو بەشدارن لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری چیندا، هەروەها ئەم شارانە ڕۆڵی پردی پەیوەندی دەگێڕن لە نێوان چینو جیهانی تورکی-ئیسلامیدا. ڕاگەیەنراوەکەی وەزیری

دەرەوەی تورکیا "پەیامی گرنگی تێدایە سەبارەت بە داهاتوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پرسی ئویغور وەک ئامرازێکی فشار لە سەر تەوەرەی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەمریکاوە دژی چین بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتی لە کێبڕکێی نێوان ئەمریکاو چیندا، ئەم لێدوانە دوای جەختکردنەوەکانی تورکیایە لە سەر ڕێزگرتن لە خاکی وڵاتەکەی." بەکارهێنانی دەستەواژەکانی "یەکپارچەیی‌و دژایەتیکردنی تیرۆر" ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تورکیا ئاگادارە کە پرسی ئویغورەکان بە ئامراز دەکرێت. تورکیا لە بریی ئەوەی بەشێک بێت لەم پرۆسەیە، ئامانجی ئەوەیە کە بە میتافۆڕی پردێکی کولتووریی نێوان چین‌و تورکیا لە پرسەکە نزیکببێتەوە، بە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ تورکستانی ڕۆژهەڵاتدا لە ڕێگەی هاندەرە کولتووری‌و ئایینی‌و نەتەوەییەکانەوە. ڕەنگە ئەم پەیامە بە ڕوونی لایەنی چینی لێیتێگەیشتبێت‌و ئەم لێدوانانە، کە بە تەواوی پێچەوانەی تێزە فەرمییەکانی چینن، پێدەچێت ڕێگرییانلێکرابێت، کە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر خەڵکی چین هەبێت.

**پێگەی تورکیا لە کێبڕکێی جیهانیدا**

دوا بەش‌و ڕەنگە ڕەخنەگرانەترینیش بێت لەو پەیامانەی کە هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوە، لە سەردانەکەیدا بۆ چین بە لایەنی پەکینی گەیاند، هەڵوێستی تورکیا بوو سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان. لێدوانەکانی فیدان زۆر گرنگن، کە دەڵێت: دەستوەردانی دەرەکی لە دژی چین بە گونجاو نازانێت لەو کێبڕکێ جیهانییەی کە هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشچوونی چیندا ڕوودەدات‌و تورکیا ئارەزووی کێبڕکێیەکی شارستانی دەکات.

**چین وەک هێزێکی جیهانی کە بەردەوام لە گەشەکردندایە، دووەم گەورەترین ئابووریی جیهان‌و سێیەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی تورکیایە.**

لەم بەشەدا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ئەو وڵاتانەی لە بازاڕە جیهانییەکانی ئێستادا جێگیربوون، پێویستە ژیرانە بەرەوڕووی ئەو کێبڕکێیە ببنەوە کە گەشەکردنی چین سەریهەڵداوەو دۆخێک نەسازێنن کە ببێتە هۆی کەوتنەوەی جەنگ، ئەمەش لە ڕاستیدا پەیامێکە بۆ ئەمریکا کە کێبڕکێی دەسەڵاتی گەورەی کردووە بە ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکی. زۆر گرنگە ئەم پەیامە لەلایەن ئەندامێکی ناتۆو وڵاتێکی هاوپەیمانی ئەمریکاوە بگوازرێتەوە. ئەو لێدوانەی فیدان کە دەڵێت: "لە جیهاندا هێندە خۆشگوزەرانی هەیە کە بەشی هەموومان بکات"، بە تایبەتی جێی سەرنج بوو،

ئەمەش لەبەرئەوەی یەکێکە لە پەندە بەناوبانگەکان لە ئەدەبیاتی چیندا سەبارەت بە تەوەری پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە.

لە لایەکی دیکەوە لە ژێر سەردێڕی پرسە جیهانییەکاندا، هەڵوێستی تورکیا لەم ناوچە جێناکۆکانەو تێڕوانینە هاوتەریبەکانی لەگەڵ چیندا تایبەت بە پرسی فەڵەستینو ئۆکرانیا کۆنکرێتی بوون. کۆدەنگیی تورکیاو چین لەمەڕ دەستەبەرکردنی ئاگربەست لە غەززە/لە سەر پرسی فەڵەستینو جێبەجێکردنی چارەسەری دوودەوڵەتیو پێزانینی تورکیا بۆ هەستیاریی چین لەمەڕ ئەم پرسە، نموونەی گرنگیی ئەو بابەتانەی سیاسەتی دەرەوەن کە هەردوو وڵات لە سەریان هاوئاهەنگن. لێدوانی تورکیا سەبارەت بە پرسی ئۆکرانیا لەگەڵ چین کۆدەنگییان هەیەو لە سەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا ڕێککەوتوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵوێستە هاوبەشەی نێوان هەردوو وڵات سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان.

**ئەنجام**

سەردانەکەی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ چین، پێویستە وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکانو پتەوکردنی هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات سەیربکرێت. بۆ تورکیا زۆر بەنرخە کە بە چاوی خۆی هەڵوێستی خۆی بگەیەنێتە لایەنی چینی، بە تایبەتی لە سەر پرسی ئویغور، کە بە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی تورکیاو چین دادەنرێت. بە هەمان شێوە لێدوانەکانی تورکیا سەبارەت بە کێبڕکێ لە سیستەمی جیهانیدا لەلایەن پەکینەوە پێشوازیلێکرا، چونکە باسیان لەو خاڵانە کرد کە ماوەیەکی زۆرە چین گلەیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات.

**خواستی تورکیا بریتییە لە دروستبوونی سیستەمی فرەجەمسەری لە جیهاندا، ئەمەش لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی، کە زۆرینەی جەمسەرەکانی جیهان پێویستییان بە پێگەوتوانای ئەنقەرەیە لە جیهاندا دەبێت.**

لە میانەی ئەم سەردانەدا لە گفتوگۆی لەگەڵ ناوەندێکی توێژینەوەدا سەبارەت بە بەشداریکردنی تورکیا لە کۆمەڵەی "برێکس"، فیدان ڕایگەیاند: پرۆسەکە دەرفەتی نوێی هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش لە پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا لەخۆدەگرێت، کە درێژکراوەی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی فرەلایەنەی وەزارەتی

دەرەوەیە. ئەوەی کە جێی گرنگیو بایەخ بێت، ئەوەیە کە فیدان لە دوای هەفتەیەک لە سەردانەکەی بۆ چین لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی بریکس لە ڕوسیا کۆبووەوەو ئەم هەڵوێستەی گەیاندە هەریەک لە سەرۆکی ڕوسیا؛ پوتین، کە سەرۆکی کۆمەڵەی بریکسەو هەم ئەو کاراکتەرانەی دیکە، کە پەیوەندییان لەگەڵدا هەیە.

لایەنێکی تری گرنگی سەردانەکە، کرانەوەی دەروازەیەکە بۆ نەهێشتنی ئەو بێمتمانەییە درێژخایەنەی ماوەیەکی زۆرە لە نێوان تورکیاو چیندا دروستبووە. زۆرێک لە شارەزایان کە لە سەرچاوە چینییەکان باسیان لە سەردانەکە کردووە، ئاماژەیان بەوە داوە کە جێبەجێکردنی ئەو جەختکردنەوەی کە لەم سەردانەدا دەربڕدراوە، متمانەی نێوان هەردوولا بەهێزتر دەکات.

لە لایەکی تریشەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم دۆخی بێمتمانەییە درێژخایەنە، ئاگایی زیاتر لەلایەن تورکیاوە نیشاندەدات لەو هەنگاوانەی کە دەبێت بەرەو چین بنرێت. لەم خاڵەدا هەرچەندە تورکیا دەیەوێت کورتهێنانی بازرگانیی دەرەکی لەگەڵ چیندا پڕبکاتەوە، بەڵام ئەو ڕەچەتەیەی پێشنیاریدەکات، کەرتەکانی کشتوکاڵ، گەشتیاری، وزەو وەبەرهێنانی توێژینەوەو پەرەپێدانی لەخۆگرتبوو. لە کاتێکدا دەزانرێت کە چین ئامادەیە وەبەرهێنان لە تورکیا بکات، بە تایبەتی لە بوارەکانی پەیوەندییەکان، تەکنەلۆژیا، وزەی نوێبووەوەو ژێرخانی بنەڕەتیدا، هەڵوێستی وریایانەی تورکیا لەم بوارانەدا ئەوە دەردەخات کە وەک وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ، هێشتا ئەولەویەتە ئەمنییەکانی خۆی لە گۆشەیەکی مێزەکەدا بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە. ئەم دۆخە دەیسەلمێنێت کە فراوانبوونو بەهێزبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ چیندا ئاماژەیە بۆ ئامانجی هاوبەش لەو چوارچێوە دیاریکراوانەدا.

**تورکیا لە لێواری گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدایە، هەروەها ئەکتەرێکی گرنگە کە توانای ئەوەی هەیە ببێتە یەکێک لە کاراکتەرە کاریگەرەکانو گۆڕانکاری لە یارییەکەدا دروستبکات، ئەمەش بە هۆی توانای کاریگەریو ئەو بازنە ئەمنییە ناوچەییەی کە تێیدا بەشدارە.**

کاتێک لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە تەماشادەکەین، پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ چین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەدەکات، لەبەرئەوەی چین ئەو هێزەیە لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە بەرەو سیستەمی جیهانی، دووەم گەورەترین ئابووریی جیهانو سێیەم گەورەترین

هاوبەشی بازرگانیی تورکیایە، ئەمەش گرنگیی ستراتیژیی هەیە. لەم خاڵەدا پێدەچێت گونجاو بێت بەرژەوەندییەکانی تورکیا بەرەو ڕێڕەوێکی سەقامگیرو خێراتر هەنگاوبنێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا، بە پێچەوانەی هەورازو نشێوەکانی ڕابردووەوە. لە لایەکی دیکەوە، هەرچەندە تورکیا وڵاتێکە کە لە چوارچێوەی بلۆکی ڕۆژئاوادا هەڵوێستی خۆی دەپارێزێت، بەڵام تێڕوانینی هاوشێوەی گوتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی باشووری جیهانە، کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سەرنجڕادەکێشن. تورکیا بۆچوونەکانی خۆی لە پلاتفۆڕمە دوولایەنەو فرەلایەنە جیاوازەکاندا دەردەبڕێت، بۆئەوەی سیستەمی جیهانی دادپەروەرترو یەکسانتر بێت، بۆئەوەی سەرنجی هەموو ئەکتەرەکانی ناو سیستەمەکە ڕابکێشێتو پێکهاتەیەکی فرەجەمسەری بۆ جیهان دروستببێت.

ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی تورکیا جگە لە جێگیرکردنی پێگەی خۆی لە بلۆکی ڕۆژئاوادا، لە هەمان کاتدا لە جەمسەرەکانی دیکەی جیهانیشدا سیاسەتی دەرەوەی جێبەجێبکاتو جەمسەرە جیاوازەکان وەک جێگرەوەی بلۆکی ڕۆژئاوا بەکاربهێنێتو بەشداربێت لە پێکهێنانی ئەو جەمسەرە جێگرەوانەدا. لەم چوارچێوەیەدا، هاوتەریب لەگەڵ "دەستپێشخەریی هەوڵەکانی بونیادنانەوەی ئاسیا"دا لەلایەن تورکیاوە، بە سوودوەرگرتن لە هەڵکەوتەی جوگرافیی خۆی، ئەنقەرە مەیلی زیادکردنی هاوکاریو کاری هاوبەشی دوولایەنەو فرەلایەنەکانی لەگەڵ وڵاتانی کیشوەری ئاسیادا هەیەو دەستیکردووە بە بەشداریکردنی زیاتر لەو پلاتفۆڕمانەی کە لەم بازنەیەدا دامەزراون. چین یەکێکە لە دەوڵەتە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی ئەم پلاتفۆڕمو هاوپەیمانیەتیانە، کۆبوونەوەو دیداری بەرپرسە هاوئاستەکانی پەکینو ئەنقەرە لەم ڕوانگەیەوە جێی بایەخی تایبەتە.

**بڕگەی یەکەم لە کارنامەی لایەنی تورکی لە سەردانەکەی هاکان فیداندا بۆ چین، پرسە ئابوورییەکانە. یەکێک لە دوو پێشنیاری کۆتایی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوە، سەبارەت بە هاوسەنگکردنی بازرگانی لەگەڵ چیندا، ئەوەیە کە کۆمپانیا چینییەکان تورکیا پەسەندبکەن بۆ وەبەرهێنانی توێژینەوەو پەرەپێدانو بەم شێوەیە دەستڕاگەیشتنیان بە بازاڕەکانی ئەورووپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا ئاسانتردەبێت.**

لە کۆتاییدا هەرچەندە ئەستەمە پێشبینیی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان

چینو تورکیا بکرێتو وەک دوو دەوڵەتی مەزنی هەردوو سەری کیشوەری گەورەی ئاسیاو خاوەن شارستانیەتێکی دێرینو قووڵ ڕێڕەوی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی ئایندەیان ببینرێت، هەرچەندە ئەستەمە پێشبینی داهاتووی ئەو پەیوەندییانە بکرێت کە هاوتەریب لەگەڵ هەموو ئەم پێشهاتانەدا ڕێگەیەکی نوێیان لێکەوتووەتەوە، بەڵام لە بەرمەبنای پێشهاتە جیهانی، هەرێمیو پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی هەردوولادا؛ دەکرێت بڵێین: ژمارەیەکی زۆر هاندەرو سوودی گرنگ لە پەیوەندییەکانی پەکینو ئەنقەرەدا خۆی حەشارداوە.

---

**دیرەن دۆغان (Diren Doğan)**

دیرەن دۆغان (Diren Doğan) مامۆستایە لە زانکۆی ئالانیا عەلائەدین کەیکوبات Alanya Alaaddin Keykubat) Üniversitesi)، لە هەمان کاتدا پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی چینو پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتەیە لەگەڵ تورکیاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە گۆڤاری کریتەرو ناوەندی توێژینەوە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان (سێتا) (Siyaset, Ekonomik, Toplumsal Araştırmaları (SETA (Merkezi) گوتارو توێژینەوەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی چینو پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاودەکاتەوە.

**گۆڤاری کریتەر (Kriter Dergisi)**

گۆڤاری کریتەر لەلایەن وەقفی توێژینەوە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانەوە (سێتا) (Siyaset, Ekonomik, (Toplumsal Araştırmaları Vakfı مانگانە بڵاودەکرێتەوە. هەر ژمارەیەک تایبەتدەکرێت بە دۆسیەیەکی دیاریکراو لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسەتی دەرەوەو میدیا شیکاریو ڕانان بڵاودەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە هەر ژمارەیەکدا چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییەکی دیاری تورکیادا دەکات.

---

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت:**

https://kriterdergi.com/dis-politika/fidanin-cin-ziyaretinin-golgesinde-turkiye-cin-iliskilerinin-gelecegini-okumak

# سیاسەتی ئەردۆغان لە سوریا، ئاساییکردنەوە یان مانۆڕی ستراتیژی؟

نوسینی: د. ئازاد باریش
وەرگێرانی: یاد نورسی

ناوەندی بیر و توێژینەوەکانی سپێکرۆوم هاوس
SpectrumHouse Düşünce ve Araştırma Merkezi

**سەرەتا**

شەڕی ناوخۆی سوریا، کە زیاتر لە (١٣) ساڵە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆی دەوەشێنێت، نەک تەنها لە سوریا، بەڵکو لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێو دەوروبەری، کاریگەرییەکانی بەردەوامە. ئەم شەڕە تێچوو و قوربانیی سیاسیو مرۆیی گەورەی لێکەوتووەتەوە.

جەنگی ناوخۆیی سوریا، کە بە "بەهاری عەرەبی" دەستیپێکردو لە ئەنجامدا گیانلەدەستدانو ئاوارەبوونی ملیۆنان کەسی لێکەوتەوە، کێشەیەکە کە هەتا ئەمڕۆش بە هۆی خواستی فراوانخوازیو ئامانجە هەژموونگەرییەکانی زلهێزە ناوچەییو جیهانییەکان بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

دەروازەی پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا؛ لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەستیپێکرد، کاتێک سنوورە وشکانییەکەی سوریا (٩٠٠ کم) بە خستنەناو تورکیاوە دیاریکرا، سوریاش بۆ تورکیا لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیو جیۆستراتیژییەوە دەروازەیەکی گرنگە لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقاو دەریای ناوەڕاستدا، بۆیە ئەو سیاسەتە ناوچەییانەی کە لە چوارچێوەی سوریادا پەیڕەودەکرێن، زەمینەیەکیان هەیە کە کاریگەرییەکەی هەموو داینامیکی تورکیا دەگرێتەوە.

ئەوەی کە سوریای ئەمڕۆ بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بووە، دیاردەیەکی سنووریی دینامیکی لە چوارچێوەی سوریادا لە کاتی دامەزراندنی تورکیای مۆدێرندا دروستکرد، بۆیە بە هۆی ئەم دیاردە سنوورییە دینامیکییەوە، جار جار کێشە لە نێوان ئەنقەرەو دیمەشقدا دروستبووە. هەرچەندە ئاڵۆزییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم بە هێنانەناوەوەی پارێزگای هاتای (Hatay) بۆ تورکیاو پێوەلکاندنی بەشێکی

چارەسەربوون، بۆ نەمانی ئەم کێشانەو چارەسەرکردنی گرژییەکان دووبارە لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی سوریادا، کە لە ساڵی (٢٠١١) دەستیپێکرد، سیاسەتی عوسمانیی نوێو فراوانخوازیی تورکیا جارێکی دیکە پرسی سنووروو لکاندنیو دابەشکردنی سەروەریی لەگەڵ سوریادا هێنایەوەبەرباس.

سوریا، کە گرووپە نەتەوەییو ئایینییە جۆراوجۆرەکانی وەک عەرەب، کورد، تورکمان، ئەرمەنی، دروز، سوننە، عەلەوی، مەسیحیو ئێزیدی تێیدا دەژین، نەتوانراوە شوناسێکی هاوبەشو چەمکێکی هاوبەشی کۆمەڵگەی بۆ دروستبکرێت، کە جۆراوجۆری لەخۆبگرێت. لە دوای ئینتیدابی فەرەنسا هەتا ئەمڕۆ، سەرکوتکردنی شوناسە جیاوازەکانی ئیتنۆ-ئایینیو ئێتنۆ-سیاسییەکانو قبوڵنەکردنی بوونی دەستووری بۆ گرووپو نەتەوە ئایینیو مەزهەبییە جیاوازەکانو بونیادنانی ناسنامەیەکی یەکپارچەیی، کە چەقەکەی شیعە-عەرەبی بووە، هەم زەمینەی بۆ گێژاوی ناوخۆیی خۆشکردو هەم ناوچەکەی بە ڕووی دەستوەردانی دەرەکیدا زیاتر کردەوە.

ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان، کە لە ساڵی (٢٠١١) لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا دەستیپێکرد، کاریگەرییەکانیان لە سوریاش نیشانداو شەپۆلێکی پشێویی لە ناوچەکەدا دروستکرد، کە زیاتر لە (١٣) ساڵە بەردەوامە.

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەو قۆناغەدا ستراتیژێکی فراوانبوونی نۆستالژیکی پەیڕەوکرد، کە لە سەر بنەمای خەیاڵی عوسمانی (نوێژکردن لە مزگەوتی ئومەوی) دامەزرا. ئەو گێژاوەی کە باسیلێوەدەکرێت، وەک بنەمایەک بۆ دەستوەردان لە ناوچەکەدا بەکارهێنا.

ئەم ستراتیژە، کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی تورکیاوە خراوەتەڕوو و بە "قووڵایی ستراتیژی" ناودەبرێت، هاوکات هاوکاری ناوخۆییو ناوچەیی، پەیوەندیو مامەڵەکانی پاڵپشتیکردنو هاوبەشیی سەربازیی دیاریکردووە. لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژەدا حکومەتی ئێستا ستراتیژێک پەیڕەودەکات کە لە سەر بنەمای پەیوەندیی هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە بناژۆ_خوازو جیهادییەکاندا بۆ بونیادنانی هەژموون لە ناوچەکەدا بووە. تورکیا لەگەڵ ئەم گرووپە جیهادییانەدا، کە بە توخمەکانی "هێزی میللی"یش ناودەبرێن، هەژموونی لە ڕۆژئاواو باکووری سوریا، بە تایبەتی لە عەفرین، دامەزراندووە.

ئەم ستراتیژە لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای ستراتیژیەتی پەرتکردن بوو، هەم بۆ دروستکردنی ئەو بارودۆخەی کە لە ڕۆژئاواو باکووری سوریاوە فشاربخرێتەسەر ڕژێمی ئەسەدو هەم بۆ گەیشتن بە دیمەشق بە کراوەیی هێشتنەوەی ڕێگەکانی حەلەب، هەم

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو کانتۆنانەی کورد لە هەرێمی خۆسەریی باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا دروستیکردووە، ئەمەش دژی دەستدرێژیی جیهادی لەگەڵ گرووپە نەتەوەیی‌و ئایینییەکانی دیکەی ناوچەکەدا.

لە چوارچێوەی هاوکێشە قووڵەکانی جیۆپۆلەتیکی‌و جیۆستراتیژیدا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیاو تیمی ستراتیژیی دەوروبەری، بە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕوسییەکەو گۆڕینی تورکیا بۆ بنکەیەکی لۆجیستی بۆ گواستنەوەی جیهادییەکان بۆ سوریا، زەمینەی دەستوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی سوریادا ڕەخساند.

تورکیا هەتا ئێستا پێنج ئۆپەراسیۆنی سەربازیی گەورەی لە سوریا کردووە، بە مەبەستی گۆڕینی نەزمی هەبوو و بونیادنانی ئیدارەیەک لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیداو نەهێشتنی ئەو دەستکەوتانەی کە کورد بەدەستیهێناوە. ئەم بەرنامە سیاسییە کە لەگەڵ گرووپە جیهادییەکاندا پێکەوە جێبەجێکرا، ناسەقامگیریی ناوچەکەی زیاتر قووڵترکردەوەو دۆخی دینامیکیی کۆچ‌و جووڵەی ئاوارەیی هێنایەکایەوە. ئەم دۆخە کە بە هۆی پاڵنەرە ئایدیۆلۆژییە ئیسلامی‌و تائیفییەکانەوە سووتەمەنیی پێدرابوو، بووە هۆی زیادبوونی کۆچی سووریەکان بۆ تورکیا. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، سیاسەتی دەرگای کراوەی گرووپەکانی دژەئەسەدو گوتاری ئەنسارو موهاجیر بنەمای ئەوەیان دروستکرد کە وەک پەنابەر سوریەکان بێنە تورکیا، بەمەش دەرفەتی بۆ ڕەخساندن کە وەک توخمێکی فشار کەڵکیانلێوەربگیرێت لە هەردوو سیاسەتی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتیدا.

## سیاسەتی نوێی سوریاو ستراتیژیەتی ئەردۆغان لەوولاتە

لە ساڵی (٢٠١١)وە لە چوارچێوەی سوریای ئەسەد، ستراتیژێک کە هەتا ڕادەیەکی زۆر لە سەر جەمسەرگیری دامەزراوە، لە پشت پەردەوە لەلایەن تورکیاوە پەیڕەودەکرێت. دانوستان‌و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەسەددا پچڕاو پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان بەستران. هەرچەندە ڕژێمی ئەسەد وەک ڕژێمێکی شەرعی‌و خاوەن_سەروەری سەیرناکرێت، بەڵام ئەوە دەزانرێت کە وەزارەتی دەرەوەو هەواڵگریی تورکیا کۆبوونەوەی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەسەددا کردووەو ئەو دیدارانەش بە نێوەندگیری‌و ڕێنمایی ڕوسیا کراون. ئەو دانوستانانەی کە تورکیا، ئێران، عێراق‌و سوریا بە گرنتیی ڕوسیا لە سوچی‌و ئاستانە کردی‌و ئەو کۆدەنگییەی کە لە ژێر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریادا ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانە بوو، لە نێوان تورکیاو ڕژێمی سوریادا لە چوارچێوەیەکی دیبلۆماسیی ناڕاستەوخۆی دەرگای پشتەوەدا. لە ڕاستیدا ئەوە زانراوە کە ئەردۆغان‌و

ڕژێمی ئەسەد هەتا ئێستا ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە.
لەم چوارچێوەیەدا، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، تێبینیی ئەوە کراوە کە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە سوریا ڕویداوەو ئەو گوتارە سیاسییەی کە لە ساڵی (٢٠١١)وە کاری لە سەر دەکرێت، تەواو گۆڕاوە. ئەو پێشهاتانەی کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا دەیەوێت، لەگەڵ بەشار ئەسەد؛ سەرۆکی سوریادا کۆببێتەوە، وەک نیشانەی ئاساییبوونەوەو نەرمبوونو نیشانەی ئیرادەی باش سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی سوریا لێکدەدرێتەوە. جگە لەوەش، جێی سەرنجە کە پلانی سەردانەکەی ئۆزگور ئۆزێل (Özgür Özel)؛ سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) (Cumhuriyet Halk Partisi)(CHP)، کە بە دایکی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دادەنرێت، بۆ سوریا لە مانگی تەمموزدا هاوکات بوو لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستەکانی ئەردۆغان.
دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە باری ئاساییبوونەوە لە نێوان ئەردۆغانو ئەسەددا، پەیوەندیی بە گۆڕانکارییە پێکهاتەییو خولگەییە گرنگەکانی ناوچەکەو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان کە پلانی بۆ دانراوەو دەرئەنجامە ئەگەرییەکانی ئەو هەڵبژاردنەو شەپۆلی دژەکۆچبەرانەوە لە تورکیا هەیە. ئەم گۆڕانکارییە لە گوتاری ئەردۆغان سەبارەت بە بەشار ئەسەد، پرسیاری گرنگ لە بارەی ئامانجو ستراتیژییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا دەوروژێنێت، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ململانێی بەردەوام لەگەڵ گرووپە کوردییەکاندا لە ڕۆژئاواو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە عێراقو هەرێمی کوردستان.

**سوریا بۆ تورکیا لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیو جیۆستراتیژییەوە دەروازەیەکی گرنگە لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقاو دەریای ناوەڕاستدا، بۆیە ئەو سیاسەتە ناوچەییانەی کە لە چوارچێوەی سوریادا پەیڕەودەکرێن، زەمینەیەکیان هەیە، کە کاریگەرییەکەی هەموو دینامیکی تورکیا دەگرێتەوە.**

سیاسەتی ئەردۆغان لە سوریا لەمێژە بە ستراتیژێکی پەرتکردن لەقاڵبدراوە، کە ئامانج لێی لاوازکردنی هێزە کوردییەکانە لە ناوچەکەدا. ئەم ستراتیژە کۆنتێکستێکی هەیە کە ڕەنگدانەوەی نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیاو دینامیکی سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتەیە، نەک گەڕان بێت بە دوای چارەسەرێکی دیموکراسیو هەمیشەییدا، کە مافە بنەڕەتییەکانی

هەموو ئەو کەسانەی لە سوریا دەژین، دابینبکات. کاتێک هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ دیدار لەگەڵ ئەسەددا لەم چوارچێوەیەدا هەڵدەسەنگێنرێت، زۆر ئەستەمە بتوانرێت هیچ نیشانەیەک بدۆزرێتەوە کە ئاماژە بە نیازی ڕاستەقینە بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. تێکەڵبوونی پارتی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا لەم سیاسەتەدا دەکرێت وەک بەشێک لە ستراتیژی ئەردۆغان بۆ هەڵمژینی شەپۆلی دژەکۆچبەران لە سیاسەتی ناوخۆو لادانی کاردانەوەکان بە ئاڕاستەکانی دیکەدا هەژماربکرێت.

یەکێک لە بەردی بناغەی سیاسەتی ئێستای حکومەتی سوریا، ستراتیژی پەرتکردنە لە دژی گرووپە کوردییەکان لە ڕۆژئاواو هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لەو گرووپانە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ناوچەکەدا. هەرچەندە بەڵگەی زۆر کەم هەیە کە تورکیا خوازیاری چارەسەری هەمیشەیی‌و دەستووری بێت لە سوریا، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ستراتیژی نەهێشتنی دەستکەوتەکانی خەڵکی ناوچەکەو بە تایبەتی کورد، هەتا ئەمڕۆش ستراتیژێکی جێگیرە لەلایەن تورکیاوە.

ئەم ستراتیژە لەلایەن ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق‌و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە پاڵپشتیدەکرێت. تورکیا بەم ئۆپەراسیۆنانە هەوڵدەدات مەیدانی کرداری هێزە کوردییەکان بەرتەسکبکاتەوەو گوتاری ناسیۆنالیستی لە سیاسەتی ناوخۆدا بەهێزتربکات. لە ئەگەری هەڵبژاردنی گشتی‌و سەرۆکایەتیدا، ستراتیژێک پەیڕەودەکرێت کە لە ڕێگەی ئەم گوتارەوە ئەردۆغان هەوڵی بەهێزکردنی نفوزی سیاسیی خۆی دەدات.

**لە چوارچێوەی هاوکێشە قووڵەکانی جیۆپۆلەتیکی‌و جیۆستر اتیژیدا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیاو تیمی ستر اتیژیی دەوروبەری، بە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕوسییەکەو گۆڕینی تورکیا بۆ بنکەیەکی لۆجیستی بۆ گواستنەوەی جیهادییەکان بۆ سوریا، زەمینەی دەستوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی سوریادا ڕەخساند.**

بنەمای هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ دیدار لەگەڵ ئەسەددا، دووبارە دامەزراندنەوەی یەکڕیزیی هێزەکانە لە ناوچەکەو ڕێگریکردن لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژئاواو کپکردنەوەی شەپۆلی دژەکۆچبەران لە تورکیا. بە تایبەتی هەڵوێستی ئەمریکاو وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا لە ناوچەکەو ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکەدا، بە تایبەتی کورد، دایانمەزراندووە، بەرەی ڕوسیا بەهێزتردەکات، بۆئەوەی لە ڕێگەی

تورکیاوە سیاسەتێکی پێشوەختە پەیڕەوبکات.

ڕوسیا بۆ ئەوەی ئامادەیی سەربازیو نفوزی خۆی لە سوریا زیادبکات، ستراتیژێک پەیڕەودەکات کە هەوڵدەدات کاریگەریی زلهێزە جیهانییەکانی وەک ئەمریکاو ئەکتەرە ناوچەیی-خۆجێییەکان، بە تایبەتی کورد، سنوورداربکات، کە پەیوەندیی هاوپەیمانیی ستراتیژیو ڕاستەقینەیان لەگەڵدا دامەزراندووە، بە هاندانی دامەزراندنی دیالۆگ لە نێوان تورکیاو سوریادا.

لەو چوارچێوەیەشدا دەکرێت خواستی ئەردۆغان بۆ دیدار لەگەڵ ئەسەددا وەک بەشێک لە هەوڵەکانی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی هێزە کوردییەکان لە سوریا تەماشابکرێت، هەروەها دەکرێت وەک یەکگرتنو گونجاندنی پارتی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن (جەهەپە) لێکبدرێتەوە، کە لە (٢٠١١) وە ڕەخنە لە سیاسەتی تورکیا—سوریا دەگرێت.

لە هەلومەرجی ئێستادا زۆر ئەستەمە باس لە گۆڕانکاریی سیاسەت بکرێت لە سەر بنەمای خواستی نەهێشتنی ململانێ سەربازییەکان بە بونیادنانی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا هەموو خەڵکی دانیشتووی سوریا بە یەکسانی بناسرێن. جگە لەوەش، نەبوونی چارەسەری هەمیشەییو دەستووریی تورکیا لە سوریا، هەتا ڕادەیەکی زۆر لە نیگەرانییەکانی تورکیا لە ئەگەری بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی کورد لە ناوچەکەدا سەرچاوەدەگرێت. نیگەرانیی ئەوە هەیە کە پێکهێنانی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی کوردی لە باکووری سوریا ڕەنگە کاریگەریی لە سەر کوردەکانی تورکیا بۆ داواکاریی سەربەخۆیی زیادبکاتو ئەم سیاسەتەش بنەمای هەنگاوەکانی تورکیا لە ڕۆژئاواو باشووری کوردستان پێکدەهێنێت. ئەم دۆخە ڕێبازێکی هەیە، نەک لە سەر گەڕان بە دوای ڕێگەچارەیەک لە سوریا، بەڵکو لە سەر نوێکردنەوەی سیاسەتەکانە هەتا ئێستا.

## سەرەتای شەپۆلی ڕەگەزپەرستی لە قەیسەریو بڵاوبوونەوەی

ئەو هێرشە ڕەگەزپەرستییانەی دژی سورییەکان لە چەند مانگی ڕابردوو لە شاری قەیسەری دەستیپێکرد، شەپۆلێکی توندوتیژیی دروستکرد کە دواتر لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا لە سوریادا بڵاوبووەوە. ئەم پێشهاتانە دەتوانین هەم وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە هێرشەکانی دژی سورییەکان لە تورکیا لێکبدەینەوەو هەم وەک سیمبولیزمێکی دیار لە دژی ئەگەری دانوستان لەگەڵ ئەسەددا؛ پۆتانسێلی گێژاوی سوریا ئاشکرادەکەن، کە کاریگەریی لە سەر دینامیکی ناوخۆی تورکیا هەبێت. ئەگەری زۆر هەیە کە ئەم پۆتانسێلە لە قۆناغی داهاتوودا ئاڵۆزتربێتو هێڵەکانی

هەڵەی کۆمەڵایەتی درێژبکاتەوە.
هەرچەندە ئەو پێشهاتانەی کە لە قەیسەری دەستیپێکرد، تەشەنەیکرد بۆ سوریاو گرژیو ئاڵۆزی لەو ناوچانە دروستکرد کە سورییەکان بە چڕی دەژین، وەک: ئەدەنە، عوسمانیە، هاتای، ئەنتەپ، کۆنیاو بەشێکی ئەستەنبوڵ، بەڵام ئێستا لە شێوەی هێرشی تاکەکەسیدا بەردەوامەو بەشێکی کۆنترۆڵکراوە.

**بە هۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیاوە بۆ سەر سوریا؛ ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیی سوری وەک پەنابەر ڕوویانکردووەتە تورکیا، ئەنقەرەیش ئەمەی بەدەرفەتزانیوەو وەک کارتێکی فشار کەڵکیانلێوەردەگرێت لە هەردوو سیاسەتی ناوخۆییو نێودەوڵەتیدا.**

هێرشەکانی قەیسەری ئەوە نیشاندەدات کە گوتارو کردارەکانی دژەپەنابەران لە تورکیادا گەیشتوونەتە ئاستێکی چەندە مەترسیدار. ئێستا هەڕەشەی کوشتنو هێرشی جەستەیی بۆ سەر سورییەکان بەردەوامە. ئەم هێرشانە دەریدەخەن کە شەپۆلی دژەکۆچبەران لە تورکیا چەند بەهێزەو لە هەمان کاتدا توانای دەسەڵاتی سیاسیمان نیشاندەدەن بۆ دەستکاریکردنی ئەو کاردانەوانە لە قۆناغی داهاتوودا.
ئەردۆغان ستراتیژێک پەیڕەودەکات کە هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان ئەو شەپۆلە دژەکۆچبەرانەدا دروستبکات کە لە نێوان کێشە ئابوورییەکانو قەیرانی ئیداریو شەپۆلی جەمسەرگیریو ئەم گرژییە لە سیاسەتی ناوخۆدا لەگەڵ هەنگاوەکانی سیاسەتی دەرەوەدا سەریهەڵدا. دەکرێت هێرشەکان بۆ سەر سورییەکان لە ئەنجامی پەرەسەندنی کاردانەوە بەرانبەر بە سیاسەتی پەنابەرانی حکومەت ببینرێت. لەم چوارچێوەیەدا دەستپێشخەریی ئەردۆغان بۆ دیدار لەگەڵ ئەسەددا وەک بەشێک لە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی کاردانەوەکان لە سیاسەتی ناوخۆدا ڕاڤەدەکرێت، هەرچەندە ئامانجی چارەسەرکردنی قەیرانی پەنابەران لە تورکیا نییە.
هەرچەندە تەوەری سەرەکیی سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی سەرۆکی جەهەپەی ئۆپۆزسیۆن بۆ دیمەشق، گەڕانەوەی کۆچبەرانە، بەڵام هاوسەنگیو واقیعەکانی ئێستای مەیدان دەریدەخەن کە ئەستەمە بەبێ چارەسەری سیاسیو کۆمەڵایەتی، دانیشتوان بگوازرێتەوە بۆ زێدی خۆیان. بە ئەزموون هەتا ئێستا زانراوە، هەر کۆبوونەوەیەک کە هەموو کارەکتەرە هەرێمییەکان لەبەرچاونەگرێتو بە دوای دیالۆگو تەوافوق لەگەڵیاندا نەگەڕێت، ناتوانێت

کێشەکە چارەسەربکات، بۆیە پێناچێت بتوانرێت ئەم دەستپێشخەرییە دانوستاندنانە لە ژێر ڕۆشنایی هاوسەنگییەکانی ئێستادا چارەسەرێکی هەمیشەیی و دیموکراسیانە لە سوریادا بهێنێتەئاراوە. پێناچێت ئەگەری بەهێز بۆ سەرکەوتنی هەبێت، بە تایبەتی کە ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکە پشتگوێیدەخەن و ڕەزامەندیی زلهێزە جیهانییەکان، بە تایبەتی ئەمریکا، وەرناگرن.

**لە ڕاستیدا ئەوە زانراوە کە ئەردۆغان و ڕژێمی ئەسەد هەتا ئێستا ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبووە.**

لە لایەکی دیکەوە، "یاسای قەیسەر"، کە لە ساڵی (٢٠٢٠) لەلایەن ئەمریکاوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوەو سزای ئابووریی هەمەلایەنە دژ بە ڕژێمی سوریا لەخۆدەگرێت، توانای ئەوەی هەیە کە کاریگەریی لە سەر تورکیا هەبێت لە ئەگەری نزیکبوونەوەو هاوکاریی ئەنکەرە لەگەڵ دیمەشقدا. ئەم گەمارۆیانە کە ئامانجیان ناچارکردنی ڕژێمە بۆ چارەسەری سیاسی بە قبوڵکردنی بوونی ناوچەی عەرەبی و سوننە بە بڕینی سەرچاوە سەربازی و ئابوورییەکان، چوارچێوەی ئەو گەمارۆیە ئەو ئەگەرانە پێکدەهێنن کە تورکیا ڕووبەڕوویدەبێتەوە، ئەگەر هاوکاریی ئەسەد بکات. ئەو پەیوەندییەی کە بڕیارە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا دابمەزرێت، بە ڕێنمایی ڕوسیا لە پاشخاندا، ئەگەری گۆڕینی پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ ڕۆژئاوادا بە شێوەیەکی قووڵتر هەیە.

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق گرنگییەکی زۆری هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لە کاتێکدا تورکیا لەم دوایانەدا بەردەوامە لە چڕکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی، هاوکات هەوڵدەدات پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوسەنگی بهێڵێتەوە. ئەم دۆخە بەشێکە لە ستراتیژی بەردەوامی تورکیا بۆ پەرتکردنی هێزە کوردییەکان لە ناوچەکەداو هاوتەریبە لەگەڵ سیاسەتەکانیدا لە سوریا. لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین: ئەو سیاسەتانەی تورکیا لە عێراق و سوریا پەیڕەویاندەکات، پەیوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە هەیەو تەنانەت جوڵەی ستراتیژی و تاکتیکی تەواوکەری تێدایە.

### ئەنجام

هەموو ئەو شتانەی باسمانکرد، ئەگەر وەک پانۆرامایەک بیهێنینەوەبەردەم و لەو پانۆرامایەشدا سەرەتا فۆکسمان بۆ

تورکیا بگەڕێنینەوە، تورکیا لە ساڵانی ڕابردووەوە هەوڵی بەڕێوەبردنی قەیرانی پەنابەران‌و ئاسایشی سنوورەکان دەدات، کە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی سوریاوە هاتووەتەئاراوە، هاوکات بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ زیادکردنی نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا. حکومەتی ئێستای تورکیا بە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرگا_کراوەیی بە ڕووی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، جگە لە سوریاو کورد، دواتر بە دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ جیهادییە بناژۆ_خوازە توندڕەوەکان، ڕاستەوخۆ بەشداربوو لە گەشەسەندنی شەڕەکەدا. تورکیا لەگەڵ گرووپە جیهادییەکاندا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو بە سەر ناوچەکەدا زاڵبوو.

**ستراتیژی نەهێشتنی دەستکەوتەکانی خەڵکی ناوچەکەو بە تایبەتی کورد، هەتا ئەمڕۆش ستراتیژێکی جێگیرە لەلایەن تورکیاوە.**

کاتێک فۆکسەکە کەمێک زیاتر دەگوازینەوە، ڕوسیا دەبینین‌و لەو دۆخەشدا کە ڕوسیای تێدایە، هەوڵەکانی بۆ زیادکردنی کاریگەرییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پاڵپشتییە سەربازییەکەی بۆ حکومەتی سوریا دیارو ئاشکرایە. مۆسکۆ بە زیندووڕاگرتنی ڕژێمی ئەسەد هەم ئامادەیی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزدەکات‌و هەم بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەپارێزێت. لە ڕاستیدا هەنگاوە جیۆستراتیژییەکانی ڕوسیا ڕاستەوخۆ کاریگەریان لە سەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکاو ناتۆدا هەیە. جگە لەوەش، هیچ دیدێک بۆ کورد لە دەرەوەی میحوەری ئەمنیی ستراتیژیی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و بە تایبەتی سوریادا نییە.

کاتێک کەمێک زیاتر پانۆراماکە فراواندەکەین، ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە ڕوونی دیارە، بۆیە لە کاتێکدا ئەمریکا بە پاڵپشتیی هێزە کوردییەکان لە سوریا شەڕی تیرۆر دەکات، هەوڵی هاوسەنگکردنی نفوزی ئێران لە ناوچەکەش دەدات. واشنتۆن هەوڵدەدات هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزێت لە ڕێگەی پێکەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا، بەڵام ئەوەش دەزانین کە ئەم هەوڵانە هەندێک جار دەبێت بە هۆی دروستبوونی گرژی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا.

لە کاتێکدا کە ئەردۆغان‌و ئەسەد دوای ساڵانێک بڕیارە کۆببنەوە، هاوکات سەردانەکەی ئۆزگیور ئۆزێل؛ سەرۆکی جەهەپە بۆ دیمەشق‌و زیادبوونی هێرشە ڕەگەزپەرستییەکان بۆ سەر سورییەکان لە تورکیاو چەندین ڕوداوی دیکە، کاتی

ئەوە هاتووە ئەم پرسیارە بکەین:
ئایا حکومەتی ئێستای تورکیا بە ڕاستی سیاسەتو گوتاری خۆی دەگۆڕێت، ئایا لەگەڵ کۆتایهێنانە بە شەڕی ناوخۆی سوریاو پاڵپشتە بۆ چارەسەری ئاشتیانەو هەمیشەیی پرسی سوریا؟ ئەگەر نا، لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی ئێستادا دەتوانین بڵێین: ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتدا گەڕان نییە بۆ چارەسەری ڕیشەیی بۆ پرسی سوریا، بەڵکو گەڕانە بە دوای مانۆڕێکی سیاسیی نوێدا. بەم ستراتیژە، هەوڵدەدرێت هاوسەنگییە سیاسییە ناوخۆییەکان بە تێکەڵکردنی ئۆپۆزسیۆن لە سیاسەتی سوریای حکومەتدا بەڕێوەبچێت. کاتێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە ناوچەکەو دینامیکی سیاسەتی ناوخۆ هەڵدەسەنگێنرێت، دوایین پێشهاتەکانی سیاسەتی سوریای ئەردۆغان دەتوانرێت وەک کۆمەڵێک مانۆڕی ستراتیژی سەیربکرێت نەک گەڕانێکی ڕاستەقینە بۆ چارەسەر. دەستپێشخەریی دیدار لەگەڵ ئەسەددا بڕیارێکە کە بە ڕێنمایی ڕوسیا دراوەو تێکەڵکردنی پارتی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا لەم سیاسەتەدا بەشێکە لە ستراتیژی ئەردۆغان بۆ لادانی کاردانەوەکان لە سیاسەتی ناوخۆدا.
سیاسەتەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستانو عێراقو هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکەن کە ستراتیژەکەی بۆ لاوازکردنی هێزە کوردییەکان لە ناوچەکەو پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی خۆی قووڵتردەبێتەوەو بەردەوامیشدەبێت، بەڵام پێناچێت ئەم ستراتیژانە ببێت بە هۆی ئاشتیو چارەسەری دیموکراسیی هەمیشەیی لە سوریاو ناوچەکەدا. پرسی سوریا لە چوارچێوەیەکدا چەسپاوە کە کاریگەریی لە سەر پەیوەندییە ناوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتییەکانی تورکیا هەیە. دەتوانین بڵێین: ئەم دەستپێشخەریانە، کە ئیرادەی چارەسەرکردنی پرسی کوردیان تێدا نییە، ناتوانرێت بە شێوەیەکی هەمیشەیی چارەسەربکەنو ڕەنگە کێشەکان زیاتر قووڵتربکەنەوە.

---

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت**

http://spectrumhouse.com.tr/erdoganin-suriye-politikasi-normallesme-mi-/stratejik-manevra-mi

file:///C:/Users/SABAT/Downloads/Documents/Erdoganin-Suriye-politikasi.pdf

# ئامەدسپۆرو جیاکاریی نەتەوایەتی

کارزان دەلۆ

**پوختەی توێژینەوە**

کاری هاوبەشی ناوەندی توێژینەوە کوردییەکان (Kurdish Studies Center)و وەرزنامەی تورکیاناسی.

ئەم پوختەیە بریتییە لە کۆکراوەی لێکۆڵینەوەیەکی وردی ناوەندی توێژینەوە کوردییەکان (Kurdish Studies Center) لە ئامەد، تایبەت بە یانەی ئامەدسپۆر (AmedSpor)و جیاکاریی نەتەوایەتی.

ناوەندی توێژینەوە کوردییەکان (Kürt Çalışmaları Merkezi) ساڵی (٢٠١٩) بە هەوڵی کەسی لەلایەن ژمارەیەک چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەکادیمیو توێژەرەوە لە ئامەد دامەزراوە. ئەم ناوەندە کار لە سەر بابەتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو هەندەران دەکات. بە تایبەتی چەقی کارەکانی بریتییە لە لێکۆڵینەوەو ڕاڤەی ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا دێتو خستنەڕوویان بە شێوەیەکی بابەتی.

**بەرایی**

"کێشەی کورد" لە تورکیا کە خاوەنی مێژوویەکی سەدساڵەیە وەک بابەتێکی سیاسیو نەتەوەیی، پرۆسەیەک بووە لەگەڵ هەڵکشانی پێکدادانە بەردەوامەکاندا چەندین هەوڵی چارەسەری مەدەنیانەی تێدا تاقیکراوەتەوە.

دواجار لە ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٥) لە ژێر ناوی "پرۆسەی ئاشتی"دا هەوڵی جێبەجێکردنی ڕێکاری مەدەنی بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەزموونکرا. ئەم پرۆسەیە لە تورکیا بوو بە هۆی باشبوونی دۆخی سیاسی، زمانی، کولتووریو کۆمەڵایەتی، بەڵام بە داخەوە، پرۆسەکە لە ساڵی (٢٠١٥)دا کۆتاییهاتو دووبارە پێکدادانەکان دەستیانپێکردەوە،

بە تایبەتی لە ناوچە کوردییەکاندا بوو بە هۆی جیاکاری، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەختیی ژیان.

ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستتان، تیشکدەخاتەسەر دۆخی یانەی ئامەدسپۆر لە ماوەی پرۆسەی ئاشتیو دواتریشدا، دوای ئەوەی وەک بەناوبانگترین یانەی وەرزشیی کوردی ئەو ناوە لەخۆیدەنێت. لە ڕاپۆرتەکەدا پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٥) وەک هەوڵێکی چارەسەری مەدەنیانە ڕاڤەکراوەو باس لەوە کراوە کە لەو ماوەیەدا لە تەواوی تورکیادا بە گشتی دۆخی گشتیی وڵات باشبووە. گۆڕینی ناوی یانەی وەرزشی دیاربەکر (DiyarbakırSpor)یش بۆ ناوە کوردییەکەی شارەکە بە ناوی ئامەدسپۆر لە چوارچێوەی ئەو دۆخە ئەرێنییەدا بوو، کە لە سایەی پرۆسەی ئاشتیدا هاتبووەکایەوە.

لە کاتێکدا بە هۆی پرۆسەی ئاشتییەوە بواری چالاکیی مەدەنیی کورد لە تورکیا فراوانبووە، بە شێوەیەکی بەهێزتر گوزارشت لە ناسنامەو داواکارییەکان کراوە، یانەی ئامەدسپۆر لە دوای پرۆسەی ئاشتییەوە ناسنامەیەکی نەتەوایەتی وەرگرتو بوو بە خاوەنی هاندەرێکی زۆر. سەرەڕای ئەوەش، ڕاپۆرتەکە بە پشتبەستن بە بۆچوونی بەشداربوانی توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە ئامەدسپۆر تەنها یانەیەکی وەرزشی نەبووە، بەڵکو وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەدەنی پشتیوانیی لەوانە کردووە کە مافەکانیان لە تورکیادا پێشێلکراوە، وەک یانەکانی بەرشەلۆنە، ئەتلەتیکۆبلباو، سەلتیک، جەماوەرێکی زۆری بۆ پەیدابووەو هاوشێوەی "هەڵبژاردەی نیشتیمانی" لە ناو خەڵکیدا ناوی بڵاوبووەتەوە.

ئامانجی ڕاپۆرتەکە بریتییە لە شەنوکەوکردنی جیاکاریی نەتەوەیی لە بواری وەرزش لە تورکیاو خستنەڕووی سەرنجو پێشنیاری چارەسەری، ئەمەش لە ڕێگەی تیشکخستنەسەر ئەو گرفتو تەنگوچەڵەمەو جیاکارییانەی کە ڕووبەڕووی یانەی ئامەدسپۆر بووەتەوە، کە خاوەنی (٢٥٠) هەزار هاندەرە لە ئامەدو یەکملیۆن هاندەری لە سەر ئاستی تورکیا هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا گفتوگۆکراوە دەربارەی کۆکردنەوەی مافە کولتووریو نەتەوەییەکان، لە سەرووی هەموویانەوە ئازادیی ڕادەربڕینو شیکاری بۆ ئەو جیاکارییانە کراوە کە لە بواری وەرزشدا هاتوونەتەکایەوە.

لەم چوارچێوەیەشدا بە پشتبەستن بە بنەماو پەیماننامەکانی وەک "ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامەی نێودەوڵەتیی پەیوەندیدار بە لابردنی هەر جۆرە جیاکارییەکی نەتەوەییو ڕەگەزی، پەیماننامەی ئەورووپای مافەکانی مرۆڤ، بنەما سەرەکییەکانی ئۆڵۆمپیات"،

هەوڵەکانی چاودێریکردن، قەدەغەکردنی جیاکاریو ئازادیی ڕادەربڕین ڕاڤەکراوە. لە چوارچێوەی ئەم کارەدا ئەو هەواڵانەی پەیوەندییان بە یانەی ئامەدسپۆرەوە هەبووە، وەرگیراون، ئەو داوا یاسایانە شیکراوەتەوە کە لە سەر یانەکە تۆمارکراوەو چاوپێکەوتن لەگەڵ (١٠) کەس لە بەرپرسو هەوادارانی یانەکە بە قووڵی کراوە.

### جیاکاری

جیاکاری دیاردەیەکی فرەڕەهەندەو پەیوەندیی بە بوارەکانی یاسا، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، ئابووریو سیاسەتەوە هەیە. یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ بنەمایەکی گرنگە بۆ قەدەغەکردنی جیاکاریو جەختکراوەتەوە لە سەر فەرمانکردن بە قەدەغەکردنی جیاکاریی نەتەوەیی، ئەم قەدەغەی جیاکارییەش خراوەتە ئەستوی دەوڵەتانەوە.
یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بە درێژایی مێژووی پڕ لە هەورازو نشێوی، پرسی کورد کاریگەریی لە سەر بواری وەرزش هەبووەو گۆڕینی ناوی یانەکەش لە دیاربەکرەوە بۆ ئامەدسپۆر کاریگەریی ئەرێنیی لە سەر زیادبوونی ناوبانگی یانەکە هەبووە، کە یەکێک بووە لە هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتی، بەڵام لەگەڵ کۆتایهاتنی پرۆسەی ئاشتیو دەستپێکردنەوەی پێکدادانەکاندا یانەی ئامەدسپۆر یەکێک بووە لەو دەزگایانەی کە بە ئاڕاستەی خراپدا کاریگەریی لە سەر دروستبووە. لەو ماوەیەدا چەندین تۆمەتو تاوان ئاڕاستەی یانەکە کراوە، ڕووبەڕووی سزای دوورخستنەوە لە یاریگاو خولە وەرزشییەکان بووەتەوە، کراوەتە ئامانجی دروشمە فاشیستو نەتەوەپەرستییەکان. بەرپرسو هاندەرەکانی ڕووبەڕووی هێرشی جەستەیی بوونەتەوەو بە هۆکاری سیاسی یانەکە سزادراوە.

### سزاو گرفتەکانی بەردەم یانەی ئامەدسپۆر

بە گشتی دەتوانرێت ئەو سزاو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی یانەی ئامەدسپۆر بوونەتەوە، لەم خاڵانەدا بخرێنەڕوو:
**یەکەم: تۆمەتبارکردنی بە هۆی ناوی یانەکەوە بە "ئامەدسپۆر":** ئەمەش دوای کۆتایهاتنی پرۆسەی ئاشتی دەستپێکرد. هەرچەندە بە هۆی پرۆسەی ئاشتییەوە فیدراسیۆنی تۆپی پێی تورکیا (TFF) هەڵوێستی ئەرێنیی بەرانبەر بە گۆڕینی ناوی یانەکە نیشانداوە، بەڵام دواتر فشاری بۆ گۆڕینی ناوی ئامەدسپۆرو ڕەنگی جلەکانیان دروستکردووە. بە هۆی بوونی ناوی ئامەدسپۆر، کە بریتییە لە ناوە کوردییەکەی دیاربەکر، ڕووبەڕووی جیاکاری بووەتەوە.
**دووەم: بەئامانجگرتنی لەلایەن سیاسییەکانەوە:** ئەمانەش ڕۆڵێکی

گرنگیان لە تۆمەتبارکردنی یانەی ئامەدسپۆر بە هۆی ناوەکەیەوە گێڕاوە، بە تایبەتی لەو کاتانەی گرژیی سیاسی سەریهەڵداوە، ڕاگەیەنراوە نەرێنییەکانی سیاسییەکان هۆکار بووە بۆ دروستبوونی جیاکاریو پێشێلکردنی مافەکانی یانەی ئامەدسپۆر. لەگەڵ کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئاشتیدا کاردانەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا بەرانبەر بە یانەکە، توشی گرفتو نارەحەتیی کردوون. بە تایبەتییش لە کاتی هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە مەیدانی سیاسەتدا؛ دیسان یانەی ئامەدسپۆر بەئامانجگیراوە.

**سێیەم: یاریی باشاکشەهیر:** ئەم یارییە خاڵێکی وەرچەرخان بووە لە مێژووی پێشێلکردنی مافەکانی یانەی ئامەدسپۆر. لە (٢٨)ی کانوونی دووەمی (٢٠١٦) لە یارییەکدا لە ئەستەنبوڵ سەرەڕای بوونی پۆلیس لە یاریگادا، هێرشی توند کرایەسەر هاندەرانی یانەی ئامەدسپۆر، هەرچەندە داوای یاسایی لە سەر هاندەرانی یانەی بەرانبەر تۆمارکرا، بەڵام دادگا بڕیاری بێتاوانیی دەستبەسەرکراوانی دەرکرد. لەمانەش سەیرتر، بە هۆی ڕوداوەکانی ناو ئەو یارییەوە سزای داراییو یاریکردن بەبێ هاندەر بە سەر یانەی ئامەدسپۆردا سەپێنرا. لەو یارییە بە دواوە یانەکە ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی ڕێکخراو لە پێشیلکردنی مافەکانی بووەوە.

**چوارەم: ڕێگری لە هاندەران بۆ چوونەناو یاریگا:** ئەم جۆرەیان بڵاوترین جۆری جیاکارییەکان بووە کە ڕووبەڕووی یانەی ئامەدسپۆر بووەتەوە. کاتێک پێش دەستپێکردنی یاریی نێوان یانەی ئامەدسپۆرو بورساسپۆر لە (٣١)ی کانوونی دووەمی (٢٠١٦) دەستەی ئەمنیی وەرزشیی بورسا بڕیاریدا ڕێگری لە هاندەرانی یانەی ئامەدسپۆر بکرێت لە چوونەژوورەوەیان بۆ ناو یاریگا. یانەی ئامەدسپۆر بەبێ هاندەرانی ئەو یارییەی کردو لەو ڕۆژەوە هەتا ساڵی (٢٠٢٤) بەردەوام بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو ڕێگرییە بەردەوامە. جگە لە چەند یارییەکی کەم نەبێت، یانەی ئامەدسپۆر ماوەی (٨) ساڵە بەبێ هاندەرانی بەشداریی یارییەکان دەکات. بە گشتی بڕیاری نەکردنەژوورەوەی هاندەرانی ئامەدسپۆر هەمان بەهانەیەو لە هەر یارییەکدا بە شێوازێکی جیاواز دادەڕێژرێتەوەو ڕۆژێک پێش یارییەکەیش یانەی ئامەدسپۆر ئاگاداردەکرێتەوە. لە سەر نوسراوی ئەم بڕیارە لەگەڵ نوێنەری یانەی ڕکابەری ئامەدسپۆر واژۆی بەرپرسانی دیکەی دەوڵەتو حکومەتیش هەیە، واتە بڕیارەکە بە ئاگاداریی بەرپرسانی یانەی بەرانبەرو لێپرسراوانی دەوڵەتو حکومەت دەردەکرێت.

**پێنجەم: هێرشی جەستەیی:** بە تایبەتی دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئاشتی بەردەوام لە هەڵکشاندایە. لە هێرشەکاندا هاندەران، یاریزانان، بەرپرسانی یانەکەو

تەنانەت ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی یاریزانانیش بەئامانجدەگیرێن. نموونەی ئەو هێرشانەیش وەک: ڕێگریی پۆلیس لە ئاهەنگگێڕانی بەرپرسانی یانەکە بە هۆی بردنەوەیانەوە لە یانەی بورساسپۆر، سەرەڕای ئەوەی کە بەبێ هاندەر یانەی ئامەدسپۆر یاریی لەگەڵدا کردبوون، گاڵتەکردن بە بەرپرسانی یانەی ئامەدسپۆر لە یارییان لەگەڵ یانەی ئەنقەرەگیوجودا، هێرشکردنەسەر بەرپرس و یاریزانانی یانەی ئامەدسپۆر لەلایەن پۆلیسەوە دوای یارییان لەگەڵ یانەی فەنەرباخچەدا، هێرشکردنەسەر یاریزانی یانەی ئامەدسپۆر؛ دەنیز ناکی، لەلایەن هاندەرانی یانەی مێرسینەوە، کە ڕۆیشتبوونەناو یاریگاوە، لە هەموویان مەترسیدارتر، گاڵتەکردن بوو بە بەرپرسانی یانەی ئامەدسپۆر لە یارییەکەیاندا لەگەڵ یانەی ئەنقەرەگیوجودا.

**شەشەم: سزای سیاسی:** لەم سزایەدا بە گشتی یانە کوردییەکان و هاندەرانیان و بە تایبەتی یانەی ئامەدسپۆر بەئامانجدەگرێت، لەو سزایانەی بە سەر یانەکەدا سەپێنراون، دەردەکەوێت فیدراسیۆنی تۆپی پێی تورکیا تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ یانەی ئامەدسپۆر هەیە. چەندین جار هاندەرانی یانەی ئامەدسپۆر یاخود یاریزانانی بە هۆی نیشاندانی هێمای سەرکەوتن لە ڕێگەی پەنجەکانی دەستەوە، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو سزای دەستەی دیسیپلینی تۆپی پێی پیشەگەری بوونەتەوە، یاخود چەندین دروشمی جۆراوجۆری وەک "با منداڵان نەمرن، وەرن بۆ یاری" دژی یانەی ئامەدسپۆر بەرزکراوەتەوە. دیارترین نموونەی جیاکاری بەرانبەر بە یانەی ئامەدسپۆر بریتییە لە سزادانی یانەکە بە بەهانەی "پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی". لە ساڵی (٢٠١٤)وە هەتا ئێستا سزای لەم جۆرە تەنها بۆ یانە کوردییەکان و بە تایبەتیش بۆ یانەی ئامەدسپۆر بووە. یانەیەک لە یەک کاتدا زۆرترین کات ڕووبەڕووی پڕوپاگەندەی فاشیستی لەلایەن هاندەرانی یانەکانی بەرانبەرییەوە دەبێتەوە، کەچی ئەم یانەیە زۆرترین جار بە تۆمەتی فاشیستی و "پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی" سزادەدرێت. هەر ئەمەش پرسیاری گەورەی دەربارەی میکانیزمی لێپرسینەوەو سزای بانگەشەی ئایدۆلۆژی و فاشیستی لە سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت دروستکردووە. بە هۆی سڕینەوەی (٣) خاڵی یانەی ئامەدسپۆرەوە لە ساڵی (٢٠١٦) لەلایەن دەستەی دیسیپلینی تۆپی پێی پیشەییەوە، یانەکە لە خولی نایابی تورکیا بێبەشکرا.

**حەوتەم: ڕوداوی دەنیز ناکی (Deniz Naki):** دوای ئەوەی ساڵی (٢٠١٣) ڕۆیشتە ڕیزەکانی یانەی ئەنقەرەگیوجەوە، بە ماوەیەکی کەم بە هۆی هێرشە فاشیستی و نەتەوەپەرستییەکانەوە تورکیای بەجێهێشت، دوای ساڵێک

هاتە ڕیزی یانەی ئامەدسپۆرەوە. دەنیز ناکی بە هۆی ئەوەی خاوەنی ناسنامەی کورد/عەلەویيە، ڕووبەڕووی هێرشی جۆراوجۆری فاشیستانە بووەتەوە. ئەم یاریزانە بەرگەی هێرشی بەردەوامی هاندەرانی یانەکانی دیکەو میدیای تورکیاو تەنانەت فشاری فیدراسیۆنی تۆپی پێی وڵاتەکەیشی گرت. دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئاشتی، کاتێک دەنیز ناکی گرتەیەکی ڤیدیۆیی شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی یەکێک لە شارەکانی باکووری کوردستانی لە لاپەڕەی خۆی لە فەیسبووک بڵاوکردەوە، لەلایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی تورکیاوە سزای ڕێگریکردن لە (١٢) یاریی لەگەڵ یانەکەی بە سەردا سەپێنرا. دەنیز ناکی لە ڕێگەی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپاوە هەوڵیدا ڕێگری لەو سزایە بکاتو پێیوابوو پێشێلکردنی مافەکانیەتی. دادگای ئەوروپای مافەکانی مرۆڤ لە (١٨)ی مایسی (٢٠٢١) ڕایگەیاند کە بڕیارەکەی فیدراسیۆنی تۆپی پێی تورکیا پێشێلکردنی مافی ئازادیی ڕادەربڕینی دەنیز ناکیو یانەی ئامەدسپۆرە. دەنیز ناکی لە ساڵی (٢٠١٨) لە ئەڵمانیا ڕەخنەی لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین وەک شارێکی کوردی لە باکووری سوریا گرتو داوای لە هاوڵاتیانی شاری کۆڵن کرد بەشداریی خۆپیشاندان دژی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بکەن، لە بەرانبەردا لەلایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی تورکیاوە سزای هەتا هەتایی ڕێگریکرن لە یاریکردن لە تورکیادا بە سەر دەنیز ناکیدا سەپێنرا. ئەو یاریزانەش بۆ تورکیا نەگەڕایەوەو لە ئەڵمانیا نیشتەجێبوو.

**هەشتەم: جیاکاریی دارایی:** یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی یانەی ئامەدسپۆر بووەتەوە، لەبەرئەوەی یانەکە لەلایەن سیاسییەکانو توێژی دەستڕۆشتووی بیرۆکراسییەوە کراوەتەئامانج، زۆر بە نارەحەتی سپۆنسەری دەستدەکەوێت، بە هۆی لابردنی سەرۆکی شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانەوە لە شارە کوردییەکانو دانانی پارێزگار یاخود قائیمقام یان قەییوم بە وەکالەت لە جێیان ، پشتگیرییەکان بۆ وەرزش بە گشتیو بۆ یانەی ئامەدسپۆر بە تایبەتی بڕاوە، بۆیە یانەکە بە پشتیوانیی داراییو سپۆنسەریی کەسو دامەزراوە خۆجێییەکان ماوەتەوە. هەرچەندە کۆکردنەوەی پشتیوانیی دارایی لە ڕێگەی نامەی تەلەفۆنییەوە یەکێکە لە ڕێگەپێدراوەکان بۆ یانە وەرزشییەکانی تورکیا، بەڵام ئەم مافەش لە یانەی ئامەدسپۆر زەوتکراوە.

**نۆیەم: پێشێلکردنی چەند مافێکی دیکە:** لەوانەش: ڕێگری لە هاندەرانی یانەکە بۆ چوونەناو یاریگاوە، داخستنی یاریگای یانەکە، سزای دارایی یانەکەو سزای جۆراوجۆریی یاریزانەکانی. بەشداربوانی ڕاپرسییەکە جەختیان لەوە کردووەتەوە لە پشت ئەو سزایانەی سەر یانەکەو جیاکاریو ئەو سزایانەشەوە کە بە سەر

یانەکەدا سەپێنراون، هۆکاری سیاسیو ئایدۆلۆژی هەیە.
جگە لەوەی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە لە بابەتی قەدەغەکردنی پڕۆپاگەندەی سیاسیدا باس لە ناڕوونیی بڕیارەکان دەکەن، بە جۆرێک هەر وا بە هەوانتە دەرکراون. هەروەها ئەو پێشوازیو پشتیوانییەی لەلایەن بەرپرسانەوە لە یانە ڕکابەرەکانی ئامەدسپۆر دەکرێت، لە یانەکەی ئەوان ناکرێتو دیسان بە ئارەزووی خۆیان بەرپرسانی حکومەت بڕیار لە سەر دروشمو ئاماژە بەکارهێنراوەکانی یانەی ئامەدسپۆرو یانە ڕکابەرەکانی دەدەن. هەروەها بەشداربوان باس لە مامەڵەی نادروستی دەزگا ئەمنییەکان دەکەن، بە جۆرێک جیاکاری بەرانبەر بە یانەی ئامەدسپۆر دەکەن، ئەمەش لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێکاری ئەمنیی توندەوە دژی یانەکەو ڕێگری لە گەڕانو هاتوچۆیان لەو شارانەی کە یاریی تێدا دەکەن، تەنانەت ڕێگری لە هاندەرانی یانەکە بۆ چوونەناو یاریگاوە. هەندێک جاریش کارمەندانی هێزە ئەمنییەکان ڕەفتاری نەرێنیو نەشیاویان دژی یانەکە نواندووە.

**کۆتایی**

ئەم توێژینەوەیە کاریگەرییەکانی دۆزی کورد لە سەر یانەی ئامەدسپۆر دەخاتەڕوو، بە جۆرێک لەگەڵ کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئاشتیدا یانەکە ڕووبەڕووی زنجیرەیەک جیاکاریو زەوتکردنی مافەکانی بووەتەوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشداربواندا پێماندەڵێت: یانەی ئامەدسپۆر ڕووبەڕووی مامەڵەی نایەکسانیی دارایی، یاساییو کۆمەڵایەتی بووەتەوە. جگە لەوەش، جەخت لە گرنگیی جێبەجێکردنی یاساو سزاکان لە جیاکاریی نەتەوەیی لە مەیداندا کراوەتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکولتوورکردنی ڕووبەڕووبوونەوەو سزادانی جیاکارییە نەتەوەییەکان دێتەدی، نەک تەنها لە ناو یاساکاندا بێت بەبێ جێبەجێکردنی، هەروەها بەشداربوان بە بایەخەوە باسیان لە جێبەجێکردنی پرۆسەی دیموکراسیو ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە بواری وەرزشدا کردووە.
زەوتکردنی مافەکانی یانەی ئامەدسپۆر، پێش هەموو شتێک دژی بنەمای "یەکسانییە"، کە لە دەستووری کۆماری تورکیادا جێگیرکراوە. ئەو جیاکارییە سیستەماتیکییەی دژی یانەکە پەیرەوکراوە، بە واتای پێشێلکردنی پەیماننامەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی وەک "پەیماننامەی نێودەوڵەتیی لابردنی جیاکارییە ڕەگەزییەکانو پەیماننامەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان" دێت، هەرچەندە لەو پەیماننامانەدا بە دەقی ڕوون جەخت لە ڕێگری لە هەر جۆرە جیاکاریو زەوتکردنی مافێک بە یاسا کراوەتەوە، لەبەرئەوە لە پێناوی

نەهێشتنی جیاکارییە ڕەگەزییەکانو ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانو گونجاودا بۆ یانەی ئامەدسپۆر لە پێشبڕکێی لەگەڵ یانە ڕکابەرەکانیدا، پێویست بە جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێکی گرنگ دەکات، کە بریتین لە:

١. کۆتاییهێنان بە ڕێگری لە هاندەرانی یانەکە بۆ چوونەناو یاریگاوە.

٢. ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ڕکابەرییەکانی یانەکە، ئەمەش لە پێناوی ڕێگری لە جیاکاریی بەرانبەر بە ناسنامەو بەرپرسو یاریزانو هاندەرانی یانەی ئامەدسپۆردا.

٣. جێبەجێکردنی سزای توند بە سەر ئەو کەسانەی هێرشی جەستەیی دەکەنەسەر ئەندامو هاندەرانی یانەکە، گرنگییەکی ژیاریی هەیە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: وەرزش ئەو بوارەیە کە دەکرێت وەک "پردی پەیوەندی"و "ئامرازی بەستنەوە" بەکاربهێنرێت، ئەمەش بۆچوونی هاوبەشی بەشداربوانی توێژینەوەکەو تەنانەت ڕایگشتیی تورکیایە. ئەنجامدانی "یاریی دۆستانە" لە نێوان یانەی ئامەدسپۆرو یانەکانی دیکەدا بە بەشداریی بەرپرسانی دەوڵەتو کەسایەتییە سیاسییەکانو هونەرمەندان ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە کەمکردنەوەی جیاکاریدا، بەڵام لە پێش هەموو ئەمانەوە کۆتاییهێنان بە هەڵوێستی ئێستای دەسەڵاتدارانی تورکیا بەرانبەر بە یانەی ئامەدسپۆرو دەستبەرداربوون لە جێبەجێکردنی یاساکان بە هەوانتەو ئارەزووبازی لە سەر یانەکە، سەرەتایەکی نوێ دەبێت بۆ کۆتاییهاتنی جیاکاری بەرانبەر بە یانەی ئامەدسپۆر.

---

**لینکی ڕاپۆرتەکە لە ئینتەرنێت**

https://kurdish-studies.org/yayinlar/amedspor/

https://kurdish-studies.org/wp-content/uploads/2024/03/KESKuSORuZER_Amedspor_Raporu.pdf

# دادگای دەستووری تورکیا زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی ئەردۆغان هەڵدەوەشێنێتەوە

وەرگێڕانی: د. جەلیل عومەر عەلی

سەرچاوە: ڕۆژنامەی شەرقول ئەوسەت (الشرق الاوسط)

دادگای دەستووریی تورکیا (Anayasa Mahkemesi) زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە هەڵدەوەشێنێتەوە. دادگای ناوبراو دەسەڵاتی دەرکردنی مەرسومی یاساکانی لە ئەردۆغان سەندووەتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی دەستوەردانە لە سەربەخۆیی دامەزراوەکانی دەوڵەت. ئەم بڕیارەی دادگایش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ کۆتا هەموارەکانی دەستووردا، کە لە مانگی تشرینی دووەمی (٢٠١٧)دا کراو لە (٢٠١٨)دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

دادگای دەستووری لە بڕیارەکەیدا، کە لە (٤٨٥) لاپەڕە پێکهاتووەو لە ڕۆژنامەی فەرمیی تورکیا (Resmi Gazete) بڵاوکراوەتەوە، بە فەرمانی هەمواری مەرسومی یاسای ژمارە (٧٠٣) دەرچووە لە تەمموزی (٢٠١٨)، کە دەسەڵاتێکی فراوانی بە سەرۆککۆمار دابوو لە دامەزراندنو دوورخستنەوەو سەربەخۆیی بانکی ناوەندیو زانکۆکانی خستبووەژێر دەسەڵاتی سەرۆککۆمارەوەو ملکەچیکردبوون بۆ واژۆی تاکەکەسێک، هەر بۆیە زۆرێک لەو فەرمانو بڕیارانەی هەڵوەشاندەوە. ئەم بڕیارەی دادگای دەستووری لە چوارچێوەی داوایەکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)دا (Cumhuriyet Halk Partisi (CHP)) بووە، کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە لە تورکیاو بە دایکی بەرەی ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت.

**یەکەم: دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆکان**

لە گرنگترین ئەو بڕیارانەی دادگای دەستووریدا هاتووە، هەڵوەشاندنەوەی هەمواری یاسای خوێندنی باڵایە، کە دەسەڵاتی بە سەرۆککۆمار داوە بە دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆ حکومیو وەقفییەکانو بە نادەستووری لەقەڵەمیدان. بڕیارەکەی دادگای دەستووری جەختیکردووەتەوە لەوەی کە ناکرێت دامەزراندن بە مەرسومی سەرۆکایەتیی کۆمار بێت.

بڕیاری دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆی بۆغاز ئیچی (Boğaziçin Üniversitesi) لە ساڵی (٢٠٢١) لەلایەن ئەردۆغانەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانو نارەزایەتی_دەربڕین لەلایەن خوێندکارانو مامۆستایانو بەرپرسانی باڵای زانستیو کارگێڕیی زانکۆکەوە، لەبەرئەوەی بڕیارەکەی سەرۆککۆمار بە داماڵینی ئەنجومەنی زانکۆ لە مافی دامەزراندنی سەرۆکێک بۆ زانکۆکە ئەژماردەکرێت.

**دادگای دەستووریی تورکیا زۆرێک لەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە بەکاریهێنابوو، هەڵوەشاندووەتەوە.**

هەروەک چۆن دادگا بنەمای دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆکانی لەلایەن سەرۆککۆمارەوە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پاڵێوراوانەوە، کە ئەو هەڵیانبژێرێت، دیاریکردووە، بە هەمان شێوە جەختیکردووەتەوە لەوەی پێویستە دامەزراندن لە سەر بنەمای پێشنیارکردنی ئەنجومەنی زانکۆوە بێت. هەروەک چۆن هەندێک فەرمانی لابرد، لە نموونەی مەرجەکانی دامەزراندنو ماوەی مانەوەی لە کەسێکی دیاریکراو لە پۆستی سەرۆکی زانکۆ.

هەر لە بڕیارەکەیدا دادگای دەستووری دانیناوە بە نادەستووریبوونی دامەزراندنی (٧) ئەندامی دەزگای خوێندنی باڵای تورکیا لە کۆی (٢١) ئەندام.

**دووەم: گۆڕینی سەرۆکی بانکی ناوەندی**

دادگای دەستووریی تورکیا دەسەڵاتی گۆڕینی سەرۆکی بانکی ناوەندیی ئەو وڵاتەی پێش تەواوبوونی ماوەکەیو دامەزراندنی نوێنەرەکانیو درێژکردنەوەی ماوەکەیان تەنها بە دەرکردنی مەرسومی کۆماری هەڵوەشاندەوە، بەڵکو مەرسومی سەرۆکایەتیی کۆمار پێویستی بە ڕەزامەندیی پەرلەمان دەبێت.

پۆستی سەرۆکی بانکی ناوەندیی تورکیا زۆر ناجێگیریو هەڵچوونو داچوونی بەخۆیەوەبینیوە، لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) (Adalet ve Kalkınma Partisi)(AK Parti) بە سەرۆکایەتیی ئەردۆغان، لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە هەتا ئێستا (٧) سەرۆکی گۆڕاوە. هەڵبەت پێنج

لەو سەرۆکانەش تەنها لە ماوەی پێنج ساڵی کۆتایی فەرمانڕەوایی ئاکپارتیدا (٢٠١٩-٢٠٢٤) گــۆڕاون. کۆتا سـەرۆکی بانکی ناوەندی فاتیح کاراهان (Fatih Karahan) بــوو، کــە بــە واژۆی ئــەردۆغــان دوای دەستلەکارکێشانەوەی حفیزە گایە ئێرکان (Hafize GayeErkan) وەک سـەرۆکی بانکی ناوەندیی تورکیا دەستبەکاربووە، حـفـیـزە گایـە ئێرکان تـەنـها (٩) مـانـگ لـە پۆستـەکـەی مـایـەوە. دانـانـی کەسێکی دیکە لە جێی لەلایەن سەرۆککۆمارەوە بە دەرچوون لە دەقی دەستوور دادەنرێتو بووەتـە هـۆی ناسـەقامگیریی ئـابـووریو نەمانی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی.

جـگـە لـەمـە، دادگـا بـە کـۆی دەنـگ دوو بـنـەمـای هـەڵـوەشـانـدەوە، کە پەیوەستبوون بە دامەزراندنی سەرۆکی بانکی ناوەندیو ئەندامەکانیەوە، بە هۆی نادەستووریبوونیانەوە، لە سەر بنەمای مانەوەیان لە ناوچەی ڕێگەپێنەدراودا، کە ناکرێت بە یاسا ڕێکبخرێن.

## سێـیـەم: دانـانـی قـەیـیـوم (Kayyum Atanması)

دادگـای دەسـتـووریی تـورکـیـا بـە هـەمـان شێوەی هەنگاوەکانی پێشووی بڕیارنامەی پـەیـوەسـت بـە دانـانـی قـەیـیـومـەکـانو نوێنـەرەکانیـەوە هـەڵـوەشـانـدەوە، کە بە دەق هاتووە: مەرجە ئەوەی کە لە پۆستی پارێزگار دادەمەزرێت، پێویستە (٦) ساڵ لە پۆستی قائیمقام مابێتەوە، بە مەرجێک (٢) ساڵی لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی وڵات بێتو پشتگیریی وەزیـری ناوخۆی هەبێت لەگەڵ ڕەزامەندیی سەرۆککۆماردا، بە هۆی نادەستووریبوونیەوە.

دادگای دەستووری لائیحەی پەیوەست بە دەستنیشانکردنی تەمەنی فەرمانبەری خزمەتی گشتیی بە (٦٥) ساڵ بە پێی ئەو مەرسومەی سەرۆککۆمار دەریدەکات، هەڵوەشاندەوە. لە بڕیارەکەدا ئاماژە بەوە دراوە بە پێی مادەی (٧٠)ی دەستوور، بە دەق هاتووە کە هەموو هاوڵاتییەک مافی پەیوەندیکردنی بە خزمەتی گشتییەوە هـەیـەو نـابێـت هـیـچ جـیـاکـاریـیـەک لـە خزمـەتـکـردنـدا هـەبێت، جگـە لـە توانا پێویستییەکانی خزمەتکردنەکە نەبێت. لە بڕیارەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە ناکرێت پەیوەندیکردن بە خزمەتکردنی گشتییەوە بە مەرسومی سەرۆککۆماری ڕێکبخرێت.

**ئەم بڕیارانەی دادگای دەستووریی تورکیا دوای تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بووە، کە لە دادگای ناوبراو دەربارەی نایاساییبوونی بڕیارەکانی سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە تۆمارکراوە.**

لە وردەکاریی بڕیاری دادگادا هاتووە کە بنەماکانی مەرسومی یاسای ژمارە (٧٠٣)

مەبەستی ملکەچبوون نییە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەستووردا هاتوون، ئەمەش بەدەرە لە مەبەستو چوارچێوەی دەسەڵاتی دەرکردنی مەرسومەکان. لە هەمان کاتدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە پێویستە لە سەر پەرلەمان لائیحەی یاساییبوونی هەموارەکان دەربکات، کە دادگا بڕیاریلێداوە.

**دادگای دەستووری؛ دەسەڵاتی دانانی سەرۆکی زانکۆکان، دانانی سەرۆکی بانکی ناوەندی، دانانی قەییومی تەنها بە فەرمانی سەرۆکایەتیی کۆمار هەڵوەشاندووەتەوەو مەرجی ڕەزامەندیی پەرلەمانی بۆ یاساییبوونو جێبەجێکردنی ئەو مەرسومانە دیاریکردووە.**

ئەم بڕیارانەی دادگای دەستووریی تورکیا دوای تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بووە، کە لە دادگای ناوبراو دەربارەی نایاساییبوونی بڕیارەکانی سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە تۆمارکراوە، هەر بۆیە دوای بڕیارەکانی دادگای دەستووری؛ ئۆزگیور ئۆزێل (Özgür Özel)؛ سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، لە میانەی گوتارێکیدا بۆ پەرلەمانتارانی حیزبەکەی لە پەرلەمانی تورکیا ڕووی قسەکانی کردە ڕەجەب تەیب ئەردۆغانو گوتی: "بەڕێز ئەردۆغان، دادگای دەستووری هەموو ئەو بڕیارانەی هەڵوەشاندەوە کە دەرتکردووە، ئەمەش دەریدەخات داوا یاساییەکەی جەهەپە ڕاستە، کەواتە ئەگەر یاسا هەبێتو جێبەجێبکرێت، ئیدی ناتوانیت بەو جۆرەی خۆت دەتەوێت، بڕیار دەربکەیت."

**چوارەم: پرسی سەرۆکی شارەوانیی هەکاری**

لە لایەکی ترەوە مەهمەت سدک ئاکش (Mehmet Sıddık Alış)؛ سەرۆکی شارەوانیی هەکاری، کە سەر بە پارتی یەکسانیو دیموکراتیی گەلان (دەمپارتی) Halkların Eşitlik ve Demokrasi) Partisi (DEM Parti))یە، دوورخراوەتەوە لە پۆستەکەیو دەستبەسەرکراوەو لە جێی پارێزگاری هەکاری وەک قەییوم بۆ شارەوانیی ئەو شارە دانراوە، ئەمەش بە هۆی بوونی دۆسیەیەکی یاساییەوە، کە پێش (١٠) ساڵ لەمەوبەر هەیبووەو ئێستا دووبارە کراوەتەوە لە سەری. لە دۆسیەکەدا ئاکش تۆمەتبار کراوە بە بوونی پەیوەندی بە "ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان"ەوە، کە مەبەست لێی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە. لەو خۆپیشاندانانەی ئەندامو لایەنگرانی دەمپارتیدا کە لە هەکاری ڕێکیانخستبوو، وەک نارەزایەتییەک دژی دەستگیرکردنی سەرۆکی شارەوانیی هەڵبژێردراو، وەفدێکی

جەهەپە بەشداریی تێدا کرد، سەرەڕای بوونی پشتێنەیەکی ئەمنی بە دەوریدا.
یەکێتیی پارێزەرانی تورکیش لە بڵاوکراوەیەکیاندا داوای گەڕاندنەوەی مەهمەت سدک ئاکشیان کرد بۆ پۆستەکەیو جەختیانکردەوە کە لابردنی دەستوەردانێکی نەگونجاوە لەگەڵ مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتندا بۆ هەڵبژاردنەکان، کە ئەمەش بنەمای دیموکراتییە.

**تەنها لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئاکپارتی، لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە هەتا ئێستا (٧) سەرۆکی بانکی ناوەندیی تورکیا گۆڕاوە، هەڵبەت پێنج لەو سەرۆکانەیش تەنها لە ماوەی پێنج ساڵی کۆتایی فەرمانڕەوایی ئەو حیزبە (٢٠١٩-٢٠٢٤) گۆڕاون.**

بە پێچەوانەشەوە، دەوڵەت باخچەلی (Devlet Bahçeli)؛ سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا (مەهەپە (Milliyetçi Hareketi Partisi)) (MHP))؛ کە هاوبەشی ئاکپارتییە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کۆمار (Cumhur İttifakı)دا، ئاماژی بەوە داوە کە سەرۆکی شارەوانیی هەکاری لە ئاستی باڵای کارگێڕیی پەکەکەدا ئەندام بووەو کاریکردووە، پیرۆزبایی لە وەزیری ناوخۆ کرد لە سەر بڕیاری دورخستنەوەی ئاکشو دەستگیرکردنەکەی.

---

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت**

https://aawsat.com/شـؤون-إقليمية/٥٠٢٧٦٥٧-تركيا-المحكمة-الدستورية-تلغي-العديد-من-صلاحيات-إردوغان

# چاوپێکەوتن

تورکیاناسی

# بێشکچی: پێویستە هەموو کورد هەوڵ بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بدات

## دیداری تورکیاناسی لەگەڵ بێشکچی دا



لەلایەن داواکاری گشتیو دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەتەوە داوای سەپاندنی زیندانیی زیاتر لە (١٠٠) ساڵ بە سەریدا کراوە، (١٤) جار خراوەتە زیندانو ئازادکراوە، (١٧) ساڵو (٢) دوو مانگ لە چەندین ناوچەی وڵاتەکەی زیندانیکراوە. نزیکەی (٥٠) کتێبی هەیە، لە ساڵانی هەزارو نۆسەدو نەوەدەکان زۆرینەی کتێبەکانی قەدەغەکراون، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو قەدەغەیە نەماوە.

ئەم دەقەی سەرەوە وێنای کەسایەتییەکە بە هۆی بەرگرییەوە لە دۆزی کورد لە ڕێگەی نوسینەکانیەوە بەشێکی تەمەنی لە زینداندا بەسەربردووە. ئێستاش لەو وەقفەی کە بە ناوی خۆیەوە ناونراوە (وەقفی ئیسماعیل بێشکچی (İsmail Beşikçi Vakfı)) بەردەوامە لە نوسین دەربارەی کوردو مافەکانی.

بێشکچی، لە (٧)ی کانوونی دووەمی (١٩٣٩) لە پارێزگای چۆڕم لە تورکیا لەدایکبووە. دوای تەواوکردنی کۆلێژی یاساو سیاسەت لە زانکۆی ئەنقەرە لە ساڵی (١٩٦٢)، لە شاری بەتلیس لە باکووری کوردستان وەک فەرمانبەر دەستبەکاردەبێت. وەک خۆی باسیدەکات: "لە کاتێکدا لە ئەنقەرە نکوڵی لە بوونی گەلێک بە ناوی کوردو زمانێک بە ناوی کوردییەوە دەکرا، لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەرپرسانی دەوڵەت لە ڕێگەی وەرگێڕەوە پەیامەکانیان دەگەیاندە خەڵکی." هەر ئەمەش دەبێت بە سەرەتاو هاندەرێک بۆ بێشکچی، بۆئەوەی وەک کۆمەڵناس و نوسەرێک لە دۆزی کورد بکۆڵێتەوەو پاشان لە ڕێگەی نوسینەکانیەوە بەرگری لە پرسی کورد بکات.

ئیسماعیل بێشکچی ئێستا لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدایە، زۆربەی کاتەکانی لە وەقفی ئیسماعیل بێشکچی لە ئەستەنبوڵ بەسەردەبات. وەرزنامەی تورکیاناسی دەقی چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ ناوبراودا بڵاودەکاتەوە.

**توركیاناسی:** دەکرێت سەرەتای ئاشنابوونتان بە پرسی کوردو هۆکاری بەخشینی هەموو کات و ژیانتان بەو پرسە ڕوونبکەنەوە؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** من لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٢) لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەنقەرە دەمخوێند، بە هۆی ئەوەی لە ڕیزبەندیی ئەو خوێندکارانەی کە تاقیکردنەوەی وەرگیرانیان لەو کۆلێژە کردووە لە ڕیزی (٢٠) خوێندکاری سەرەتادا بووم، توانیم زەماڵەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ خوێندنەکەم بەدەستبهێنم. لە دوو ساڵی سەرەتای زانکۆدا سەرجەم خوێندکاران هەمان وانەیان دەخوێند، لە قۆناغی سێیەمدا ڕۆیشتمە لقی ئیدارە لە کۆلێژەکەمدا. لە پشووی هاوینی قۆناغی سێیەم بۆ چوارەم هەر خوێندکارێک بە مەبەستی کاری پراکتیکی (تطبیقات) (Tahsil İçi Staj) لە ناوەندی هەر پارێزگا یاخود قەزایەک بیویستایە، لە بینای پارێزگا یان قائیمقامیەت پراکتیکیی دەکرد، ئەمەش وەک ئامادەکاری بۆ دەرچوون لە زانکۆو سەرەتای ئەرکی فەرمانبەری. منیش لە ناوەندی پارێزگای ئێلازیغ (Elazığ İli) پراکتیکمدەکرد، هەر بۆیە لە هاوینی (١٩٦١) جگە لە ناوەندی پارێزگاکە، لە قەزاکانی کەبانی، کاراکۆچان، پالو، باسکیل، مادەن و سیڤیرجە ئەزموونی کاری ئیداری و بەڕێوەبردنم بەدەستهێنا.

دوای کودەتا سەربازییەکەی (٢٧)ی ئایاری (١٩٦٠) پرسی کوردو بە تورک نیشاندانیان زۆرترین قسەو باسی لە بارەوە کرا. بەردەوام جەخت لە سەر ئەوە دەکرایەوە کە نەتەوەیەک نییە بە ناوی کوردەوەو زمانێکیش نییە بە ناوی کوردییەوە کە قسەیپێبکرێت. لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا زۆر بابەت لەم

بارەیەوە بڵاوکرایەوە، زانکۆیش بڕوای تەواوی بەم تیڕوانینە هەبوو، پشتیوانیی تەواویشی بۆی دەربڕی.

لە ماوەی پراکتیکیی زانکۆمدا یەکەم جار لە قەزای کەبان ڕوداوێک ڕویدا. لەو سەردەمەدا کێشەی زۆر لە سەر زەویوزار لە نێوان دانیشتوانی گوندەکاندا ڕویدەدا. قائیمقامیش بۆ چارەسەری ئەم کێشانە خودی خۆی دەڕۆیشتە گوندەکان، منیش هاوڕێیەتیمدەکرد. لە کاتی قسەکردنی قائیمقام لە گوندەکاندا هەستم بە بوونی وەرگێڕێک دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو لە ئەنقەرە بانگەشەی ئەوە دەکرا هەموو هاوڵاتییەکی تورکیا تورکەو نەتەوەیەک بە ناوی کوردەوە نییە. تێگەیشتم جگە لە تورکو زمانی تورکی، نەتەوەو زمانی دیکەش لە تورکیادا هەیە. هەروەک قەزای کەبان، لە شارەکانی کاراکۆچان، پالو، مادەن، باسکیلو سیڤێرجە شاهیدی هەمان ڕوداو بووم.

دوای تەواوکردنی زانکۆ لە پارێزگای چۆڕوم (Çorum İli) وەک کارمەندی دارایی دەستم بە کار کرد، ئەمەش وەک پراکتیکی قائیمقامی بوو. لە پاشان ڕۆیشتم بۆ سەربازی. دوای ئەوەی بۆ ماوەی شەش مانگ لە ناوچەی توزڵا (Tuzla) ڕاهێنانی سەربازیم بۆ ئەفسەری پیادەی یەدەگ (Yedeg Subay Piyade) کرد، ڕۆیشتم بۆ بەتلیس (Bitlis)و ئەرکی سەربازیم بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ کرد. لە بەهاری ساڵی (١٩٦٣) لەگەڵ کۆچەرییە کوردەکان لە بەتلیس ئاشنایەتیم پەیداکرد. ئەو کۆچەرییانە لە وەرزی هاویندا دەڕۆیشتن بۆ هاوینەهەوارو ناوچە فێنکەکانی نەمرودو سوبحان، زستانیشیان لە دەوربەری قەزای سیلڤان بەسەردەبرد. بەشێکی دیکەی ئەرکی سەربازیم لە هاوینی (١٩٦٣) لە هەکاری (جولەمێرگ)، یوکسەکئۆڤا (گەڤەر) و شەمدینلی (شەمزینان) بەسەربرد. فەوجەکەمان لە شەمزینانەوە هەتا سەرسنوور دەڕۆیشت. دوای تەواوبوونی ئەرکی سەربازیم لە زانکۆی ئەتاتورک (Atatürk Üniversisesi) لە ئەرزڕۆم دەستم بە کار کرد.

**تورکیاناسی:** بە گوێرەی سەرچاوەکان، لەلایەن داواکاری گشتی تورکیاوە داواکراوە سزای زیندانی بۆ ماوەی (١٠٠) ساڵو (١٠) ملیار لیرە بە سەر د. ئیسماعیل بێشکچیدا بسەپێنرێت. جگە لەمانەش، (٨) جار خراونەتە زیندانو ئازادبوون، کۆیگشتیی (١٧) ساڵی تەمەنتان لە زیندان بەسەربردووە. سەرەڕای ئەمانەش، لە کۆی (٣٦) کتێبی بڵاوکراوەتان، (٣٢) کتێبیان لە تورکیادا قەدەغەکراون. ئەم زانیارییانە هەتا چەندە ڕاستن؟ ئەم سزاو ڕێگرییانە بە هۆی بەرگریتان لە کوردەوە بووە؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** بەم جۆرە بیڵێین، ڕاسترە. داوای زیندانیی زیاتر لە (١٠٠) ساڵ بۆ ئیسماعیل بێشکچی کراوە، (١٤) جار خراوەتە زیندانو ئازادکراوە،

(١٧) ساڵو (٢) دوو مانگ لە چەندین ناوچەی وڵاتەکەی زیندانیکراوە، نزیکەی (٥٠) کتێبی هەیە. لە ساڵانی هەزارو نۆسەدو نەوەدەکان زۆرینەی کتێبەکانی قەدەغەکران، بەڵام لە ڕۆژگار ئەمڕۆدا ئەو قەدەغەیە نەماوە.

**داوای زیندانیی زیاتر لە (١٠٠) ساڵ بۆ ئیسماعیل بێشکچی کراوە، (١٤) جار خراوەتە زیندانو ئازادکراوە، (١٧) ساڵو (٢) دوو مانگ لە چەندین ناوچەی وڵاتەکەی زیندانیکراوە، نزیکەی (٥٠) کتێبی هەیە. لە ساڵانی هەزارو نۆسەدو نەوەدەکان زۆرینەی کتێبەکانی قەدەغەکران، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو قەدەغەیە نەماوە.**

**تورکیاناسی:** بە بۆچوونی ئێوە وەک چەمکێک بۆ بەکارهێنان؛ "پرسی کورد" ڕاستە یاخود "کێشەی کورد"؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** لە ڕاستیدا بەکارهێنانی دەستەواژەی کێشەی کورد/ کوردستان ڕاسترە.

تورکیاناسی: خەباتی زۆرتان لە پێناوی پاراستنی زمانی کوردیو مافەکانی گەلی کورد کردووە، بە بۆچوونی ئێوە دۆزی کورد هێندە گرنگو هەستیارە، وەک تورکێک ژیانی خۆتانی پێببەخشن؟

د. ئیسماعیل بێشکچی: پێموایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە شێوازێکی زانستی گونجاوترە. زانست بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێک ڕوداو، یاخود زانست دیاردەیە. زانستە مرۆییو هونەرییەکانیش زانستگەلێکی دیاردەیین. دیاردەیش بریتییە لە کۆی ئەو ڕوداو یاخود بابەتانەی پێکەوە چوارچێوەیەکی هاوبەشو دیاریکراویان لە گەردووندا هەیە. دیاردە دەکرێت سروشتی بێت، وەک: بارانبارین، بومەلەرزەو لافاو، یاخود دەکرێت دیاردەیەک کۆمەڵایەتی بێت، وەک: فشار بۆ سەر خەڵکێک لە سەر سنوورەکان، یان ناچارکردنی خەڵکی بۆ کۆچی زۆرەملێو بەجێهێشتنی ناوچەو وڵاتی خۆی، سوکایەتیپێکردن، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، خەباتی ئەو کەسانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فشارو ستەمەکانو مانەوەیان لە شوێنی خۆیاندا؛ دەکرێت دیاردە مرۆڤایەتی بێت، وەک: پەیوەندیی باوک لەگەڵ منداڵەکانیو باوکی خۆیدا لە خێزانێکدا.

کوردەکان، زمانی کوردو کوردستان ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو کولتووری. لێکۆڵینەوە، شیکاریو ڕاڤەی ئەم دیاردانە لە ڕوانگەی زانستەوە هەم گرنگەو هەم پێویستە. کێشەی کورد/ کوردستان گرنگترین کێشەیە لە تورکیا. ناڵێم: لە گرنگترین کێشەکانە، بەڵکو دەڵێم: گرنگترین کێشەی ناو کێشەکانی

ڕۆژگارە لە تورکیا. لەمڕۆدا هەم سیاسەتی ناوخۆو هەم سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە سەر بنەمای کێشەی کورد/ کوردستان دادەڕێژرێت.

**تورکیاناسی:** لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن ئەنقەرەوە پرۆسەی ئاشتیو کرانەوە بە ڕووی کورددا دەستپێکرد، بەڵام بەر لەوەی بگات بە ئەنجامی کۆتایی، پرۆسەکە لەبارچوو. بە بۆچوونی ئێوە هۆکاری دەستپێکردنی پرۆسەکەو لەبارچوونی پێش ئەوەی ئەنجامێک بەدەستەوەبدات، چی بوو؟

**د. ئیسماعیل بێسکچی:** بە ڕای من، دەوڵەت لە سەر بنەمای پێشهاتو ڕوداوەکانی پەیوەست بە پرۆسەی ئاشتییەوە هەستی بە پەشیمانی دەکرد، پاشگەزبووەوە لە پرۆسەکە. هێشتنەوەی کێشەی کورد/ کوردستان بەبێ چارەسەر، زیاتر لە سوودی دەوڵەتو حکومەت دەبێت، لەبەرئەوەی پرۆسەی لادان لە ڕێڕەوی خۆی (تواندنەوە) بەو جۆرە باشتر جێبەجێدەکرێت. گرنگترین سیاسەتی دەوڵەتو حکومەتی تورکیا بەرانبەر بە کوردەکان؛ بریتییە لە تواندنەوە، واتە بەتورکبوونی کوردەکان.

**تورکیاناسی:** بە ڕای بەڕێزتان لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، بۆ کوردەکان کام سەردەمی فەرمانڕەوایی درەوشاوەترینو کامە تاریکترین سەردەم بووە؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** کورد لە تورکیادا، هەموو کات لە ژێر گوشارو ستەمدا ژیانیان بەسەربردووە. بە بۆچوونی من، قسەکردن لە سەر سەردەمێکی درەوشاوەی فەرمانڕوایی بۆ کوردەکان لە دوای دامەزراندنی کۆمارەوە مومکین نییە. هەر کەسێک کە بەرگری لە ناسنامەی خۆی بکات، بە گشتی ئەو کەسەی بەرگری لە ناسنامەی کوردبوونی خۆی بکات، لە ژێر گوشاردایە، بەڵام دەتوانین بڵێین: لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا گوشارو ستەم بۆ سەر کوردەکان هەتا ڕادەیەک کەمیکردووە.

**دوای کودەتا (انقلاب) سەربازییەکەی (٢٧)ی ئایاری (١٩٦٠) بەردەوام جەخت لە سەرئەوە دەکرایەوە کە نەتەوەیەک نییە بە ناوی کوردەوەو زمانێکیش نییە بە ناوی کوردییەوە کە قسەیپێبکرێت.**

**تورکیاناسی:** هەڵسەنگاندنتان بۆ کارو چالاکیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پارتە سیاسییەکان، پەیوەست بە دۆزی کوردەوە، لە تورکیا چۆنە؟

د. ئیسماعیل بێشکچی: لە تورکیادا دەوڵەت بڕیار لە سەر دیدو تێڕوانینی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە کوردەکان دەدات.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش بە هەمان شێوەی دەوڵەت/ حکومەت بیردەکەنەوە. هەر کاتێک کێشەی کورد/ کوردستان ببێت بە ڕۆژەڤی تورکیا، هاوڵاتیانیش لە سەر بنەمای دیدو تێڕوانینی دەوڵەت هەڵوێستیان دەبێت.

**تورکیاناسی:** تێڕوانینتان بۆ "وانەی بژاردەی کوردی" (Kürtçe Seçmeli Ders) لە تورکیاو باکووری کوردستان چۆنە؟ ئایا داواکاریی کورد لە تورکیا بۆ "خوێندن بە زمانی دایک" هەتا چەند گونجاوە؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** "وانەی بژاردەی کوردی" دەرفەتێکە بە کورد دراوە، ئەگەرچی دەرفەتێکی بچووکیش بێت، پشتیوانیو هاندانی خێزانەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەم وانەیە لەلایەن منداڵەکانیانەوە گرنگە.

**تورکیاناسی:** لە تورکیادا دۆخی دیموکراسی، ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەوانی لە چ ئاستێکدایە؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** ئێستا دۆخی دیموکراسی، ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەوانی لە تورکیا وێنایەکی جوانو ئەرێنی نیشاننادات. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا لەم بوارەدا لە پێش وڵاتانی وەک عێراق، ئێران، سوریاو عەرەبستانی سعودیەوەیە، بەڵام زۆر لە دوای وڵاتانی وەک فەرەنسا، ئەمریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئیتالیا، سوید، نیوزلەندا، ئوسترالیا و هیی ترەوەیە.

**تورکیاناسی:** کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بە داخستنی پارتی دیموکراسیی گەلان (هەدەپە) چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** هەوڵی داخستنی هەدەپە هەڵەیەکی گەورەیە. لە پێشتریشدا چەندین پارتی سیاسی، کە هەدەپە میراتگریانە، داخراون. هەدەپە خاوەنی ڕێکخستنو لایەنگرێکی دیاریکراوە لە ناو کوردەکانی تورکیادا. هەتا پارتی سیاسیی کوردی خاوەنی ئەو ڕێکخستنو لایەنگرانە بێت، داخستنی ئەو پارتانە هیچ ئەنجامێکی نابێت.

**لە کاتێکدا لە ئەنقەرە نکوڵی لە بوونی گەلێک بە ناوی کوردو زمانێک بە ناوی کوردی دەکر ایەوە، بەرپرسانی دەوڵەت لە ناوچە کوردییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕەوە پەیامەکانی خۆیان دەگەیاند بە هاوڵاتیان.**


**تورکیاناسی:** سەپاندنی سزای (٤٢) ساڵ زیندانی بە سەر سەلاحەدین دەمیرتاشدا هەتا چەند یاساییە؟

**د. ئیسماعیل بێشکچی:** سەلاحەدین دەمیرتاش کەسایەتییەکی گەنجی بزۆکە. سەپاندنی (٤٢) ساڵ سزای زیندانی بە سەر ناوبراودا دەرکەوتەیەکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دژەکوردە. بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری بۆ جێبەجێکردنی فشارو ستەمەکان تەنها

لە هزری داگیرکاریو نەفیکردندا دەبێت.
**تورکیاناسی:** وەک کۆمەڵناسێکو ئەکادیمییەک؛ کۆمەڵگەی کوردیو کوردستان چۆن دەناسێنن؟
**د. ئیسماعیل بێشکچی:** بە بڕوای من دەستەواژەی کوردستان ئاماژەیە بۆ خاکێکی داگیرکراوی نێودەوڵەتی. ئەو دەوڵەتانەی فشارو ستەم لە کوردستان دەکەن، هەموو کاتێک دژی کورد بە یەکگرتوویی کاردەکەن. لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا خەڵکی خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی مافو ئازادییەکان دەستپێکردبێت، دەوڵەتانی عێراق، سوریا، ئێرانو تورکیا؛ هەمانگیو کاری هاوبەشیان کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو لەناوبردنی ئەو خەباتە. نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کە پارچەیەکی کوردستانیش لە ناوچەی قەفقاسدایە.
**تورکیاناسی:** سەرەڕای فشارە بەردەوامەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کوردەکان، بەڵام ئەم دۆخە نەبووە بە هۆی پێکدادان کۆمەڵایەتی لە نێوان کوردو تورکدا وەک دوو نەتەوەی تورکیا. هەتا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان؟
**د. ئیسماعیل بێشکچی:** نەخێر، من لەگەڵ ئەم بۆچوونەتاندا نیم، لەبەرئەوەی کاتێک کوردەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، یان لە شارەکانی سەر دەریای ڕەش یاخود لە ناوچەکانی سەر دەریای مەڕمەڕە بە کوردی قسەدەکەن، ڕووبەڕووی فشاری سەخت دەبنەوە. بۆ نموونە: ئەو کەسانەی کاری کشتوکاڵی دەکەن، زۆر جار توشی ئەم ڕوداوانە دەبن.

**کێشەی کورد/ کوردستان گرنگترین کێشەیە لە تورکیا. ناڵێم: لە گرنگترین کێشەکانە، بەڵکو دەڵێم: گرنگترین کێشەی ناو کێشەکانی ڕۆژگارە لە تورکیا.**

**تورکیاناسی:** لە چەند ساڵی ڕابردووەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا فشارەکان بۆ سەر کورد لە زیادبووندان، بۆ پاراستنی دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان کورد پێویستە چی بکات؟
**د. ئیسماعیل بێشکچی:** لەیادماننەچێت، پارچەیەکی کوردستانیش لە ناوچەی قەفقاسە. تەنها لە چەند ساڵی ڕابردوودا نەبووە، بەڵکو کورد بەردەوام لە ژێر فشارو ستەمدا بووە. تەنها ئەوە هەیە کە بە گوێرەی کاتو شوێن گۆڕان بە سەر جۆرو ئاستی فشارەکاندا هاتووە. لە عێراقدا هەرچەندە بچووکیش بێت، بەڵام هەرێمی کوردستان ناسنامەو چوارچێوەیەکی دیاریکراوە بۆ کورد، پێویستە هەموو کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستانو لە ژێر هەر ڕەنگو ناوێکدا بێت، هەوڵی پاراستنو بەرگری لەو چوارچێوەیە بدەن.




# کتێبناسی

تورکیاناسی

# پرسی کورد لە تورکیا

ئامادەکردنی: تورکیاناسی

**ناوی کتێب:** پرسی کورد لە تورکیا (Türkiye’nin Kürt Meselesi)
**نوسەران:** (Graham E. Fuller, Henri J. Barkey)
**زمان:** تورکی
**چاپخانە:** (Profil Yayıncılığı)
**چاپ:** پێنجەم
**ژمارەی لاپەڕە:** (٣٢٨)
**ڕێکەوتی بڵاوبوونەوە:** (٢٧)ی نیسانی (٢٠١٧)

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو مەیدانییە لە سەر پرسی کورد لە تورکیاو تێیدا چەندین هۆکارو ئەنجامی گرنگی پەیوەست بەو پرسەوە خراوەتەڕوو، ئەمە جگە لە پێشنیارگەلێکی ڕیشەیی بۆ چارەسەی ئەو کێشەیە، هەر بۆیە خوێندنەوەی کتێبەکەو وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی پێویستییەکی هەنوکەییە بۆ خوێنەران لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە پێناوی باشتر تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی پرسی کورد لە تورکیا وەک "کێشەیەکی چەقبەستوو، کە پێویستی بە چارەسەری دەستبەجێیە."
ئەم کتێبە لە ماوەی پێنج ساڵو دوای لێکۆڵینەوەی وردو چڕوپڕو گفتوگۆ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیی کوردو تورکو کەمەنەتەوەکانی دیکەو بەشێک لە بەرپرسانی ئەو وڵاتەو خوێندنەوەی چەندین سەرچاوەی پەیوەست بەم بابەتەدا نوسراوە.
نوسەران لە پێشەکیی کتێبەکەدا هۆکاری هەڵبژاردنی کێشەی کورد لە تورکیادا بۆ

لێکۆڵینەوە ڕووندەکەنەوەو ئاماژە بەوە دەدەن کە "چەندین وڵات هەیە بە دەست شەڕی ناوخۆو پێکدادانی سوپاو هێزە جوداخوازەکانەوە دەناڵێنێت، بەڵام هەڵبژاردنی تورکیا وەک وڵاتو پرسی کورد وەک کێشەیەکی سەرەکی لەو وڵاتە؛ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دونیادا وێنەی ئەم کێشەیەو ئەنجامەکانیو پێکدادانە سەربازییەکان کە بە هۆی ئەم کێشەیەوە هاتوونەتەکایەوە، نییە."

گراهامو هێنری سەرەتای کێبەکەیان بە باسی نەتەوەپەرستیی کوردو هەوڵە شۆڕشگێڕییەکان دەستپێکردووەو ئاماژەیان بەوە داوە کە "هەرچەندە ڕەگوڕیشەی نەتەوەپەرستیی کورد بۆ سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرجەم شۆڕشو یاخیبوونەکان لە ڕابردوودا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە سەرکوتکراونو لە تورکیای مۆدێرندا بە هیچ جۆرێک کوردەکان وەک کەمەنەتەوەیەک قبوڵنەکراون." لە هەمان کاتدا تورکەکان وەک نەتەوەی سەردەست لەو وڵاتەدا کوردەکان بە ناسنامەی تورکبوونەوە قبوڵدەکەن. هەم دەوڵەتو هەم تورکەکان کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە یەک تای تەرازوودا دەکێشن، هەر بۆیە پێیانوایە "بە هەڵکێشانی پەکەکە لە ڕەگوڕیشەوە کێشەی کوردیش بە یەکجاری کۆتاییپێدێت." ئامادەکارانی کتێبەکە لەم بابەتەدا ئاماژەیان بەوە داوە کە "ئەگەر هەتا ڕادەیەک بە هۆی بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکەوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئەو وڵاتە پشتیوانی لە بیرۆکەکەی دەوڵەتی تورکیا بکات، بەڵام وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نین.".

بە بۆچوونی هەردوو نوسەر، چارەسەری ڕیشەیی کێشەی کورد لە تورکیا بریتییە لە پێنج ڕەگەزی سەرەکی، کە لە پێنج داواکاریی خودی کوردەکانەوە وەریانگرتووە، ئەوانیش:

١. دانپێدانانی ناسنامەی کوردبوون لەلایەن دەوڵەتەوە،

٢. کەمکردنەوەی هەژموونی سوپا لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان)،

٣. لە بریی داخستنی پارتە سیاسییە کوردییەکان، پاراستنیان ببێت بە کاری دەوڵەت،

٤. هێنانەکایەی دۆخێکی لەبار بۆ خوێندن بە زمانی دایک بۆ کوردەکان،

٥. پێدانی لامەرکەزیەت بە پارێزگارو سەرۆک_شارەوانیی شارە کوردییەکان.

**بۆچی تورکیا هێندە گرنگە؟**

ئەوەی لە تورکیادا لە چوارچێوەی کێشەی کورددا دەگوزەرێت، بریتییە لە دانپێدانانی کورد وەک کەمەنەتەوەیەک لەو وڵاتەدا، هەر بۆیە نوسەرانی کتێبی پرسی کورد لە تورکیا پێیانوایە کە تەواوی

کێشەی کورد "بریتییە لە هەوڵەکانی کورد بۆ دانپێدانانیان بە شێوەیەکی یاسایی وەک کەمەنەتەوەیەکی تورکیا لەلایەن دەوڵەتەوە." لەم چوارچێوەیەشدا بە دەیان ساڵە هەوڵی بەلارێدابردن و گۆڕینی ناسنامەی کوردەکان دەدرێت، بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لە جێبەجێکردنی ئەم پلانەیدا.

لە لایەکی دیکەوە نوسەرانی کتێبەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە کێشەی کورد تەنها پەیوەست نییە بە تورکیاوە، لە کاتێکدا کوردەکانی تورکیا نیوەی ژمارەی تەواوی کوردانی جیهان پێکدەهێنن، نیوەکەی دیکەیشی بە هۆی خزمایەتی، زمان، مێژوو، کولتوورو لە هەموویان گرنگتر هاونەتەوەییبوونەوە پەیوەندییان بە کوردەکانی تورکیاوە هەیە، هەر بۆیە ئامادەکارانی کتێبەکە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان دەکەن و پێیانوایە کاریگەریی لە سەر "دووبارە کێشانەوەی سنووری چەندین وڵاتی دیکەی ناوچەکە هەبووە." دیارە مەبەستی نوسەرانی کتێبەکە کاریگەریی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان و تاراوگەیە لە سەر یەکدی، بە جۆرێک ڕوداوێکی وەک ڕیفراندۆمەکەی ساڵی (٢٠١٧) لە ئەگەری سەرگرتنیدا دەبوو بە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانی چەندین دەوڵەتی ناوچەکە، بە تایبەتی سنوورەکانی عێراق، ئێران، تورکیاو سوریا. مەبەستی نوسەران لەم بابەتەدا بریتییە لە جەختکردنەوە لە سەر "بوونی پەیوەندیو کاریگەریی کێشەی کورد لە وڵاتانی دیکە بە سەر هەمان کێشە لە تورکیاو بە پێچەوانەشەوە"، هەر بۆیە "یەکگرتنی دەوڵەتانی ناوچەکەو بە تایبەتی ئەو چوار دەوڵەتەی ناویانهێنرا، دژی هەر جۆرە هەوڵێکی جوداخوازیو سەربەخۆیی کوردەکان مایەی سەرسوڕمان نییە."

**ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو مەیدانییە لە سەر پرسی کورد لە تورکیاو تێیدا چەندین هۆکارو ئەنجامی گرنگی پەیوەست بەو پرسەوە خراوەتەڕوو، هەربۆیە پێویستی خوێندنەوەی کتێبەکەو وەرگێڕانی بۆ سەرزمانی کوردی پێویستییەکی هەنوکەییە.**

## سەرچاوەی کێشەی کورد؛ ڕەگوڕیشەی نەتەوەپەرستیی کورد

بە بۆچوونی ئامادەکارانی کتێبی پرسی کورد لە تورکیا، هۆشیاری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە لای کوردەکان تازە دروستدەبێت. کوردەکان هەستیان بەوە کردووە جگە لە جیاوازیی زمانیان لەگەڵ تورکو عەرەبدا، لە هەمان کاتدا لە ڕووی کەسێتیو کۆمەڵایەتییشەوە

جیاوازییان هەیە، بۆیە نوسەران لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدان کە ئاخۆ بۆچی هۆشیاریی نەتەوەیی لە لای کوردەکان هێندە دواکەوتووە؟ هەرچەندە لە دوای عەرەبو تورکو ئێرانییەکان گەورەترین نەتەوەی ناوچەکەن.

گراهامو هێنری بە گشتی هۆکارەکانی دواکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی لە لای کورد دەگەڕێننەوە بۆ دابەشبوونی جوگرافیو سیاسی، دووری لە پایتەختو ناوەندە کارگێڕیو سیاسییەکانەوە، دانپێدانەنانی کورد وەک کەمەنەتەوەیەک لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە.

## دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)

لەگەڵ ئەم پێشهاتانەدا لە ساڵی (١٩٨٤) بە گوتەی خۆیان "لە پێناوی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان"دا، پەکەکە وەک گرووپێکی شۆڕشگێڕی کوردی هاتەمەیدانەوە، بەڵام بە بڕوای ئامادەکارانی ئەم کتێبە، "دۆخی ئێستای کێشەی کورد لە تورکیا تەنها پەیوەست نییە بە هاتنەکایەی پەکەکەو جەنگی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا." لە لایەکی دیکەوە جەنگی عێراق ئێرانو جەنگەکانی کەنداو دەرفەتگەلێکی باشی بۆ پەکەکە ڕەخساند، بۆئەوەی لە مەیداندا توانای سیاسیو سەربازیی خۆی تاقیبکاتەوە.

بە بڕوای نوسەرانی کتێبەکە "بە هۆی ئەوەی پەکەکە خاوەن ئایدۆلۆژیای چەپڕەوییە، وەک هێزێکی دەرەوەی بزوتنەوە نەتەوەییە کوردییەکان هەژماردەکرێت." هەرچەندە نوسەران بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە "زۆرینەی زۆری گرووپە سیاسییە کوردییەکان لە ڕێگەی سەرۆک_عەشیرەتەکانەوە دروستبوون"، هەر بۆیە پێیانوایە پەکەکە لە سایەی دۆخێکی ناجێگیری ئاڵۆزدا لەدایکبووە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیپێکردووەو ژمارەیەک گرووپی چەپڕەوی تورکی تونڕەو تێیدا دروستبوون، بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی پەکەکە لە ڕیزی هێزە نەتەوەییە کوردییەکان هەژمارنەکرێت. هەروەها نوسەران ئاماژە بەوە دەدەن کە هەر گرووپێکی ئانارشیست، کە مەبەستیان لێی پەکەکەیە، "دژی هەر جۆرە ڕێکخستنو سیستەمێکەو وەک ئامرازێکی چەوساندنەوە لێیدەڕوانێت، هەر بۆیە پەکەکە دوژمنی سیستەمی خێزان، ئاغایەتیو عەشیرەت بووە، هەر بۆیە یەکەم چالاکییەکانی ئەو گرووپە لە دژی ئاغاو سیاسییە کوردەکان بووە." لەگەڵ ئەمانەشدا گراهامو هێنری پێیانوایە "پەکەکە سەرکەوتوو بووە لەوەی نازناوی پارێزەری خەڵکی ڕەشوڕووتو ئەو کەسانەی مافەکانیان زەوتکراوەی لەخۆیناوە."

هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیو عەشیرەتگەری لەلایەن لەلایەن پەکەکەوە کارێکی باشو

گرنگ بوو بێت، بەڵام دژایەتیکردنی خێزانو بەها باڵاکانی کۆمەڵگە لەلایەن پەکەکەو گرووپە سیاسیو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی نزیک لە پەکەکەوە لە تورکیاو هەر جێیەکی جیهان بێت، زیانێکە لە کۆمەڵگەی کوردی دەدرێت، هیچ دوژمنێک نەیتوانیوە ئەو زیانە لە ژێرخانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بدات. ئەمە جگە لەوەی بەهانەیەکی زۆر باشو گرنگی داوە بە دەست هێزە ڕکابەرو دوژمنەکانی پەکەکەوە، بە تایبەتی دەوڵەتی تورکیا، بۆ ناشیرینکردنی زیاتری وێنای پەکەکە لە لای خەڵکی تورکیاو باکووری کوردستان.

نوسەران دواتر باس لە دۆخی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان دەکەن لە نێوان پەکەکەو تورکیاداو ئاماژەیان بەوە داوە کە کوردەکانی تورکیا لە نێوان دووڕیانی پشتیوانیی پەکەکەو لایەنگریی دەوڵەتدا گیریانخواردووە. ئەم دۆخە ژیانی کوردەکانی تورکیای سەختترکردووەو ناکۆکیی نێوانیانی قوڵترکردووەتەوە. بە تایبەتییش پارێزەرانی گوند (جاشەکان) ، ئەم جیاوازییەی زیاترکردووە، بۆیە نوسەران جەخت لەوە دەکەنەوە لە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەی کورددا دەیان کێشەی دیکە لە باکووری کوردستانو تورکیا چارەسەردەبن. هەروەک ئاڵتان تان (Altan Tan) لە کتێبی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا (Değişen Ortadoğu’da Kürtler) ئاماژەی بە سەرهەڵدانی دەیان کێشەی زەقو ئاڵۆز لە باکووری کوردستانو تورکیا کردووە بە هۆی کێشەی کوردەوە.

**خوێندنەوەی ئەم کتێبەو وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی پێویستییەکی هەنوکەییە بۆ خوێنەران لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە پێناوی باشتر تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی پرسی کورد لە تورکیا وەک "کێشەیەکی چەقبەستوو، کە پێویستی بە چارەسەری دەستبەجێیە."**

## پێکهێنانی هۆشیاریی سیاسی لە لای کوردەکان

ئامادەکارانی کتێبی پرسی کورد لە تورکیا لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیاندا باسیان لەوە کردووە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی کوردەکان لە تورکیا پێویستە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندەکانی نەبوونی یاخود کەمیی هۆشیاریی نەتەوەیی بکرێت، کە قوڵبووەتەوە. پێویستە ئەوەشمان لەیادنەچێت کە تەنها زەبرو ستەمی دەوڵەت هۆکار نەبووە بۆ دروستنەبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی لە لای کوردەکان، بەڵکو جیاوازیی شوێنی جوگرافی، زمانی، سیاسیو ئایینییش ڕۆڵی گرنگیان لەم

دروستنەبوونو دابەشبوونەدا هەبووە.
بە بۆچوونی نوسەران پێکهاتەی عەشیرەتگەریو ئایینیی کۆمەڵگەی کوردی، کە دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو کۆمەڵگەیەن، ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەبووە لە سەر گونجانی کۆمەڵگە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەو گۆڕانکارییانەش بریتی بوون لە ڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیاو لە دواجاریشدا سەرهەڵدانی شۆڕشو یاخیبوونە نەتەوەییەکان لە لای کوردەکان.
لە ڕابردوودا گۆڕانی پێکهاتەی سەرەکی فەرمانڕەوایی لە ئایینداریەوە بۆ سیکۆلاریزم، کاریگەریی گەورەی لە سەر ئەنادۆڵ (ناوچەکانی ناوەڕاستی تورکیا)، کە ناوچەیەکی لادێنشینە، دروستکردبوو. ئەو بۆشاییەی بە هۆی نەمانی سیستەمی فەرمانڕوایی ئایینیو کاریگەرییەکەیەوە دروستبووبوو، لەلایەن عەشیرەتەکانەوە پڕکرایەوە، ناسنامەیەکی نوێی بە خەڵکی لادێکان بەخشی. بە واتایەکی دیکە، سیستەمی عەشیرەتگەری ڕۆڵی نێوەندگیری گێڕا لە نێوان خەڵکی لادێکانو دەوڵەتی تازەدامەزراودا. یەکەکەیش بە هۆی پشتبەستنیەوە بە ئایدۆلۆژیای مارکس-لینین؛ مەودایەکی لە نێوان خۆیو عەشیرەتەکاندا دروستکردبوو، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا ناچاربوو لەگەڵ سیستەمی فیوداڵدا خۆی بگونجێنێت، تەنانەت کاری هاوبەشیشی لەگەڵدا کردووەو دواجار هۆکار بووە بۆ بەهێزبوونی دەرەبەگایەتی لەو ناوچانەدا.

**نوسەرانی کتێبی پرسی کورد لە تورکیا پێیانوایە تەواوی کێشەی کورد "بریتییە لە هەوڵەکانی کورد بۆ دانپێدانانیان بە شێوەیەکی یاسایی وەک کەمەنەتەوەیەکی تورکیا لەلایەن دەوڵەتەوە."**

لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیاندا هێنریو گراهام باس لە دابەشبوونی مەزهەبیی کوردەکانی تورکیا دەکەنو ئاماژە بەوە دەدەن کە "دابەشبوونی کوردەکان بە سەر سوننیو عەلەوییەکاندا، کاریگەریی زیاتری لە سەر ئاڵۆزتربوونی پرسی کورد دروستکردووە." لە ڕاستیدا ئەم کێشەیە لە ناو تورکەکانیشدا هەیە. هەرچەندە خودی عەلەویەت مایەی کێشمەکێش بووەو بە درێژایی هەزاران ساڵ بووەتە هۆی ئاڵۆزی لە ئاسیای ناوەڕاستو تورکیادا، هیچ ئاسۆیەکیش بۆ کۆتاییهاتنی توندوتیژی بە هۆی عەلەویبوونەوە بەدیناکرێت. لە (١٠٪) بۆ (٣٠٪)ی عەلەوییەکانی تورکیا کوردنو (٣٠٪)ی کوردەکانی ئەو وڵاتەش عەلەوین.

دامەزراندنی پارێزەرانی گوند لەلایەن نوسەرانی ئەم کتێبەوە بە گرنگترین و توندترین سیستەم و ڕێکار دادەنرێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە و لە ناو کوردەکان خۆیانەوە دژی پەکەکە گیراوەتەبەر. هەڵبەت "سەرهەڵدانی پارێزەرانی گوند دەرهاویشتەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناوچەکەیە." ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئاغاو دەرەبەگەکانی ئەو ناوچەیە، کە خاوەنی ڕێژەیەکی زۆری زەویوزارن و قسەیان لە لای زۆرینەی زۆری دانیشتوانی گوندەکان دەڕوات، خۆبەخشانە بەشداربوون لە دامەزراندن و بەردەوامیدان بە سیستەمی پارێزەرانی گوند. لەبەرئەوەی ئاغاو دەرەبەگەکان پێیانوایە هێزی پەکەکە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر تواناو دەسەڵاتیان لە ناوچەکانی خۆیاندا. بە هۆی ئەوەی پەکەکە خاوەن ئایدۆلۆژیای دەمارگیری چەپڕەوو ڕەگداکوتاوە، کەواتە دژایەتیکردنی سیستەمی ئاغایەتی، دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری لەلایەن گەریلای پەکەکەوە مایەی سەرسوڕمان نییە. لەم ڕوانگەیەوە نوسەران پێیانوایە دەوڵەت سوودی لەم ڕکابەرییەی هەردوو گرووپەکە وەرگرتووە، ئاغاو دەرەبەگەکان دەدا بە گژی پەکەکەداو دواجار هەردووکیان لاوازدەکات. هەڵبەت ناتوانین بڵێین کە ئاغاو دەرەبەگو دانیشتوانی گوندەکان بە تەواوی خۆبەخشانە بەشداربوون لە دامەزراندنی سیستەمی پارێزەرانی گونددا، بەڵکو ئەوانیش لە نێوان بەرداشی پشتیوانیی پەکەکەو لایەنگریی دەوڵەتدا بە هۆی ناچارکردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە بوون بەشێک لە پارێزەرانی گوند.

**نوسەران پێیانوایە کێشەی کورد لە تورکیا پەیوەستە بە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە، هەربۆیە "یەکگرتنی دەوڵەتانی ناوچەکەو بە تایبەتی ئەو چوار دەوڵەتەی کوردیان تێدایە، دژی هەرجۆرە هەوڵێکی جوداخوازی و سەربەخۆیی کوردەکان مایەی سەرسوڕمان نییە."**

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پێویستە بەرپرسانی پەکەکەو گەریلاکانیشی بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێن کە ئاخۆ بۆچی دانیشتوانی گوندەکان لە نێوان بژاردەی پشتیوانیی پەکەکەو لایەنگریی دەوڵەتدا دووەمیان هەڵبژاردووە؟ لێرەشەوە دوای دۆزینەوەی وەڵامی وردو گونجاوی پرسیارەکە پێویستە پەکەکە پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی بە ئایدۆلۆژیاو پرەنسیپە سەرەکییەکانی دامەزراندن و بەردەوامیدان بە خەباتی نەتەوەییدا بکاتەوە.

**پرسی کورد لە ڕایگشتیی تورکیادا**

پرسی کورد لە شەقامی تورکیادا خاوەنی سێ تایبەتمەندیی سەرەکییە. یەکەمیان: پرۆسەی دیموکراتیو بەڕێوەبردن، دووەمیان: بوونی تۆڕێکی فراوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سێیەمیان ڕۆژنامەوانیی ئازاد. ئەم سێ ڕەگەزە گرنگترین ئەو پێوەرە ستانداردانەن کە لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کارپێدەکرێتو لە ڕێگەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئازادیو بەڕێوەبردنو چالاکیی مەدەنی دەکرێت، بەڵام نوسەرانی ئەم کتێبە باس لەوە دەکەن کە "لە پرسی کورد لە تورکیادا ڕەگەزو دامەزراوەکانی پشتیوانیکردن لە پرۆسەی دیموکراتی دەخرێنەدەرەوەی هاوکێشەکەوە". سەرەڕای ئەوەی لە تورکیادا سیستەمێکی دیموکراتیی دروست کارپێدەکرێت، ئەو پرۆسە دیموکراتییەی لە ڕابردووەوە دەستیپێکردووە، جگە لەوەی چەند هەموارێکی دیاریکراو بەردەوامە.

گراهامو هێنری لە پرسی کورددا بەشێکی ڕەخنەکانیان ئاراستەی پەرلەمانتارە کوردەکانی ناو پەرلەمانی تورکیا دەکەنو ئاماژە بەوە دەدەن کە "یەک لە سەر سێی پەرلەمانتارانی تورکیا بە ڕەگەز کورد، بەڵام ئەمانە چ لە پارتەکانی دەسەڵات یاخود ئۆپۆزسیۆن، نەیانتوانیوە چارەسەرێک بۆ پرسی کورد بهێننەکایەوە." لە بریی ئەم چارەسەرە ڕیشەییە، پەرلەمانتارە کوردەکان بە ناڕاستەوخۆو لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی هەستانەوەو گەشەپێدانی ئابووریو لایەنی کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستانیان داوە.

لە لایەکی دیکەوە نوسەرانی کتێبی پرسی کورد لە تورکیا پێیانوایە کە "بەرەی چەپڕەوی تورکی یەکێک بووە لە گەورەترین ئەو هێزانەی کە ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی پەکەکەدا"، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بە گشتی بەرەی چەپڕەوی تورکی لە سێ دەلاقەی جیاوازەوە لە پرسی کورد دەڕوانێت، ئەوانیش بریتین لە:

١. بەرەی ڕادیکاڵی چەپڕەو، کە بڕوای بە ڕوخاندنی دەوڵەتی ئێستای تورکیاو دامەزراندنی دەوڵەتێکی مارکسیی کۆمۆنیست هەیە.

٢. پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) وەک پارتێکی ئینەرناسیۆنالو ئالاهەڵگری ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی ناڕوون داوای چارەسەری کێشەی کورد دەکات.

٣. پارتی دیموکراتی چەپڕەو، کە ڕەگوریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ کەمالیستو دەوڵەتییەکانو بە توندی پشتیوانی لە سیاسەتی دەوڵەتو پارێزگاری لە بنەماکانی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە دەکەن.

نوسەران پێیانوایە "سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە ناوچەکانی باشووری

ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (باکووری کوردستان) تەنها لە ڕێگەی دامەزراوەیەکەوە دیارینەکرێت." چوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە کوردەکان، "لەلایەن نوخبەیەکی سیاسەتوانو پیاوی دەوڵەتەوە دیاریدەکرێت، کە خاوەن یەک تێڕوانینی هاوبەشی جێگیری نەتەوەییو نیشتیمانیی نەگۆڕنو ڕەگورپیشەیان بە ناوەندەکانی بڕیاردا ڕۆچووە." بێگومان سوپای تورکیا گەورەترین پشتیوانی ئەم ئاراستەیە بووە. بەو واتایەی سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە ناوچە کوردییەکان پاڵیداوەتەوە بە بژاردەو تێڕوانینی سەربازیو ئەمنییەوە بۆ ئەو ناوچانە، هەر بۆیە بۆچوونی "بە لەناوبردنی پەکەکەو پاکتاوکردنی، کێشەی کوردیش کۆتاییپێدێت" تێڕوانینی زاڵە لە سیاسەتی دەوڵەتدا بەرانبەر بە کورد. تەنانەت نوسەرانی ئەم کتێبە پێیانوایە کە "دۆسیەی کێشەی کورد خراوەتە چوارچێوەی کێشەیەکی ئەمنیو سەربازییەوەو تەسلیمی سوپا کراوە، بۆئەوەی یەکلاییبکاتەوە"، هەر بۆیە هەندێک جار دەبینین حکومەتیش لە سەر ئەو هێڵە سیاسییە مامەڵە لەگەڵ کێشەکە دەکات کە لەلایەن سوپاوە کێشراوە. خۆ چاوەڕێناکرێت پەکەکە بە هێزی خۆیو ئەو پشتیوانییەیشی لێیدەکرێت، بتوانێت سەربکەوێت بە سەر سوپای تورکیادا، یاخود ئەو دۆخەی هەیە، لە ڕەگورپیشەوە بیگۆڕێت.

لە ڕاستیدا تەنها خۆڕاگرتنی پەکەکە بەرانبەر بە سوپای تورکیا خۆی بۆ خۆی سەرکەوتنە.

**نوسەرانی ئەم کتێبە هاوشێوەی ئاڵتان تان؛ جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەی کورددا دەیان کێشەی دیکە لە باکووری کوردستانو تورکیا چارەسەردەبن.**

پرسی کوردو پەیوەندیی بە وڵاتانی ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تەنانەت ڕوسیاو وڵاتانی قەوقازیشەوە جێی بایەخی زۆر گرنگی ئەنقەرەیە، ئەمەش بە هۆی پەیڕەوکردنی هەمان هەڵوێستو سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە پرسی کورد لە ناوخۆو دەرەوەی وڵاتو بەستنەوەی ئەو پرسە بە کۆتاییهێنان بە پەکەکەو پاکتاوکردنی. ئیدی وەک نوسەرانی کتێبەکە جەختیانلێکردووەتەوە کە "دەوڵەتی تورکیا پرسی کوردی والێکردووە، بووە بە کێشەیەک، کەس نەتوانێت لە ناوخۆی ئەو وڵاتەدا قسەی لە سەر بکاتو بەرگریلێبکات." بەو واتایەی ئەو چاڵەی ئەنقەرە بۆ کوردەکانی هەڵکەندووە، خەریکە خۆی تێدەکەوێت.

گراهامو هێنری لە کۆتایی کتێبەکەیاندا چوار ڕەگەزی سەرەکییان لە چارەسەری پرسی کورددا دیاریکردووە، کە بریتین لە:

١. هەرچەندە کێشەی کورد خاوەنی چەندین ڕەهەندی جیاوازە، بەڵام لەبەرئەوەی بنەڕەتی کێشەکە پەیوەستە بە پرسی نەتەوەییەوە، کەواتە پێویستی بە چارەسەری نەتەوەیی هەیە.

٢. ئەرکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە کوردەکان زیاتر لە ئەستۆی دەوڵەتی تورکیادایە، بەو واتایەی هەتا ئێستا کێشەی کورد لە تورکیا نەگەیشتووەتە ئاستی پێکدادانی کۆمەڵگەی کوردیو کۆمەڵگەی تورکی، بەڵکو بریتییە لە پێکدادانی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ دەوڵەتدا، هەر بۆیە سەرجەمی کارتەکان لە دەستی دەوڵەتدایە.

٣. دووبارە واتادانەوە یاخود دارشتنەوەی چەمکەکانی پەیوەست بە کێشەی کوردەوە لەلایەن دەوڵەتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی هاوڵاتیانی تورکو کوردی تورکیاوە هەریەکە بە جۆرێک لێکدانەوەی بۆ کۆمەڵێک چەمکی بنەڕەتی پەیوەست بە کێشەی کوردەوە کردووە.

٤. چارەسەرکردنی کێشەکە لە ماوەیەکی کەمدا مەحاڵەو پێویستە سەرجەم لایەنەکان دان بەوەدا بنێن کە چارەسەری ئەم کێشەیە بە چەند قۆناغێک دێتەدیو پێویستە سەرجەمیان لە بریی لەمپەرو ڕێگریدانان، هاوکار بن لە تەواوکردنی پرۆسەکەدا.

**کۆتایی**

کتێبی پرسی کورد لە تورکیا لە چەند کلاورۆژنەیەکی جیاوازەوە شیکاری بۆ کێشەی کورد دەکاتو پێماندەڵێت: هەرچەندە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە سیاسەتی ناوەندیی دەوڵەتی تورکیاو زەبروزەنگی سوپای ئەو وڵاتە بووە، بەڵام کوردەکانیش لە هەندێک هەڵوێستو بڕیاریاندا کەوتوونەتە هەڵەوەو پێویستیان بە پێداچوونەوەیە بەو سیاسەتەی کارییێدەکەن.

**بە بۆچوونی نوسەران "پێکهاتەی عەشیرەتگەریو ئاییني کۆمەڵگەی کوردی، کە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی ئەو کۆمەڵگەیەن، ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەبووە لە سەر ئاستی گونجانی کۆمەڵگە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکاندا."**

لەم کتێبەدا دوای خوێندنەوەی چەندین سەرچاوەی زانستی دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی کێشەی کورد لە تورکیاو ئەنجامدانی سەدان چاوپێکەوتنو لێکۆڵینەوە، نوسەرانی کتێبەکە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی دابەزاندنی کێشەی کورد بۆ کێشەیەکی

ئەمنیو سپاردنی چارەسەری ئەم کێشەیە بە سوپاو دەزگا ئەمنییەکان هەڵەیەکی ستراتیژی بووەو تەنها بە دەستپێشخەریی دەوڵەتی تورکیاو بەدەمەوەچوونی کۆمەڵگەی کوردی لەو وڵاتە بۆ دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت چارەسەری کێشەی کورد دەکرێت.

**هێنریو گراهام پێیانوایە "دابەشبوونی کوردەکان بە سەرسونیو عەلەوییەکاندا، کاریگەریی زیاتری لە سەرئاڵۆزتربوونی پرسی کورد دروستکردووە."**

هەرچەندە خوێندنەوەو چاوپێکەوتنو لێکۆڵینەوەکانی ئامادەکارانی کتێبەکە هەتا ڕادەیەکی زۆر لە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتیدا کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی لە ماوەی لەباربردنی پرۆسەی ئاشتیو دواتریش دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە شارەکانی باکووری کوردستانو چیاو دۆڵەکانی باکوور، باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان لە نێوان سوپای تورکیاو پەکەکە هاتەئاراوە، هەڵسەنگاندنو بۆچوونو پێشنیارەکانی گراهامو هێنری بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا مایەی تێڕامانو دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت.

# چەمکناسی

تورکیاناسی

# ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان (Bozkurt)

ئامادەکردنی: تورکیاناسی

**مێژووی ئەفسانەیی ناوی ڕێکخراوەکە**

بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان، لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی کۆنەوە سەرچاوەیگرتووە، کە دەڵێت: کاتێك هۆزە تورکەکان لە ناوەڕاستی ئاسیا هێرشیانکرایەسەر، جگە لە منداڵێك نەبێت، کە بۆ دارستان هەڵهات، هەموویان لەناوچوون، لەوێ گورگێك منداڵەکە بە برینداری بەخێودەکات هەتا گەورەدەبێتو دەتوانێت پارێزگاری لە ڕەگەزی تورك بکات، وەك ئەفسانەکە دەڵێت: گورگەکە مێیینە بووە، (١٢) منداڵی لەو کوڕە بووە، نیوەیان مرۆڤو نیوەکەی تر گورگ بوون، ئەوەش وایکرد ڕەگەزی تورك بپارێزرێت، بۆیە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بۆ سەلماندنی نەتەوەپەرستیو توندڕەوییان، دەبێت وەك گورگە ئەفسانەییەکە بن بۆ پاراستنی ڕەگەزی خۆیان، ناونانی ڕێکخراوەکەش لەوەوە سەرچاوەیگرتووە.

**ناسنامەی گورگە بۆرەکان**

یەکێکە لە ڕێکخراوە توندڕەوە ڕاستڕەوەکانی تورکیا لە ژێر سایەی دەزگای هەواڵگریی میتدا کاردەکات، زۆرینەی ئەندامەکانیان لە ئەندامەکانی پێشووی میتو سوپای تورکیان، دیارە خەڵکی دیکەشیان لەگەڵدایە. ئەم ڕێکخراوە وەک باڵی نهێنیی مەهەپە کاریکردووە، لە سەرەتادا بە ناوی بزاڤی لاوانی نموونەییەوە کاریکردووەو دواتر بووەتە تیمەکانی مەرگو لە دواجاریشدا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ گورگە بۆرەکان. ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە بە تەنها لە ڕەگەزی تورک پێکدێتو زۆرینەیان خەڵکی لادێکاننو لە ئەستەنبوڵو ئەنقەرە دانیشتوون.

ئەم ڕێکخراوە لە ناو تورکیا، قوبرس، چین، سوریا، ئەوروپای ڕۆژهەڵاتو یەکێتیی ئەوروپا، بە تایبەتی لە هۆڵەنداو ئەڵمانیا، هەیە. تەنانەت باس لەوە دەکرێت هەندێک گرووپو ڕێکخراو لە عێراقو هەرێمی کوردستاندا لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە پشتیوانیدەکرێن، بە تایبەتی لە هەولێرو کەرکووکو تەلەعفەر. ڕەنگو شێوەی لۆگۆو ئاڵای ئەو گرووپانەیش زۆر نزیکە لە لۆگۆی ڕێکخراوی گورگە بۆرەکانەوە.

بەرپرسو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە پێیانوایە کوردو عەرەب خیانەتیان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردووەو هۆکار بوون بۆ ڕوخانی ئەو دەوڵەتە، هەر لەبەر ئەمەیە دژایەتیی ئەم دوو نەتەوەیە ڕەنگیداوەتەوە لە ئامانجو چالاکییەکانی گورگە بۆرەکاندا.

هاوپەیمانیەتیی ئاکپارتی لەگەڵ مەهەپەدا هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە تورکیاو کاردانەوەی لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئاکپارتیو حکومەتیش هەبووە، ئەمەش لە ڕێگەی بەخشینەوەی کۆمەڵێک تۆمەتەوە بە سەر نەتەوەو خاوەن ئایینزا جیاوازەکانی ناوچەکەدا، لەوانە: کورد، یۆنان، ئەرمەنو عەرەبو مەسیحیو جولەکە. گورگە بۆرەکانیش ڕۆڵی گرنگیان لەم بوارەدا بینیوە.

**دامەزراندن**

ئالپ ئەرسەلان (Alp Arslan)، کە ئەفسەرێکی سوپای تورکیا بووە، لە (١٩٤٨)دا پەیوەندیی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی ئەمریکادا دروستکردووە، ئەو کاتە سوپایەکی نهێنیی دژ بە کۆمۆنیزمی لە تورکیا دامەزراند، لە نێوان (١٩٥٥-١٩٥٨) چووە ئەمریکاو دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ تورکیاو بەشداریی لە کودەتاکەی ساڵی (١٩٦٠)ی دژ بە عەدنان مەندریسی سەرۆکوەزیراندا کرد، بەڵام بە هۆی توندڕەویو نەتەوەپەرستییەوە دوورخرایەوە بۆ هیندستان، لە ساڵی (١٩٦٥) پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی (مەهەپە) (Milliyetçi Hareket Partisi) (MHP)ی دامەزراند، کە باڵێکی سەربازیی بە ناوی ڕێکخراوی گەنجانەوە هەبوو و ناویانا گورگە بۆرەکان. بە پێی ڕاپۆرتێکی سەنتەری "گلۆباڵ سکیوریتی"ی سەربازی، کە لە (٢٠١٦)دا بڵاوکراوەتەوە، دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لە کاتی جەنگی سارددا دزەیکردبووە ناو ڕێکخراوەکەو ئەوانی وەك ئامرازێك لە دژی یەکێتیی سۆڤیەت بەکارهێناوە. ئالپ ئەرسەلان دوای بەشداریکردنی لە کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٦٠)، کە لەو کاتەدا پلە سەربازییەکەی عەقید بوو، ڕێکخراوی ئولکو ئۆجاکلاری (Ülkü Ocakları)ی دروستکرد، ئەم ڕێکخراوە لە بنەڕەتدا وەک بزوتنەوەیەکی فەرهەنگیو پەروەردەیی دەستی بە چالاکی کردووە،

پێش ئەوەی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ببێتە باڵی نیمچەسەربازیی مەهەپە. بە درێژایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان لەگەڵ گرووپە چەپەکاندا لە ململانێیەکی سەختدا بووە. لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆرێک لە ئەندامانی ئەو گرووپەیان لە دوای کودەتای سەربازییەکەی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٢) زیندانیکردو ڕێکخراوەکەشیان قەدەغەکرد، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٣)دا حکومەتی تورکیا ئەو ڕێکخراوەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پارتە چەپەکان دامەزراندەوە.

**دروشمی ڕێکخراوەکە**

دروشمی ڕێکخراوەکە بریتییە لە "با دکتۆرەکەت؛ تورکیاو دەرمانەکەت؛ ئیسلام بێت"، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لە سەر هەوڵی گرووپەکە بۆ تێکەڵکردنی ناسنامەی تورک لەگەڵ ئیسلامدا.

**سیمبولی ڕێکخراوەکە**

بەناوبانگترین سیمبولی ڕێکخراوەکە ئاماژەی دەستیی "بۆزکورت"ە. لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ زۆرێک لە تورکەکاندا سڵاوی دەست بۆ ناسینەوەی هەستی ناسیۆنالیستی بەکاردەهێنن، واتە دەستی ڕاستیان بەرزدەکەنەوەو لەگەڵ نوقاندنی سێ پەنجەدا تەنها پەنجەی شایەتمان و پەنجەتوتە دەکەنەوە، بەم جۆرە نیشانەی گورگە بۆرەکان دەردەخەن.

**ئایدۆلۆژیای گورگە بۆرەکان**

لە سەردەمی جەنگی سارددا زۆرێک لە ناسیۆنالیستە تورکەکان ڕوسیایان وەک گەورەترین دوژمنی تورکیا دەناساند. ناسیۆنالیستە تورکەکان وەک گورگە بۆرەکان ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە کە ئەو کۆمەڵکوژییەی تورکە عوسمانییەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا دژی ئەرمەنییەکان کردیان، جینۆساید بووبێت. جگە لەوەش، گورگە بۆرەکان بیرۆکەی تورکیزمی پاک بەرزدەنرخێنن و ئایدۆلۆژیای تورانیزم وەک بەڵگەی باڵادەستیی تورک دەناسێنن.

یەکێکی دیکە لە خەسڵەتەکانی گورگە بۆرەکان؛ پاراستنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سوننەیە لە تورکیا، سەرەڕای ئەوەش، مەیلیان بە لای عەلمانیەتدا هەیە، ئێستا ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی خوێندکارانی زانکۆ لەخۆدەگرێت.

**بنەمای دامەزراندن**

ڕاستە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی نەژادپەرستن، بەڵام دوای هاتنی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) (Adalet ve Kalkınma Partisi) (AK Parti)بۆ سەر دەسەڵات لە تورکیا، ئەم ڕێکخراوە مۆرکێکی ئیسلامیی وەرگرت، چونکە نەژادپەرستی لەم ڕێکخراوەدا گەیشتبووە

بنبەست، بۆیە پێویستیان بەوە هەبوو ئیسلام بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی بەکاربهێنن.

ئەم ڕێکخراوە لەلایەن پەرلەمانی ئەوروپاوە خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، ئەم بڕیارەی یەکێتیی ئەوروپا دوای بڕیاری فەڕەنسا دێت، کە گورگە بۆرەکانی بە تیرۆریست ناساند. وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا پێشتر ڕایگەیاندبوو کە بە هۆی ئەوەی ئەم ڕێکخراوە هانی جیاکاریو دژایەتیو فاشیزم دەداتو لە چەندین کاری توندوتیژییەوە تێوەگلاوە، بۆیە دەخرێتە لیستی تیرۆرەوە.

گورگە بۆرەکان لەو ناوچانە هەیە کە هێزەکانی تورکیای لێیە، لەوانە لە باکووری سوریا بە پاساوی پاراستنی کەمینەی تورکمان، هەروەها لە لیبیا ئەوان لە پاڵ حکومەتی فایز سەراج بە پاساوی پاراستنی کەسانێکی بە ڕەگەز تورك لە شاری مسراتە هەن.

ئەم ڕێکخراوە زیادەڕۆیی لە ناسیۆنالیزمی تورکدا دەکەنو لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لە بەها باڵاکانی ئیسلام دەکەنەوە، هەروەها دژایەتیی چەپڕەوەکان نا_تورکەکان دەکەن، لەوانەش: کوردو ئەرمەن، هەرچەندە هەڵگری ڕەگەزنامەی تورکیاش بن. هەروەها پشتیوانیو بەشداریی ململانێکانی تورکیا لەگەڵ ئەڵمانیادا دەکەن. ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان لە ئەڵمانیا گەیشتووە بە (١٨) هەزار کەسو بوون بە بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەو لە ئەڵمانیا دادەنرێن.

**توندوتیژی**

هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە گورگە بۆرەکان بەرپرسیار بوون لە زۆرێک لەو کردەوە توندوتیژییانەی کە دەرهەق بە پارتە سیاسییە چەپەکانو کەمە نەتەوەییەکان کراوە، بە نموونە:

**١.جینۆسایدی ماراش لە ساڵی (١٩٧٨)**

لە نێوان (١٩) بۆ (٢٦)ی کانوونی یەکەم کۆمەڵێک چەکدار بە زنجیرە لە شاری ماراشو گوندەکانی دەوروبەری کۆمەڵێک کەسیان کوشت، بە پێی زانیارییەکان ئەندامانی گورگە بۆرەکان لە پشت ئەو کردەوانەوە بوون.

**٢.هەوڵی تیرۆرکردنی پاپا یوحەننا پاوڵی دووەم**

لە ماسی (١٩٨١)، محەمەد عەلی ئاغا؛ ئەندامی گورگە بۆرەکان، هەوڵیدا پاپا یوحەننا پاوڵی دووەم تیرۆربکات. ناوبراو دوو جار لە نزیکەوە تەقەی لە جۆن پاوڵ کرد، لە کاتێکدا پاپا لە ئۆتۆمبێلێکی کراوەدا بە ناو شاری ڤاتیکاندا دەڕۆیشت. پاپا یوحەننا پاوڵی دووەم لە هێرشەکە ڕزگاریبوو، بەڵام باری تەندروستیی ناجێگیربوو. ە هۆی ئەو ڕوداوەوە دادگا بڕیاری زیندانیی هەتا هەتایی بە سەر محەمەد عەلی ئاغادا سەپاند. دوای ڕوداوەکە لە ساڵی (١٩٨٣)، پاپا یوحەننا پاوڵی دووەم لە زیندانەکەیدا سەردانی

محەمەد عەلی ئاغای کرد. هەتا ئێستا ڕوون نییە بۆچی ناوبراو هەوڵی کوشتنی پاپا یوحەنناى داوە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی ئیتاڵییەکان لە ساڵی (٢٠٠٦) دەریدەخات کە دەزگا نهێنییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و بولگاریا لە پشت هێرشەکەوە بوون.

**کەسایەتییە دیارەکانی گورگە بۆرەکان**

**١.ئالپ ئەرسەلان:** دامەزرێنەری ڕێکخراوی گورگە بۆرەکانەو لە (٨)ی شوباتی (١٩٦٩) هەتا (٥)ی نیسانی (١٩٩٧) سەرۆکی مەهەپە بووە، پێشتر ئەندامی سوپای تورکیا بووەو بە تۆمەتی چالاکیی ڕەگەزپەرستانە لەلایەن دادگای سەربازییەوە دادگاییکراوە.

**٢.سینان ئاتێش:** سەرۆکی ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان بووەو هەروەها پەیوەندیی باشی بە مەهەپەوە هەبووە. ئاتێش لە مانگی نیسانی (٢٠٢٠)دا دەستی لە پۆستی سەرۆکی دەستەی کارگێڕی کێشایەوەو لە زانکۆی هاجەتەپە لە ئەنقەرە دەستی بە کاری ئەکادیمی کردووە. هەرچەندە پێشبینیدەکرا ببێتە سەرۆکی مەهەپە، بەڵام لە (٣٠)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٢)، لە کاتی دەرچوونی لە نوسینگەکەی تەقەیلێدەکرێتو گیانلەدەستدەدات. هەتا ئێستا دیار نییە کێ لە پشت کوشتنەکەیەوەیە، بەڵام ئەندامێکی پلەباڵای ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان لەگەڵ (١٢) کەسی دیکە بە تۆمەتی کوشتنی ئاتێش دەستگیرکراون، کە یەکێکیان ئەندامی مەهەپەیە.

هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە گورگە بۆرەکان

**١.فەڕەنسا:** فەڕەنسا لە تشرینی دووەمی (٢٠٢٠) چالاکیی گورگە بۆرەکانی قەدەغەکرد، دوای تۆمەتبارکردنی بە کردەوەی توندوتیژانە لە دژی ئەرمەنەکان لە فەڕەنسا. قەدەغەکردنی چالاکیی ڕێکخراوەکە بەو مانایەی کە هەر کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە فەڕەنسا قەدەغەیە.

**٢.ئەڵمانیا:** سێ پەرلەمانتاری پارتی سەوزی ئەڵمانیا ڕایانگەیاندووە کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە چەندین جار پەیامی ڕقو کینەیان بڵاوکردووەتەوەو هەڕەشە لە خەڵک دەکەنو بەشداریی چالاکیی توندوتیژی دەکەن، بەڵام بەو پێیەی کە تورکەکان گەورەترین کەمینەی نەتەوەیی لە ئەڵمانیا پێکدەهێنن، زۆر قورس دەبێت بۆ دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا کە گورگە بۆرەکان قەدەغەبکەن.

**٣.یەکێتیی ئەوروپا:** پەرلەمانی ئەوروپا داوای لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا کرد کە گورگە بۆرەکان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێنن. جگە لەوەش، بڕیارنامەیەکی پەرلەمانی لە ساڵی (٢٠٢١)دا ئەو ڕێکخراوەی بە گرووپێکی ڕەگەزپەرستی ڕاستڕەو وێناکردووەو

هۆشداریشیداوە لەوەی کە ئەو گرووپە کاریگەریی لە سەر ئەوروپا زیاتردەبێت. یەکێتیی ئەوروپا ئەو ڕێکخراوەی تۆمەتبارکردووە بەوەی هەڕەشەن لە سەر کورد، ئەرمەنی، یۆنانیو هەر نەتەوەیەک کە بە دوژمنی بزانن.

**٤.ویلاتە یەکگرتووەکان:** لە ئەیلوولی (٢٠٢١)، دینا تیتۆس؛ ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا، هەموارکردنەوەیەکی یاسای بەرگریی نیشتیمانیی پێشکەشکردو داوایکرد گورگە بۆرەکان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی دەستنیشانبکرێن. هەرچەندە کۆنگرێس هەموارکردنەکەی پەسەندنەکردووە، بەڵام ئەم هەنگاوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا دەتوانێت هەنگاوبنێت بۆ ناساندنی ئەو ڕێکخراوە وەک گرووپێکی تیرۆریستی.

**٥.ڕووسیا:** ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی سەر بە کرێملینو ئەنجومەنی کاروباری نێودەوڵەتیی ڕووسیا، گورگە بۆرەکانی وەک ڕێکخراوێکی توندڕەو پۆلێنکردووە. هەروەها ئەنجومەنەکە ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو ڕێکخراوە دەستیان لە کردەوەی تیرۆریستیدا هەبووە.

## ئایدۆلۆژیای گورگە بۆرەکان

ئایدیۆلۆژیاو ڕەگەزپەرستیی گورگە بۆرەکان پشتی بە کۆمەڵێک گوتارو پایەی جیاواز بەستووە، کە بریتین لە:

**١.نەتەوەپەرستیو ئایدیالیزم (Ülkücülük ve Millyetçilik):** خاڵی سەرەتای ئایدیۆلۆژیەتی سیاسیی ڕاسترەوی توندڕەوی تورکی بریتییە لە نەتەوەپارێزی، کە نەتەوەپەرستیو ڕەگەزپەرستییە دژی هەموو ئەو نەتەوانەی بە ڕەگەز تورک نین.

**٢.نەژادپەرستی:** هەرچەند وەک تاکتیک هەندێک جار نەژادپەرستی ڕەتدەکەنەوە، بەڵام نەژادپەرستی بنەمای سەرەکیی ئایدیۆلۆژیای مەهەپەیە. نهال ئاتسیز؛ ڕابەری گورگە بۆرەکان، نزیکەی (٦٠) ساڵە هەژموونی تورکیی بەم شێوەیە داڕشتووە: تورک متمانەی بە مەزنیی نەژادی خۆی هەیە، مێژووی ناسیۆنالیزمی لە لا بەنرخە، ئامادەیە قوربانی لە پێناوی تورکدا بدات، بە تایبەتی دژی مۆسکۆ (یەکێتیی سۆڤیەتو شیوعیەت لەو سەردەمەدا). نەژادپەرستیی مەهەپەو گورگە بۆرەکان دژایەتیی خۆیان بۆ کورد دەربڕیوەو دەڵێن: ئەگەر کوردەکان بەردەوامبن لە قسەکردن بەو زمانە سەرەتاییە، لەلایەن تورکەوە لەناودەبرێن، بە هەمان ڕێگا کە جۆرجییەکانو ئەرمەنەکانو یۆنانییەکانمان لە ڕیشەوە لە سەر "خاکی تورک" هەڵکەند.

**٣.باوەڕی نۆ تیشک(٩ Işık) :** لە ناخی سیاسەتی مەهەپەدا شتێک هەیە کە پێیدەڵێن "نۆ تیشک"ەکەی ئالپ ئەرسەلان، کە نەتەوەپەرستیو

ئیسلامیزمی ئاوێتەی یەک کردووە. ئەم نۆ پایەیەی ئایدیۆلۆژیای مەهەپە بریتین لە: نەتەوەپەرستی، باڵایی، نەژاد، هەستکردن بە شەرەف، زانست، یەکێتی، ئازادبوون، سەربەستیو سەربەخۆیی.

**٤.پرەنسیپی سەرکردە(Başbuğ) :** نموونەی بەپیرۆزڕاگرتنی دامەزرێنەری گورگە بۆرەکان؛ ئالپ ئەرسەلان، وەک ڕابەر پاش ماوەیەک لە مردنو هەڵواسینی وێنەکەی لە هەموو پێگەیەکی گورگە بۆرەکانو دەرخستنی وێنەکەی لە ڕوداوە گەورەکانو دانانی مێژووی ژیانی لە هەموو شوێنو پێگەیەکی ڕێکخراوەکەو گوێڕایەڵیی بنەماکانی وەک فەرمانێک لەلایەن گورگە بۆرەکانەوە.

**٥.نەتەوەی ئیسلامیو پێکهاتەی تورکی ئیسلام:** بە درێژایی مێژووی مەهەپە، ئیسلامیان لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە شێوەی جیاواز دەرخستووە، هەرچەندە نەژادپەرستیی تورکی کرۆکی ئایدیۆلۆژیای مەهەپە پێکدەهێنێت، بەڵام گرنگی بە ئیسلام دەدەن. ئاماژەدان بە ئیسلام خزمەتی بە بزوتنەوەکە گەیاندووە، بە تایبەتی لە میانەی گوتاری کۆمەڵایەتیدا بۆ جەختکردنەسەر دژایەتیی عەلمانیەتو لیبراڵیەتو فرەیی، هەروەها دژ بە مافی کەمینەو یەکسانی بەکاریدەهێنن.

CFS

Center for Future Studies

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

# لە گۆڤاری تورکیاناسی

تورکیاناسی

# ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

## ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.
٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.
٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.
٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.
٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری تورکیاناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنیردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

## ٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid

بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

**گۆڤارو توێژینەوە**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

ÖZTAY, Oğuz Han, (2022), 31 Mart 2019 Yerel Seçimleri Özelinde Bir Değerlendirme, İletişim Çalışmaları Dergisi, 4. Yıl, Sayı 1, Cilt 8, Sa 101

**ڕۆژنامە**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

**ماڵپەڕ**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نموونە: Adler, Katya (٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نموونە: ئومێد رەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-

rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).
نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https:// blogs.aljazeera.net/blogs/٣/٣/٢٠٢٠، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).
نمونە: محمد قراسويى، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامى، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسى: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















































CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

ژمارە ( ٥ ) ساڵی دووەم، ئەیلولی ٢٠٢٤